# لاوان

46


یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
دەری دەکا

جۆزەردانی ٢٧١٢ی کوردی (١٣٩١)
دەورەی دووهەم، ساڵی دوازدەهەم

فایلی ژمارە:
شوناسی نەتەوەیی








چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



سەردەمی سەرهەڵدانی زمانی کوردی


مادە هۆشبەرەکان مەترسییەک لەسەر ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی


ئایین و پێناسەی نەتەوەیی


چیرۆکی بانگی گەردوون

# راگەیەندراوی فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٨مین ساڵیادی ئێعدامی ٥٩ لاوی کورد لە شاری مەهاباد

لە ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی‌دا ڕێژیمی جینایەتکارو دیکتاتۆڕی ئێران لە شاری مەهاباد دەستی دایە جینایەتێک دژ بە خەڵکی ئەو شارەو تیایدا ٥٩ لاوی کوردی بە حوکمێکی کوێرکوێرانە ئێعدام کرد.

ڕێژیم لە کاتێک‌دا ئەو حوکمە نامرۆڤانەیەی بەڕێوەبرد کە هێشتا بە تەواوی نەی‌توانیبوو دەست بەسەر کوردستان‌دا بگرێتەوەو بزووتنەوەی ئازادی‌خوازی گەلەکەمان لە چالاکی‌یەکی بەرچاو دابوو لە کوردستان‌داو هێزەکانی ڕێژیمیان بە تەواوی تەنگەتاو کردبوو، و هێزی لاو ببووە مەترسی‌یەکی جیددی بۆ بوونی ڕێژیمو داروودەستەکانی لە کوردستان، هەر بۆیە ڕێژیم لە چەندین پیلانی جیاجیای وەک تۆڵە کردنەوە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە گشتی‌و لاوان بە تایبەتی دەستی دایە گرتن‌و زیندانی‌و ئێعدامی ڕۆڵە بە شەرەف‌و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان.

ئێعدام وەک تەنها ئامرازی سەرکوت‌و کوشت‌و بڕی لاوان‌و خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتداران‌و مۆرەکانیەوە، هەر لە شەڕی سێ مانگەی کوردستان لە زۆربەی شارو ناوچەکان بە بەربڵاوی بەڕێوەچوو و تیایدا بە هەزاران کەس تەنیا بە تاوانی نا گوتن بە دیکتاتۆڕی‌و ئازادی‌خوازی‌و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ڕەوانەی جوخەکانی ئێعدام‌و یان بە قەنارەوە کران یان درانە بەر دەست‌ڕێژ.

مەهاباد کە هەر لە بەرێڕا سەنگەری ئازادی ویستی‌و فیداکاری‌و شۆڕشگێری، شۆرەسوارانی کوردستان بووە، بە هاتنی ڕێژیمی دواکەوتووی ئێران بووە سەنگەری خۆراگری‌و بەربەرەکانێی داگیرکەران، هەر بۆیە ڕێژیم لە پیلانێکی شووم‌دا ژمارەیەک لاوی ئەو شارەی بە تۆمەتی ناراست دەست بەسەر کردو لە دوای شانۆیەک بە ناوی دادگا لە شاری تەورێز، حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپاندن.

ڕێژیم بە شەهیدکردنی ئەو ٥٩ لاوەی شاری مەهاباد لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی بۆ خۆی تۆمار کردو ئەو ڕاستی‌یەی بۆ خەڵکی کوردستان‌و بەتایبەت لاوان سەلماند کە تا سەرو سەرکەوتن‌و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەبێ کورەی خەباتی کورد بەردەوام بێ‌و شێلگیرانەتر لە ڕابردوو تاو بدەنە شۆڕش‌و بەربەرەکانێ دژ بەو ڕێژیمە و هەروەها بۆ هەموو لایەکی ڕوون کردەوە کە داواکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد داواگەلێکی ڕەواو بەرحەقن.

فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە و باقی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان، داوا لە تێکڕای لاوانی شۆڕشگێری کوردستان دەکا کە ڕیزەکانی خۆیان بۆ دژایەتی داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە ڕابردوو یەک بخەن.

مەرگ‌و نەمان بۆ ڕێژیمی داگیرکەرو دیکتاتۆڕی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد

فێدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٦
جۆزەردانی ٢٧١٢ی کوردی (١٣٩١)
ژوئەنی٢٠١٢ی زایینی

## دەوری دووهەم، ساڵی دوازدەهەم
## یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

# پێرست

وتەی ژمارە ٢

**سیاسی**
- نەورۆز نوێبوونەوەی ساڵە .... مۆعتەسەم نوورانی ٤
- چاوپێکەوتن لە گەڵ مامۆستا...... ٦
- گەنجینە بەنرخە..... عەباس حەقبین ١٤
- ئایین و پێناسەی...... سمایل سۆهرابی ١٧
- ئەدەبیات وەک نوێنگە...... وریا ڕەحمانی ١٨
- سەردەمی سەرهەڵدانی..... دیار خێڵان ١٩
- شوناسی نەتەوەیی لە باکوور....... زانا مەهابادی ٢١
- مادە هۆشبەرەکان.......... عەلی بداغی ٢٣
- وتووێژ لە گەڵ کاوە ئاهەنگەری......... ٢٦

**کۆمەڵایەتی:**
- شوێن و پێگەی نەریت....... ٣١
- ڕۆڵی خێزان لە....... سیروان ٣٣
- پێشێلکردنی مافەکانی ..... شەونم هەمزەیی ٣٦
- دێمۆکراسی لە ڕوانگەی.... سیروان مووساپوور ٣٩
- فەسار ناسی کەسایەتی......... کاوە خوسرەوپوور ٤٢
- نامەیەکی سەرسووڕهێنەر....... خاڵی مەهسا ٤٦
- کەونەZ....... هەژیر عەبدوڵڵاپوور ٤٧

**لە سەنگەری خەباتدا**
- ژیان و بەسەرهاتی مەهدی شەفیعی...... ٥٢
- ژیاننامەی مامەقالەی سووتوو....... ع. عەبدوڵڵاهی ٥٤
- بۆ تیکۆشەری ماندوونەناس.... ئەحمەد قادری ٥٥

**فەرهەنگی:**
- ئەدەبی هێمن......... نێعمەت مەلا ٥٦
- ئەم شێعرە هی کێیە...... مەسعوود فەتحی ٥٨
- مەلا ئەحمەدی تاژانی......... سەید قادر ئەحمەدی ٥٩
- نزا بۆ کوردستان...... یووسف قەدیری ٦٠
- خۆشەویستی........ ئەحمەد قازی ٦١
- خاکی خۆراگر........ عەبدالقادر ڕەسووڵ ٦٢
- چیرۆکی بانکی گەردوون.... شەهێن حوسێنی ٦٣
- قسەی خۆش بۆپێکەنین..... ٦٤
- وەرزشوان.... سۆهراب ڕەحمەتی ٦٥

**کاروچالاکی** ٦٧
- ڕووداوەگرینگەکانی ساڵی ٩٠.... ئازادمحەممەدزادە ٧١
- چوار خشتەیی...... سمکۆ ٧٦

**خاوەن ئیمتیاز:**
**یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
Email
jalalsalehi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران:**
عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور
هەژیر عەبدوڵڵاپوور
سیروان مووساپوور
وریا ساڵح زادە
تەها ڕەحیمی

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی‌راد
**دیزاینی ناوەوە:**
ئازاد محەممەدزادە
**تایپ:**
سیامەند شێخەپوور
فەرهاد ئیسفەندیاری

**بۆ پەیوەندی زیاتر بە لاوانەوە:**
Email
mansur_samar@yahoo.com
+964 (0)7701956921

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:** www.lawan.com/farsi – www.lawan.com

وتەی ژمارە:

# بەرەو کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕوانگەو بۆچوونی مرۆڤەکان سەبارەت بە جیهانو دەوروبەریان، جیاوازەو پێودانگی بەهاکانیشیان لە بابەت ڕووداو و مرۆڤەکانەوە پێوەندی بە جۆری ڕوانگەو بۆچوونیانەوە هەیە. هەربۆیە ئاساییە کە لە پێوەندییەکانیاندا دەگەڵ یەکتری، جیاوازیی بۆچوونیش بێتە پێشو ڕەخنە لە هەڵسوکەوتو بیرۆکەو ڕوانگەو بایەخەکانی یەکترو تەنانەت سیستمیش بگرن. ڕەخنە دەتوانێ پۆزەتیڤو سازندە یا نێگەتیڤو ڕووخێنەر بێ، کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان جەخت کردنە لەسەر ڕەخنەی سازندە یان پۆزەتیڤو مەبەستیشمان لەم دەستەواژەیە بەخۆداچوونەوەو چاکسازی لە بیرو کردەوە دایە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ کە ڕادەی کارتێکەری ڕەخنە لەسەر بەرامبەرەکەمان، بەستراوەتەوە بە بیرئاوەڵەیی‌و تێگەیشتنی ئەو کەسەو ئەوەی کە تا چەندە ڕەخنەهەڵگرەو لە ئاکامدا تا چ ڕادەیەک مل بۆ ڕاستی‌یەکان ڕادەکێشێ. ئەگەر بێینە سەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی سیستەمو ڕێکخراو، بە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە بونیاتانە بەگرێ‌وگۆڵترو بەرینترن، سروشتی‌یە کە جۆری ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەکەش جیاوازەو هەم تاکەکانی نێو ئەو سیستمە یان ڕێکخراوەیە دەگرێتەوە، هەمیش خودی سیستەمەکە یان ڕێکخراوەکە بە هەموو لقوپۆپەکانی‌یەوە. کەواتە ئەگەر بمانەوێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بڕوانینە هەردووک لایەنەکەو بشمانەوێ لەم ڕوانگەیەوە وەرچەرخانێک لە پێکهاتەو خودی ڕێکخراوەکەدا پێک بێنین، دەبێ خوێندنەوەیەکی واقیع‌بینانە بۆ قۆناغی پێشوو بخەینەڕوو تاکوو بەدوور لەهەر چەشنە بەستراوەیی‌و دەمارگرژی‌یەکی عاتیفی، بەرچاوڕوونی‌و دوورەدیمەنێکی ڕوونو دیار بۆ قۆناغی داهاتوو وێنا بکەین. ئەمەش مەیسەر نابێ، مەگەر ئەوەی کە بە دڵفراوانی‌و بیرئاوەڵەیی‌یەوە قامک لەسەر کەم‌وکووڕی‌یەکان دابنێین‌و نە تەنیا ڕێکارێکی گونجاو بۆ ڕەواندنەوەی ئەو کەمایەسی‌یانە بدۆزینەوە، بەڵکوو بە بەرنامەی گونجاو و سەردەمی‌یانەو پێکهاتەیەکی کاراو هەڵسووڕ خۆمانو ڕێکخراوەکەمان بەگوڕترو چالاکتر لە پێشوو بێینە مەیدانو لە گشت ئەو بوارانەی کە دەرەتانی چالاکی‌و تێکۆشانمان هەیە، بەگوڕوتینێکی زیاترەوە قۆڵی لێ‌هەڵماڵین.


هەروەها خاڵێکیتر کە جێی تێ‌ڕامانو سەرنجە، ئەو شۆڕشو بزووتنەوە جەماوەریانەی هەر لە شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو باکووری ئەفریقاوە بگرە تا دەگاتە بزووتنەوە نارەزایەتی‌یەکانی ئیسرائیل، یوونان، ئیسپانیا، ئینگلیز، فەڕانسە، ئێرانو ... هیتر، کە لە گشتیاندا لاوان ڕۆڵی سەرەکیان هەیەو وێدەچێ کەوتبێتنە دەسپێکی دەورەیەکی شۆڕشێکی بەرینی جیهانی‌یەوە کە لەوانەیە لە برگەیەکی مێژوویی‌دا جیهان بەرەو گۆڕانکاری بنەڕەتی بباو بە خوێندنەوەیەکی سەرپێ‌یانە لەم ڕاپەڕینانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم گۆڕانکاری‌یانە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر مزگێنی سەربەستی‌و ئازادی بۆ گەلانی بندەستو چەوساوە بەدیاری دێنێ‌و نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە دنیای مەجازی لە خێرا کردنو بەئاکام گەیاندنی ئەو بزووتنەوانە دەوری سەرەکی گێڕاوەو لەم پێناوەش‌دا لاوان ڕۆڵی هەرە بنەڕەتی‌یان هەبووە کە بە دڵنیایی‌یەوە ئێمەش دەبێ بۆ کاری داهاتوومان ئەزموونی لێ‌وەربگرینو لە کارو هەڵسووڕانی داهاتوومان‌دا بیخەینە ڕۆژڤەوە. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەوە کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەوێتە نێوان گۆڕانکاری دوو قۆناغی جیاواز یانی ئەو قۆناغەی کە لە ڕابردوودا بە هەموو کەم‌وکووڕی‌یەکانیەوە تێ‌پەڕی کردووەو قۆناغی داهاتوو، واتە دەرفەتێک بۆ ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری‌یەکانو پێشگیری لە لاوازبوونو دارمانی ڕێکخراوو، هەروەها داڕشتنەوەو بنیات‌نانەوەی لەسەر بنەمای بەشداری کردنی هەموان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. کەواتە کۆنگرە دەبێ ببێتە نوێنگەی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ بەخۆداچوونەوەو گوڕوتین بەخشین بەکارو چالاکی‌یەکانمان. ئەوەش لە کۆنگرەیەکی تەواو دیمۆکراتیکو ئازادو کراوەدا کە هەموو بیروڕایەکی بەدوور لەهەر چەشنە دەمارگرژی‌یەک تێدا دەربڕدرێ، دەبێ بێتە بەر باسو لێ‌وردبوونەوە کە خودی ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە بیرو تواناو ئەزموونی کەسانی بە توانا لە دەرەوەو ناوەوەی ئەو ڕێکخراوەیەدا مەیسەر دەبێ.

شتێکیتر کە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە کۆنگرە پێگەیەکی یاسایی‌و حقووقی هەیە. بەرزترین ئۆرگانی هەر حیزبو ڕێکخراوەیەکە. شوێنی کۆبوونەوەو بڕیاراتی نوێنەرانی هەڵبژێردراوە کە سیاسەتو ئاقارە سەرەکی‌یەکانی نێوان دوو کۆنگرە پەسند دەکەنو هەروەها بەڕێوەبەریی نێوان دوو کۆنگرەش هەڵدەبژێرن. کەواتە بەم تێ‌ڕوانینەوە دەبێ بە هەموان لە بیری گرتنی کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوتو کارا دابینو هەوڵ بدەین کە بە ڕوانینێکی ڕاست‌بینانەوە ڕێڕەو و کارکردێکی نوێ بۆ ڕێکخراوەکەمان بونیات بنێینو لە هەموو بوارەکان‌داو بە تایبەتی لە دنیای مەجازی‌و کاری ڕێکخراوەیی بە شێوەی مۆدێرن بە خۆمانو بە ڕێکخراوەکەمان‌دا بچینەوە.

سەرنووسەر

## فایلی ژمارە

# شوناسی نەتەوەیی







سیاسی

# نەورۆز، نوێبوونەوەی ساڵە بە سروشتی ڕازاوە



مۆعتەسەم نوورانی

نەورۆز جێژنی کۆنی کوردانە، نوێبوونەوەی ساڵە. نەورۆز کە سەرەتای بەهارە، لە باری سروشتییەوە بە تیشکی گەرمی خۆرو بارانو هەوای دڵگیری، بەستەڵەکو سەهۆڵبەندانو سەرمای زستان دەڕەوێنێتەوە. بەفری چیاکان دەتوێنەوەو بەرەبەرە سروشت ڕەنگی جوانی بەخۆوە دەگرێ. هیواو هومێد، گڕوتینێکی نوێ دەبەخشێ. مزگێنی نەمانی مڵهوڕیی سەرماو سۆڵی زستانو فەرحانیو ڕزگاری دێنێ.

ئەگەر باپیرانی ئێمە زۆرتر ئەسیری دەستی سروشت بوون، ژیانیان لە ڕێگای ئاژەڵداریو کشتوکاڵ تێپەڕ دەکرد. ئەگەر ڕۆژانی ساردو تاریکو شەختەی زستان شەکەتی دەکردن، وردە وردە دانەوێڵەو زمهەڕو زەخیرەی خۆیان، تفاقی مەڕومالاتیان لە زستاندا تەواو دەبوو، هاتنی بەهارو جێژنی نەورۆز بۆوان جێگای هیواو هومێد بوو. گڕوتینی تازەی بە ژیان دەبەخشیو بەم چەشنە ڕۆژێکی نوێو ژیانێکی نوێ دەستی پێدەکرد.

بەم شێوەیە نەورۆزو ئاگر وەک سەمبولی گەرماو ڕووناکی، نمادێک بوون بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ سەرماو تاریکیو زاڵبوون بەسەر دیکتاتۆرێو سەختی زستاندا.

نەورۆز یانی نوێبوونەوەو پەیمان نوێکردنەوە، ئاڵوگۆڕی سروشتو زاڵبوونی ڕووناکی بەسەر تاریکیداو زاڵبوونی نوێ بەسەر کۆندا.

هاتنی نەورۆز مزگێنیدەری ئاڵوگۆڕی نوێیە. لە کوردەواریدا لە کۆنەوە جێژنی نەورۆز وەک جێژنێکی نەتەوەیی ناسراوە. شەوی نەورۆز لەسەر بەرزاییەکان ئاگریان کردۆتەوەو ڕێو ڕەسمی جۆراوجۆریان بە بۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوە بردوە. لەڕۆژەدا کوڕو کیژی کورد بە جلی جوان خۆ دەڕازێننەوەو ڕوو لە چیاو بەرزاییەکانی کوردستان دەکەن. ئاڵای ڕەنگاوڕەنگی کوردستان بە دەستەوە دەگرنو بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان» لە دەوری ئاگر دیلانێ دەگرنو کۆڕی ڕەشبەڵەکی شایی گەرم دەکەن.

سروشت مزگێنی سەرکەوتنو نوێبوونەوە دەدات. بەفری چیاکان دەتوێنەوە، گوڵەگەزیزەو ئاڵەکۆک دەبنە دیاری مامە شوانو مژدەی هاتنی بەهاری کوردەواری دەدەن.

نەورۆز کۆتایی زستانی ساردو هاتنی بەهاری سەوزو جوانە، جێژنی برانەوەی تەنگانەو وەدیهاتنی فەرحانییە.

جێژنی نوێبوونەوەی ساڵو خۆ ئامادە کردنە بۆ ژیانێکی نوێ. جێژنی لەبیر بردنەوەی تێکشکانو ناکامییەکان، هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی ئاواتو ئامانجەکان. جێژنی نوێکردنەوەی وزەو تواناو پتەوکردنی یەکیەتیو خۆشەویستیو یەکڕیزییە.

جێژنی نەورۆز لە ئەدەبیاتی کوردیدا شوێنو پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ڕەنگە کەم شاعیری کورد هەبێ کە بە بۆنەی نەورۆزو ئەو ڕۆژە گەورەو نەتەوەییە شێعری نەگوتبێ یا کەم نووسەری کوردیش هەیە کە پەسنی شادیو خێرو خۆشی نەورۆزی لە نووسراوەکانی خۆیدا نەهێنابێ. مامۆستا هێمنی موکریانی ئاوا باسی نەورۆز دەکا:

«بە بەرگی سەوزە ڕازاوە<br>قەدو لاپاڵو شیو و دۆڵ<br>چرۆی دەرکردەوە دارو،<br>ملی دا یەکتری گیاو گوڵ<br>بەسەر بەفری کەوی داکرد<br>شەماڵی خاکەلێوە، خۆڵ<br>ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە،<br>بەهارە، جێژنی نەورۆزە<br>بەدڵ لێتان دەکەم لەو<br>ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە».

سفرەی حەوت سین لە کوردستان دەڕازێتەوەو بە شین کردنی سەوزی، دروست کردنی سەمەنی، دانانی سێو، سماق، سرکە، سیرو ئەو شتانەی بە سین دەست پێدەکەن لەسەر سفرەی نەورۆزی بە پێشوازی بەهارو جێژنی نەورۆزەوە دەچن. شەو پەرستانو شەمشەمە کوێرەکانی قومو تاران کە چاویان بە شادیو هەڵپەڕکێی کوردان هەڵنایە، ڕقیان لە ئاورو ڕووناکییە، بە هەموو شێوەیەک بەربەرەکانیو هەتا بۆیان بکرێ کوردستان وێرانو کاول دەکەن. ڕێگا نادەن خەڵک هەڵپەڕێ، ئاگر بکاتەوەو شادی بکا. ڕێو ڕەسمی نەورۆزیی وەک نەریتی کوردانە بەڕێوەبەرێ. هەر لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئاخوندی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاندو لە یەکەم بەهاری خوێناوی سنەدا تۆپو خۆمپارە بارانی شاریان کردو گوللە تۆپیان ناردە سەر سفرەی حەوت سینی خەڵکو لە جیاتی شادی، خەڵکی کوردستانیان تازێ بار کرد. مامۆستا هێمن لە شێعری فرمێسکی ڕنوودا دەڵێ:

«سەقزو سەردەشتو سابڵاغو<br>سنەی کرد غەرقی خوێن<br>سێی تری ویستن گوتی بۆ<br>سفرە حەوت سینم دەوێ».

لەوانە گرینگتر باری سەمبولیکی نەورۆزە کە بە تایبەت بۆ گەلی ئێمە زۆر گرینگە. کەم کەس هەیە داستانی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاکی خوێنمژی نەبیستبێ. داستانێک کە باسی حەق بەسەر ناحەق دایە، نیشانەیەکە بۆ خەبات بە دژی زوڵمو زۆرداریو چەوسانەوە. داستانی کاوە بەسەر ئەژدەهاکدا کە لەگەڵ ڕێو ڕەسمی جێژنی نەورۆز تێکەڵە. ئەو داستانە دەتوانێ ڕاستییەک بێ کە بە بەردەوامی لە خەباتی نەپساوەی گەلی کورددا ڕووی داوە. هەر ئێستا لە کوردستان خەبات لە هەموو شکڵو شێوەکانی خۆیدا بۆ ڕزگاری کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەردەوامە.

ڕۆڵەکانی کورد بە خوێنی گەشو ئاڵیان داری ئازادییان پاراو کردوە. ژنانی شۆڕشگێڕی کورد هەر لە کۆنەوە شان بە شانی پیاوان زۆر چالاکانە تێکۆشانیان هەبووە، ئێستاش لە خەباتی نوێی گەلەکەماندا ژنان شان بە شانی پیاوان بە کردەوە لە مەیداندان کە بۆ ئازادی، ڕزگاریو وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی هەوڵ دەدەن بە پێک هێنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، وەڕێ خستنی خەباتی جەماوەریو مانگرتن بەردەوامن. پیرەمێرد لە شێعری ساڵی تازەیە نەورۆز، ڕۆڵو دەوری ژنی کورد لە خەباتدا دەنرخێنێ.

«تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتان قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتان».

جێژنی نەورۆز سەمبولی نەسرەوتن، فیداکاریو بەرخۆدانو ڕاپەڕین بووە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەو ساڵیش خەڵکی کوردستان لە شارو لادێ، ژنو پیاو، پیرو لاو، لە باکوور تاکوو باشوور، لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوا ئاگری نەورۆزیان کردەوەو ڕێو ڕەسمی ئەو ڕۆژەیان بەشکۆوە بەڕێوە برد.

لە قامیشلیو حەلەب، لە ئانکاراو ئیستانبوڵو دیاربەکر، لە هەولێرو سولەیمانیو بەیرووتو لە هەر جێگایەک کە کوردی لێیە بە گەرمی بەرەوپیری مامە نەورۆزەوە هاتن بە تایبەت لە شاری ئیستانبوڵ کە زیاتر لە چوار ملوێن کوردی لێ دەژی، ڕێو ڕەسمی نەورۆزی کوردان بە گەرمی بەڕێوەچوو.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەوساڵ نەورۆز لەچاو ساڵانی پێشوو زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. لە ورمێو سەڵماس، شنۆو پیرانشارو سەردەشت، ڕەبەتو مەهابادو بۆکان، سەقزو مەریوان، کرماشانو ئیلامو هەموو شارو شارۆچکەو گوندی کوردستان ئاگری نەورۆز کرایەوەو ڕێو ڕەسمی تایبەت بە نەورۆز بەڕێوەچوو. لەو ڕێو ڕەسمانەدا کۆدەنگیو هاوخەباتیی یەکڕیزی کورد بە باشی دیارو بەرچاو بوو کە ئەویش بە نیشانەی خەباتو خۆڕاگری، نەسرەوتنو کۆڵنەدانو بەربەرەکانی بوو.

نەورۆزی ئەوساڵ دەریخست کە خەڵکی کورد هەردەم ئامادەیە بۆ ڕاپەڕینو خەبات لە هەموو شکڵو شێوەکانیداو دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیو تا وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی ناسرەوێو کۆڵ نادا.

جێگای خۆیەتی جارێکیتر پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز بە هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدان، زیندانیانی سیاسیو هەموو خەباتکارانی ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادیو سەربەستی کوردستان بڵێم. هیوادارم نەورۆزی داهاتوومان لە ئێرانێکی ئازادو کوردستانێکی ڕزگارکراودا جێژن بگرین.

***





**هێنانە بەرباس‌و وروژاندنی کۆمەڵە پرسیارێک لەسەر شوناسی نەتەوەیی وەک دەستەواژەی قەوم، هۆکارەکانی بێدەوڵەت بوونی نەتەوەی کورد، بوونی چوار دەوڵەتی کوردی نەک یەک دەوڵەت وەک وڵاتانی عەرەبی، ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردی‌یەکان لە پاراستن‌و گەشەپێدانی زمانی کوردی‌دا، سەمبولی نەتەوەیی، ڕۆڵی حیزبە کوردی‌یەکان لە ناساندنی پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنجو لاوەکانی کوردستان، توخمە پێک‌هێنەرەکانی نەتەوەو زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنە لە چاوپێکەوتن دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە نووسەرو سیاسەتمەداری ناوداری نەتەوەکەمان.**

چاوپێکەوتن: سەید جەلال ساڵحی

**پرسیار:** وەک یەکەم پرسیار لە خزمەتتدا مامۆستا گیان، زۆربەی ئێرانی‌یەکان‌و بە تایبەت پانئێرانیستەکان بە کورد دەڵێن قەوم، کوردیش خۆی بە نەتەوە دەزانێ، جیاوازیی ئەم دوو وشەیە چیە؟

**وەڵام:** پێم وایە جاری دیکەشم باس کردوە ئەو مەسەلەیە، مەسەلەیەکی کەمێک کۆنەو کەمێکیش بڵێین ئاڵۆز باڵۆزە. کەلیمەی قەوم‌و میللەت‌و ئەوانە بەکارهێنانی جۆراوجۆریان هەیە، لە سروودی نەتەوەیی کورددا دوو جار باسی قەومی کورد دەکرێ، «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان»، کەوابێ قەوم بۆ خۆی جنێو نیە، لێرەدا ڕاست بە مانای نەتەوەیە. لە پاشان قەوم یان میللەت یان ئوممەت هەموویان لەجێدا عەرەبین. ئەگەر تەماشا عەرەبی بکەین هەر ئێستێ لە وڵاتانی عەرەبی کە باسی مافی نەتەوایەتی دەکەن دەڵێن حقووقی قەومی، بە نەتەوەش دەڵێن ئوممەت، ئیستعمالاتی دیکەش هەیە: بۆ وێنە میللەت بە مانای دینە یانی ئەو ئیستعمالاتە جۆراوجۆرە هەیە. لە لایەکی دیکەوە قەوم لە هێندێک لێکدانەوەی کۆمەلایەتی‌دا بە مانای کۆمەڵە ئینسانێکە کە جارێ خسووسیاتی نەتەوەیان تێدا پێک نەهاتوە، ئاخر دەڵێن بناغەی کۆمەڵ لە پێشدا لەسەر بنەماڵە پێک دێ لە پاشان دەبێتە بەرەباب، دەبێتە عەشیرەت، دەبێتە قەوم کە گەورەتر دەبێتەوە، ئەو جار کە خسووسیاتی تایبەتی وەکوو خاکی هاوبەش‌و زمانی هاوبەش‌و خوو و خدەی هاوبەش پێک هاتن دەبێتە میللەت یان نەتەوە.

مەسەلەکە ئەوەیە ئەگەر مەبەستیان لە قەوم ئەوە بێ کە دوایە باسمان کرد ئەوە دیارە بەکارهێنانێکی ناڕەوایە کە نە ئێمە وەکوو کورد، نە میللەتانی دیکەی ئێران قەبووڵی ناکەن، بەڵام ئەگەر بە جۆرێکی دیکەیە ئەوەی کە پێرار لە کاتی ئینتخاباتی سەرکۆماری‌دا بۆ نموونە مێهدی کەڕووبی بە کاری هێنا کە گوتی: «میللەتی ئێران لە ئەقوامی فارس‌و کوردو بەلووچو عەرەب‌و ئەوانە پێک هاتوە». ئەگەر مەبەستیان لە قەوم جۆراوجۆری‌یەکانی دانیشتووانی ئێران بێ ئەو وەخت گوناح نیە، با بڵێن میللەتی ئێران لە شەش بنەماڵەی هەر ناوی بنێن بنەماڵە- فارس، ئازەربایجانی، کورد، بەلووچ، عەرەب‌و تورکمان پێک هاتوە، ئەو وەخت ئیشکال نیە، ئیشکالەکە لەوەدایە کە ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگە فارسەکان کە جاروبار بە شۆوینیستیان ناو دەبەن، ئەوانە خۆیان بە میللەتی ئێران دەزانن، کوردو ئازەربایجانی‌و بەلووچو ئەوانەش بە قەوم دادەنێن. ئەوە ئیستعمالێکی ناڕەواو نامەقبووڵە کە هیچ یەک لە میللەتەکان قەبووڵی ناکەن. دەنا ئەگەر مەبەستیان جۆراوجۆریی میللەتی ئێران بێ کە مەعموولەن میللەت لە ئیستلاحی «بین‌المللی»دا بە مانای تێکڕای دانیشتووانی وڵاتێکە، مەسەلەن وەختێک دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی شووڕەوی. ئیتیحادی شووڕەوی، پازدە جمهوریی هەبوون، هەژدە جمهوریی خودموختاری هەبوون، تەنیا لە ئازەربایجان‌دا ٧٢ میللیەت دەژیان، بەڵام دەیانگوت میللەتی ئیتیحادی جەماهیری شووڕەوی، یانی تەواوی ئەتباعی وڵاتەکە، ئەو وەختی شووڕەوی بە یەک وڵات دەناسرا. ئەگەر بەو مانایە بێ بڵێن میللەتی ئێران کە هەموو دانیشتووانی ئێران دەگرێتەوە لەو قەومانە پێک هاتوە ئەو وەخت ڕەنگە کێشەیەکمان لەسەری نەبێ.

**پرسیار:** توخمە پێک‌هێنەرەکانی نەتەوە چین‌و لەو نێوەدا گرینگترینیان کامەیە؟

**وەڵام:** ئەمە دیارە زۆر کێشەی لەسەرە، زۆر ئیستیدلال کراوە دەڵێن ئەوەی کە بۆ دروست بوونی نەتەوە شەرتە یانی بۆ ئەوەی مەجموعەیەک ئینسان پێیان بگوترێ نەتەوە، شەرتە ئەمانەن: دەبێ زمانیان یەک بێ، زمان نەک زاراوە، چونکی هەموو زمانێک زاراوەی جۆراوجۆری هەیە، زاراوەو بن زاراوەی هەن. کەواتە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش یانی خاکەکە بەسەریەکەوە بێ، عادات‌و رسوومی کۆمەڵایەتیی هاوبەش. جاروبار ئەوەشیان دادەنا کە دەبێ ئابووریی هاوبەشیش هەبێ یانی ئابووری‌یەکەش پێکەوە بەسترا بێ کە زۆر جار ئەوەیان حەزف کردوە بە تایبەتی بۆ کورد ئابووریی هاوبەش ناتوانێ ببێتە یەکێک لە شەرتەکان، چونکی کورد بەش کراوە، کەوابێ ئابووریی بەشێکی کوردستان تابیعی تارانە‌و بەشێکی تابیعی ئانکارایە، یەکی تابیعی بەغدایە، یەکێکی تابیعی دیمشقە. لەنێو ئەوانەدا دانراوە کە زمان لە هەموویان موهیمترە، لە بارێکیشەوە ئەوە ڕاستە، چونکی ئێستێ کابرایەکی کورد لە وڵاتەکەی خۆشی هەڵپچڕێ، بچێتە

وڵاتێکی دووریش، چەند ساڵو چەند دە ساڵو چەند سەد ساڵیش بەسەر ئەوەدا تێپەڕێ هەتا نەوەو نەتیجەی ئەو شەخسە زمانەکەی خۆیان، واتە کوردییەکەیان لە بیر ماوە هەر بە کورد حیسابن، بەڵام ئەگەر زمانەکەیان نەما ئەو وەخت ئیدی مەجبوور نین خۆیان بە کورد بزانن. ئێستێ ئێمە زۆر کوردتەبارمان هەن لە وڵاتانی عەرەبی دەژین. ئەوان ئیدی خۆیان بە کورد نازانن، یان زۆر کورد تەبارمان هەن لە وڵاتانی ئورووپاییو ئەمریکایی دەژین کە باپیرە گەورەیان، چەند پشت پێشتریان کورد بووە ئەوانە خۆ بە کورد نازانن. یان مەسەلەن هەر باسی خۆت بکەین. ئاغا سەید جەلال ئەگەر حیسابی ئەوە بکەین کە باپیرە گەورەت چیە، ئێوە باپیرە گەورەتان حەسەنو حوسێنو موحەممەدی بنی عەبدیللای پێغەمبەرن، بەو پێیە دەبن بە عەرەب. دەی باشە، ئێستێ ئەمن پێت بڵێم کورد نی ورگم دەدڕێ. مولاحەزە دەفەرمووی؟ کەوابێ زمان ئەو گرنگی‌یەی هەیە.

بەو حاڵە بە باوەڕی من لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوەی لە دروستبوونی نەتەوەدا بە قەد زمان، یان زیاتر لەوی، یان لە دەرەجەی دووەمدا گرنگە خاکە. ئاخر ئەتۆ ناتوانی بە کوردەکانی کووەیتەی پاکستان بڵێی ئەوانە میللەتن، چونکی ئەوانە خاکیان نیە، حەتتا لە ئێرانێ کوردەکانی مەنتەقەی قووچان کە خاکەکەیان لەگەڵ کوردستان هاوبەش نیەو پێکەوە وەسڵ نیە ناتوانی بڵێی ئەوانە میللەتێکن. ئەوانە لەوێ دەبنە کەمایەتیی نەتەوەیی. وەک پەشێوی شاعیر دەڵێ: «ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە، سەرت شۆڕکە، ملت کەچ کە، چاو مەگێڕە بۆ ئەستێرەو ئاسمانو خوا، ئەوەی بستێک خاکی نەبێ خواو ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟»

**پرسیار**: دەوترێ گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا کوردە، بۆچی بێدەوڵەتین، هۆکارەکان چین؟

**وەڵام**: هۆکارەکانی ناتوانین هەروا بە هاسانی بڵێین، بەڵام ڕەنگە لەسەریەک دەلیلی ئەوە بێ کە ئەو وەختەی دەوڵەتەکان شکڵیان گرتوە تێگەیشتنی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی کوردەکان بەگشتی نەگەیوەتە ڕادەیەک کە بتوانن لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرنو بۆ خۆیان دەوڵەتێکی نەتەوەیی پێک بێنن، لە حاڵێکدا ئەو میللەتانەی لە دەوروبەری کورد بوون لە مەرحەلەیەکی پێشکەوتووتری تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیو سیاسی‌دا بوون، ئەوان توانیویانە حاکمیەت بگرنە دەستو لە نەتیجەدا کورد پێشان

**ئەوەی کە بۆ دروست بوونی نەتەوە شەرتە یانی بۆ ئەوەی مەجمووعەیەک ئینسان پێیان بگوترێ نەتەوە، شەرتە ئەمانەن: دەبێ زمانیان یەک بێ، زمان نەک زاراوە، چونکی هەموو زمانێک زاراوەی جۆراوجۆری هەیە، زاراوەو بن زاراوەی هەن. کەواتە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش یانی خاکەکە بەسەریەکەوە بێ، عاداتو رسوومی کۆمەڵایەتیی هاوبەش**

●●

لەنێو دوو ئیمپراتۆریی ئێرانو ڕۆم یان عوسمانی‌دا بەش کراوەو دوایەش دیسان لە نەتیجەی ئەو تەقسیماتە ئیستعماری‌یەدا دووبارە لە بەینی ئەو سێ وڵاتەدا بەش کراوەتەوە، یانی ئەوەی وەبەر ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتبوو، کە ئیمپراتۆری عوسمانی تەقسیم کرا، بوو بە تورکیەو سووریەو عێراق، ئەو بەشەی کوردستانیش جارێکی دیکە بەش کرایەوە.

دیارە دەلیلی ئەساسی ڕەنگە ئەو نەبوونی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یە بێ کە کوردەکان ـ نالێم میللەتی کورد، چونکی ئەو وەختی ڕەنگە میللەت دروست نەبووبێ ـ لە مەرحەلەیەکی وادا نەبوون کە بتوانن ئەو کارە بۆ خۆیان بکەن.

**پرسیار**: کەواتە لێرەدا کوردیش بۆخۆی تا ڕادەیەک دەخیل بووە؟!

**وەڵام**: بە بێشک! خۆ ئێستێشو لەمەودواش بۆ ئەوەی کورد ببێتە شتێک، دەوڵەتی خۆی هەبێ تەنانەت بۆ ئەوەی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی لە چوارچێوەی وڵاتەکانیش‌دا بەدەست بێنێ ناتوانێ تەنیا چاوەڕێی لوتفو مەرحەمەتی دەوڵەتەکان یان میللەتە حاکمەکان بێ. ئەوە خەباتی خۆیەتی کە دەتوانێ ببێتە عامیلێکی کاریگەر لە بەدەست هێنانی ئەو مافانەدا یان لە دوارۆژێکی دوورتردا لە بەدەست هێنانی مافی دیاری‌کردنی چارەنووسو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی‌دا.

**پرسیار**: لەم نێوەدا ئیستیفادەیەک دەکەم، ئەو ماوەیە باسی دەوڵەتی سەربەخۆ لە باشوور کرا. پێت وایە هەلومەرجەکە گونجاوە؟ زۆر کەس پێیان وایە نەخێر هەلومەرجەکەی نەگونجاوە، ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە؟

**وەڵام**: لەڕاستی‌دا سەربەخۆبوونی یەکێک لە پارچەکانی کوردستان بۆخۆی بە مانای دیاری‌کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد نیە، چونکی کە باسی میللەتی کورد دەکەی، میللەتی کورد یەکە، باشووری کوردستان یان باکوور یان ڕۆژهەڵات یان هەرچی بێ بەشێکیانە، لەحاڵێکدا باشوور بەشێکی چووکیشە یانی دوو بەشی کوردستان زۆر گەورەترن، ئەوەڵێ تورکیەیە کە بە تەنێ نیوەی هەموو کوردو هەموو کوردستانی لێیە، دوایە ئێرانە جا ئەو جار دەگاتە عێراق. لە عەینی حاڵدا خۆ پیاو ئارەزوو دەکا کە بەشێکی کوردستانیش بتوانێ سەربەخۆیی خۆی وەربگرێو ببێتە دەوڵەتێک، بەڵام بەبێشک ئەمە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر بەرەوڕوو دەبێ، چونکی ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق یان باشووری کوردستان لەگەڵ موخالەفەتی دەوڵەتی عێراق بەرەوڕوو دەبێو بە ئیحتیمالی زۆر دەگەڵ موخالەفەتو دژکردەوەی ئێرانو سووریەو تورکیەش بەرەوڕوو دەبێ. بۆیە ڕەنگە ئەو کارە هەروا ئاسان نەبێ. دژواریی زۆری لەسەر ڕێگایە. تەنیا لە وەختێکدا ئەوە مومکینە کە شەرعییەتی نێونەتەوەیی کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی دەنوێنێ لە باری قانوونی‌یەوە لە پشتی بێ، لە باری عەمەلیو

دیفاعییشەوە دەسەڵاتە گەورەکان‌و هێزە گەورە نیزامی‌یەکان لە پشتی بن تا ئەگەر دەوروبەر موخالەفەتیان کرد ئەوان دیفاع لە کورد بکەن. پێمان خۆش بێ‌و پێمان ناخۆش بێ ئەوە نێزیک نیە، یانی ئەمریکا، ئورووپا، چین، ڕووسیە کە ئێستێ تەقریبەن نەخشەی جیهان ئەوانە دەی‌کێشن ـبیانەوێ تێکی دەن یان دروستی کەنەوەـ زۆر ئاسان نیە پیاو فکر بکاتەوە قازانجەکانیان لەگەڵ ئێرانیش‌و لەگەڵ تورکیەش‌و لەگەڵ عێراقیش‌و لـەگـەڵ سـووریـەش‌و بە تەبەعیەتی ئەوانە لەگەڵ ٢٢ دەوڵەتی عەرەبییش دەگـۆڕنـەوە بە قازانجی بەشێکی کوردستان. هەرچەند ئەوە ئارەزووومـانـە، بـەڵام تەسەورکردنی ئاسان نیە. هەربۆیە پێم‌وایە لەگەڵ کەندوکۆسپی زۆر گەورە بەرەوڕوو دەبێ کە من ئارەزوو دەکەم کورد لە باشووری کوردستان ئەو حوقووقەی بەدەستی هـێـنـاوە لـە چـوارچـێـوەی عێراقێکی فیدراڵی دیمۆکراتیکدا ـقانوونەکە ئـەوەی دەڵـێـ ئـەوەی بۆ بچەسپێ. چونکی ئەوە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوویە بۆ گەیشتن بە مافەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستـانیش‌دا یانی ئـەمـە ڕەنگە نموونـەو سیستمێکی باش بێ بۆ چـارەسـەری مـەسـەلـەی کـورد لە بەشـەکـانی دیکـەی کوردستـانیش لەم قۆناغەدا کە ئێمە تێی‌دا دەژین.


**پرسیار:** هەر لەو چوارچێوەیەدا ئێمە ئەگەر ئاوا دانێین دەڵێین هەر چوار پارچەکە ڕۆژێکی ئـارەزووومـانـە کە بێتەوە یەک واتە کوردستانی گەورە، بەڵام تۆ پێت وانیە ئەگەر وەک وڵاتە عەرەبەکان کە چەندین وڵاتی عەرەبین، ڕۆژێکیش، بۆ خۆم وەک خۆم پێم وابێ ئێمەش چوار وڵاتی کوردیمان بێت ئاوا یان نەخەیر یەک وڵاتی کوردی، ڕای جـەنـابـت لـەو چـوارچـێـوەیـەدا؟!

**وەڵام:** ئـارەزوو لـەگـەڵ واقعییەت جوێیە، ئارەزووەکەو حەقانییەتەکە هەر ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی هەمووی بـەسـەریـەکـەوە دەوڵـەتـێکی هـەبێ، بـەڵام ئـەوەش حاڵەتێکی تەبیعی‌یە کە لە دنیای ئەمڕۆدا لە شەرعییەتی نێونەتەوەیی‌دا یەک میللەت دەتوانێ چەند دەوڵەتی هەبێ بۆ نموونە وڵاتانی عەرەبی وەکوو نەتەوە نەتەوەیەکن، بەڵام چەند دەوڵەتیان هەیە. جا بۆیە مەسەلەن میللەت، لێرە باسی ئیتیحادی شووڕەویمان کرد کە چەند نەتەوە بوون بە یەک میللەتیان نێو دەبردن لە سازمانی میلەلی موتەحیددا، بە پێچەوانەکەی وڵاتانی عەرەبی یەک میللـەتن بـە مـەفـهـوومـەکـەی ئێمە، بەڵام بە ٢٢ دەوڵـەت دەناسرێن‌و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا بە ٢٢ میللەت حیسابن. عێراق بە هـەمـوو جۆراوجۆری‌یـەکـانـیـەوە نـەتـەوەیـەکـە، سووریە نەتەوەیەکە، یـەمـەن نـەتـەوەیـەکـە، وڵاتـانـی بچووکی وەک عومـان، بەحرەین‌و ئیمـاراتی یـەکگـرتووی عـەرەبی‌و قەتەر هـەریـەک لـەوانە نەتەوەیەکن. دەکرێ، بەڵام ئیدی هەمووی ئەوانە بـۆ مـەسـەلـەی کـورد دەگـەڵ ئـەو کەندوکۆسـپە قـانوونی‌و نیزامی‌و دیپلۆماسی‌یانە بـەرەوڕوو دەبـن.

**پرسیار:** داگیرکەرانی کوردستان بۆ وێـنـە کـۆمـاری ئیسلامیی ئێران توانیویانە بەو ئامرازە دەسەڵاتە یان بە واتا زانستی‌یەکەی «دەوڵـەت» کە بە دەستیانەوەیە، زمـان‌و شوناسی نەتەوەی خۆیان بە جیهانیان بناسێنن، بـەڕای بـەڕێـزتـان کـورد لـەوەهـا بارودۆخێکدا چ ئامرازو ئیمکاناتێک لـەم ڕاستـایـەدا دەتوانێ بـەکار ببا؟

**وەڵام:** لەڕاستی‌دا ناسرانی زمانەکانی فـارسـی‌و تـورکی‌و عـەرەبی وەکـوو زمان زۆر کۆنترە لەو دەورانـەی کە پێی دەڵێن دەورانی بێداریی نەتەوەیی، چونکی بێداری نەتەوەیی‌و تەشکیلی نەتەوە بە مەعنای ئێستای عومرێکی زۆر درێژی نیە، حەتتا ئێرانی‌یەکان دەڵـێـن لـە دروسـت بـوونـی دەوڵـەت ـ نـەتـەوەوە کە هەمووی سـەد ساڵ نابێ لە دەورانـی ڕەزا شـاوە دەست پـێ‌دەکـا. زمـانـی فـارسـی زۆر لە کۆنـەوە وەکـوو زمانێکی تەقریبەن موعتـەبـەری دنیا نـاسـراوە، ئەگەر تەماشا بکەی لە ئێران‌دا زۆر وەخت دەسـەڵات بـە دەسـت بنەماڵەیەکی پاشایەتی‌یەوە بووە کە فارس نەبوون، زۆر بنەماڵەی تورک، سەلجووقیەکان، غەزنەوی‌یەکان، ئەفشارەکان نازانم چی، حکوومەتیان بەدەستەوە بووە یان کـوردەکـان بڵێین کـەریـم خانی زەند، هێندێک کەس ساسانیەکان بە کورد دەزانـن. کەچی زمانی دەربار هەر فارسی بـووە، تەنانەت وەختێک زمانی دەرباری عوسمانییش فارسی بـووە. لە موقابیل‌دا ئـەگـەر تەماشا بکەی زمانی کوردییش بەبێ ئەوەی کورد دەوڵەتێکی پێک هێنابێ لە باری تەکامولەوە ڕەنگە وەک زمانەکانی دیکە نەبێ، بەڵام لە دنیادا لە هەموو جێ‌یەک زمانی کوردی وەکوو زمان ناسراوە بێ‌ئەوەی کورد دەوڵەتی بۆ پێک هاتبێ. یانی ناسرانی زمانەکە وەکـوو زمـانـێک لـەنـێو زمـانـەکـانی دنـیـادا ئـەوەنـدە نـەبـەسـتراوەتـەوە بە تەشکیلی دەوڵـەتـی سەربەخۆی نەتەوەیی. ئێمە ئێستێ زمانەکەمان نـاسـراوەو دەوڵـەتـیـشـمـان نـیـە.

**پرسیار:** زمانی کوردی وەکوو یەکێک لە کۆڵەکە پێک هێنەرەکانی نەتەوە



کەوتۆتە ژێر هێرشی فەرهەنگیی ئەو وڵاتانەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵن، چ بکرێ کە زمانەکەمان لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا بپارێزین؟

**وەڵام**: پێم وایە زمانی کوردی لە ڕابردوودا خۆی پاراستوەو ئێستا ئیدی ئەم قۆناغەی بەجێ هێشتوە. ئەو دیفاع لەخۆکردنە شتێکی زاتیی ئینسانەکانە، کوردەکە بۆخۆی بەشێکی بە نائاگاهی، بەشێکیشی دیارە لە بژاردەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بە ئاگاهی‌یەوە بووە ویستوویەتی خۆی بپارێزێ هەم وجوودی خۆی بپارێزێ هەم زمانەکەی بپارێزێ. دەگەڵ ئەوەی ئیمکانی خوێندنو نووسینی زۆر بە کەمی هەبووە، بەڵام حەتتا سینە بە سینە کولتوورەکەیو زمانەکەیو فەرهەنگەکەی خۆی لە پەلامار پاراستوە هەتا گەیوەتە ئێرە. بە باوەڕی من ئێستا ئیدی زمانی کوردی ئەو قۆناغەی بە تەواوی بەجێ هێشتوە، هیچ لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوونو ئینکاردا نەماوە. هەربۆیە زۆرجار ئەمن باسی دەکەم دەڵێم ئەگەر جاران ئیسرارمان هەبوو لە نووسیندا کوردی‌یەکەمان ئەوەندە پەتی بێ کە بە چرای شەوارەش نەتوانی کەلیمەیەکی فارسی یان عەرەبی یان ئینگلیزی تێدا وەبینی، ئێستێ پێویست نیە ئێمە زمانەکەمان وا مەحدوود کەینەوە. لەوجێیەی دەزانین کەلیماتی کوردی پڕ بە پێستو موتەداویلمان نیە بۆ مەفهوومێک با کەلیمە بێگانەکەی بەکار بێنین. ئێستێ نەخوێندەوارەکانیش مەسەلەن دەزانن ئیمپریالیزم چیە، لەحاڵێکدا ئەگەر لە منو تۆشی بپرسن ڕەنگە ئیمپریالیزم بە مەعنا عیلمی‌یەکەیو ریشەی کەلیمەکەی بە تەواوی نەزانین، ئەو کەلیمەیە ئەوەندە بەکار براوە خەڵک دەی‌ناسێ. یان مەسەلەن وەختی خۆی خەڵک باسی ئیستعماریان دەکرد، شتێکی وایان لێ‌نەدەزانی، بەوحاڵە بۆیان ناسراو بوو. بۆیە ئێستێ زمانی کوردی کە هەڕەشەکەی لەسەر نەماوە، جێی خۆیەتی زۆر جار لە نووسیندا بۆ مەفهوومبوون کەلیمەی خاریجی بەکار بێنێ هەروەکوو عەرەبو فارسەکانیش بەکاری دێنن، ئێستا تۆ تەماشا زمانی فارسی بکە. ئەو کەسانەی کە عەرەبی‌یان نەخوێندوە زۆر بە زەحمەت ڕەنگە بزانن فارسی وەزعی چۆنە، چونکی زۆر جار ئەمن دەبیستم

**به باوەڕی من ئێستا ئیدی زمانی کوردی ئەو قۆناغەی به تەواوی بەجێ هێشتوە، هیچ لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوونو ئینکاردا نەماوە. هەربۆیە زۆرجار ئەمن باسی دەکەم دەڵێم ئەگەر جاران ئیسرارمان هەبوو لە نووسیندا کوردی‌یەکەمان ئەوەندە پەتی بێ کە بە چرای شەوارەش نەتوانی کەلیمەیەکی فارسی یان عەرەبی یان ئینگلیزی تێدا وەبینی، ئێستێ پێویست نیە ئێمە زمانەکەمان وا مەحدوود کەینەوە.**

● ●

یەکێک دەڵێ ئەو کەلیمەیە فارسی‌یە لەحاڵێکدا کەلیمەکە فارسی نیە، عەرەبی‌یە. ئەمڕۆ کێ جوان فارسی دەنووسێ ئەگەر نووسینەکانی بێنی تەماشا بکەی، یان قسەکانی بێنی‌یە سەر کاغەزو کەلیمەکانی ببژێری بێجگە لەو کەلیماتی «از» و «در» و «است» و ئەوانە کە زیاتر بە ئەدات ناو دەبرێن تا بە کەلیمە، ئەگەر ئەوانەی لێ‌دەرکەی کامە زۆر چاک دەنووسێ سەدی پەنجای کەلیمەکانی عەرەبی یان ئینگلیزیو زمانە خاریجی‌یەکانە. لە باشترین حاڵەتدا سەدی پەنجایان فارسین. کەچی ئەو زمانە هیچ ئیشکالی نیەو زۆریش ڕێکوپێکە، کوردیش زمانەکەی گەیوەتە قۆناغێکی ئاوا.

**پرسیار**: ڕۆڵی ڕاگەیەنە کوردی‌یەکانو بە تایبەت «تی. ڤی»یەکان لە پاراستنو گەشەپێدانی زمانی کوردی‌دا چیە، چۆنی دەبینی؟

**وەڵام**: وەکوو زمان بە مەعنا گشتی‌یەکەی بە باوەڕی من ڕۆڵیان هەیە، وەختی خۆی نەک ئەمن زۆرکەس دەیانگوت زمانی کوردی لە ئێران بە تایبەتی لە جێیەکی وەک کرماشان بە کردنەوەی ڕادیۆی تارانو دوایە ڕادیۆی کرماشان پارێزرا، لە حاڵێکدا مەبەستی ڕێژیمی شا لە دروستکردنی ئەو دەزگا هەواڵدەری‌یە ئەوە نەبوو کە خزمەت بە زمانی کوردی بکا. دەیەویست تەئسیر بکاتە سەر کوردەکان بە تایبەتی لە دەرەوەی سنوور لە عێراقو تەرویجی سیاسەتەکانی خۆی پێ‌بکا، بەڵام هەر ئەوە کۆمەگی کرد بەوەی زمانی کوردی لەوێ پارێزراو بێ، خەڵکی کرماشان زیاتر هەست بە هۆوییەتی کوردیی خۆیان بکەن یان ئەوەی ئێستێ لە تورکیە بڕیاری لەسەر دراوە کە جاروبار موخالەفەتیشی دەگەڵ دەکرێ. تەلەڤیزیۆنی کوردی دادەنێن. ئەو تەلەڤیزیۆنە کوردی‌یە ئەگەر ڕۆژێ هەتا ئێوارێ جنێو بە کورد بدا، بەڵام بە کوردی جنێوان بدا، لە پاراستنی زمانی کوردی بە موتڵەقی‌دا تەئسیری باشی دەبێ.

بەڵام بەداخەوە ئەگەر بە بارێکی دیکەدا لێی بڕوانین، وەکوو زمانێکی دروستو حیسابی کە خزمەت بە وەحدەتی نەتەوەیی میللەتی کورد بکا، پێم وایە میدیا کوردی‌یەکان بە ڕادیۆو ڕۆژنامەو تەلەڤیزیۆنو گۆڤارو هەموو شتێکەوە، ئەوەندەی خزمەتیان بە مانەوەو پارێزرانی خودی زمانەکە بە موتڵەقی کردوە، ئەوەندەش زەبریان لە وەحدەتی زمانی کوردیو لە پێ‌گەیشتنی زمانی کوردی داوە. چونکی هەر یەکەی بە لەهجەیەک قسە دەکا، یەکێکیان بە دە لەهجە قسە دەکا، ئەو کارانە هیچ وەخت لە خزمەتی پەرەگرتنی زمانی کوردیو پاراستن یا دروست کردنی یەکیەتیی نەتەوەیی میللەتی کورددا نین.

**پرسیار**: یانی بەجێی ئەوەی قازانجیان پێ‌گەیاندبێ، زەرەریشیان داوە. ئێستا ڕێگا چارە، ڕێکار چیە؟

**وەڵام**: ئەوە بە من نیە ئەوە زۆری دەوێ، بەڵام ڕێگاچارە هەر ئەوەیە کە لە کوێ دەکرێ کوردەکە ساغ وەبێ کە یەک زمانی هەبێ هەروەک هەموو میللەتانی دنیا یەک زمانی ڕەسمی‌یان هەیە. ئێستێ تۆ بە نووسین، بە ڕۆژنامە، بە تابلۆی سەر دیوار، بە ناو بە هەرچی تەماشا دەکەی چەندین لەهجە لە نووسینی کوردی‌دا هەن، لەحاڵێکدا

مەسەلەن عەرەب ٢٢ دەوڵەتی هەیە لە هەموو دەوڵەتەکانیدا لەهجەی جۆراوجۆر هەن. ڕەنگە زمانی عەرەبی خاوەنی سێ سەد، چوار سەد زاراوەو بن زاراوە بێ، بەڵام ئەو وەختی کە دەنووسن، قسەی ڕەسمی دەکەن هەموویان بە یەک زمان دەنووسن. فارسی هەروا، ئەمن دیومە چەند فارس پێکەوە قسەیان کردوە نەک لێیان حاڵی نەبووم، هەر نەمزانیوە باسی چ دەکەن، ئەوەندە لەهجەکەیان دوور بووە، بەڵام هەموویان بە یەک شێوە دەنووسن. ئەو هەموو ئینگلیزی زمانە هەیە، ئەو هەموو چینی زمانە هەیە، ڕەنگە زمانی چینی دەوری یەک میلیارد کەس قسەی پێبکەن، ـــ ئاخر چینییەکان هەموویان بە زمانی چینی قسە ناکەن دەنا ئەو لە میلیاردو نیویش نیزیکن- بەڵام یەک زمانیان هەیە. دەبێ کوردیش دابنێ یەک زمانی هەبێ بۆ نووسین‌و خوێندنەوەو قسەی ڕەسمی، لەهجەش هەر وەکوو هەموو میللەتانی دیکە ئازادە، بەڵام ئەوە کەنگێ دەبێ، ڕەنگە هەر خوا بیزانێ.

**پرسیار**: ئێستا وەکوو دەبینین ئەکسەرەن لە نووسینەکان‌دا لە کتێبەکان‌دا لە بواری فەرهەنگی‌یەوە کە خزمەت کراوە بە زمانی سۆرانی‌یە، بەڵام زۆربەی بەشەکانی کوردستان مەسەلەن ئێستا کوردستانی تورکیە دەڵێن ئێمە چونکە زیاترین، کوردەکانی ئەوێ زیاترن یان هی عێراقێ دەسەڵاتەکە زیاتر بەوانە، دەڵێن دەبێ بیهێنین زمانەکەمان زیاتر بادینی بێ نەک سۆرانی، ئایا ئەوە تا چەندە ڕاستە؟

**وەڵام**: لە پێش‌دا با ئەوەی بڵێم کە کەلیمەی سۆرانی کەمێک بە نارەوا بەسەر ئەو زمانەدا بڕاوە، سۆرانی زاراوەی مەنتەقەیەکی دیاری کراوە کە بڵێین لە هەولێرەوە بگرە تا دەگاتە ڕەواندزو دەگاتە پیرانشارو شنۆو ئەوانە دەگرێتەوە، سۆرانی ئەوەیە، ئێمە تەقسیمی زمان کە دەکەین دەڵێین کرمانجی ژووروو، کرمانجی خـــواروو، ئێستێ کردوویانەتە کرمانجی ژووروو، وەسەتو خواروو، بە هەرحاڵ کرمانجی‌یە، دەنا سۆرانی یان مەسەلەن موکریانی یان ئەردەڵانی ئەوانە هەریەکەی بن‌زاراوەیەکن لە کرمانجی خواروو. کەوابێ ئەوە

دروست نیە. لە پاشان ئەوەی کە زمانی ڕەسمی دروست بووە لە زمانەکان‌دا هیچ وەخت تابیعی ئەوە نەبووە کامیان زۆرەو کامیان کەمە، ئەگەر بڵێین زمانمان نیە دەمانەوێ ئێستا دروستی بکەین، بەڵام دەوڵەتمان هەیە یەک پارچەییمان هەیە، ئەو وەختی ئەو قسەیە ڕاستە. ئەگەر بتەوێ لە بنی‌ڕا دای‌بنێی بەڵێ! زۆربەی کورد یان زۆربەی هەر نەتەوەیەک بە چ لەهجەیەک قسە بکەن، ئەو وەختی دەکرێ لەهجەکەیان ببێتە بناغەی زمانی یەکگرتوو و بەوانی دیکە تەکمیل بکرێ، بەڵام لە هیچ زمانێکی دنیادا لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە، هێندێک هۆکاری دیکە کاریگەر بوون، یەکێک لەوانە مەسەلەن دین بووە، یەکێک سیاسەت بووە، یەکێک ئابووری بووە، حەتتا تەریقەت بووە. مەسەلەن وەختێکی هەر لە کوردیی خۆمان‌دا لەهجەی هەورامی خەریک بوو ببێ بە زمانی یەکگرتووی کوردی، چونکی تەریقەتی نەقشبەندی کە لە بیارەو تەوێڵەی بوو برەوی زۆر هەبوو، ئەو وەختی زمان لە کوێ دەناسرا لە کن شاعیران‌و ئەدیبان، دەبینی مەسەلەن مەولەوی تاوەگۆزی کە بۆ خۆی شارەزووری‌یە، لەهجەکەی لەهجەی شارەزووری‌یە، گەورەترین ئەسەری ئەدەبیی بە هەورامی دەخولقێنێ، زۆر کەسی دیکە. جاری وایە عامیلی دینە یا عامیلی ئابووری‌یە یان مەسەلەن لە عەرەبی‌دا، خەڵک پێیان وایە لەبەر ئەوەی ئەو لەهجەیە بۆتە بناغەی زمانی عەرەبی، چونکی قورئان بەو لەهجەیە هاتوە، لەحاڵێک‌دا زۆر پێش قورئان ئەو زمانە دروست بووە. لەهجەکە بە ئەسڵ لەهجەی قورەیشە، لەبەر ئەوە ئەو لەهجەیە ببوو بە لەهجەی هەمووان بێ ئەوەی دەوڵەت هەبێ بێ ئەوەی عەرەب خۆی بە میللەت بزانێ، ـــ جارێ ئەوانە هیچیان پەیدا نەببوون- چونکە لەلایەک بوتخانەی کەعبە هەبوو کە هەموو قەبایلی عەرەب ڕوویان تێ‌دەکرد وەکوو عامیلی دینی، لەلایەک بازاڕێک هەبوو پێیان دەگوت بازاڕی عوکاز، ساڵی دوو جار، زستان‌و هاوینان هەموو قەبایلی عەرەب لەوێ کۆ دەبوونەوە هەم موبادەلەی کاڵای بازرگانی‌یان پێکەوە دەکرد هەم کۆ دەبوونەوە

شەڕەشێعرو شەڕەوتاریان دەکردو ئیفتیخاراتی خۆیان باس دەکرد. دەی باشە دەبوو لێک حاڵی بن. خۆ هەموو کەس نەی دەتوانی پەنجا لەهجە فێر بێ، هەموویان لەهجەی خانەخوێ‌یەکە فێر ببوون‌و قسەیان پێ‌دەکردو پێیان دەنووسی. بۆیە کە قورئان هات مەجبوور بوو بە زمانی ئەوانە بێ. ئەوە زمانێک بوو کە هەموو تێی دەگەیشتن. مەبەستم ئەوەیە زۆرو کەمی نەبوو لە حاڵێک‌دا قورەیش کێ بوون؟ قەبیلەیەکی چووکەڵە بوون لە مەککەی، حەتتا لە مەدینەش نەبوون هەر لە مەککەی بوون لە شارێکی چووکەڵە.

**پرسیار**: ئالێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ، کەواتە ئایین تا چەندە دەوری بووە لە شوناسی نەتەوەیی‌دا؟

**وەڵام**: عەرزم کردی، ئایینیش دەتوانێ یەکێک بێ لەو شتانە. مەسەلەن وەکوو گوتم، ئەوەی زمانی عەرەبی ئایین نەک ئایینی ئیسلام، پێش ئایینی ئیسلام بوت‌پەرستی کاریگەر بووە لەوەدا کە ئەو لەهجەیە ببێ بە لەهجەی خوێندن‌و نووسینی هەموو عەرەبەکان. سیاسەت مەسەلەن یەکێکە لە عامیلەکان، ئەگەر دیققەتمان کردبێ مەسەلەن وەختێکی کە ئەمارەتی بۆتان لە کاردا بووە لەهجەی کرمانجی ژووروو ویستوویەتی ببێتە زمان، هێندێک لە شاعیرەکانی ئەو وەختیمان دەگەڵ ئەوەی بۆخۆیان لەهجەی کرمانجی خوارووویان بووە، دیوانەکەیان بە کرمانجی خواروو نووسیوە وەکوو عەلی هەریری. مولاحەزە دەفەرمووی، شتی ئاوا زۆر بووە یان لە قەڕنی بیستەم‌دا بزووتنەوەی کورد لە ئێران‌و عێراق لە ئارادا بووە، لە هەردووکیشیان لەو مەنتەقەیەدا بووە کە بە کرمانجی خواروو قسە دەکەن یانی لە مەنتەقەی سلێمانی‌و ئەو دەوروبـــەرەدا لە باشوورو لە مەنتەقەی موکریان لەرۆژهەڵات. بۆیە ئەو لەهجەیە بۆتە لەهجەیەک کە هەموو فێری بوون، خەڵکی ماکۆیەش فێری بوون، خەڵکی قەسری شیرینیش فێری بوون، زاخۆش فێری بووە، خانەقینیش فێری بووە، هەموویان فێری بوون، چونکی مەرکەزی دەسەڵاتە سیاسی‌یەکەی کوردی، حەرەکەتە سیاسی‌یەکەی کوردی لەو بەشەیە ئەوە تەئسیری

دەبێ. خەڵکەکە فێری ئەو زمانەی بوون، هەموو کەس یانی ئەو دەسەڵاتە هەموو لەهجەکان ناتوانێ بەکار بێنێو فێریان ببێ، بەڵام خەڵکەکە دەیانەوێ ئەخباری وێ بزانن و لە شتەکان حاڵی بن، بۆیە فێری دەبن، ئەمن بۆ خۆم ئەو تەجرەبەیەم هەیە، ساڵی ١٣٥٩ی خۆمان وابوو ئەمن ڕێم کەوتە مەناتیقی جنووبی. زۆرم پێ سەیر بوو مەسەلەن لە هەورامان تەماشام دەکرد دەچوومە هەر ماڵێک زاراوەکەی ئێمە تێدەگەیشتن، قسەیان دەگەڵ دەکردین جوابیان دەدایەوە، نەک هەر پیاوەکان کە مەعمووڵەن پیاو دەگەڕان، ژنەکانیش و منداڵەکانیش رادوێی دەنگی کوردستانیان دەگرت کە یەک وشەی هەورامیی تێدا نەبوو، هەموو حاڵی دەبوون، وەک من حاڵی دەبوون.

**پرسیار**: هەر نەتەوەیەک لە جیهاندا سەمبولێکی بۆ خۆی وەکوو سەمبولی نەتەوەیی دیاری کردوە، بەڕای جەنابتان کورد چ شتێک بکاتە سەمبول بۆ هەر چوار بەشەکەی کوردستان؟

**وەڵام**: ڕەنگە ئەوە بۆ ئێستێ ئەگەر وا بە ئیرادە بیکەی نەتوانی جوابی ئەو پرسیارە بدەیەوە، چونکی حەتتا ئەگەر ئێستا دەسەڵاتی کوردیش بیکا، دەسەڵاتی کوردی فەقەت لە بەشێکدا ڕەسمیەت و قانوونیەتی هەیە لە بەشێکی بچووکدا بۆ هەمووان نابێ. بەڵام بێ ئەوەی ئەو ئیرادە ڕەسمییەی لە پشت بێ، ئەو سروودەی کە ئێستا هەمانەو هێندێجار لەملاو لەولا کوتەکیشیان لێ هەڵگرتوە، سروودی ئەی ڕەقیب وەکوو شتێک بۆتە سیمبول و ڕەمزی وەحدەتی هەموو میللەتی کورد. ئەوە وەکوو شتێک ئیجماعێکی غەیرەڕەسمیی لەسەرەو بەبێ ئەوەی بڕیاری بۆ بدرێ و ڕیفراندۆمی بۆ بکرێ ئەوە بۆتە سروودی هەمووان. ئەمما ئەو وەختەی میللەتی کورد یەکگرتوو بێ دەتوانێ بڕیار لەسەر شتی دیکە بدا. ئاخر وەختێک شتێک دەبێتە هی هەموو کورد کە میللەتی کورد وڵاتی خۆی هەبێ، ئیمکانی ئینتخاباتی ئازادی هەبێ، ئیمکانی ڕیفراندۆمی ئازادی هەبێ، بە هەمووان پێکەوە لەسەر شتێک ساغ ببنەوە یان هیچ نەبێ مەجلیسێکی مونتەخەبی هەموو میللەتی کورد هەبێ وەکوو ئەوەی کە ئێستا لە باشووری کوردستان مەجلیسێکی هەڵبژێراوی خەڵکمان هەیە کە لەسەر ئاڵای کوردستان ساغ بۆتەوە. ئەو ئاڵایەی ئێستا هەمانە لە ڕەسمیاتدا ئاڵای باشووری کوردستانە، خۆ ناتوانێ بڵێ ئاڵای کوردستانی تورکیەشە، تورکیە قەبووڵ ناکا، یان هی ئێرانێشە، ئێران قەبووڵ ناکا، بەڵام بۆ ئەم بەشە قانوونیەت و ڕەسمییەتی هەیەو دەوڵەتی عێراقیش هەر بە ڕەسمی ناسیوە، چونکی لە ئیرادەی قانوونی میللەتەکەوە سەرچاوەی گرتوە.

**پرسیار**: چەندین جار لە سەدەی رابردوودا نەخشەی وڵاتان و سنوورەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانی بەسەردا هاتوە، ئێستاش ئەگەری گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئارادایە، ئایا کورد هەر بە شێوازی ڕابردوو بێبەش دەبێ یان وەک نەتەوەیەک بە مافەکانی خۆی دەگا، ڕای جەنابتان؟

**وەڵام**: ڕای من لەوبارەوە خۆش نیە (بە پێکەنینەوە)، چونکی بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی جەنابت ئەمن وانابینم کە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە حاڵی گۆڕان دایە، پێمان خۆش بێ، پێمان ناخۆش بێ، ئەمن ئەو هەلومەرجە وا نابینم. ڕەنگە تا حەددێکی کەم نەخشەی سیاسی ئیمکانی گۆڕینی هەبێ ئەویش تا حەددێکی زۆر نا، ئەو نیزامە بڕووخێ و نیزامێکی دیکە بێتە سەرکار، بەڵام ئەوە کە نەخشەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێک بچێ، هێندێک دەوڵەتی دیکە پێک بێن، هێندێک دەوڵەت تێک چن یان هێندێک دەوڵەت یەک بگرن، ئەمن ئیحتیمالێکی ئاوا بە نێزیک نازانم، بەڵام بە هەرحاڵ، لە حاڵەتێکی ئاوادا یەک دوو شت هەن کە جێگەی ئومێدن. یەکێکیان ئەوەیە کە وشیاریی نەتەوەیی لەنێو میللەتی کورددا دەگەڵ هەلومەرجەکانی پێشوو قابیلی بەراورد نیە. ئێستێ زۆر لەسەرترە، یەکێکیان ئەوەیە کە کورد لەگەڵ هەموو موشکیلاتێک کە هەیەتی هەم ڕێک خراوە، هەم توانای دیفاع لە خۆی هەیە، ڕەنگە لە حاڵەتێکی ئاوادا کوردەکان بتوانن حەرەکەتێک بکەن کە بەشێکیان لەو ئاڵوگۆڕەدا پێبڕێ، بەڵام ئەمن وا نیزیکی نابینم وەک ئەتۆ دەیبینی. ئارەزوو دەکەم بۆچوونەکەی من هەڵە بێ.

**پرسیار**: حیزبە کوردییەکان بە تایبەتی حیزبی دیمۆکرات تا چ ڕادەیەک لە ڕاستای ناساندنی پێوەرەکانی(شاخص) شوناسی نەتەوەی کورد بە گەنج و لاوەکانی کوردستان هەنگاویان ناوەو ئەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ئەم پرۆسەیەیان زیاتر بەرەوپێش بردوە، چین، بفەرموون؟

**وەڵام**: ئێمە لە دەورانێکدا دەژیین کە ئەوەی کە لە فارسیدا پێی دەڵێن، «حیزب ستیزی» بۆتە مۆدی ڕۆژ، ئی وا هەیە بەو شەرتە خۆی بە ڕووناکبیر دەزانێ کە هجووم بکاتە سەر حیزبەکان، بەڵام دەگەڵ ئەوەی هەموو حیزبەکان گلەییان لەسەرە، کەموکووڕییان لە کاردا بووەو هەیەو دەبێ، ئەو حیزبانە شوێنەواریان لەسەر پاراستنی هۆویەتی نەتەوەیی و بیرباوەڕی نەتەوەیی یەکجار زۆر بووە. تەنانەت ئەگەر تەماشا بکەی ئێستا ڕووناکبیرەکانیش ئەوەی بۆ کوردیان دەوێ و فکری لێ دەکەنەوە



کەمو زۆر لە ژێر تەئسیری ئەو ڕیبازە دایە کە حیزبە کوردیەکان لە کۆنەوە تا ئێستا نەخشەیان بۆ کێشاوە. کەوابێ ناتوانی حیزبە کوردیەکان سەرزەنشت بکەی یان مەحکوومیان بکەی کە گۆیا تەئسیریان نەبووە. تەئسیریان لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەییدا، لەوەدا کە بەرەی نوێ بە ڕابردووی میللەتی کوردو تاریخەکەیو شکستەکانیو سەرکەوتنەکانی ئاشنا بکەن، ڕەنگە کەم بێ، ڕەنگە کامیل نەبێ بەڵام هەبووەو هەیە.

بەداخەوە میللەتی کورد لەبەر ئەوەی وەزعیەتی خۆی باش نەبووە ئەغڵەبی شتە تاریخیەکانی، سەرچاوە تاریخیەکانی لە بێگانەوە هاتوون، بێگانەیەک کە وڵاتەکە ناناسێ دێ بۆخۆی قسەیەک دەکا، بۆ کوردەکە دەبێتە سەرچاوە. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لە داردرانی پێشەواو هاوڕێیانی لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا بووە، ١٠ی خاکەلێوە بە حیسابی مانگی مەسیحی ئەگەر بیگری دەبێتە ٣٠ی ئازار(٣٠ مارس)، لەساڵی کەبیسەدا دەبێتە ٢٩ش، بەڵام ئەو یەکەمین کەسە ئینگلیزیە کە هاتۆتە کوردستان دیارە پرسیویەتی کەنگێ بووە گوتوویانە ١٠ی خاکەلێوە، ١٠ی خاکەلێوە کەنگێیە! مانگی مارس، گوتوویانە ٢١ی ئازار نەورۆزە، کابرا ١٠ ڕۆژی خستۆتە سەرێ کردوویەتییە ٣١ی ئازار. نووسیویەتی ٣١ی ئازار. ئێستاش لە زۆربەی بەرهەمە مێژووییەکاندا کە کورد دەی نووسێ هەر ٣١ی ئازار دادەنێن یانی ٣١ی مارس بە ڕۆژی شەهیدبوونی پێشەوا دادەنێن، لە حاڵێکدا قەت قەت شتی ئاوا نیە. مەبەستم ئەوەیە کابرا دێ نیوە بە نیوە شتێک ئاشنا دەبێو دەی نووسێ. لە پاشان بۆ کوردەکە دەبێ بە سەرچاوە. هی کورد وابووە. لە بیرمە جارێکی مەرحوومی دوکتور قاسملوو دەگەڵ کابرایەکی فەڕانسەیی لێی بوو بە کێشە گوتی: «ئەرێ ئەو هەموو ئیددیعایە چیە ئێوە هەتانە، ئەمن لە فەڕانسە دەرسم تەواو کردوە، لە فەڕانسە دەرسم گوتۆتەوە، لە فەڕانسە ژیاوم، ئەدەبیاتی دەناسم، مێژووی دەناسم، ئێستێ خۆم بە ساحەب نەزەر لە کاروباری فەڕانسەدا نازانم، ئەتۆ دوو جار هاتووی بۆ کوردستان گەڕاوی بۆ ساحەب‌نەزەری لە مەسایلی کوردستاندا؟». جا وایە کوردەکە مەجبوور بووە چاو لەوان بکا، بۆیە ئەو مێژووەی کە کورد هەیەتی نەواقیسی هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ نەک هەر حیزبەکان، حیزبەکان بە تەنێ نین، مێژوونووسانو رووناکبیرانی سەربەخۆیش تەئسیریان هەر هەبووە، بەڵام بە بێ‌شک لە پاراستنی ئەو ڕۆحە قەومییەدا حیزبەکان سەهمی گەورەیان هەیە.

**پرسیار:** دەوترێ وشیاری نەتەوەیی لای لاوەکان رووی لە کزییە، بەڕای جەنابت وایە، ئەگەر وایە چ بکرێ کە لاوەکان بە تایبەت زیاتر بایەخ بە نەتەوەی خۆیانو پرسی کورد وەک پرسی نەتەوەیی بدەن؟

**وەڵام:** زۆر جار ئەمن دەگەڵ ئەو شتە باوانە نیم، ئەوە زۆر باوە کە دەڵێن لاوان ئێستێ وشیاریی نەتەوەییان نیە یان تەعەههوودی نەتەوەییان نیە، ئەمن بەش بەحاڵی خۆم وای نابینم، باوەڕ بکە لە وڵاتێکی وەکوو ئەمریکادا، حەشیمەتی ئەمریکا دەوری سێ‌سەد میلیۆنە، هەموو لاوانی ئەمریکای بە قەت لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستی نەتەوایەتییان نیە بۆ! چونکی ئەوان لەو مەرحەلەیە گوزەراون، ئێستێ بیر لە مەسایلی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەکەنەوە، هەر ئێستێ ئەگەر تەماشا بکەین ڕەنگە زاهیر نەبێ وا خۆی دەرنەخا، بەڵام هەستی نەتەوایەتی لە لاوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو باکووری کوردستانو ڕۆژاوای کوردستان بە قووەت‌تر بێ تا هەستی نەتەوایەتی لە لای لاوی کورد لە باشووری کوردستاندا. بۆ! چونکی لاوی کورد لە باشووری کوردستان هەرچەند بەشێوەی نیوەچڵیش بێ، ئەو مەرحەلەیەی خەباتی کە خۆی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی بەکوشت بدا بەجێ هێشتوە. ئێستا لە دەسەڵاتدا بەشدارە، حکوومەتی هەیە کە ئەو غەمەی لە کۆڵ بۆتەوە. ئێستا ڕوو لەوە دەکا کە باشە ئەدی ڕەفاهم، ئەدی وەسایلی خوێندنم، ئەدی وەسایلی وەرزشم، ئەدی وەسایلی ژیانی ئایندەم کوا؟ باس لەوانە دەکاو ئەوەی بۆ مەترەحە. ئەمن ئیشەڵڵا نای بینم، پاش منیش هیوادارم کەسی دیکە ئەوڕۆژە نەبینێ کە دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان بکەونە بەر هەڕەشە، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە بکەونە بەر هەڕەشە، پێم وایە هەر ئەو لاوانەی کە ئێستێ دەڵێن ئەو حکوومەتە هیچ نیە، دیفاع لە نەتەوەکەیان دەکەنو خۆی بۆ بە کوشت دەدەن. هەستی نەتەوایەتی نەمردوە، بەڵام تەبیعیە کە ئەو کوردایەتییەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا لە شاخ دەیانکرد ئێستێ نایکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لاوەکان وەک یەک نین، بەڵام هەستی نەتەوایەتیو شعووری نەتەوەیی، بە باوەڕی من لە مەرحەلەیەکی زۆر پێشکەوتوو دایە. پێم وایە ئەوە غەدرە لە لاوەکان دەکرێ، غەدرە لە مێژووش دەکرێ، غەدرە لە نەتەوەی کوردیش دەکرێ کە بڵێین لاوەکانی ئاوا بێ تەفاوەتن.

**پرسیار:** ئێوە بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت لاوەکانو خوێندکاران بە پێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆیی لە ڕاستای شوناس‌خوازیی نەتەوەی کورددا چ ڕێکارێک پێشنیار دەکەن؟

**وەڵام:** ئەو ڕێکارانەی کە ئێستێ هەن هەر کامەیان لە جێی خۆیدا تەئسیریان هەیە، دیارە بۆ حیزبی سیاسی مەسەلەن بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێکارەکە چییە؟ فەقەت نووسینو باری میدیاییە هیچی دیکەمان نیە، ئێمە لە وڵاتەکەی خۆماندا حوزووری ڕەسمیمان نیە تا بڵێی تەئسیر دادەنێین، بۆیە پێم وایە ئەگەر زیاتر لەوەی ئێستا وەکوو حیزب یان وەکوو جەریاناتی ڕووناکبیری لە دەستمان دێ زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی بەرەی لاو ڕێگایان بۆ بکرێتەوە کە دەگەڵ تاریخی میللەتەکەیان، دەگەڵ حەقو حوقووقی میللەتەکەیان زیاتر ئاشنا بن خزمەتێکی گەورەمان کردوە، هەر ئەوەمان لە دەست دێ. شتێکی دیکەی بە کردەوەمان لە دەست نایە.

**پرسیار:** یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان چۆن دەتوانێ زیاتر لە ڕاستای چالاک کردنی هەستی ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن «هویت‌یابی»

هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی لاوەکاندا هەنگاو هەڵێنێتەوە؟

**وەڵام**: یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانیش هەروایە، با لە خۆمان نەگۆڕین یەکیەتیی لاوان ئێستێ وەکوو حیزبی دیمۆکراتە لە تاراوگە دەژی، مەوجوودییەتە ڕەسمیو ئاشکرایەکەی لە تاراوگە دەژی. حیزبی دیمۆکرات لەبەر ئەوەی حیزبی سیاسییە ڕێکخراوێکی بەربەرینی نیسبیی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە، چونکی ئەوە حیزبی سیاسییەو دەتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، بەڵام یەکیەتیی لاوان ناتوانێ تەشکیلاتی نەهێنیی هەبێ، یەکیەتیی لاوان حیزبی سیاسی نیە، ئەگەر وڵاتەکە ئاوا نەبێ یەکیەتیی لاوان دەبێ تێکۆشانی ئاشکرای هەبێو ڕەسمیو قانوونی بێو بە ئاشکرا کارەکانی بکا. بۆیە دەتوانین بڵێین بە داخەوە یەکیەتیی لاوان وەکوو ڕێکخراو بەشێکی زۆر کەم لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوانەی بە ڕەسمی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاواندا هەن نەک هەموو، بەڵکوو بەشێک لەو لاوە کوردانەن کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژین، هەر ئەوانەن، بەڵام پێوەندێکی مەعنەوی لە بەیندا هەیە، هەموو یەکیەتییەکانی لاوان، چ ئەوەی لە دەوری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەو چ ئەوانەی لە دەوری سازمانەکانی دیکە هەن، پێوەندێکی مەعنەوی دەگەڵ لاوانی سەربە حیزبەکانیان پێکیانەوە دەبەستێ. مەسەلەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات ئەو پێوەندە مەعنەوییەی دەگەڵ ئەو لاوانە هەیە کە بە جۆرێک لە جۆران دەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە پێوەندیدان، ئەوی دیکەش هەردەگەڵ لاوانی نێزیک لە سازمانەکەی خۆی لە پێوەندی دایە. فەقەت لە ڕێگای نووسینەکانیو ئەدەبیاتەکەیەوە دەتوانێ کاری وابکا کە ئەو وشیارییە نەتەوەییە بڵاو بکاتەوە، ئەوەندەی دەتوانێ لە ڕێگای سایتەوە، لە ڕێگای گەیاندنی ڕاستەوخۆی نووسینەکانیەوە، لە ڕێگای بەرنامەی ڕادیۆییو تەلەڤیزیۆنییەوە ئەوانە بە لاوەکانو بە هەموو کۆمەڵ بگەیەنێ، بەڵام دیارە ئەو سەروکاری زیاتر دەگەڵ لاوانە تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە خزمەت بکا.

**پرسیار**: ئایا بە سەرنجدان بە ئاکامە مێژوویییەکانی بزووتنەوەی کوردو باروودۆخو هاوکێشەکانی ئێستا و پێوەرە زانستییەکانی جیهان، پێویستمان بە پێناسەو پێداچوونەوە بە سیاسەتگوزارییە فەرهەنگییەکانی نەتەوەکەمان لە نێو لاوەکانی کورددا هەیە؟

**وەڵام**: ئەمن پێم وایە هەموو قۆناغێکی ژیان جاری وا هەیە بە قۆناغی دە ساڵە، پێنج ساڵە، جاری وا هەیە بە قۆناغی زۆر کورتتر لەوەش ئێحتیاجیی بە گۆڕان هەیە،

**لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لاوەکان وەک یەک نین، بەڵام هەستی نەتەوایەتیو شعووری نەتەوەیی، بە باوەڕی من لە مەرحەلەیەکی زۆر پێشکەوتوو دایە. پێم وایە ئەوە غەدرە لە لاوەکان دەکرێ، غەدرە لە مێژووش دەکرێ، غەدرە لە نەتەوەی کوردیش دەکرێ کە بڵێین لاوەکانی ئاوا بێ تەفاوەتن.**

●●

بەڵام گۆڕانێکی ئەوەی پێی دەڵێن نێوەرۆکی فکر ناکەم پێویست بێ. ئێستێ جەدەلێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە پێویستە شێوازی خەباتمان بگۆڕین، بە باوەڕی من حەتتا لەوەشدا پێویستیمان بە گۆڕینێکی ئەوەندە سەرەکیو جەوهەری نیە. چونکی شێوازی خەباتمان لە ئەوەڵەوە تا ئێستێ بە تایبەتی لەو قۆناغەوە کە حیزبی سیاسی دروست بوون هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئەو جێیەی بکرێ لە خەباتی ئاشتیخوازانەو قانوونی ئیستیفادە دەکەینو ئەگەر پەلاماریش دراین دیفاع لە خۆمان دەکەین. ئێستاش هەر ئەوەیە. باشە چ شتێک لەو بۆچوونە بگۆڕین؟ بە باوەڕی من هەڵەیە ئێستێ ئێمە ڕابگەیەنین کە هەرگیز چەک بەکار نایەنین. ئەگەر هەموو خاکەکەشمان بە تۆورەکە بکێشن دیفاع لە خۆمان ناکەین. ئەوە خزمەت بە دوژمن دەکا. ئەوە خزمەت بە بزووتنەوەی کورد ناکا کە بڵێین ئەگەر چاوانیشمان دەربێنن دەست ناکەینەوە(بە پێکەنینەوە)، ئەوە ئاشتیخوازی نیە ئەوە تەسلیمتەڵەبییەکی زۆر خەتەرناکە. ئەوەی نابێ بکەین. بێجگە لەوە لە تاکتیکی ڕۆژانە دەبێ بزانی چ مەرحەلەیەک چ هەڵدەگرێ، چ شوعارێک بۆ چ ڕۆژێک موناسیبە، پێم وایە ئەو چاوپێداخشاندنەوە ئەساسییە کە بڵێین ڕێبازەکە بگۆڕێ ئێستا هیچ زەروورەتێکی نیە.

**پرسیار**: مامۆستا گیان سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە پێت داین، دوا وتەت لەم پێوەندییەدا واتە لە پێوەندی شوناسی نەتەوەییدا چیە؟ ئەگەر شتێکتان هەیە بفەرموون:

**وەڵام**: شتێکی تایبەتیی بەو سوورەتەم نیە، هەر ئەوەندە دەڵێم کە بە گەشبینییەوە، بە گەشبینییەکی واقیعبینانەوە تەماشای دواڕۆژمان بکەین. نە بۆخۆمان ناهومێد بینو نە لاوەکانمانو خەڵکەکەمان ناهومێد بکەین، نە ئەوەندەش بە چاویلکەی ڕەش تەماشای ڕابردوو و کارکردی حیزبە سیاسییەکانمان بکەین. کەموکووڕیمان هەیە، دەشبێ کەموکوورییەکانمان ببینین، چونکی ئەگەر نەیانبینین چارەسەریان ناکەین. بەڵام پێم وایە ڕابردوومان ئەگەر کەموکووڕیی تێدا هەیە شانازیشی زۆر تێدا هەن. ئێستاشمان بە پێی ئەو هەلومەرجەی تێیدا دەژیین هەردووکی تێدا هەن، هەم شانازی، هەم کەموکووڕی. ئایندەشمان هەردووکی ئەوانەی تێدا دەبن، بەڵام دەبێ بە ئومێدەوە بڕوانینە ئایندە.

***

# گەنجینە بەنرخە کولتووری‌یەکانی نەتەوەکەمان





عەباس مەقبین

هەر گەلو نەتەوەیەک بۆ پاراستنو ناساندنی بەها نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی کۆمەڵێک بنەماو تایبەتمەندی هەیە وەک خاک، زمان، جلوبەرگ، خواست، نەریتو ... هیتر. یەک لەوان نەریتە کە لە یەکەم هەنگاوەکانی پێوەندی هەر نەتەوەیەک دەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە شێوەیەکی خۆڕسک لە هەڵسوکەوتو بەیانو داخوازی‌یەکانیدا خۆ دەنوێننو هەستی پێ‌دەکرێ. گەلی ئێمەی کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوە هەرە ڕەسەنەکانی ناوچەی ئاسیا خاوەن گەنجینەیەکی بەنرخی کولتوورییە کە مەدالیای بەرخۆدانو خۆڕاگریو باوەڕی نیشتمانی ئەم گەلەیەو بوونو مانی ئێستامان سەلمێنەری ئەم ڕاستی‌یەن. ئەم کولتووره ڕەسەنە هێندێک بواری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ وەک زمان، لیباس، پێوەندی کۆمەڵایەتی، بۆنە نەتەوایەتی‌یەکان، ئایین، عاداتو کایە کۆنەکانی وڵاتی کوردەواریو هەڵپەڕکێو... هیتر. لێرەدا تیشک ئەخەینە سەر هێندێک لەو بوارانە

**ئەلف: مام نەورۆز(میری نەورۆزی):**

مام نەورۆز بە شێوەی بیرو فکر ئەگەر لێی ڕامێنین دەزانین کە لە سەدەکانی ٤ و ٥ی پێش زایین بیرۆکەکەی شکڵ دەگرێو بە شایەتی مێژوو شارستانیەتی خۆی بونیات ئەنێت بە شێوەی میری نەورۆزی کە هەموو ساڵێک لە یەکەم ڕۆژەکانی بەهاردا ساز دەکراو ئا بەم شێوەیە بەڕێوەدەچوو: یەکەم پێویست بوو بۆ هەڵبژاردنی میر گەنجو پیرانی چەند دێهاتێکی نزیک یەکبگرنو میر هەڵبژێرن. ئەو کەسانەی کە خوازیاری ئەم پۆستە بوون سەرەتا دەبوو تاقی بکرێنەوە بۆوێنە یەک بە یەکی ئەوانەی خۆیان پاڵاوتبوو لە شوێنێک ڕووبەڕووی جەماوەر دادەنیشتنو هەر کەسێک لەنێو جەماوەر بی‌توانیایە بە قسەو فیشقیاتو حەرەکاتی جۆراوجۆر لەخۆ دەرێنان یا ...، میر بخاتە پێکەنین، ئەگەر لەم نێوەدا تەنیا زەردەیەکیان بێنایە سەر لێوی میری پاڵاوتوو ئەوە بە هەمووان بە شەپو زللە لێیان دەداو دەیان هێنایە خوار. ئەو کەسەی خۆی پێ‌ڕادەگیرا ئەوە دەچووە قۆناغەکانی دواترو ئەمە بەردەوام دەبوو تا یەک نەفەر دەمایەوەو ئەویان دەکردە میری نەورۆزی.

**مەبەست لە دانانی میری نەورۆزی:**

ئامانجی ئەم واقیعە نەتەوەیی‌یە لێک نزیکی زیاترو پێکهاتەیەکی دەروونی پڕ لە شادیو خۆشیو هاوکات ڕێز لە پێناسە نەتەوەیی‌یەکەو سەلماندنی ڕەسنیەتی کولتووریو لەمێژینەی ئەم گەلە بووەو چارەسەری ئەو کەموکووڕیو وردە کێشانەی کە لە دێهاتەکاندا بووە، هەڵبەت سیستمی دەرەبەگایەتی هاوهەنگاو نەبووە دەگەڵ ئەم دیاردەیەو بەرەنگاری بۆتەوە، بەڵام نفووزو پێگەو خۆشەویستی ئەم ڕەسمە بەڕادەیەک بووە کە وێڕای ئەم گوشارانە هەر ماوەتەوەو بوونی خۆی تا ئێستاشی دەگەڵ بێ سەلمانو پاراستووە.

شێوازی بەرەوڕووبوونەوەی میر دەگەڵ کەموکووڕی‌یەکان، لێ‌پرسینەوە لە شکایاتو پێشنیارو داخوازی جەماوەرێک بوو کە لە شوێنی فەرمانڕەوایی خۆیدا بوونو، بۆ ئەمەش گەنجەکانو جەماوەری ئەو دێهاتەی میری لێ‌نیشتەجێ بوو هاوکاری عەسکەریان دەکردو بڕیارەکانیان دەبردنەڕێوە. ئەگەر لە ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە بکۆڵینەوە وێڕای ئاوێتەبوونو هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کەموکووڕی‌یە بچووکەکان وەک هەرەوەزیو کەم دەستیو بێ‌خانوویی‌و ... هیتر، ئامانجی سەرەکی ڕێز بوو لە نەورۆزو ئەو میرە کوردانە بە تایبەت میرەکانی وەک دیاکۆ ــ هەمەدان پێتەختیان بووە- ئەگەرچی لە سەرەتادا وەک بۆنەیەکی سوننەتی بووە، بەڵام لە ئەورۆدا بە ڕوانگەیەکی زانستیانەوە بەڕێوەی دەبەنو لایەنە بە سوودەکانی زیاترو ڕازاوەتر لە پێشوو ڕەچاو دەکرێو بۆتە ڕایەڵکەیەکی نەتەوەیی ڕەسەن بۆ یەکیەتی چینو توێژەکانی ئەم گەلە بە گشتی.

**شێوەی بەڕێوەچوونی:**

چەند سەعاتێک بەرلە تەحویلی ساڵو ئاگرکردنەوە پێویستە مام نەورۆزو کوێخاکانی ئاوەدانیو چەند کەسێک وەک پارێزەر بە جلی ڕەسەنەوە خۆیان ئامادە بکەنو کاتی دیاری کراو مام نەورۆز لە بەرزایی نێزیک ئاگرەکە مەشخەڵێکی بە دەستەوەیەو هاوڕێ لەگەڵ ئەوانی دیکە بەرەو جەماوەر دەچنو لەنێو ئاپۆڕای پڕ لە خۆشیو هەڵهەڵەی جەماوەردا مام نەورۆز ئاگرەکە دەکاتەوەو ئەو کاتەی هەموو یا گرووپێکی تایبەت سروودی تایبەت بە نەورۆز پێشکەش دەکەنو، دواتر گۆرانیو هەڵپەڕکێ دەست پێ‌دەکاو مام نەورۆز سەرچۆپی کێشی شاییەکە دەبێو هاوڕێکانی

لە دەستی دان. پاش هێندێک هەڵپەڕین چۆپیەکە دەدرێتە دەستی لاوەکان‌و

**گەلێک خوو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی‌و نەریت لە کۆنەوە بە شێوەیەکی سوننەتی‌و بەرهەمهێن یەکیەتی‌و هاودڵی نەتەوەیی‌یان پێک گرێ داوەو پاراستوە**

●●

مام نەورۆز بەنێو جەماوەردا دەگەڕێ‌و دیاری نەورۆزیان پێشکەش دەکاو خەڵکەکەش لەگەڵ وتنەوەی «نەورۆزتان پیرۆز بێ، ساڵی نوێ‌تان بە ئاوات‌و ئارەزوو بێ»، کۆتایی بە مام نەورۆز دێ. لەڕاستی‌دا بە کردەیی هەندێ جیاوازی لە نێوان میری نەورۆزی‌و مام نەورۆزدا هەیە، بەڵام ئامانجی ئێمە پڕکردنەوەی بۆشایی «بابانۆئێل» لە نەریتی کوردی‌دا بووەو وەک ڕێچکەیەکی نەتەوەیی‌و ڕەمزی پێکەوەبوون‌و ڕەسەنیەتی ئەم گەلە لە بەهاری ١٣٨٠ی‌هەتاوی‌دا ئەم بیرۆکەیەمان هێنایە سەر شانۆو ئەو سیناریۆیەی کە زیاتر ڕواڵەتی گشتی‌بوونی پێوە دیاربوو بۆم دیاری کرد. بۆ یەکەم جار لە بەهاری ٨٠ی‌هەتاوی‌دا لە دەشتی کۆیەو لەنێو تاراوگەنشینانی نیشتمان‌پەروەرو پێشمەرگەکانی دیمۆکرات لەلایەن ئەم کەسانەوە بەڕێوەچوو: عەباس حەقبین(بەڕێوەبەر)، ڕەسووڵ لیلانەیی‌و حەسەنی مامەقالەو سمایل ڕەسووڵی وەک کوێخا، جەماڵ دەرویشی(مام نەورۆز)، چەند پێشمەرگەیەکیش بە تفەنگی برنەو و بەرگی قەدیمی پارێزگاریان دەکرد یەک لەوان کەماڵ دەرویشی.

**ب:کۆسە:**

گەلێک خوو و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی‌و نەریت لە کۆنەوە بە شێوەیەکی سوننەتی‌و بەرهەمهێن یەکیەتی‌و هاودڵی نەتەوەیی‌یان پێک گرێ داوەو پاراستوە. یەک لەوان کۆسەیە کە لە دوایین مانگی زستان ئەو کاتانەی کە زەخیرەی زستانە بەرەو کزی دەچوو بە تایبەت بەهۆی بەستەڵەکو ساردو سەرمای ڕۆژهەڵات پێوەندی نێوان دێهاتەکان یا شارو دێهاتەکان زۆر کەم‌و بە زەحمەت بوو، هەربۆیە کەم بوونی زەخیرەو نەبوونی ڕووی لە هەندێ بنەماڵەکان کەم دەرامەتەکان دەکردو هەژاری تەنگی پێ هەڵدەچنین. لەو کاتانەدا کوێخاو ڕیش سپی ئاوەدانی کۆدەبوونەوەو لە دیوەخان یا ماڵە کوێخا بڕیاریان لەسەر سازکردنی کۆسەو گەڕانی بە ماڵەکان‌دا دەدا.

کۆسە لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەو کاتەدا دەکراو مەبەستیش لەڕاستی‌دا یارمەتی بەو هەژارو کەم دەستانە بوو کە بەهۆی جۆراوجۆر کەوتبوونە ژێر باری نەبوونی. ئەوە لە لایەکو لە لایەکی دیکەشەوە ڕواڵەتی هونەری ئەم دیاردەیە دەخەینەڕوو واتە چەندین جۆرو شێوەی کۆسە: کۆسەی ڕیش، کۆسەی شاخدار، وشترو کەمتیارو چەند شێوەیەکی نائاسایی دیکە. ئەمانە هەمووی بە مەبەستی شۆکەو شادی‌و ترس لەنێو بینەران‌داو حاڵەتێکی دەروونی وا سەرنج‌ڕاکێش کە جێگەی لە یادەوەریەکانی تاکو کۆدا دەهێشتەوەو زەوق زەدەی دەکردن. کۆسە ڕابردوویەکی لەمێژینەی هەیەو لە ئاوەدانی‌یەکان‌دا بەم شێوەیە:

شانۆکەی لە ئەمرۆدا دەچێتە خانەی «شانۆی سەقام» و کۆسەی ڕیش کە خاوەن ڕیشێکی درێژو کەپەنکێکی درێژەو سەروچاویان بەشێوەیەک بۆ گریم دەکەن کە نەناسرێتەوە، وەپێش دەکەوێ‌و توورەکەیەکی پێیەو دروشمان دەدا. دیارە دروشمەکان بە پێی ناوچەکان جیاوازن کە لێرەدا ئاماژە بە ناوچەی موکریان دەکەین:

کۆسە هاتوە لە کێوان
دەگەڕێ لە چاڵە سێوان
کۆسە بابی خەلیلی
قوونی وەک چاڵە قیلی
کۆسە بابی هەمزەیە
پووری هێلکەمان دەیە
کۆسە کولتووری کۆنە
پێشینانە ئەم بۆنە

جێگەی باسە کە ئەوانی دیکەش هاوڕێ لەگەڵ ئەو دەیڵێنەوەو دەنگی بەرزی ئەم دروشمانە هەموو ئاوەدانی دەگرێتەوەو پیرو لاو و منداڵ لەگەڵ کۆسە دەکەون‌و گۆرانی دەڵێن‌و سەما دەکەن‌و دیاری خۆیان پێشکەش کۆسە دەکەن‌و بە دڵێکی پڕ لە شادی‌یەوە بەرەوپیری ئەم بۆنەیە دەچن. دواتر لە نێو ئاپۆڕای جەماوەردا کۆتایی بەم شانۆیە دێن‌و ئەوەی کە کۆ کراوەتەوە ئەکتەرەکانی کۆسە لەنێو خۆیان‌دا بەشی دەکەن.

قازانجەکانی ئەم دیاردەیە لە بواری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و نەتەوەیی‌یەوە جێگەی باس‌و تێڕامانێکی تایبەتین‌و بایەخی لەمێژینەو فرەلایەنی هەیە، بۆیە پاراستنی لە خزمەت یەکیەتیی نەتەوەیی‌و گەشەکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی‌و هەنووکە دابین کردنی هەژارانێکی کەم دەرامەتن.

یەکەم درامای ئەم بۆنەیە لە ڕێکەوتی ١٣٨٠,١٢,١٨ی‌هەتاوی لە کەمپەکانی حیزبی دیمۆکرات لە دەشتی کۆیە بەڕێوەچوو. دەبا بە نوێگەری‌یەکی بەرهەمهێنی نەریتی هەوڵ بۆ پاراستنی نەریتێک بدەین کە شوناسی نەتەوەیی‌و ناسنامەی ڕەسنیەتی ئەم گەلەیە.

**ج: پێوەندی کۆمەڵایەتی:**

ئەم بوارە کۆی ئەو خوو و خدەو عادەتە کۆمەڵایەتی‌یانەیە کە چۆتە قاڵبی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و هەموو تاکەکانی نەتەوەو خێڵ‌و هۆز پاراستنی بەندەکانیان بە ئەرک، نەپاراستنیان بە تاوانی نەتەوەیی ئەژمار کردوە وەکوو پاراستنی کۆڕی خێزان‌و ئەرکی ئەندامانی خێزان، گەورەو بچووکی‌و ڕێزی بچووک لە گەورەو ئەرکی سەرپەرەستی خێزان‌و ....، سەردانی نەخۆش‌و شێوازی دروست بوونی نەجابەت‌و حورمەت‌و متمانەی تاکەکان بە یەکتر دەگەیەنێ‌و بە شێوەیەک ناسین‌و لێک تێگەیشتنێ بۆ پێکهاتەو پێوەندی کۆمەڵایەتی ئەکاتە واقیع‌و قەناعەتێکی ئەقڵانی‌و گشتی.

**خ: هەڵپەڕکێ:**

بەشێکی دیکەی ئەم نەریتە

فرەچەشنە هەڵپەڕکێی ناوچەکانی کوردەواری‌یە. مێژووی هەڵپەڕکێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەناعەتی پێکەوەبوونی کۆمەڵگا سەرەتایی‌یەکان، بۆ ئەو کاتەی کە حاڵەتی شەڕو ڕاو و شکاریان بەکۆ نیشانی ئەندامانی دیکەی خێڵو تایفەکانیان داوەو بۆیان باس کردوون. ئەو کاتانەی کە هێشتا زمانی قسەکردنو خوێندنو نووسین نەدۆزراوەتەوە بۆیە بە ئیشارەو هێرشو پاشەکشێ لە هەڵپەڕکێی جۆراوجۆردا ئەخستە بەرچاو.

جێگەی باسە کە هەر قۆناغێکی گەشەکردنی مرۆڤ شێوە هەڵپەڕکێ‌یەکی تایبەت بەخۆی بووە بۆوێنە، هەڵپەڕکێی شەلان باس لە سەردەمی شەڕو بریندار گواستنەوە دەکا، هەروەها هەڵپەڕکێی درەوکردن باس لە سەرەتاکانی دروست بوونی شارو دێهات ئەکاو شێوەی دروێنەی دانەوێڵەی ئەوکات دەکاو هەرەوەزی جەماوەر دەخاتەڕوو.

ئەم ڕاستی‌یانە هاوڕێ‌یە دەگەڵ وەرزشێکی جەستەیی کە دەربڕی ئازایەتیو چالاکی ئاگاهانەیە بۆ پەیامێک کە یەکیەتیو یەک ڕیزی هونەریو کۆمەڵایەتی‌یەو ناسێنەری شارستانیەتی ڕەسەنو لەمێژینەیە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەکردنی ئەم گەلە زوڵم لێ‌کراوە.

**ح: جلوبەرگ:**

بە گەڕانەوە لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو و ئەو کارەساتو نەهامەتی‌یانەی بەسەر ئەم گەلەدا هاتوون، پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی وردو حەکیمانە لە جلوبەرگی کوردیو بەشەکانی ئەم لیباسەو بەکارهێنانی لە بوارەکانی گونجانو پاراستنی خۆ لە سەرماو گەرماو بەکارهێنانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلو برین پێچانو زۆری دیکە بکرێ. لیباس وێڕای ئەوەی کە یەکێکی دیکەیە لە هێما نەتەوایەتی‌یەکانو مۆرکی ڕەسەنیەتی ئەم گەلەیە، هەروەها بۆ داڕژانی ئەندامەکانو گەشەکردنیان(وەک ئێسک، پێستو ماسۆڵکە) کاریگەری‌یەکی زانستی هەیەو لە تیشکە زیان هێنەرەکانی پاراستوە. لە بەشەکانی جلوبەرگ کە دوو بەشی پیاوانو ژنان لەخۆ دەگرێ، ئاماژە بەم ناوانە دەکەین:

لیباسی پیاوان: کەواو پانتۆڵ، سۆرانی(فەقێ‌یانە)، کەوشی کڵاش، جامەدانی(جامانە)، تەقیلە(کڵاو)، فەرەنجی، کەپەنک، کوڵەباڵ.

لیباسی ژنان: کەوا، سەڵتە، سیخمە(هێلەک)، کڵاوزەرد(سەروکڵاو)، سەڵتەی نیوقۆڵ(کوڵە)، کڵۆنجە، فەقێ‌یانە، کڵاشی ژنان، ژێرچەنە، گۆبەرۆک، دوگمەودوڵاب، دەستەوانەو پاوان، کڵو کلدان، شەدە، لەچک، لوتەوانە، کۆڵوانە(چارەک، چارەکە).

جێگەی باسە کە دەگەڵ تێپەڕبوونی زەمانو تێکەڵ بوونو وتوویژی نەریتەکان گۆڕان بەسەر لیباسەکاندا هاتوە لە بواری قەبارەو کەم بوونەتەوە. بەوحاڵەش لە بەشداری کردنی ئەم لیباسە لە فێستیڤاڵی نەتەوەکان لە وڵاتانی ئورووپایی‌دا بە تایبەت فێستیڤاڵی ئەڵمان توانی وەک نەجیب‌ترینو شەریف‌ترینو سالم‌ترین لیباس پلەی تایبەت وەرگرێو بەجۆرێک ئیعترافو دان پێدانانی گەلانە بە ڕەسەنیەتو شارستانیەتی ئەم گەلە چەوساوەو ژێر دەستەیە.

هاتنی زانستو نەریتی مۆدێرن هێندێک نەریتی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ، هەربۆیە بۆمانو بەرەنگاری ئەم نەریتانەو خۆگونجاندن لەگەڵیان‌دا پێویستە بیری مەتەوەیی لە ناخی تاکی کورددا نیهادینەو بە ئەقڵانی بکرێ.

بۆ ئەوەی لە ڕەوتی گلۆبالیزم(بە جیهانی‌بوون)دا بوونمان لە ڕەسەنیەتی شوناسە نەتەوەیی‌یەکاندا بیو توانای خۆگونجانو هەڵسەنگاندنی نەریتە کۆچەریەکانمان هەبێ. لە غەیری ئەم شێوەیەدا بە تێپەڕبوونی کات لەو نەریتانەدا ئەتوێینەوەو ڕەچەڵەکی چەندین ساڵەی ئەم گەلە ئەسڕێتەوە، دەبا نەریت بکەینە خۆراکی منداڵەکانی ئەوڕۆمان بۆ مانی داهاتووی گەلمان.

**د: ئایین:**

کاریگەری ئایین لە نەریتی گەلان‌دا لایەنی جۆراوجۆرو فرەڕەهەند لەخۆ دەگرێ، بۆیە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە کاریگەریەکانی نەریتی ئایین لە مێژووی ئەم گەلەدا دەکەین:

١ــ دروست کردنی پەیمانی تاک بەرانبەر هێزێکی ئاسمانی.

٢ــ پتەوکردنی بنەماکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی.

٣ــ دروست کردنی پێوەندی زیاتری نەتەوەکانو یەکیەتیی نەتەوەیی.

٤ــ داڕشتنی زمانی لێک تێگەیشتنو گەشەی تەبایی‌و پێکەوەبوون.

٥ـ لەمپەرێک لەبەردەم سەرەڕۆیی‌یەکانی تاکو خێڵو عەشیرەدا.

ئایینی کۆمەڵگا سەرەتایی‌یەکان ئەو ئاژەڵانە بوون کە یا لێی دەترسان یا ڕاویان دەکردن بەناوی «تەوتم پەرەستی»، دواتر کە ئاگر دۆزرایەوەو خۆیان گەرم کردەوەو لە تیشکو ڕووناکی‌یەکەی کەڵکیان وەرگرت، ئاگریان پەرستو دواتر لە قاڵبی فکریەتی ئاسمانی زەردەشت بەشێوەیەکی ئاگاهانە ڕوویان لە ئایینە فکریو ئاسمانی‌یەکان کردو مەسیحی‌یەتو یەهوودیو دواتریش ئیسلام، توانیان لە هزری کۆمەڵگادا لایەنی تایبەت بدەنە ئەم نەریتەو بەهاکانی ئەم پێکەوەبوونە بەرجەستەترو بەنرخ‌تر بنوێنن کە بێ‌گومان کوردیش یەک لەو نەتەوانەیە.

***



# ئایینو پێناسەی نەتەوەیی





سمایل سۆهرابی

ڕاستێکی سەلمێندراو و حاشا هەڵنەگرە کە بەدیهێنەری مرۆڤەکان لە پێوەندی لەگەڵ سروشتو داخوازییە دەروونیو جەستەییەکانی مرۆڤ بێبەرنامە نییەو بۆ دابین کردنی ویستەکانی بەرنامەی وڵامدەری ڕەوانە کردوە. توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەو سۆزی نەتەوەیی یەک لەو مەسەلانەن کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەرنجێکی زۆری داوەتیو پاراستنیان لە بەرامبەر بیری دوژمنان بۆ ئاسیمیلاسیۆن کردنی، ئەرکی بێ ئەملاو ئەولای هەر تاکێکی ئایینداره، ئەمە جیا لە ئەرکی ویژدانی هەر مرۆڤێکی ئازادی خوازە. کەوابوو خۆشەویستی گەلو نیشتمانو، پارێزگاری شوناسی نەتەوەیی، پێوەندی هەیە بەڕادەی باوەڕو بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی وەک پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی: (خیرکم المدافع عن عشیرته ما لم یأثم) واتە بەڕێزترین ئێوە ئەو کەسەیە کە بەرگری دەکا لە گەلەکەی بە مەرجێک لەم ڕێگایەدا تووشی دەمارگرژیو سەرپێچی نەبێ. کە باسی دەمارگرژی دەکرێ مەبەست ئەوەیە میکانیزمێکی ئینسانیو ویژدانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی نەتەوایەتی لە بەرچاو بگرێ.

بەهێزترین بەڵگەی بوونی هەر نەتەوەیەک، زمانی ئاخاوتنی ئەو گەلەیە، تاکوو زمانی سەربەخۆ هەبێ بێگومان خاوەنی زمان زیندووەو هیچ هێزێکیش ناتوانێ دانیپێدا نەهێنێ. پێویستە بۆ ئەم فاکتەرە سەرەکییە ئاوڕێک لە قورئان بدەینەوەو بزانین خوای گەورەو مێهرەبان چ دەفەرموێ: (ومن آیاته خلق السماوات والأرض واختلاف ألسنتکم و ألوانکم ان فی ذالک لآیات للعالمین). سوورەی روم/ ٢١. واتە لە نیشانەکانی گەورەیی خوا بەدیی هێنانی ئاسمانەکانو زەویو زمانو ڕەنگتانە، بەڕاستی لەوەدا نیشانەو بەڵگەی زۆر هەن- لەسەر هەبوونی خوا- بۆ زانایان. ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی نەقڵی ڕوونی ئایینییە بۆ هەستیاری زمان، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئایینیش سەیری مەسەلەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە زمان کلیدی سەرەکییە بۆ گەشەکردنی فەرهەنگی ئایینیو گەیاندنی مەبەست، چونکە ئەگەر خەم خۆرێکی ئایینی شارەزایەکی باشی لە زمانو ئەدەبی کوردی نەبێ چۆن دەتوانێ بەرنامەکانی خوای گەورەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، بێگومان ئەگەر بەزمانی خۆیو گەلەکەی شارەزا نەبێ بەشێوەی پێویست مەبەستەکەی ناپێکێ، کەوابوو پاراستنو گەشەپێدان زمانی هەر نەتەوەیەک لەڕاستیدا بەجێهێنانی یەکێک لە یاساکانی ئیسلامو دژایەتیو کۆسپنانەوە یان هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی لەژێر هەر ناوێکو بیانوویەکدا پێچەوانەی ڕاسپاردەکانی ئیسلامە.

یەکێکیتر لە شوناسی نەتەوەیی زێدە، واتە ئەم خاکو جوغرافیایەی کە گەلی کورد بە هەموو زاراوەو ئایینە جیاوازەکانییەوە لەسەری دەژینو بە درێژایی مێژوو لە پێناو پاراستنیو بەربەرەکانی داگیرکەراندا قوربانی بۆ دەدەن. ئەگەر وردبینەوە لە گەورەیی نیشتمان بۆمان دەردەکەوێ کە ئایینی ئیسلام تا چە ڕادەیەک گرینگی پێداوە، چونکە نەک هەر باوەڕداران نابێ لە بەرامبەر دوژمنانی گەلدا بێهەڵویست بن، بەڵکوو ئەرکی ئایینیانە بەڕادەی ئایینەکە بیپارێزن، چونکە دەقی قورئانی لەسەرە کە دەکرێ موسوڵمانان لە بەرامبەر خەراپەی خەراپەکاراندا سینگ فرەوانی لەخۆیان نیشان بدەنو پێوەندی پێکەوە ژیان نەشێوێنن، مەگەر ئەو کاتەی کە دوژمنان دوو هێڵی گەلانی موسوڵمانان ببەزێنن، واتە هێڵی ئایینو هێڵی نەتەوەییو بەزاندنی سنووری بابو باپیران یانی ئەوە ناکرێ لە هیچ کاتو زەمانێکداو لە هیچ هەلومەرجێکدا لە بەرامبەر دوژمناندا خۆمان بێهەڵویست نیشان بدەین، چونکە خاکو ئایینمانە، تەنانەت دەستدرێژی کردنی دوژمنان بۆ سەر ئەم دوو پیرۆزیانە لەو مەسەلانەن کە هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکردنی فتوای جیهادی فیزیکی. سوورەی مومتەحینە/ ئایەی ٨،٩

لە کۆتاییدا بە پێویستم زانی بۆ زیاتر سەلماندنی هەستیاری ئیسلام لە پێوەندی سۆزو خۆشەویستی خاکو نیشتمان، دیمەنی دەروونی پێغەمبەری ئیسلام بێنینە بەرچاو لە کاتی کۆچ پێکردنی بە زۆری لەلایەن دوژمنان لە شارەکەی واتە مەککە بۆ مەدینە، حەزرەتی موحەمەد(د) کاتێک لە پێناو گەیاندنی پەیامی دادپەروەرانەی خوای گەورە هیچ دەرەتانێکی بۆ نەمابوو بێجگە لە کۆچ کردن، یاری غاری ئەبوبەکری سەدیق دەگێڕێتەوە کاتێک لە شاری مەککە دەرکەوتین هێشتا بە تەواوی شارەکەمان لە بەر چاوی ون نەببوو، ڕاوەستاو ئاوڕی لە مەککە داوەو بەچاوی گریانو دڵی پڕەوە فەرمووی: (ماأطیبک من بلدو أحبک الی و لولا أن قومی أخرجونی منک ما سکنت غیرک) واتە «چەند نیشتمانێکی خۆشیو چەندە لە لام خۆشەویستی، ئەگەر گەلەکەم لە تۆ وەدەریان نەنابام بێجگە لە تۆ لە هیچ شوێنێکیتر نەدەمامەوە». ئەمە لە کاتێکدا ڕوویداوە کە شاری کۆچ بۆکراو یانی مەدینە سەر سەوزترو ئاوەدانتر بووە لە مەککە. ئەوەی جێگای وردبوونەوەیە ئەوەیە کە خۆشەویستی خاکو نیشتمان تایبەتمەندێکی سروشتییەو خوای گەورە لە ناخی مرۆڤدا بەدیهێناوە، بۆ وێنە مرۆڤێکی تاراوگەنشینو ئاوارە لەکاتی دیتنی هاوولاتێکی خۆی بێ ئیرادە دڵی دەپشکوێو خۆشحاڵ دەبێ، هەرچەند دەکرێ بڵێین هەن کەسانێکی دەگمەنو دڵمردوو و بێهەست کە هاوولاتیبوون لە لایان زۆر گرینگ نەبێ.

# ئەدەبیات وەک نوێنگەو بەستێنی گەشەی شوناسی نەتەوەیی

وریا ڕەحمانی






زمـان لـە گرنگترین بنـەماکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکی زیندوویەو دەورێکی گرینگی لە بواری پرەستیژو ئێستاتیکاو گـەشـەی شـوناسی نەتـەوەکان‌دا هەیە. بەشێکی زۆر لە مێژووی ئەفسانەو سەروەری‌یەکانی هـەر نـەتـەوەیـەک لـە ڕێـی زمـانـەوە دەمێنێتەوەو بەردەوامی پەیدا دەکاو لەم بەستێنە دایە کە تۆمار دەبێ. هەروەها سـەرەڕای ئـەوەی کە نـەتـەوەکان لە زمان وەک سەرەکی‌ترین کۆڵەکەی شوناسی خۆیان یاد دەکەن، لە هەمان کاتیش‌دا وەک نوێنگەو ئـامرازی هـەرەگرینگی نواندنی شوناسیش کەڵکی لـێ‌وەردەگـرن. ئینجا پشکی هـەرە سـەرەکی‌و حاشا هەڵنەگری ئەم دەورە تایبەت‌و بەرچاوەی زمان دەیگێڕێ لە ئەستۆی ئەدەبیات دایە. دیارە هـەر دەقێکی نووسراوەیی لە بـوارە جۆراوجۆرەکان‌دا بە تایبەت کە ڕەهەندێکی مێژوویش لە خۆی‌دا بگرێ بە جۆرێک لە خانەی ئەدەبیات‌دا جێ دەگـرێ، بـەڵام ئـەدەبیات وەک بواری هونەریی زمان لە پانتایی‌یەکی بەرفراوان‌تر لە خولقاندن‌و گەشەی بــەردەوام لـە چییەتی‌و چۆنایەتی جیهان‌بینی‌و بوونی مرۆڤ‌و نەتەوەکان پێشکەش دەکا، حیسابێکی دیکەی هەیە.

دکتۆر شـەریعەتی دەڵـێ: «هونەر ئــەو شـتـەیـە کـە دەمـێـنـێـتـەوە». لەڕاستیش‌دا ڕازی مانەوەی زمانیش لە ئەدەبیات دایە کە خۆی دەنوێنێ.

وەک چـۆن ڕەهـەنـدی هـونـەریی بیناسازی مێعماری‌یە، ڕەهـەنـدی هونەریی زمانیش لە ئەدەبیات‌دا خۆی نیشان دەدات. بـەم پـێ‌یـە دەتوانین بڵێین کە ئەدەبیات نوێنگەی حەقیقی شوناسی نەتەوەیی‌یەو زیاترین دەورو کاریگەریشی لـەم بەستێنەدا هەیە. لـەڕاسـتـی‌دا بۆ ناسینی باشتروپەی بـردن بـەقـوڵایی‌یەکانی کەسایەتیی دەروونـی هـەر خـەڵـکو نەتەوەیەکی تایبەت لە دنیادا باشترین ڕێگە ئەوەیە کە ئەدەبیاتەکەیان بخوێندرێتەوەو لــەم ڕێـیـــەوە زەرافـەتـەکـانـی شـوناسـی نـەتـەوەیـی‌یـان بناسین.

دەقێکی ئەدەبیی وەک ئێلیاردو ئۆدیسەیی هۆمێر لەهـەمان کات‌دا کە ڕۆحو ڕۆحیاتی خەڵکی یوونانی باستانی لێ وەدیاردەکەوێ هەمدیسان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانەش زامنی پاراستنی بەشێکی زۆر لە شوناسی مێژوویی نەتەوەیی خەڵکی ئورووپای کۆن‌و بە تایبەت یوونانی‌یەکانە. یان ئەو دەورو کاریگەری‌یەی دەقگەلێکی وەک شێعرەکانی حافیزو مەولاناو نووسراوەکانی مێژوویی بەیهەقی‌و پەخشانەکانی سەعدی لە چوارچێوەی فارسـی‌دا هەیە بەڕاستی لە بـواری گەشە و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی فارسان‌دا، حاشا هەڵنەگرو بێ‌وێنەیە. کاتێک کە باس لە کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆو زمان‌و ئەدەبیاتی کوردیش وەک بەستێنێکی شوناس‌خولقێن‌و شوناس پارێزی نەتەوەیی دەکەین‌و بە لەبەر چاو گرتنی ئەو هەموو تەنگو چەڵەمانەی کە بە درێژایی مێژووی پڕ لە ناکامی خۆی وەک نەتەوەیەکی ژێر دەستە بەسەری هاتوە، گرینگی‌و زەرووره‌تی ئەم بوارە هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بە درێژایی ئەم چەند سەدەیەی ڕابردوو کە پرسی نەتەوەیی بـە شـێـوەیـەکـی جیـدی‌و کەڵکەڵە خولقێنانەتر لە ئاستەکانی جیهانی‌دا دەرکەوتوە، سەرەڕای هەموو هەوڵی نەیاران‌و داگیرکەرانی کوردستان بۆ لە ناوبردنی هەستی شوناسی نەتەوەیی لـە نێـو کـوردان‌و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد، بەڵام زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەت شێعر بەڕادەیەکی زۆرو بـەرچـاو و بەشێوەیەکی کارا بەرپەرچیان داونەتەوەو مایەپووچیان کردوونەتەوە. لەڕاستی‌دا سـەرەڕای هەموو گیروگرفتەکانی خەڵکی کوردو دابەش‌بوونی خاکی کوردستان، کەچی زمـان‌و شێعرو ئەدەبیاتی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕاشکاوانەوە دەورێـکـی گـریـنـگ‌و سـەرەکـی لە هـەسـت‌و عەقڵانییەتی یەکگرتووی نەتەوەیی‌و پێکهێنانی شوناسێکی نـەتـەوەیـی هـاوبـەش‌دا سـەرەڕای هـەمـوو جیـاوازی‌یـەکـان گێـڕاوە.

مـرۆڤ بـوونـی خـۆی لـە زمـان‌و غرووریشی لە ئەدەبیات‌دا وێنا دەکاو دەی‌دۆزێـتـەوە. بـەم پـێ‌یە ئەدەبیات بەستێنی غروور خولقێنی شوناسی تاکو نەتەوەیی‌یە. ئینجا ئەگەر مرۆڤ لە ڕێـی زمـانـەوە لە واقیعی‌یەتەکانی دەدوێ، ئەوا ئەدەبیات ڕەنگدانەوەی حەقیقەتەکانی مرۆڤـە. هـەر بۆیەش مەیدان‌و بـەردەوامی‌یەکی بێ‌سنوور بە مەوجوودییەت‌و شوناسی مرۆڤ (چ تاکو چ وەک نەتەوە) دەبەخشێ. لـەڕاسـتـی‌دا شـونـاسـی نـەتـەوەیـی لە زۆر بــوارەوە بە تـایـبـەت وەک غرووری نەتەوەیی مەودایەکی هەر هێندە دەگرێتـەوە کە ئەدەبیاتەکەی تـێـی‌دا جـێ دەگـرێ. بـەواتـایـەکـی دیکە ئاواتەکانی هەر نەتەوەیەک بە قەدای ئەدەبیاتەکەیەتی‌و شوناسی هـەر نەتەوەیەکیش شتێکە لە نێوان واقعییەت‌و لوتکەی ئاواتەکانیەوە.

***

# سەردەمی سەرهەڵدانی زمانی کوردی

ئا: دیار خێڵان




**کورتەمێژووی زمانەوانی:**

یەکێک لە شوناسە نەتەوەییەکان کە بۆ هەر نەتەوەیەک ڕەچاو دەکرێ زمانە. زمان، ڕەچەڵەکو ڕەسەنیەتی هەر گەلێک ئەنوێنێو نیشان ئەدات. گەلی ئێمەش وەک یەکێک لە نەتەوە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین خاوەن زمانی زگماکی خۆیەتی کە ڕیشەو ڕەچەڵەکی مێژوویی خۆی هەیەو دەی سەلمێنێ کە ئەم گەلە یەکێک لە ڕەسەن‌ترین خەڵکانی ئەم ناوچە دێرینەیە بە ناوی کوردستان.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە کراوە، زمانی کوردی لە هەلومەرجێکی گرینگیی نەتەوایەتی کوردانە لە مێژوودا، بە لێکدانەوەو بەراوردکردن دەگەڵ گەشەو کارەسات‌و زمانە کۆنەکانی وڵاتی کوردەواری لە قۆناغو وەزعێکی تایبەتی‌دا، بنەمای خۆی لەم وڵاتەدا چەسپاندوە کە بە ڕیوایەتێ دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووهەمی پێش زایین، وەک سەرەتایی‌ترین دامەزراوەی یەکگرتوو لە چەند دیالێکتیکی هاوشێوەی کوردی‌دا.

ئەوکات لە بەرەی ڕۆژئاوای ئاسیادا پێنج دەوڵەت هەبوون بە ناوەکانی ماد، ئورارتوو، میتانی، حیس و ئاشوور، کە هەرکامیان زمانی عێلی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لەوکاتەدا بەهۆی سیاسیی‌بوونی شوێنەکە، بووە هۆی پەیدابوونی میسری‌یەکان لە سووریەی ئەمرۆیی‌داو بەرەنگاربوونەوەی بە ناچاری حیسیەکان.

یەکێکی دیکە لەو هێزە سەرەکی‌یانەی کە لە پەرەپێدانی زمانی کوردی‌دا بەرچاوە، میتانی‌یەکان بوون کە بە خاتری بەرەوپێش چوونی بەرژەوەندی مانو دەسەڵاتە نوێیەکەیانو سەرکەوتن بە سەر کوردەکانی ئەم پێوەندییە بە ناوی تەحتەموسی سێهەم و کورەکەشی بە ناوی ئەخناتوون کە بیروباوەڕی تاک پەرەستی خوایان هەڵبژاردبوو و لەو پێناوەش‌دا دەکوژرێ، توانیان دەسەڵاتی میسر بگرنە دەست.

پێوەندی میتانی‌یەکان دەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە خاوەن شارستانیەتی کۆنتر بوون، کاریگەری تایبەتی کردە سەر زمانی کوردیو پەیدابوونی بناغە سەرەتایی‌یەکانی ئەم زمانە بە شێوەیەکی ئاڵۆز. لەسەر ئەساسی ئەسنادو بەڵگەی پێوەندیداری ئابووریو بازرگانیو لەشکریو ئەو نامانەی کە پاشاکانی هەر دوولا لە نێوانیان‌دا گوازراوەتەوە، تێکەڵاوی فەرهەنگیو شارستانی دروست بووەو بنەمای ئەم زمانەیان داڕشتووە.

ساڵەکانی پێش سەردەمی هەزارەی دووی پێش زایین، شێوە زمانێک لە ئەرمەنستانو کوردستان بەکار هاتووە کە هیچ پێوەندی‌یەکی بە زمانە هێندو ئوروپایی‌یەکانەوە نەبووە وەک زمانەکانی عیلامیو حیسیو ئاشوور. بەڵام بە تێپەڕبوونی کاتو بەهۆی نەبوونی بنەمای کۆمەڵایەتی کۆنو هەروەها بە کاریگەری سیاسەتی سەربازیو دابونەریت یان کولتووری ئاشووریەکان لە ڕۆژئاواوەو کۆچەرانی ئاریایی ــ میتانیو ئێرانی(مادی، سەکسی، کیمیری) لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە، ئەو زمانانەی پێشوو لەنێوچوونو کوردستان بوو بە خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیو سەربە هێندو ئوروپایی‌یەکان.

جێگەی باسە کە جیهانی زمانە هێندو ئوروپایی‌یەکان زیاتر لە هەموو شتێ سنوورو قەواعیدی داناوە بۆ زمانی کوردیو بەروونی لەو بوارەدا کاریگەری بەرچاوی خۆی هەبووە.

کوردە کۆچەریەکانی قەفقاسیا هەرێمی بەرفرەوانی خوارووی کوردستانو ئەرمەنستان بوو کە کوردەکان لێی پەڕیونەتەوە بەرەو براوەکانیان‌دا یەک لەوان حیسیەکان.

هەربۆیە لەگەڵ میسری‌یەکان پێوەندی‌یان دامەزراندو ماوەیەک دواتر ژنو ژن خوازی نێوانیان ئەو پێوەندی‌یەی نێزیکو پتەوتر کرد. بە شێوەیەک کە یەکێک لە شازادە

**زمانی کوردی لە هەلومەرجێکی گرینگیی نەتەوایەتی کوردانە لە مێژوودا، بە لێکدانەوەو بەراوردکردن دەگەڵ گەشەو کارەسات‌و زمانە کۆنەکانی وڵاتی کوردەواری لە قۆناغو وەزعێکی تایبەتی‌دا، بنەمای خۆی لەم وڵاتەدا چەسپاندوە کە بە ڕیوایەتێ دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی دووهەمی پێش زایین، وەک سەرەتایی‌ترین دامەزراوەی یەکگرتوو لە چەند دیالێکتیکی هاوشێوەی کوردی‌دا.**

**ئەوکات لە بەرەی ڕۆژئاوای ئاسیادا پێنج دەوڵەت هەبوون بە ناوەکانی ماد، ئورارتوو، میتانی، حیس و ئاشوور، کە هەرکامیان زمانی عێلی تایبەت بە خۆیان هەبووە**

کوردستانی ئەمرۆ ـ کە ئەساگارتیەکانو سەکسیو کیمیریی‌یەکان بوون.

ئەوان بەر لە کۆچەرانی دیکە هاتوونەتە کوردستانو هۆیەکەشی ئەوە بووە کە دەوڵەتی ئورارتوو بۆ کاتێکی دوورودرێژ دەستی بەسەر وڵاتی ئەرمەنستاندا کێشابوو و کاریگەری لەسەر ئەو کۆچەرانە هەبووە کە بەرەو ئەم ناوچەیە هاتوونو ڕێگەیان لێ بەستراوە.

ئەوەی کە پێویستە باس بکرێ پەیوەندی نێوان مێژوو و زمانە یان بە واتایەکی‌تر مێژووی زمانەوانی‌یە و ناتوانین بەبێ ئەوان واقعێکی ڕوون بخەینەڕوو. لێکۆڵینەوەکان دریان خستووە کە کۆچەرە ئاریایی زمانەکان، نە تەنیا پەیوەندی‌یان بە قەفقاسیاوە هەبووە، بەڵکوو لەگەڵ ناوچەکانی خوارووی ڕووسیەی ئەمرۆیی‌دا تا دەگاتە کەرتی ناوەراستی ئورووپاش بوونو پەیوەندی دەگەڵ قەبیلەو تایفەکانی ئەوکات هەبووە.

وەک پێشتر باسمان کرد ئەو گۆڕانە زمانەوانی‌یە کە لەسەر دووراندنی زمانە کۆنەکانی ناوچەکانی زاگرۆسو کوردستان(لۆلۆیی، گوتی، هۆری) بە گشتی ڕووی دابوو، لەسەر ئەساسی ڕێزمانی هیندو ئورووپایی‌یەکان بوو کە بەرەبەرە بەهێزی چینی دەسەڵاتداری دەوڵەتی میتانی لە سەرووی میزۆپۆتامیاوە بڵاوبۆتەوەو گەشەیان کردوە.

لە پەیوەندی دەگەڵ میتانی‌یەکاندا دەتوانین بڵێین کە: لە سەدەی نۆیەمو دەیەمی پێش زایینـدا خەڵکێکی نیشتەجێی دێهات بوونو ئەوە لە کاتێکدا بووە کە مادەکانو پارسەکان هەنووکە کۆچەری بوون. لەو سەردەمەدا تیشکی زانستی ئایینی زەردەشت لە نێو ئەو کۆمەڵە کوردەی کە نیشتەجێ بوون، سەرهەڵ دەداو لە ماوەیەکی کەمدا بە ڕادەیەکی زۆر پەرە دەستێنێ. ئەمەش گەشەیەکی زیاتری دایە سەر زمانی کوردیو فێربوونو فێرکردنی ئاخاوتنێکی بەرینی زمانەوانی لە سەدەی هەشتو نۆی بەر لە زایین.

جێگەی باسە کە زەردەشت کوردێکی باشووری ئێرانە و لەوێش لەدایک بووە. ئەم دیاردە ئایینە ڕەسەنە دەبێتە هۆی بنەمایەکی پتەو بۆ ئەو کۆمەڵە کوردەو لەپێشدا میتانی‌یەکان کە بە شێوەیەکی ئەدەبی خوێندنو نووسینو هەروەها لە بواری زانستو تەکنیک بە شێوەیەکی بەربڵاو لە وڵاتی هۆر یان ئاگر پەرەستەکان کە بڕوایان بە خودای چاکە و خودای خراپە و ڕۆژی زیندووبوونەوە هەبووە، پا دەگریو پەرە دەستێنێ.

**لەو سەردەمەدا تیشکی زانستی ئایینی زەردەشت لە نێو ئەو کۆمەڵە کوردەی کە نیشتەجێ بوون، سەرهەڵ دەداو لە ماوەیەکی کەمدا بە ڕادەیەکی زۆر پەرە دەستێنێ. ئەمەش گەشەیەکی زیاتری دایە سەر زمانی کوردیو فێربوونو فێرکردنی ئاخاوتنێکی بەرینی زمانەوانی لە سەدەی هەشتو نۆی بەر لە زایین.**

●●

ئەم شارستانیەتە بوو بە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی ئایینی دەوڵەتی میتانی. بۆیە لە مێژووی ئایینو مەزهەبەکاندا لە کۆنەوە بە مەڵبەندی هەڵقووڵاوی جۆرە ئایینێکی جیهانی دەژمێردرێ.

ئایینی زەردەشت لە ڕێگای نۆیەمین فیرعەونی میسرەوە کە کورد بووە، گەیشتە ئەو وڵاتەو بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئایینی لە نێوان لایەنگرانی ئایینی نوێو بەرهەڵستکارە کۆنەکان کە لە ئەنجامدا شازادە دەکوژرێ.

لە هەزارەی دووی پێش زایینـدا ناوچەکانی دەریای قەزوێنو ئازەربایجانو کوردستان بوونەتە مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی هۆزەکانی ماد، کە ماوەیەک دواتر پاشماوەکانیان بەپێی یاسای سەرهەڵدانی نەتەوە لە جیهاندا بە ناوی «کوردۆ، تالیشو تات» بەناوبانگن.

بە گشتی ئایینی زەردەشتی بۆتە هۆی پەیوەندکردنی زمانەوانیو کۆمەڵایەتی وڵاتی کوردەوارییو بنەمایەکی هۆشیو زمانەوانیو ئایینو زانستیو شێوەیەکی ڕێکوپێکی نووسین لە ناوچەیەکی کوردەواری‌دا بەرهەم هێناوەو دواتر بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاوبۆتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی لە مێژوودا ئاماژە دەکرێ بە ئایین وەک هۆیەکی سەرەکی بۆ شارستانیەتو زمانو خوێندنو نووسین، لە نێوان زانستو نەریتی میللەتان کە تا بە ئێستاش دونیای مرۆڤایەتی فەخری پێوە دەکەن.

سەرچاوە:

مێژووی زمانەوانی وڵاتی کوردەواری.

نووسەرەکانی: دوکتۆر کاوس قەفتانو جەلیل جەلیل، بە هاوکاری حەمەی مەلا کەریم


***






# شوناسی نەتەوەیی لە باکووری وڵات








زانا مهابادی

**پێشەکی:**

شوناس(Identity) چەمکێکە کە بەردەوام لە بەرامبەر ئەویتر(Other) یکی نامۆ یا هێرشکاردا خۆی پێناسە دەکاو بەرگری لە مانەوەی خۆی دەکا، هێندێک جار رەنگی نەتەوەیی هەیە، وەکوو شوناسی کوردبودن لە بەرامبەر ئەویتر(داگیرکەر)دا، هێندێک جار لە رەنگی پێستی مرۆڤەکاندا رەنگی داوەتەوەوەکوو شوناسی رەش پیست بوون لە بەرامبەر سپی پێستەکان لە ئامریکاو سیستمی ئاپارتاید لە ئافریقای باشوورو هێندێک جار لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکدا خۆی نواندووەو بەرامبەر ئایدۆلۆژیایەکی دژبەردا وەستاوەتەوە. دەستپێکو رابردوویەکی هاوبەشی مێژوویی، کۆمەڵێک فاکتۆری هاوبەشو سۆزو ویستێکی گشتی دەبێتە هۆکاری شکڵگرتنی ئەو شوناسە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگایەکدا.ئەو بابەتەی کە لەو نووسینە کورتەدا هەوڵ دەدەین بیخەینە بەرباسو هەڵوێستەی لەسەر بکەین شوناسی نەتەوەیییە لە باکووری کوردستان.

زۆربەی نەتەوەکان بە دامەزراندنی دەوڵەت ــ نەتەوە لە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنیتەدا ئەو دەرفەتەیان بۆ خۆیان رەخساند کە لە چوارچێوەی سنووره دیاری کراوەکانی خۆیاندا زمان، کولتوورو شوناسی نەتەوەیی خۆیان بپارێزنو تەنانەت پەرەی پێبدەنو بتوانن بە بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان لە ساحەی کۆمەڵگای نیودەوڵەتیشدا رۆڵی کاریگەریان هەبێ.

کوردەکان لە رووی مێژوویییەوەو دوای یەکەم دابەش بوونی کوردستان لە شەڕی چاڵدران (١٥١٤م) لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تا ئێستا دەورێکی کاریگەرو چالاکیان لە رووداوەکانی ئەو یەکە جۆغرافیایی هەبووە کە نزیک بە سەدەیەکە ناوی تورکیای لێ نراوە. بەڵام بەردەوام حاشا لە بوونیان کراوەو وەک دوکتۆر عەباس وەلی دەڵێ: «مێژوو پتر لەهەر دیسیپلینێکی دیکە لە بنیاتنانو بەردەوامیی بەخشین بە ستراتیژی(چەوساندنەوە، کپکردنو غایب کردن)دا، یارمەتیی دەسەڵاتی داوە، کە ئەمەش کوردەکانی لە (سووژەبوون)یان داماڵیوەو کردوونی بە بوویەک کە هیچ دەنگێکی لەناو مێژوودا نییە. ئەوان تەنیا بەهۆی نەئاخاوتنەوە ئاخاوتوون، دەسەڵاتو گوتاری مێژوویی، بە دەستەواژەی فوکۆ (رژێمیک لە حەقیقەت)یان پێک هێناوە، کە دوا ئامانجی بەکارهێنانی مەعریفەی مێژوویی بووە لەپێناو پارێزگاری کردن لە شوناسی (نەتەوەیی/ باڵادەست)ی یەک ئاهەنگ، ئەمەش لە ڕێگای چەپاندنی هەموو ئەو (جیاوازی)یانەی کە یەکێتی سیاسیو سەقامگیری ئەوان پێشێل دەکات».

لە ساڵی ١٨٨٠زایینیو هاوکات لەگەڵ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری کە وەک دەستپێکی بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد دێتە ئەژمار تا ئێستاو بە تایبەت لە دوای دامەزرانی دەوڵەتــ نەتەوەی تورکیا لە سەردەستی مستەفا کەماڵ پاشا، لە لایەن نەتەوەی کوردەوە زۆر یاخی بوونو شۆڕشی مەزن بە دژی پاوانخوازیو سیاسەتی ئینکاری تورکەکان سەری هەڵداوە کە ژمارەیان دەگاتە ٢٩ سەرهەڵدان. ئەو شۆڕشە یەک لە دوای یەکانە و ئەو میراتگرییەی شۆڕش لە نێو رۆڵەکانی گەلەکەمان لە باکووری وڵات وای‌کردوە

کە کوردەکان سەرەڕای بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگیو تەنانەت سەرکوتی «سخت افزاری» لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە، بتوانن شوناسی نەتەوەییو زمانو کولتووری کوردی بپارێزن. هەرچەند لەو نێوەدا تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆرهاتوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە زمانی کوردی بە زاراوەی شیرینی کورمانجیو زازاکی لەو پارچەیەی کوردستان هەر زیندووەو ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کوردو نەوەی ئێمڕۆ بە زمانی دایکی خۆیان دەدوێـنو بە بایەخێکی زۆرەوە بۆ زمانی کورد وەک فاکتەری سەرەکی بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی دەڕوانن. هەڵبەت زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو و بوونی خۆیو بە تایبەت دوای دامەزرانی دەوڵەتــ نەتەوە کلاسیکەکانی ئێران، تورکیا، سووریەو عێراق لە هەموو بەشەکانی کوردستان تووشی یاساخ بوونو تەنگو چەڵەمەی زۆر بووەو مەجالی خوێندنونووسین بەو زمانە لە قوتابخانەکان نەدراوەو لە یاسای ئەو وڵاتانەشدا نکوڵی لێکراوە، بەڵام دۆخەکە لە باکووری کوردستان بۆ زمانو کولتووری کوردی زۆر زۆر ئەستەمتر بوو، چونکە دەوڵەتی ناوەندیوبیروڕای گشتی کۆمەڵگای تورکیا نەک زمانو کولتووری کوردی بە فەرمی نەدەناسی، بەڵکوو حاشای لە بوونی نەتەوەیەک بە ناوی کورد لەو وڵاتە دەکردو کوردەکانی بە «تورکی شاخی» ناو دەبردو تەنانەت چەندین جار لە سەدەی رابردوودا کوردەکان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە تووشی چەندین کۆمەڵکوژی گەورە بوونەتەوە کە کۆمەڵکوژییە بەناوبانگەکەی دەرسیمو ئیعدامی

«سەید ڕەزا» یەکێک لە نموونە بەرچاوەکانی دڕندایەتی دەوڵەتی تورک لە هەمبەر دۆزی ڕەوای گەلی کوردە.

لە خانەی کولتووریشدا هەوڵدان بۆ یەکدەست کردنی پەروەردە بە زمانی تورکیوفەرز کردنی ئەو زمانە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیداو سڕینەوەی ناوە کوردییەکانو گۆڕینی ناوی باژێرو لادێو تەنانەت چیاکانی کوردستان لە کوردییەوە بۆ تورکیو قەدەغەکردنی زمانی کوردیو ئەو پەرتووکانەی بەو زمانە نووسراوبوون، وایکرد کە ڕۆشنبیری کوردی، سینەمای کوردی، کتێبخانەی کوردیو ...، بە گشتی کولتوورو زمانی کوردی بەرەو ئاراستەیەکی ناڕوونو لێڵ هەنگاو هەڵبگرێ. تەواوی بەرهەمی نووسەرانو هونەرمەندانو بیرمەندانو شاعیرانی کورد بە زمانی تورکی دەناسراو دەبوو بە موڵکی کولتووری تورکی. سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی هەموو تانوپۆی ژیانی تاکی کوردی تەنیبوو و لەخۆنامۆبوونی کولتووری(از خودبیگانگی فرهنگی)و خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر کولتووری باڵادەستی داگیرکاردا وایکرد کە زۆرێک لە نوخبەکانی کورد ببنە ئامرازی دەستی دەسەڵاتو لە پێناو ڕەوایی‌دانو بەهێزکردنی ئەو سیستەمەدا هەنگاو هەڵبگرن. بۆوێنە «عیسمەت ئینۆنو» و زۆر کەسی دیکە کە بە ڕەگەز کورد بوون لە بەر ئەو هۆکارانەی کە باس کرا کەوتنە خزمەت کردنی کولتووری بیانیو تەنانەت بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵی داسەپاندنی ئەو کلتوورەیان بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا. بەردەوام بوونی ئەو دۆخە، کودیتا سەربازییە یەک لەدوا یەکەکانو نەبوونی ڕەوتێکی پێشەنگی خەباتکار وای لە تاکی کورد کردبوو کە ئیتر بە تەواوی تووشی ناهومێدیو بێهیوایی ببوو. کورد خەریک بوو لە باکوور دەگەیشتە خاڵی کۆتایی!

کاتێک ئاگری شۆڕش دووبارە هەڵایساوە!


لەوپەڕی سەرکوتو دەسەڵاتی سەربازی ژێنراڵەکانو لە نێوان دوو کودیتای سەربازی ساڵەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠، لە بۆشایی خەبات لە باکووری وڵاتو لاواز بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستانو چوونە ژێر ڕکێفی بزووتنەوەی چەپی تورکیا کۆمەڵێک لاوی شۆڕشگێڕی کورد لە لێوارەکانی چوبوک لە ئانکارا بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خەباتکاری نوێ بۆ کورد لە باکوور کردەوەو لە ساڵی ١٩٧٨ لە گوندی فیسی دیاربەکر «پ.ک.ک» دامەزراو شەش ساڵ دواتر بۆ یەکەم جار خەباتی چەکداری لە لایەن ئەو هێزەوە ڕاگەیەندرا. دەتوانین بڵێین ئەو ڕێکەوتە خاڵێکی وەرچەرخانە لە خەباتی شوناسخوازیو مافخوازی گەلەکەمان لە باکووری کوردستان. دوا بە دوای ئەو وەرچەرخانەو لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠و بە دەست پێکردنی خەباتی پارلمانی لە لایەن کەسانێکی لە خۆبردووی وەک خاتوو «لەیلا زانا» و «خەتیب دیجلە» و «ئەحمەد تورک»، دۆزی کورد دووبارە هاتە ڕۆژەڤو چالاکییەکان پەرەیان ئەستاندو شوناسو زمانی کوردی بوو بە چەکی بەرەنگاری فاشیسمی دەسەڵاتدار. ئەو ڕەوتە سەرەڕای تێچووی زۆر، درێژەی کێشاو بە دامەزرانی «پارتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک» لە ساڵی ٢٠٠٥و دواتر «پارتی ئاشتیو دیمۆکراسی»ڕێگای خۆی بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکانی شێلگیرتر لە جاران درێژە پێدا. خەباتی نەپساوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لەو سێ دەیەی ڕابردوو وای لە دەسەڵاتداران کرد کە بە ناچار بۆ یەکەم جار پڕۆژەی کرانەوەی دیمۆکراتی(Democratic acilim) بێننە ئاراوەو هەر لەو پەیوەندییەدا خوێندن بە زمانی کوردی قەبووڵ بکەنو تەنانەت وەشانی تەلەڤیزیۆنی بە زمانی کوردی دەست پێبکەن، هەر چەند دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی «t.r.t٦» لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانییەوە(بە لیگاڵو چەکدارەوە)پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا، بەڵام کردنەوەی تەلەڤیزیۆنێک کە ٢٤ کاتژمێر بە زمانی کوردی بەرنامە بڵاو دەکاتەوەو هاوکات نەفسی دامەزرانیشی لە لایەن دەوڵەت بە پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەیە، بۆ کورد دەسکەوتێکی گەورە دێتە ئەژمار.هەڵبەت نابێ ڕۆڵو کاریگەری میدیای کوردیو بە تایبەت تەلەڤیزیۆنی «ڕۆژ تی.ڤی» لە بیر بکەین کە لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەییو پەرەپێدان بە زمانو کولتووری کوردی هەنگاوی ئەرێنی هەڵگرتوە. هەر لەو نێوەدا بۆ یەکەم جار دیوانی «مەمو زین»ی ئەحمەدی خانی بە زمانی کوردی چاپو بڵاو کرایەوەو کۆرسەکانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی باکوور کاروچالاکی خۆیان دەست پێکردو یەکێک لەو قوتابخانانەش بە ناوی مامۆستای شەهید «فەرزاد کەمانگەر»ەوە ناودێر کرا کە ئەو کردەوەیەش دەرخەری ئێنتێگراسیۆنو هاوپەیوەندی نەتەوەیی نێوان پارچەکانی کوردستانە. لەو دوایيانەشدا بە هەوڵو خەباتی بێوچانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەوڵەتی تورک ناچار دیسان بە پاشەکشە بووەو پەروەردە بە زمانی کوردی لە سەرجەم قوتابخانەکانی باکووری کوردستان بە فەرمی ناسرا. لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم بزاڤی شوناسخوازی باکوور لە پڕۆسەی خەباتێکی هەنگاو بە هەنگاودا زۆر ژیرانە چۆتە پێشو بە وەرگرتنی ئیمتیازی زۆر لە دەسەڵاتو ئیسباتی خۆی گەیشتۆتە ئاستێک کە ئیتر ئیمکانی بەرەنگاربوونەوەی لە لایەن دەسەڵات بەشێوەی ڕابردوو ئیمکانی نییەو دەنگی ئەو گەلەش کە بۆ مافە ڕەواکانی لەسەر شەقامە ئیتر بە هیچ چەشنێک کپ ناکرێ. چونکە کورد لە باکوور خۆیو مافە ڕەواکانی خۆی ناسیوە. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە پێویستە قسەیەکی سەرۆک وەزیرانی تورکیا «ڕەجەب تەیەب ئەردۆغان» وەبیر بێنمەوە کە لە کاتی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە مانگی مارسی ٢٠٠٩و کاتێک «پارتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک» سەرۆکایەتی نزیک بە ١٠٠ شارەوانی لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەست هێنا، لە یەک ڕستەدا ئێعترافێکی گەورەی کردو وتی: «لە شەڕی خزمەتگوزاریو ناسنامەدا، ئەوە ناسنامە بوو کە بردییەوە»

***

# مادە هۆشبەرەکان، مەترسی‌یەک لەسەر ئەمنو ئاسایشی نەتەوەیی



عەلی بداغی




ئەمڕۆکە دیاردەی قاچاخو ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکان یەکێک لەو چەند قەیرانی گەورەو گرینگی کۆمەڵگەی مرۆیی‌یە و لە تەنشیت قەیرانی ناوکیو ئەتۆمی، حەشیمەتیو ژینگە زۆرترین دڵەڕاوکێو کێشەی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو دەوڵەتو حکوومەتەکان دروست کردوە. ئەوڕۆ لە دنیادا وڵاتێک نابینینو تەنانەت شارێک بوونی نیە کە دەستەویەخەی دیاردەی قەیرانی مادە هۆشبەرەکان نەبووبێ. ئەو دیاردەیە بە کەڵک وەرگرتن لە گەشەی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندنو پیشەسازیی مودێرن، پەرەسەندنی باندەکانی مافیاو دەستە شاراوەکانی نێو دەسەڵاتو هەرێمی حکوومەتەکان وەها ئاڵۆزیو کێشەیەکی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی ناوەتەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەک «تاوانە سازمان دراوەکان»(ئەو تاوانانەی ڕێکخراون) پێناسەی دەکاو لە کۆڕی گشتیی خۆیدا زۆر کۆنڤانسیۆنو بڕیارنامەی گرینگی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا پەسند کردوە. کۆنڤانسیۆنەکانی ١٩٦١، ١٩٧١، کۆنڤانسیۆنی هاوپێچو تەواوکەری ١٩٧٢، کۆنڤانسیۆنی ١٩٨٢، کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە کێشەی مادە هۆشبەرەکان لە ساڵی ١٩٩٨و دەیان کۆنگرەی کۆمیسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو کۆنگرەی هاوبەشی وڵاتان، گرینگیی قاچاخو ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکانیو دیاردەی ئێعتیادو گیرۆدە بوون لە کۆمەڵگەی مرۆیی‌مان پتر بۆ دەردەخەن.

هۆکاریی تەقینەوەی مادە هۆشبەرەکانو قووڵبوونەوی ئەو قەیرانە جیهانیە؟

گرینگترین هۆکاری داماویی کۆمەڵگەی مرۆیی لەهەمبەر پەرەسەندنی دیاردەی مادە هۆشبەرەکان قازانجی خەیاڵیی ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکان بۆ مافیاو تۆڕەکانی بازرگانی پێوەکردنی مادە هۆشبەرەکانە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا ڕایگەیاند کە سەرمایەیەکی ١٦ تریلیۆن دولاری جۆرێ لە پیشەیەکی نایاسایی لە جیهاندا وەڕێ خستوە کە دوای بازاری نەوتو بازرگانیی چەکو چۆڵ لە ئاستی نێودەڵەتی‌دا پڕ قازانجترین بازرگانیی جیهانی‌یە. ئەو سەرمایە ١٦ تریلیۆن دولاری‌یە ئەو کاتە مەترسی‌یەکانی دەردەکەوێ کە بە یارمەتیو پشتیوانی زۆر لە دەزگا زانیاری‌یە دەوڵەتی‌یەکان دەستی مافیاکانی بازرگانیو بڵاوکردنەوی مادە هۆشبەرەکانی بۆ پەرەپێدانو هەرچی زیاتر بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە ئاوەڵا دەکا. هەڵمەتی ١٠ ساڵەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(١٩٩٨ ـ ٢٠٠٨) بۆ دابەزاندنی تا نزمترین ئاستی ئەو قەیرانەش وێناچێ لە کردەوەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆی تەنانەت لە کۆنترۆڵ کردنی قەیرانەکەشدا بووبێ، چونکی بە پێی لێدوانی کوفی عەنان، سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٤دا ٤٠٠ میلیۆن موعتاد ئاماریان گیراوە، بەڵام ئە ڕێژەیە لە ٦ مانگی یەکەمی ٢٠٠٨دا بۆ ٤٨٠ میلیۆن کەس بەرز بۆتەوە کە ئەوە نیشاندەری سەرنەکەوتنی ئیرادەی جیهانی بۆ ئەم بەربەرەکانیو خەباتە جیهانیەیە کە بانگەشەی بۆ دەکا.

ئالێرە دایە پرسیارێک دێتە گۆڕێ: کە لەڕاستی‌دا ئەوە چ ئاستەنگو لەمپەرێکە خەباتو هەوڵە جیهانیەکان دژی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکانی ناکام هێشتۆتەوە؟ تۆ بڵێی هەڵتەکاندنو نەهێشتنی چاندنی خەشخاش لە وڵاتی ئەفغانستان کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پتر لە ٨٨ لەسەدی خەشخاشی دنیای لێ بەرهەم دەهێندرێ، زیاتر لە خەرجو تێچووی شەڕی نێودەوڵەتی، شەڕی دژی تیرۆرو پێشبڕکێی چەکو چۆڵو خۆ پڕچەک کردنی دەوڵەتانی تێ دەچێ؟

چ نهێنی‌یەک لە ساتوسەوداو بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان دایە کە کاتێک کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانستاندا بە دەسەڵات دەگەن، چاندنی خەشخاش بەرز دەبێتەوە، کاتێک یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو ئەو وڵاتە داگیر دەکا، چاندنی خەشخاش نەک ڕاناگیرێ، زیاتریش پەرەدەستێنێ، موجاهیدەکان دێنە سەر کار، بەرهەم هێنانی خەشخاش هەر لە هەڵکشاندا

**لە راستیدا ئەوە چ ئاستەنگو لەمپەرێکە خەباتو هەوڵە جیهانیەکان دژی پەرەسەندنی مادە هۆشبەرەکانی ناکام هێشتۆتەوە؟ تۆ بڵێی هەڵتەکاندنو نەهێشتنی چاندنی خەشخاش لە وڵاتی ئەفغانستان کە بەپێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پتر لە ٨٨ لەسەدی خەشخاشی دنیای لێ بەرهەم دەهێندرێ، زیاتر لە خەرجو تێچووی شەڕی نێودەوڵەتی، شەڕی دژی تیرۆرو پێشبڕکێی چەکو چۆڵو خۆ پڕچەک کردنی دەوڵەتانی تێ دەچێ؟**

● ●

دەبێو تاڵیبان دێتە سەرکارو دەسەڵاتی ئەو وڵاتە پاوان دەکا، بەڵام پەرە بە چاندنی خەشخاشو بەرهەم هێنانی تریاک دەدرێو دوای هێرشی هێزەکانی هاوپەیمانو فرەنەتەوەش بۆ سەر ئەلقاعیدەو تاڵیبان لە ئەفغانستانو دامەزراندنی کۆماریی نوێو هاتنەسەرکاری حامید کەرزای لیبراڵو دیمۆکراتیش بەرهەم هێنانی مادە هۆشبەرەکان نەک ناوەستێ، نەک راناگیرێو کەم نابێتەوە، بەڵکوو بە بەرزترین ئاستی خۆشی دەگا؟

ئێران دوورودرێژترین سنووری لەگەڵ ئەفغانستان وەک گەورەترین کانگەی بەرهەم هێنانی مادە هۆشبەرەکان هەیە. ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە کە مافیاکانی ترانزیتو بڵاوکەرەوەی مادە هۆشبەرەکان بیانەوێ بازاڕێکی پڕپیتو بەرەکەت لە ئێراندا دروست بکەنو سیستمی سیاسیی وڵاتیش کە زراوی لە بیری پرسیارکەر و قەیران خولقێن بۆ دەسەڵات چووە، بیەوێ لەو دیاردەیە وەک چەکێک بۆ مت کردنو راگرتنی کۆمەڵگا کەڵک وەرگرێ. بە تایبەت ئەزموونەکانو کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بڵاوکردنەوەی سیستماتیکی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان راستیی ئەو ئیدیعایەمان پتر بۆ دەردەخەن.

ئەگەر لە وڵاتانی دیکە دیاردەی مادە هۆشبەرەکان، دەیاردەیەکی ئابوورییە و مافیاکانو بازرگانان لە پشتەوەین، بەڵام لە کوردستان ئەم دیاردەیە هەم ئابوورییە، هەم سیاسیو هەمیش کۆمەڵایەتی.

ئەگەر لە وڵاتانی دیکە ئەم دیاردەیە بەربەرکانی لەگەڵ دەکرێو کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵام لە کوردستان وەک بەشێک لە ئێران ئەم دیاردەیە لە لایەن حکوومەتەوە نەک بەربەرەکانیی لەگەڵ ناکرێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستماتیک پەرەی پێ دەدەرێ، رێی بۆ خۆش دەکرێو وەک چەکێک لە دژی ئیرادەی نەتەوەیی ئەم خەڵکە بەکار دەهێندرێ.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لەو مژارە پێویستە سەر پێیی زیانەکانی مادە هۆشبەرەکان لەسەر کۆمەڵگە خەسارناسیو پۆلێنبەندی بکەین، کە لە سێ تەوەردا جێ دەگرن:

**ئەلف: تەوەری ئابووری:**

ئیعتیاد لە هەموو کۆمەڵگەکاندا پەرە بە دیاردەی بێکاریی دەدا. رێژەی بێکاریش پێوەندیی راستەوخۆی بە وەبەرهێنانو گەشەی ئابووری کۆمەڵگەوە هەیە. کۆمەڵگە چەندی موعتاد هەبێ، ئەوەندەش لە هێزی کارو وەبەرهێنان بێبەشە. زیانەکانی ئەو بێ کاریو کاریگەریەکەی لەسەر ئابووری کۆمەڵگە ئەو کاتە پتر دەبێو پتر دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی لاوی وڵات تووشی ئەو قەیرانە بن. هۆکاری ئەمەش روونە کە ئەگەرچی لاوان هێزی بە هێزی هەموو چالاکیو گوڕ و تین و وەبەرهێنانو پێشکەوتنێکن، بەڵام قوربانیانی سەرەکیی دیاردە کۆمەڵایەتیکانیشنو لە ریزی پێشەوەی ئەو خەسارو زیانانەن کە بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرن. ئەوەش لە جێی خۆی کە سەرمایەیەکی ماددیی زۆری کۆمەڵگە بەجێی تەرخان کرانی

**هەژاری لە دوو لاوە کاریگەریی گرینگیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک هەیە. لە لایەک ژیانی بنەماڵەکان هەڵ دەتەکێنێ، سەرمایەی کولتووریو پەروەردەیی کۆمەڵگە دادەبەزێنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی هەژار تووشی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتی، دەروونی دەکاو لە لایەکی دیکەشەوە نایەکسانیی وەبەرهێنانو بەکارهێنانی لێ دەکەوێتەوە**

● ●

بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، پرۆژەکانی وەبەرهێنانو ئاوەدان کردنەوە سەرفی ساتوسەوداو بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان دەکرێو ئەو سەرمایە ماددییە زۆرو زەوەندە بە جێی قازانج گەیاندن بە کۆمەڵگە، بە زیانی کۆمەڵگە وەگەڕ دەخرێو، کۆمەڵگە تووشی کێشە و قەیرانی مەترسیدار دەکا.

روویەکی دیکەی پێوەندیی نێوان ئیعتیادو بێکاریی، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگە دایە. لەو نێوەشدا بێ لە بەرچاو گرتنی جۆرەکانی هەژاریو بەستێنەکانی دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە هەژاری لە دوو لاوە کاریگەریی گرینگیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک هەیە. لە لایەک ژیانی بنەماڵەکان هەڵ دەتەکێنێ، سەرمایەی کولتووریو پەروەردەیی کۆمەڵگە دادەبەزێنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی هەژار تووشی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتی، دەروونی دەکاو لە لایەکی دیکەشەوە نایەکسانیی وەبەرهێنانو بەکارهێنانی لێ

دەکەوێتەوە. بەو مانایەی کە بەشێکی هەرە زۆری داهات بۆ ڕێژەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگە دەبێ‌و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەش لەگەڵ گرفتەکانی دەست پێڕاگەیشتن بە پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ژیان بەرەوڕوو دەبن.

**ب: تەوەری کۆمەڵایەتی:**

ئێعتیاد خۆی وەک لادانێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی نەرێنیی لەسەر زۆر کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە هەیە. بۆ وێنە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ڕێژەی تاوان‌و تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. توندوتیژی، دزی، لەش فرۆشی‌و چوونە سەرێی ڕێژەی تەڵاق‌و کەم بوونەوی زەواج‌و هاوسەرگیریی بەشێک لە کاردانەوەی ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکانن. بۆ وێنە ئەگەر لە بنەماڵەیەکدا باوک موعتاد بێ، ئەوا بەر لە هەموو شتێک ژنی ماڵ مێردێکی بەرپرسیارو منداڵەکان باوکێکی دەروەستیان لە دەست داوە. باوکی موعتاد دەتوانێ هۆی هاندان‌و سەرچەشن بۆ بنەماڵەکەی بۆ لای ئێعتیاد بێ. بە تایبەت کە ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە تاکی موعتاد بۆ خۆ دەرباز کردن لە لۆمەو تیرو توانجی دەوروبەری هەوڵی بە موعتادکردنی هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەری خۆی دەدا. هەر لەو بنەماڵەیەی باسمان کرد ئێعتیاد دەبێتە هۆی پێڕانەگەیشتن‌و پەروەردەیەکی ناساڵم‌و ناتەندروست. منداڵانی ئەو جۆرە بنەماڵەیە زۆربەیان واز لە خوێندن دێنن‌و بەرەو لادانە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەچن.

هەژاری، دەسکورتی، پەنا بۆ دزی بردن‌و تەنانەت لەش فرۆشی‌و کەوتنە زیندان دەتوانێ کاردانەوەی ئێعتیاد لەسەر ئەو بنەماڵانە بێ کە گەورەی ماڵ یان ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەیان تووشی ئێعتیاد بووە. هەروەها ئێعتیاد ڕێژەی خۆکوژی، خەمۆکی‌و نەخۆشی‌گەلێکی مەترسیداری وەک ئایدز لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. بێ‌متمانەیی، بێ‌هیوایی‌و کاڵ بوونەوەی بەها کۆمەڵایەتی‌یەکان بەشێکی دیکەی ئاکامەکانی پەرەسەندنی ئێعتیاد لە کۆمەڵگە دان.

**ج: تەوەری سیاسی:**

سەرەکی‌ترین کارتێکەریی مادە

**ئێعتیاد مەرگێکی سەخیفانە، سوکو چرووکو بێ بایەخە کە دوژمنانمان لاوانمانی پێ تووش دەکەن. ئێعتیاد ئیرادەی لاوانمان بۆ بەرخودان، داهێنان، بنیاتنان، نۆژەن‌کردنەوەو وشیار بوون دەکوژێ‌و دەستەوەستان و داماویان دەکا**

● ●

هۆشبەرەکان لەسەر تاکی بەکارهێنەر لاواز کردن‌و کوشتنی ئیرادەو هەستی بەرەنگاریی ئەوە. لە لای کەسێکی موعتاد گرینگتر لە هەموو کەس‌و، گرینگتر لە هەموو شتێک وەدەست هێنانی مادەی هۆشبەرو دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی ڕۆژانەیەتی.

هیچ کام لە بەها کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک سۆزو خۆشەویستی، ناموس، ئەخلاق، دەرەوست بوون، هەستیار بوون، بەرپرساریێتی‌و ئینتیمای سیاسی لە تاکی موعتاد مانای نامێنێ‌و تەنانەت تاکی موعتاد لە کاتی پێویستیی بە مادەی هۆشبەرو دەست نەکەوتنی‌دا ئامادەیە دەست بۆ هەموو تاوانێک‌و جینایەتێک‌و کردەوەیەک ببا. مادەی هۆشبەر ئازایەتیی، هەستی بەرخودان، ویستی تۆڵە، بیرکردنەوەو نیشتمان‌پەروەری لە تاکی موعتادو تووش‌بوودا دەکوژێ‌و سەر بەرەوژێرو ترسەنۆک و داماوی دەکا. ئێعتیاد مەرگێکی سەخیفانە، سوکو چرووکو بێ بایەخە کە دوژمنانمان لاوانمانی پێ تووش دەکەن. ئێعتیاد ئیرادەی لاوانمان بۆ بەرخودان، داهێنان، بنیاتنان، نۆژەن‌کردنەوەو وشیار بوون دەکوژێ‌و دەستەوەستان و داماویان دەکا.

بە پێی ئەو لێکدانەوەیە و سەرنجدان بە کاریگەریی ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان لەسەر لەشی مرۆڤ، دەروونی مرۆڤ، تەندروستی کۆمەڵگەو کۆی هەموو ئەو زیان‌و خەسارانەی کۆمەڵگە لە سۆنگەی مادە هۆشبەرەکانەوە تووشی دەبێ، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دوژمنان‌و نەیارانی نەتەوەکەمان زۆر باش دەتوانن مادە هۆشبەرەکان وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی نەتەوەکەمان، دەسکەوتە سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانمان بەکار بێنن. بۆ دوژمنانی نەتەوەی کورد یەک شت زۆر گرینگە، لەنێوبردنی میللەتی کورد، لەبەر یەک هەڵتەکاندنی ئیرادەو ویستی میللەتی کورد، ئەوە ئامانجی سەرەکیی دوژمنانی ئێمەیەو لای ئەوان گەیشتن بەو ئامانجە گرینگە، نەک ڕێگەو شێوازو کەرەستەو ئامرازەکانی.

لەو نێوەدا وشیاریی گشتی خەڵک سەبارەت بە پیلانی دوژمنانمان‌و ئەو ڕێ‌وشوێنانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەی‌گرنەبەر، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە سەرکەوتنیان‌و بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانیاندا.

بەو پێیە ئەرکی خەبات دژی مادە هۆشبەرەکان‌و نەهێشتنی ئێعتیاد لە کۆمەڵگە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، ڕێکخراوەکان، حیزبەکان‌و لایەنە کولتووری‌و رووناکبیریەکان دەگرێتەوە، ئەشێ هەموو ئەو لایەنانە ئەو مەترسی‌یە و ئەو ئەرکە لەسەر شانی خۆیان هەست پێ بکەن.

***

# هێنانە بەرباس‌و وروووژاندنی کۆمەڵێک پرسیار لەسەر شوناس‌و پرسی نەتەوەیی لە دیمانە لەگەڵ کاک کاوە ئاهەنگەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان



سازدانی وتووێژ: سەید جەماڵ ساڵحی

**پرسیار: پێناسەیەکی گشتی لەسەر شوناسی نەتەوەیی بۆ کورد کە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نیە، چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**وەڵام:** شوناسی نەتەوەیی لە دوو چەمکی شوناس‌و نەتەوە پێک هاتووە، کە هەر کامیان بە جیا مانای خۆیان هەیە و نەک تەنیا ئەم دەستەواژەیە، بەڵکوو بە گشتی لە زانستی ئینسانی‌دا نسبیەت زۆر زیاتر خۆی دەنوێنێ هەتا زانستی تەجرووبی، دیارە بە گشتی‌و بە تایبەتی لە زانستی کۆمەڵایەتی‌دا بۆ وەها چەمکگەلێک زۆر پێناسەو لێکدانەوە کراوە، بەڵام بە گشتی دەتوانین ئاماژە بە هەندێک خاڵ وەک ماکە و جەوهەرە گشتی‌یەکانی ئەم چەمکە بکەین بۆ باشتر پێشقەچوون لە باسەکەدا. ئەو فاکتو بیچمانەی کە شوناسی نەتەوەیی پێناسە دەکەن لەڕاستی‌دا سنوورێک دروست دەکەن لە نێوان شوناسەکان، بە زمانێکی دیکە جیایی‌و جیاوازی دەردەخەن، بۆیە دەبێ هاوبەشی‌و هاوپێوەندی نێوان کۆمەڵێک خەڵک دەربخەن، بە واتایەکی دیکە دەبنە هۆکاری هاوبەشی‌و وەک یەکچوون لە نێوان کۆمەڵێک خەڵکدا، وەک زمان، مۆسیقا، مێژوو، داب‌و نەریت، هاوپێوەندی خوێنی، هەست‌و باوەڕی هاوبەش، سیمبۆل‌و ...، کە بە درێژایی زەمان وای لێ‌دێ دەبنە هۆی پێناسە و دەرخەری تایبەتمەندی‌یەکانی فلانە نەتەوە. بۆیە شوناسی نەتەوەیی پێوەندی جەوهەری بە هەبوون یان نەبوونی دەوڵەتەوە نیە، مادام باس لە نەتەوەش دەکەین نەک دەوڵەت-نەتەوە(Nation State)، بۆیە پێم وایە کە کورد خاوەنی کیانێکی سەربەخۆو تایبەت بەخۆی هەیەو وەکی ئاماژەم پێ‌کرد کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، بە شوناسی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی کە بوونی کوردی مسۆگەر کردوە.

**پرسیار: لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم‌و هاتنە ئارای ناسیۆنالیزمی کوردی لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، ناسیۆنالیزمی کوردی هەر لەو کاتەوە تا ئێستا لە فۆرمێکی بەرگری‌کارانە و پەرچەکردارانەدا جووڵاوەتەوە، ئەو چەشنە ناسیۆنالیزمە چ کاریگەری‌یەکی لەسەر شکڵ گرتنی شوناسی نەتەوەیی دادەنێ؟**

**وەڵام:** لە نێوان ناسیۆنالیزم‌و کرداری بەرگری کردن کەمێک باس هەن کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین، ئەگەر ناسیۆنالیزم رەوتێکی فکری سیاسی هەدەفمەندە کە بە پێی ستراتژی‌و پلانێکی تایبەتەوە لە دایک دەبێ‌و هەڵدەدات‌و پەرە دەستێنێ، ئەگەر وەک شەپۆلێک لە ناو کۆمەڵێک مرۆڤی هاوچارەنووس‌و نزیک بە یەک رۆڵی رێکخەرو پێکخەر دەگێڕێ، ئەگەر وەک جەوهەرێک دەرژێتە ناو هەزری گشتی‌و لەسەر لایەن‌و بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و کولتووری شوێن دادەنێت. ئەوە پێم وایە کە هێشتا ناسیۆنالیزمی کوردی بە تەواوی شکڵی نەگرتووەو ئەو فۆرمی بەرگری‌یەش تەنیا بەشێکی بچووکی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێ. بە گشتی من ناسیۆنالیزمی کورد وەک رەوتێکی فکری کە پێکهێنەری شوناس یان رەوایەت لە شوناسێکی وا سەربەخۆ بکاو بەرگریشی لێ بکات نابینم، بەڵام بەرگری کردن بۆ شوناس هەبووە، کەم‌و زۆر، بەڵام ئەوەش نەگەیشتۆتە حاڵەتی گشتگیرو سەرانسەری، کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە رۆڵی حیزب‌و رێکخراوەکانی کوردستانی لە چەند دەیەی رابردوودا بکەین. ئەم رێکخراوانەش بەشێکی زۆرو بەرچاویان پاشخانێکی چەپیان - واتە ئیدئۆلۆژییەکی ناکوردی- هەبووەو ئەمەش توانیوێتی لە بەرین‌و گشتگیرنەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی‌دا شوێندانەر بێ.

بەڵام دیسان بە گشتی پێم وایە کە بەرگری‌کردن توانیوێتی بە هەموو کەم‌وکووڕی‌یەکانیەوە لە درێژخایەن‌دا وێنایەک لە شوناسی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی‌و هۆکارێک بۆ ناساندنی کورد لە لای غەیرە کوردەکان بووبێت.

**پرسیار: ژمارەیەکی زۆر لە کوردان لە تاراوگە و دیاسپۆرا دەژین، ناسیۆنالیزمی کورد چەندە توانیویەتی لە تاراوگەدا ئەو شوناسی نەتەوەیی‌یە لەنێو کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەدا بپارێزێ‌و پەرە پێ بدا؟**

**وەڵام:** بە گشتی بە دوورکەوتنەوەی کورد لە کوردستان هەست‌و سۆز بە نیسبەت نیشتمان زێدەتر دەبێ‌و هاندەرێکە بۆ «تەمرکز»ی هەرچی زیاتر لەسەر شوناس‌و «هویت»ی خۆی، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا زۆرترو زووتر بە خۆی‌دا دەچێتەوەو خوازیاری دیتنەوەی خۆی لە ناو هەموو ئەوانەیە کە تێ‌دەگات وەک خۆی ناچن. کە چاو لە گوتاری کولتووری‌و سیاسی کوردانی تاراوگە دەکەین، دەبینین رادیکاڵترەو زیاتر رەنگ‌و بۆنی شوناس‌خوازی پێوە دیارە. بۆیە لە تاراوگە کە چاو لە بێگانە و خەڵکی بە رەچەڵەک نامۆی

وڵاتێکی ئوروپایی دەکەین، دەبینین هاوپێوەندیو «هەمگرایی» لەسەر ئەساسی خوێنو زمانو دینو ... ئەوانە زیاترە بۆوێنە کۆمەڵگەی کوردان، کۆمەڵگای تورکەکان یان جوولەکەکان پێک دێو لە دەوری یەکتر کۆدەبنە. بۆیە پێم وایە دوورکەوتنەوە بە گشتی گەڕانەوەو پێداچوونەوە بە شوناسی لەگەڵە، بەڵام ئەوەی کە ناسیۆنالیزمێک لە پێشدا هەبێو لە تاراوگە شوناس‌خوازی کوردی تاراوگەنشین هان بدات، پێم وانیە بە تەواوی دروست بێ، بەڵام بە گشتی دەتوانم بڵێم کە شوناس‌خوازی لە تاروگە بەرەو گوتارێکی ناسیۆنالیستی دەڕواتو خەریکی پەرە ئەستاندنە.

**پرسیار: پێناسەکان لەسەر شوناسی نەتەوەیی کە هاوکات شوناسێکی گشتیەو میلیۆنان خەڵک لەخۆ دەگرێ، لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان چۆنە، بۆوێنە لە باکوور لەسەر بنەمای زمان پێناسە دەکرێ، بەڵام لە ڕۆژهەڵات ڕەنگە جیاوازی هەبێ؟**

**وەڵام:** بە گشتی دوو جۆرمان ناسیۆنالیزم هەیە کە یەکیان لەسەر ئەساسی رەگەزو مێژوو و رەسەنایەتی‌یە و ئەویتریان نوێیە و بە دوای هاتنەئارای شەپۆلی مۆدێرنیتە لە بەشێکو دواتر زۆربەی جیهانی گرتەوە. بەڵام لە هەردووک حاڵەتدا تەئکید لەسەر هەندێک جیاوازی نێوان «خۆ»(Self) و «غەیری خۆ» دەکرێتەوە. سەبارەت بە پرسیارەکەت ئەگەر بوونی شوناس خوازی لە باکووری کوردستان شرۆڤە بکەین، بە باوەڕی من شۆڕشەکانی پێشینی کورد بە ڕێبەرایەتی شێخ سەعیدی پیرانو سەید رەزای درسیمو شۆڕشی خۆیبوونیش دەچنە خانەی شوناس‌خوازی‌یەوە، جا رەنگە ئەو بزووتنەوانە تێکەڵ بە گوتاری غەیرە نەتەوەییش بووبن، بەڵام دیسان لە نەهایەتدا وەک شۆڕشی کوردو بۆ کورد پێناسە دەکرێن. نوێترینو درێژخایەن‌ترین شۆڕش، حەرەکەتێکە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ژێر ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر ئەساسێکی مارکسیست/ لێنینیستی دایمەزراندو ئێستاکەش درێژەی هەیە. هەروەها کۆمەڵگای مەدەنیو خەباتی پارلمانیش بەردەوامە کە پێم وایە دروست ئەوەیە زیاتر بۆ وڵامی پرسیارەکەتان کەڵکی لێوەربگرین، بەو مانایە کە کۆمەڵگای مەدەنیو سیاسی کورد لە ناوخۆی تورکیە زیاتر لەسەر زمان پێ دادەگرێ.

بە نیسبەت ڕۆژهەڵات من لەسەر ئەو باوەڕە نین کە بزووتنەوەی شوناس‌خوازی کورد بە زمان پێناسە بکرێ، بەڵکوو زیاتر سیاسی‌یە و دەچێتە خانەی «دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووس» کە لە ڕێگای دابەش کردنی دەستەڵاتو فۆرمی ئەو دابەش‌کردنە، نوێنەرایەتی شوناس‌خوازی نەتەوەی کورد لە لای غەیرە کورد دەکات.

**پرسیار: جەخت کردنەوە لەسەر شوناسی نەتەوەیی، پاراستنو پەرەپێدانی ئەو شوناسە لە سەردەمێکدا کە سەردەمی بەجیهانی‌بوونو کەمڕەنگ بوونەوەی سنوورەکانو شکڵ گرتنی شوناسێکی گشتی جیهانی‌یە بۆ هاووڵاتی بوونی ئەو سەردەمە، هەڵقوڵاوی چ زەروورەتێکە؟**

**وەڵام:** ئیزنم بدە با بەو تێبینی‌یەوە دەست پێبکەم کە بە جیهانی‌بوون سیاسەتو تەرحی سڕینەوەی هیچ نەتەوەو سنوورێکی سیاسی نیە. بەڵکوو تەرحی هاسانکاری بۆ پێوەندیو تێکەڵاوی زیاترە. بۆ وێنە یەکێتی ئورووپا لەبەرچاو بگرین، هەتا ئێستاکە ٢٧ وڵات ئەندامی ئەم یەکیەتی‌یەن، دەتوانی بێ کێشەو بەبێ هەست بە گرفتی سنوور هاتوچۆ بکەی، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئیتر فەڕانسە دەبێتە ئاڵمان یان بلژیک دەخرێتە سەر هولەند. بەپێچەوانەوەی فکری باو، بەجیهانی‌بوون لە دوو رەهەندا حەرەکەت دەکات، یەکەمیان پێکهێنانی هاسانکاری بۆ نەتەوەو دەوڵەتان بۆ پێوەندیو راگواستنو ئاڵوویری هەمە لایەنە لەگەڵ یەکتر، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم تەعامولە تێکنۆلۆژیکو کولتووری‌یە دەرفەتێکی باشی بۆ کەمە نەتەوەو کۆمەڵگای بێ‌بەشو ستەم لێکراو پێکهێناوە کە بەخۆیاندا بچنەوەو لە بەرهەمو داهێنانەکانی بەجیهانی‌بوون بۆ وەگەڕخستنەوەو هێنانەی ئارای «بوون»(موجودیت)ی خۆیان کەڵک وەرگرن. دیارە لە سەد ساڵی رابردوودا زۆر زمان لە ناوچوون یان گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر هەندێک کولتووردا هاتوون، بەڵام بە گشتی من بە جیهانی‌بوون بە دەرفەتێک بۆ کورد دەزانم نەک مەترسی، سەبارەت بە گشتگیری لە هەندێک لایەنەوە، وایە دەتوانین ئاماژە بە تێگەیشتن و پەسندی گشتی هەندێک مافو یاسا بکەین کە لە ئاستی جیهانیدا دەبێ رەچاو بکرێنو لەوانەیە ئەم



خۆ تەتبیقدانە لەگەڵ یاساو ڕێسای نێونەتەوەیی کردارو هەڵسوکەوتی هاوسانیشی لێبکەوێتەوە، بەڵام پێم وانیە کە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئیتر لە جیهاندا یەک کولتوور و یەک زمانو دابو نەریتمان هەبێ یان یەک وڵات، بە پێچەوانەوە ئێستاکە داموو دەزگاو موئەسەساتی جۆراوجۆر لە دنیادا بۆ پاراستنی ئەو جۆراوجۆرییە پێک هاتوونو ژمارەی وڵاتان هەر ساڵە و ڕوو لە زیادبوونداو هەندێک کەس باس لە زیادبوونی دەوڵەتو وڵاتان لە سەدەی بیستو یەکدا دەکەن کە بێگومان هەموو ئەم دەوڵە نوێیانە، پارێزەی شوناسی خۆیان دەبن. بە کورتی پێم وایە کە سنوورەکان دەمێنن، دەوڵەتان زیاد دەبن، شوناسخوازی پەرە دەستێنێ، بەڵام هاسانکاری بۆ پێوەندیو تێکەڵاویش زیاتر دەبێ.

**پرسیار: بەردەوام یەکێک لەو شتانەی کە لە لایەن حکوومەتە مەرکەزییەکان یان نەتەوەی باڵا دەست بۆ چارەسەری پرسی کورد بەکار دێ، باس کردن لە مافی هاووڵاتیبوونو قەتیس کردنەوەی داخوازییەکانی کورد لەو چوارچێوەیە دایە: ئەلف) بۆچی ئەوان بەو شێوەیە دەڕواننە ئەو پرسە؟ ب) ئەو فۆڕموڵە چەندە دەتوانێ دەربڕی ئەو شوناسە نەتەوەییە بێ؟**

وەڵام: بە باوەڕی من حکوومەتی مەرکەزی لە ئێراندا بێجگە لە ئەو کاتانەی کە یان بە دەست کوردەوە بووە وەک کاتی مادەکانو زەندییەکان یان ئەو کاتانەی کە کورد دەستی باڵای هەبووە لە دەستەڵاتدا وەک کاتی ئەمیرکەبیر کرمانشانی، هەمیشە بە چاوی ئەمنیەتیو نادیمۆکراتیک چاوی لە کوردستانو بەشەکانی غەرە فارسو شیعە کردوە. بۆیە ئەگەر بەو شێوەیە نەڕوانێتە کوردستان دەبێ مل بۆ هاوبەشی و «شراکت» کەچ بکاو تەبعەن ناشی هەوێ لە هەمووی بەشەکان چەند بەشێک لە دەست بدا. بەڵام ئیتر ئێستا ئەم شێوە ڕوانینە سواوەتەوەو وڵامدەر نیەو نەتەوەکانی غەیرە فارسی نێو ئێرانو کورد بە تایبەتی بە دوای شۆڕشێکی چەند ساڵە و بەرخۆدانێکی دوورودرێژو ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو ناوچە، مانەوەو پێداگری لەسەر هەمان فۆڕمو شێواز، خەساری زۆر گەورەی بۆ ناوەندگەرایان بە دواوە دەبێ، بۆیە هەموو لایەک دەبێ بیر لە فۆرموولێکی نوێی پێکەوە ژیان بکەنەوە.

سەبارەت بە چۆنێتی دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی مافی شارۆمەندیو هاووڵاتیبوونو دیمۆکراسیو ئەو چەمکانەدا، لەگەڵ ئەوەی کە کورد داوای ماف دەکات و چارەسەری کێشەکەی لە چوارچێوەی دیمۆکراسیو ماف دایە، بەڵام جۆر و فۆڕمی دیمۆکراسیو ماف لێرەدا گرینگە، دیارە مافی شارۆمەندی نەک بۆ تاکێکی کورد لە ئێراندا بەڵکوو بۆ تاکی کورد لە کوردستانی داهاتووشدا گرینگەو نابێ پشت گوێ بخرێ، بەڵام کێشەی کورد لە ئاستی ئێراندا کێشەی شوناسو نەتەوەییە. بەواتایەکی دیکە ئەحزابی کوردستانی لەسەریانە لە دوو ڕەهەندو لایەنی سەراسەریو کوردستانی بڕوانن مافو دیمۆکراسی بۆ کوردو کوردستان.

**پرسیار: مارتین لیپست تێزێکی هەیە بە ناوی «یەکەم نەتەوەی نوێ» کە مەبەستی نەتەوەی ئەمریکایە، لە حاڵێکدا دەبینین کە پێش کۆچی ئورووپاییەکان بۆ ئەو سەرزەمینە هیچ باگراوندێک بۆ پێناسەکردنی ئەو شوناسی نەتەوەییە بوونی نیە، یانی توخمو پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەیی تا ئەو ئاستە بەهێز نیە، بەڵام نەتەوەیەکی نوێ بە ناوی نەتەوەی ئامریکایی لەوێدا دادەمەزرێ، لە کاتێکدا کورد لە دۆخێکی تەواو پێچەوانەدا کە باگراوندی مەزهەبی، جوغرافیایی، مێژوویی و سیاسیو ...، نەی توانیوە بگاتە ئاستی دەوڵەتی نەتەوەیی، هۆکارەکانی چینو پێت وانیە کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێویستی بە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پێناسەی کلاسیکی شوناسی نەتەوەیی هەیە؟**

وەڵام: یەکەم ئەوەی کە ئێستاکە زۆر بە کەمی باس لە بوونی نەتەوەی ئامریکا دەکرێ، ئەگەر سرنج بدەینە وتاری سەرکۆمارەکانی ئەمریکا زۆرتر لە دەستەواژەی «خەڵک یان خەڵکانی ئەمریکا»(American People) کەڵک وەردەگرن، ئامریکا ئێستاکە مەنجەڵێکی تێکەڵاوە(Melting Pot) و پێکهاتەیەکی زۆر جۆراوجۆری هەیە، لە لایەکی دیکەوە کاتی پێکهاتنی ئامریکا کە لە پێشدا چەند وڵاتی سەربەخۆ دەبنو دواتر کۆنفدراڵ پێک دێنو دواتر دەبنە وڵاتێکی فیدراڵ، لەگەڵ کوردستان وەک بۆخۆت ئاماژەت پێکرد زۆر لێک جیاوازن. بەڵام لەگەڵ ئەو بیرۆکە و شێوە ڕوانینە نیم کە دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی خەتا و هۆکارەکەی تەنیا دەخاتە ئەستۆی غەیرە کورد، پێم وایە کە ئەم شێوە ڕوانینە کە بیرمەندی ئێرانی «داریووش ئاشووری» بە سانتیمان واتە خەتای شکست بخەیتە سەر غەیری خۆت، ناوی دەبات، تەواو لە جێی خۆیدا نیە. ئەگەر زوڵمان لێکراوە، دەبێ بشلێین کە مەزڵووم بوونی خۆمان قەبووڵ کردوە، ئەگەر کوژراوین بە دەست بێگانەوە دەبێ قەبووڵی بکەین کە لەگەڵ یەک تەبا و یەکگرتوو نەبووین، ئەگەر خاکمان داگیر کراوە دەبێ قەبووڵی بکەین بۆمان چۆڵ کردوون، ناکرێ پرسی کورد لە کۆنەوە بێنینە بەرباسو هەموو خەتاکەی بخەینە لای نەیارانی کورد، لەبیرمان نەچێ کە نزیک ٦٠ ساڵ لەوە پێش زیاتر لە ٥٠ میلیۆن مرۆڤ لە شەڕی وڵاتانی پێشکەوتە لەگەڵ یەکتر کوژراوە، هێزی شەڕخوازو زاڵمو داگیرکەرو کەشو هەوای شەڕو تەجاوز بۆ دەبێ ببێتە مایەی دابین بوونی مافی نەتەوەی کورد. دەمەوێ بڵێم کە پێویستیمان بە واقعبینییە، بە پێداچوونەوەیە بەڵام نەک بۆ ڕەد کردنەوەو شکاندنی ڕابردوو و بێبەها کردنی پێشینیانمان. زۆر نەتەوە لە سایەی هەندێک موعادلاتی جیهانیدا بوون بە دەوڵەت، بە بێ هیچ خوێن ڕژتنو خەباتێکی دوورو درێژ، هەندێکیش بە پێچەوانە تێک شکان وەک عوسمانیەکان- یان لە ناوچوون. بۆیە دەمەوێ تەئکید بکەمەوە کە پێداچوونەوەمان بە ڕابردوومان‌دا نابێ ڕووخێنەر بێو وامان لێ بێ ڕابردوومان بێبەها بکەین، زۆر وڵاتان هەن کە ئێستاکەش لە ژیانێکی کلاسیک دان، بەڵام دەوڵەتو نەتەوەی بە ڕەسمی ناسراون لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر فاکتۆری دەرەکی دەستیان لە بە دەوڵەت نەبوونی کورددا هەبووە، بەڵام تەنیا فاکتۆری بە دەوڵەت نەبوونی کورد نەبوونو نین. بۆ بە دەوڵەت بوونی کورد کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژیت زۆر لایەنو فاکتۆر







دەبێ لەبەرچاو بگرین کە دەتوانین بە زلهێزەکانی جیهان، وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان، موعادلاتی ئابووری ناوچە و جیهانو لە سەرووی هەمووانەوەش کورد ئاماژە بکەین. هەربۆیەش کورد پێویستی بە بەخۆداچوونەوە و پێکهێنانی گوتارێکی نوێو سەردەمیانە بۆ بوونو حزوورو گێرانی رۆڵی ئاکتیف لە ئاستی کوردستان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهاندا هەیە.

**پرسیار: لە پێناسە ئاڵمانییەکەی ناسیۆنالیزمدا زمان دەوری سەرەکی هەیە، لەنێو کورددا زمان چەندە توانیویەتی ناسێنەری شوناسی نەتەوەیی کورد بێو چەندە کاریگەر بووە؟ یان بە واتایەکیتر زمان پێناسەو ناسنامەی گەلانەو دەربڕی ئاستی بەرەوپێشەوەچوونو شێوازی جیهانبینی مرۆڤەکان نیشان دەدا، ڕای بەڕێزتان لەم بارەوە چیە؟**

**وەڵام:** زمان جەوهەر و توخمی شوناسی نەتەوەیی کوردە، زۆر گرینگە و کۆڵەکەی بوونی کولتوورییە، بیرمەندی وا هەیە کە پێی وایە لە منداڵدانی زمانەوە نەتەوە دروست دەبێو لە لایەکی دیکەشەوە دەبینین کە لە کۆمەڵگای ئینسانی لە ئاستی جیهانیدا، زمان رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. زمان کاناڵو ڕێگەی گواستنەوەی هزرو جیهانبینیو هەموو بیچمێکی کولتووری نەتەوەیەکە بۆ نەوەکانی داهاتووی. زمان رێکاری زیندوومانەوەی نەتەوەیەکە کە دەیهەوێ بژیتو بمێنێ. ئەساسەن هەموو شتێک لە جیهانی ئینسانیدا لە ڕێگای زمانەوە دەکرێو بەرەو پێش دەچی، ئەگەر زمان نەبایە پیشە و حیرفەکان لە هیچ جۆرێکی نەدەچوونە پێش و گۆڕانی بەسەردا نەدەهات، زانستی پزشکیو ئینسانی پێک نەدەهات. مرۆڤ لە زماندا بیر دەکاتەوەو بە زمان بیرۆکە و ئەندێشەکانی پراکتیزە دەکاو بەرەو پێشی دەبات، کەوابوو زمان بناغە و بونیادی بوونە. هەر بۆیە پێم وابێ یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە کورد دەبێ سەرمایەگوزاری جیدیو ستراتژیکی لەسەر بکاتو بێگومان بێ تەئسیر نابێ لە بردنە پێشی پرسی کوردیشدا.

**پرسیار: وەک دەزانین نەتەوەی کورد بە گشتی لە بواری فەرهەنگیدا لەگەڵ کەم ڕەنگ بوونەوەی هێندێک پێوەری شوناسی نەتەوەیی وەک جلوبەرگو زمانو ... بەرەوڕوو بۆتەوە، لەو ڕاستایەدا کورد خۆی چەندە یارمەتی بەو ڕەوتە بە شێوەی خوازراو و نەخوازراو کردوە؟**

**وەڵام:** لەگەڵ ئەوەی کە ئەو گۆڕانە – خوازراو و نەخوازراو، ئەرێنیو نەرێنی– وەک واقعێک دەبێ قەبووڵ بکەین، بەڵام تەنیا بەرۆکی کوردی نەگرتۆتەوە، زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی جیهان لە بەستەری ئەم گۆڕانەدا دەژینو ڕێی هەڵاتنیش نیە، بۆیە کوردیش وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە دەبێ لە نێو ڕەوتی گۆڕانەکەدا بێ، بەڵام گرفتی کورد ئەوەیە کە خۆی خاوەن دەوڵەتو موئەسەساتی پارێزەری شوناسی خۆی نیەو لێرەدا زەرەر و زیانەکە زیاتر دەبێ. ناشکرێ هەموو ئەو خەسار و زیانە بخەینە ئەستۆی غەیرە کورد، بەڵکوو ئەگەر پیلانو دەسیسەیەکیش لە لایەن نەیارانی کوردەوە هەبێ کە هەبووەو هەیە– ئێمەش وەک کورد بەستەری هەڵدانو پەروەردەو بارهێنانی توخمی بیچمە کولتووریو شوناسە ناکوردییەکانمان پێک هێناوەو قەبووڵمان کردوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەرهەندێک فاکتۆری وەک نەبوونی ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی سیاسی–مەدەنیو فەرهەنگی لە ناو جەستەی کۆمەڵگاو نەبوونی دەرفەتو ئازادی بەیانو چالاکی سیاسیو مەدەنیو فەرهەنگی، گرفتاری کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانو مان، نادیمۆکراتیک بوونی دەوڵەتانی ناوەندیو ... هتد کە بە

گشتی نەیان هێشتووە خەڵک بە جۆری پێویستو شیاو بە دژ تێزی نەیارانی کورددا بچنەوە. بە گشتی دەکرێ لەسەر ئەساسی کولتووریش بزووتنەوەیەکی شوناسخوازی بە هێز وەرێ بخرێ کە ئێستاکە باشترین دەرفەتە و مەجالی گونجاو دەداتە دەست بۆ بردنە پێشی پرسی کورد.

**پرسیار: بە گشتی دەوڵەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا چ بە شێوەی بەرهەست(محسوس)و چ دەرهەست(نامحسوس)، سیاسەتە کولتووریەکانی خۆیان بە دژی ئەو نەتەوەیە داڕشتووەو بە کردەوەیان کردوە(لە بواری چەندایەتیو چۆنایەتیدا) ئەوە تا چەندە ڕاستە؟**

**وەڵام:** تەواو دروستە بەتایبەت بە دوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی کە زۆرتر گوتارێکی ئایینی- ئێتنیکی نوێنەرایەتی دەکردو خەڵکانی نێو ئەم دەستەڵاتەش ئاوێتەی گوتاری دینی بوون هەتا نەتەوایەتی یان بە زمانێکی دیکە گوتاری دینی هێژمۆنی هەبوو بەسەر روانگەکانی دیکە و بە دوای لەت کردنی زێدەتری کوردستان بەسەر سێ وڵاتی نوێی تورکیا، عێراقو سووریاو دەست پێکردنی پرۆژەی دەوڵەت نەتەوە لە لایەن کەماڵ مستەفای تورکیە و رەزاخانی ئێران، ئەم سیاسەتە توندترو پلانمەندتر بەڕێوە چووەو ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

**پرسیار: ئایا ئایین دەتوانێ لە پێناسەی شوناسی نەتەوەییدا دەور بگێڕێ؟**

**وەڵام:** ئەگەر کوردی بێو هەڵقولاوی بەستەرو پێکهاتەی کولتووری کوردستان بێ، دەتوانێ، دەنا زیاتر کورد بە لای غەیرە خۆیدا دەکێشێ. دین بە هۆی گشتگیربوونو تێپەڕاندنی سنوورەکان، کەم وا هەیە تایبەت بە نەتەوەیەک یان تەنیا لە ناو نەتەوەیەکدا بمێنێتەوە، بۆیە بە پێچەوانەی شوناسی نەتەوەیی کە باس لە جیاییو سنوور دەکات، زۆربەی دینە ناسراوەکان خۆیان بە جیهانی دەناسێنو زۆر نەتەوەو میللەتیان لەخۆ گرتووە. بۆ وێنە ئیسلام ئێستاکە زیاتر لە یەک میلیارد مرۆڤو چەندین وڵاتی لەخۆ گرتووە لە حاڵێکدا کاتێک باس لە شوناسی نەتەوەیی بۆ کورد دەکەین، تەنیا دەتوانین ئاماژە بە تایبەتمەندییە کوردییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بکەین.

**پرسیار: ڕوانگەت سەبارەت بە جێژنی نەورۆز وەک جێژنێکی نەتەوەیی، لە کاتێکدا زۆر نەتەوەی دیکە وەک فارسەکان بە جێژنی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن، چیەو کورد تا چەندە دەتوانێ بە جێژنی نەتەوەیی خۆی بزانێ؟**

**وەڵام:** نەورۆز بە تەواوی مەعلووم نیە کە چۆن دەستی پێکردوە، بەڵام ئەگەر روایەتی جەمشید یان کاوەی ئاسنگەریش بە مەبنا دابنێین، ناتوانین پانتای جێژنی نەورۆز تەنیا بە کوردستان حیساب بکەین، چونکە لە کاتی مادەکان هەموو ئەو گەلانەی کە لە ژێر رکێفی دەستەڵاتی ئەواندا ژیاون، کورد نەبوونو ئەو جێژنانە لەوێش بەڕێوەچوون. دوای رووخانی مادەکان، دەستەڵاتو ئوتووریتەی رەسمی بەدەست غەیرە کوردەکانەوە بووە، بە تایبەتی بە دوای مێژوویەکی کۆنو نەنووسراوی نەورۆز، تەنیا بە کوردی زانینی بە زەحمەت دەزانم، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لانیکەم بەشێکی نەورۆز، مێژووەکەی، دابو نەریتەکانی کوردینو بە کوردینو هی کوردن. بە زمانێکی دیکە کورد یەکێک لە خاوەن رەسەنەکانی نەورۆزە. جێی خۆیەتی ئەوەش زیاد بکەین کە نەورۆز دەتوانێ زۆرترو زۆر بە جوانی ئاوێنەی شوناسو هێما نەتەوەییەکانی کورد بێ.

**پرسیار: شوناسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی نێونەتەوەییدا چۆنی ئاماژەی پێکراوە، واتە چۆن پێناسە کراوە؟**

**وەڵام:** وەکی لە سەرەتاشدا باسم کرد شوناسی نەتەوەیی(National identity) بە ناسێنەری کەسێکو هەستی «تعلق» بە وڵات یان نەتەوەیەک دەگوترێ کە بە گشتیو لە ناو کۆی خەڵکانێکدا وەک «هاوبەش»(Common points)ی لێدێت. بۆ وێنە هەڵپەڕکێی کوردی بیچمێکی کولتووری کوردییە کە وەک بەشێک لە شوناسی نەتەوەیی کوردی لێهاتووەو ئەو حەرەکەتانە(Dance) ناسێنەری هەڵپەڕکێی کوردیو تایبەت بە کوردن. بۆیە پێم وایە کە هەرچی هی کوردەو کورد لە غەیری کورد جیا دەکاتەوەو وەک بوونێکی سەربەخۆو جیا دەیناسێنێ، ئەوە شوناسی نەتەوەیی کوردە. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا هەر بەم شێوەیە، مۆسیقای مکزیکی، سەمای هیندی، زمانی چینیو .... هتد پێک هێنەری شوناسی نەتەوەیی هەموو ئەو نەتەوانەن.


**پرسیار: بەڕای جەنابتان لاوەکان تا چەندە لە پەرەپێدانو پاراستنی شوناسی نەتەوەکەیاندا دەخیل بوونە؟**

**وەڵام:** چە لە رابردوواو چ ئێستاکە کە چاو لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکەین، لاوان، بەشی سەرەکیو دەتوانم بڵێم دینامۆی بزووتنەوەکە بوونو هەن. دیارە خەباتی نەتەوایەتیش، لەسەر ئەساسی شوناسو داواو مافە نەتەوەییەکان شکڵی گرتووەو دەچێتە پێش. کە چاو لە ریزەکانی شۆڕش دەکەین، بوونو حزووری بەرچاوی لاوان جێگەی هیواو خۆشبینی نەتەوەی کوردن. بە تایبەت ئەمڕۆکە ئاستی باڵای خوێندەواری لاوانو حزووری چالاکو ئاکتیڤیان لە مەیدانە سیاسیو فکرییەکاندا، بەرپرسایەتیو رۆڵی لاوانی زۆر زیاتر کردوەو بە حەق خەباتکارێکی شیاوی ئەم بوارەن.

لە کۆتاییدا زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە لە ئیختیارت نایو وەڵامی پرسیارەکانمانت داوە، هەر بژیو سەرکەوتوو بی.

منیش سپاسی ئێوە دەکەمو هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاتر بۆ لاوان.

***



# شوێنو پێگەی نەریت لە دۆزی گەلی کورددا

بەشی دووەم و کۆتایی



عەبباس حەقبین

ج: پێویستی گۆڕان و نوێبوونەوە لە نەریتدا چۆنو بەچ شێوەیەک دەکرێ؟
لێدانی بە ترسەوەی دەرزییەکی ئاسایی لە نەخۆشێک کە هیچ کێشەیەکی پێشووی نەبووە یان بە هەڵەکردن لە شێوازی لێدانی دەرزیەکە یان بەگومان و دڵەڕاوکێو ترس دروستکردن بۆ نەخۆشەکە، دەتوانێ ئەو نەخۆشە نەوەک چاک نەکاتەوە، بەڵکوو بەرەو خەساری زیاتری ببا و زیانی زیاتری پێدەگەیەنێ. بواری گۆڕانو نوێبوونەوەی نەریت وەک ئەو نەخۆشە وایە کە پێویستە پسپۆڕو شارەزای کۆمەڵناسی ئەو بوارە بە راوێژو لێکدانەوەی زانستییانە، چارەسەرو بەدیلی خۆی بۆ بدۆزێتەوە. لە ساڵانی رابردوودا ئەم کارە بە شێوەی سەلیقەیی‌و پرشو بڵاو کراوە، بەڵام چونکە پێشینەی ئامادەکاری بۆ نەکراوە خەساری کۆمەڵایەتی لێکەوتوتەوە. بۆوێنە ئازادی ژنان، ئازادی بیروڕادەربڕین، ئەمانە وێڕای ئەوەی کە لە پێشمەرجەکانی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتە، ئەگەر ئامادەکاری پێشووی بۆ نەکرێ تووشی تێکدانی بنچینەی خێزانو بێبەندوباری‌و نەخۆشی‌و بێئەخلاقی کۆمەڵایەتی دەبێ، سەرەتا بۆ گۆڕینی هەر دیاردەیەکی دژێوی کۆمەڵایەتی بە تایبەت بواری کولتووری پێویستە لەم پێوەندییەدا بەڵگەی بەهێزو جێی باوەڕ هەبێو بەشێوازێکی تایبەتی جێ بخرێت تاوەکوو جەزابییەتو پێگەی پێویست لە ناخو رەوشتەکاندا بکاتەوە. دواتر پێویستە بەدیلێکی سازندەی وەهامان هەبێ کە بە دوورنواڕی بۆ نەوەکانی دوارۆژ کاری لەسەر کرابێ. لە غەیری ئەو شێوەدا هەر دەستتێوەردانێ ئەبێتە هۆی شڵەژانی قەبارەی کۆمەڵایەتی‌و دابڕانی قەبارە جۆراوجۆرەکانو بازارێکی ساختو سەودای فەرهەنگی‌و مەسڵەحەتی دروست ئەبێ کە لەودا بەهاکان لە قاڵب ئەدرێن. هەروەها ئاستو وشیاری کۆمەڵایەتی شوێندانەرە لە چەسپان یا نەچەسپانی هەر ئاکارو رەوشتێکی فەرهەنگی‌و هەروەها لە هەڵسەنگاندنو دروستبوونی فەرهەنگی رەخنەو رەخنەسازی یان چاکسازی نەریتیدا، بۆوێنە دیاردەی دوو ژنە یەکێک لە داخوازییە قەدەغە کراوەکانی ئێمەیە وەک بەرەیەکی شۆڕشگێڕی گۆڕان ـگۆڕانی بنەڕەتی ـ هەروەها دەبینین رێبەرەکانمان بۆخۆیان ئەم یاسایەیان پێشێل کردوە. ئەمە ناباوەڕیو هەژموونی کۆمەڵایەتی دروست ئەکاو پێگەی ئەو لایەنە لە بواری کۆمەڵایەتیدا تووشی زیان دەبێ.
بەکارهێنانی تەوژم و فشار بە نیازی گۆڕانی نەریتی بە وێنەی نارەوشتیەکانی پینۆشە دیکتاتۆری شیلی کە بە زۆری خەڵکی دێهاتی دەبردە شارەکانو جەماوەری شارەکانی بۆ دێهات دەگواستەوەو کوڕو کچی بەزۆر لێک مارە دەکردن. هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە بیرۆکە دیکتاتۆرییەکانی ستالینیستیو دەرەنجامە تاڵەکانی کە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بۆتە ئەزموونو رامانو هەر جەماوەرو ویستی بەرحەقیان توانی بەسەر زۆرو سەرەڕۆییدا سەرکەوێ، دەکەین. بەڵام ئەگەر سیستم بەشێوەیەکی نەرمو کارامە بنەماکانی گۆڕانی لە ناخی جەماوەردا ئامادەکرد، گەل بە باوەشی ئاوەڵاوە بەرەو پیری ئەو گۆڕانانە دەچن. بۆوێنە گەلی ژاپۆن وەرزشی بەیانیان و کاتەکانی دیکەی کردۆتە پیشەو بەهایەکی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە وەک نەریتو، لەم گۆڕانەشدا لەشساغی‌و بەدەماخ بوون رەوشتێکی گشتی ئەگرێتەبەرو بەهایەکی بەنرخو بەرهەمهێنی کردوەتە نەریت. بۆیە کورد گوتەنی: «نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب».
د: ئەرکەکانی تاکی کورد لە ئاست نەریتی نەتەوەییدا چیە؟
١: هەوڵدان بۆ بردنەسەری شعووری کۆمەڵایەتی خۆی‌و کەسانی نزیکی لە بازنەی کوردایەتیدا:
بیر لە پێکهاتە و تایبەتمەندی نەتەوەیی مافی هەموانە لە کۆمەڵدا بە مەرجێ کە لە شۆوینیزمو نازیزم بەدور بێ. بارودۆخ یان کاریگەربوونی هەلومەرجی ژینگە، شوێندانەری شوێنێک کە تێیدا دەژین. ئێمە لەم هاوسەنگییە جیا نینو خۆمانو نەریتمان بەڕوونی کاریگەری ئەم راستییەمان پێوە دیارە، بەڵام چۆنیەتی گرسانو کامڵبوونی نەریتی کۆمەڵ لە سەرەتاوە تا ئێستاو پێوەندی ئەم بە زانستەکانی دیکەوەو ئەرێنیو نەرێنییەکانی، پێویستی بەزانستو زانیاری ورد هەیە بۆ ئەوەی لێی تێبگەینو ناسینی خۆمان لە ئاست ئەم ئەرکەدا کامڵ بکەین، ئەمەش بە خوێندنەوەی مێژووی خۆمانو

دراوسێکانمان دەبێتە بەرچاو ڕوونیو زانیاریەک کە دەکرێ زانستەکانی دیکەی لەسەر بنیات بنرێ. ئەم تێگەیشتنو ناسینە وا لە تاک دەکا کە بیروباوەڕو متمانەیەکی پتەوی نەتەوەیی لە لا دروست بێو شانازی بە ڕەسەن بوونی خۆیو گەلەکەیەوە بکات. لەم بازنەیەدا پێوەندی دەگەڵ کەسانی نزیکو تێگەیاندنیان ئەرکێکی خێزانی و نەتەوەییە. ئەم تێگەیاندنو ناسینە وا دەکا نەریت لە ڕێڕەوی سوننەتی‌یەوە بەرەو ئاسۆی زانست بچێو لە خۆیدا گۆڕانو نوێگەری بکاو ئەوەی لەم نێوەدا جێگەی باسە، دەرکەوتەکانی لە بەریەک وەستانی سوننەتو مۆدێرنە کە بە زۆری قورسایيو خەسارەکانی لەسەر شانی چینی هەژارو کەم سەواد ئەمێنێتەوە. لە تێکەڵاویو ئەرکە نەریتی‌یەکاندا تووشی دامانو بێوەڵامی دەبنو، ئەم واقیعە بۆی هەیە لە ئاستی بانتردا بنەمای خێزانەکانو پێوەندی تاکەکانی خێزان لێک هەڵوەشێنێتەوە. هەربۆیە بنەبڕکردنی نەخوێندەواری بە شێوەیەکی بەرچاو، خزمەت بە بوونو مانی کلتووری نەتەوەییمان دەکاو لە ئاکامدا یەکیەتی نەتەوەیی گرەنتی ژیانی بەختەوەری ئێمەیە.

٢: لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی دیاردەکان بۆ ناسینو دووری‌کردن لە بەدواکەوتنی کوێر کوێرانە:

دەروون فرەوانیو هۆگری ئێمەی کورد بە کلتوورەکەمانەوە پێویستە کراوەو خۆگونجێن بێ بۆ هەر ڕەخنە و پێوەندی‌یەکی نەریتی. بۆ ئەوەی دەرفەتی ئاوەڵابوونی فکریمان پێبداو بە بیرێکی فرەلایەن بڕوانینە نەریتی گەلانی دیکەو هەرشێوە ڕەخنەو پێشنیارێکیش لەپێناو وێناکردندا وەخۆ بگرینو وەڵامی گونجاومان بۆی هەبێو پێشنیارەکانیش پسپۆڕانەو مەسئولانە ڕەچاو بکەین تا وێرانەکانی ئەم کلتووره ئاوەدان بکرێتەوە. دواکەوتنی کوێر کوێرانە، خەساری بەردەوام دروست ئەکاو لەم حاڵەتەدا تاکەکان بە تێگەیشتنی خۆیان پەیڕەوی بەها نەریتی‌یەکان دەکەن بۆ وێنە، لە ناوچەیەکی مەنگوڕانی مەهاباد ئەگەر کچ ڕەدوو نەکەوێ بەعەیبە ئەژمێردرێو لە هێندێ ناوچەی دیکە هێندە دیاردەیەکی دزێو دێتە ئاراوە تا سنووری کوشتنی کچو کوڕەکە دەچێتە پێش. ئەمە لێک نەگەیشتنو قەیرانی کلتووری‌یەو گشتگیربوونی کلتووری زانستی پێویستە کاری بۆ بکرێو، ئەویش بە گەڕانەوەی زانستیانەیە بۆ رابردوو، ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە لە بەرهەمەکانی نەریتی دێرینو ڕەسەنو خۆپاراستنو زەقکردنەوەی دیاردە دزێوەکانو دەست نیشان کردنی ڕێژەی خەسارەکانی. لەو پێوەندی‌یەشدا حەساسییەت و توندوتیژی نواندن تەنیا کێشەی دەروونـــی و کۆمەڵایەتی‌یەکان زیاترو لێک دوور دەخاتەوە. بۆیە نەریت لە یاسای دەسەڵاتداریدا پێویستە بە شێوەی سەردەمیانە لەسەر هەر گەلێک هاوتا بکرێت.

٣: هەوڵدان بۆ نوێگەریو نوێبوونەوەو شارەزابوون لە فەرهەنگی ڕەخنەو ڕەخنەسازی:

ئەگەر تاک خۆی بە بەرپرس بزانێ لە ئاست نەریتی نەتەوەکەیدا، زۆر خۆبەخشانە نوێبوونەوەو بووژانەوەی نەریت وەردەگرێو هەوڵیشی بۆ دەدا. لەو پێناوەدا ڕەخنە دەگرێو ڕەخنە دەبیستێ.

ڕەخنە کاتێک جێ‌دەگرێ کە شێوازی دەربڕینو هێنانەبەرباسی لێزانانەو بە مەبەستی چاکسازی بێ، دەنا ئەگەر گەنجێک بۆ ئامانجە جنسی‌یەکانی خۆی ڕەخنەی توند لە سنوورە ئەخلاقی‌یەکان بگرێو پێشنیاری ئازادی تەواو و کاملی ئەخلاقی بکاو بەڵگەی گونجاو و شیاوی نەبێو پەنا بباتە بەر دەربڕینی سووکو ناحەز، ئەم کەسانە تووشی تەریک کەوتنەوەو دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبنو کەسیش گوێ بۆ ڕەخنەکانیان ناگرێ. بەڵام ئەگەر ئەم گەنجە بە بەکارهێنانی شێوازی ڕەخنەی زانستیو شێوازی دەربڕی جوان، خوازیاری گۆڕانو هێنانە بەرباسی ئەو بابەتانە بێ، هەم ئاکامی باشو هەمیش بەردەنگی باشی دەبێ. هەروەها فەرهەنگی ڕەخنە قەبووڵ کردن وەک بەشێک لە نەریت جێگەی ڕامانو سەرنجە. بەوشێوە کە تاکی ڕەخنەگر ڕەچاوی هێندێ تایبەتمەندی بکات کە پێشتر باسمان کردو کەسی بەرامبەریش بەڕوویەکی ئاوەڵاوە ڕەخنەکان وەربگرێو ئەوە بزانن کە ڕەخنەگرتن لە بڕیارەکان دژایەتی کردنی کەسایەتی‌یەکان نیەو نابێ هەستی دوژمنکارانەو توندوتیژی بەرامبەر هەبێ. ئەم پێویستانە پێکەوە دەبنە خشتی بنچیەکانی دارشتنی فەرهەنگێکی زیندوو و بەرهەمهێن.

٤: خستنە بـــواری پراکتیکی نەریت، چۆن و بە چ شێوەیەک:

ئاماژە بە بۆنەکانی ئێستامان وەک بۆنە ئایینیو نەتەوەیی‌یەکان، ئەو بەرچاوڕوونیەمان ئەداتێ کە تاک لە شاییو شینەکاندا خۆی لە هاواڵەکانی دانەبڕێو بە کردەوە بەشداری بکاو هەستو سۆزی دەروونی‌یەکەی بە کردەوە تێکەڵی هەستو سۆزی کۆڕو کۆمەڵەکان بکا وەک فارس وتەنی: «منو تۆ، ئێمە پێک دێنێ». ئەم بەشە کردەیی‌یە سنووردارەو پاراستنی ئەو سنوورە هاوئاهەنگیو پێکەوەبوونی کۆڕەکان مسۆگەرتر دەکاو بەستراوە دەروونی‌یەکان واتە بواری پسیکۆلۆژی لە چڕان نەهاتوو دەکا.

٥: هەوڵدان بۆ ناساندنی نەریت لە نێوخۆو دەرەوەدا:

ئەم دیاردەیە هەم بە شێوەی تاکو هەم لە ڕێگای کەرتی گشتی‌یەوە دەکرێ. ئەگەر تاکی ئێمە لە نەریتی دراوسێو بێگانە شارەزایی هەبوو، دەتوانێ لە لایەنە نێگەتیڤو پۆزەتیڤەکانی بەڕوونی تێبگات، دەتوانێ بە بژاردەکردن دیاریی نوێ بۆ گەلەکەی بێنێو لە ڕێگەی گۆڕینەوەی فەرهەنگی‌یەوە ئەم ناسینە بگەیەنێتە لوتکە. لە لایەک لێک نزیک بوونو لێک گەیشتنی گەلانەو لە لایەکی دیکەش پێوەندی‌یە جۆراوجۆرەکان ئەبووژێنێتەوە. ئەم ڕاستیانە لە لایەن تاکەوە لە نێوخۆدا تەزریق دەکرێو پێشینە بۆ هاتنی هەر هاوسەنگی‌یەکی هێز یا گۆڕانێکی کتوپڕ دروست ئەکا.

بەشی دووهەم و کۆتایی

تێبینی: ئەم باسە نەزەری‌یە و پێوەندی بە بیروڕای نوسەرەوە هەیە.

***



# رۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسییدا

ئا: سیروان

بێگومان هەرکات بمانهەوێ وتار، توێژینەوە یان تەنانەت کورتە لێدوانێکیش لەسەر وەها بابەتێک بخەینەڕوو، وەک زۆر لە بابەتو ناونیشانەکانی دیکەی نێو زانستی کۆمەڵناسی دەگەڵ کۆمەڵێک چەمک و وشەی گرینگی نێو ناونیشانەکە ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە پێویستە سەرەتا لەسەر هەر کامێکیان هەڵوەستەیەک بکرێو بە کورتی شرۆڤە بکرێن. لەم ناونیشانەشدا پێویستە ئەگەر بە کورتییش بێ، سەرەتا ئەم چەمک یان زاراوە گرینگانە شی بکرێنەوە: ڕۆڵ - خێزان - سیاسەت - پێگەیاندنی سیاسی.

**ئەلف: ڕۆڵ:**

لێرەدا مەبەست لە ڕۆڵ، زیاتر ڕۆڵی کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لە: چالاکییەک کە تاک لە کۆمەڵگەدا لەئەستۆیەتی. چونکە ڕۆڵێک کە تاک لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێ، هەندێک چاوەڕوانی لە کەسانی دیکە پێک دێنێ، بەم پێیە دەتوانین بڵێین: ڕۆڵ بە واتای ئەو چاوەڕوانییانە دێتە ئەژمار کە تاکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی دەبێ جێبەجێیان بکات. تاک لەهەر گرووپێکدا بەپێی پێگەیەک کە هەیەتی، ڕۆڵی تایبەت دەگێڕێ. بۆ نموونە تاکێک لەوانەیە وەک باوک لە گرووپێکی خێزانیدا ئەندام بێو ئەرکو ڕۆڵی باوکایەتی لەئەستۆ بێ...(١)

بە واتایەکیتر، ئەگەر پێگە چەند شوێنگەیەکی تایبەتی بێت کە کەسێک لە کۆمەڵگادا داگیری کردوون، ڕۆڵ ئەو ڕەفتارەیە کە لەو کەسە چاوەڕوان دەکرێت... ڕۆڵ چەمکێکی پێوەرییە، لەسەر ئەو شتانە بنیاتنراوە کە لێمانەوە چاوەڕێ دەکرێ ئەنجامی بدەین، نە تەنیا ئەوەی کە بە پێویست لە یەک کاتدا ئەنجامی دەدەین. کاتێ ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەین زۆر دوور بێ لەوەی کە خەڵکی چاوەڕوانی دەکەن لێمان، ئاسایییە تووشی ڕەخنەو سەرزەنشت دەبینەوە، یان ڕەنگە ڕێنماییمان بکەن بەرەو ڕێگای ڕاست، چونکە نەمانتوانیوە بە گوێرەی پێویست وەڵامی پێویستیی ڕۆڵەکانمان بدەینەوە. (٢)

**ب: خێزان:**

چەمکی خێزان یەکێک لەو چەمکانەیە کە بە شێوەی جیاجیا باسی لێوەکراوەو هەر زانایەو بە شێوەیەک لەسەری دواوەو هەتا ئێستا زۆر بابەتو باسی گرینگی لەسەر نووسراوە.

خێزان لە مانای گشتی خۆیدا چەمکێکی جیهانییە. خێزان لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، چونکە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک پێداویستییە کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاوبەشن. تاکەکانی مرۆڤ لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن... کۆنفۆسیووس خێزانی وەک کۆڵەکەی دەوڵەت دادەنا، ئۆگست کۆنت بڕوای وابوو کە دەبێ خێزان یەکەی کۆمەڵایەتی زانست(کۆمەڵناسی) بێ لە حاڵەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا نەک تاک. "چارلز هورتن کولی" کۆمەڵناسی ئەمریکی، خێزانی بە یەکەمو بایدیالترین نموونە دەزانی بۆ گرووپە سەرەتاییەکان، گرووپێک کە ئەرکی پاراستنو پارێزگاری کردنی مرۆڤەو ئەفرێنەری جوانترین هەستی ناسراوی مرۆڤایەتییە.(٣)

لە کتێبی "سۆسیۆلۆژیای خێزان"دا بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسەی خێزان کراوەو لە ڕەهەندی جیاجیاوە باسی کراوە. بەڵام ئەوەی کە لە هەمووانزیاتر لە باسەکەی ئێمە نزیکترە، بەم شێوەیە پێناسەی خێزان کراوە:

خێزان بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتییەو شانۆی کارلێکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، تیایدا تاکەکەس لەدایک دەبێو گەشە دەکاو پێدەگاتو دەبێتە ئەندامێکی سەربەخۆی پشت بەخۆبەستوو. بە هۆی خێزانەوە تاکەکەس ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو و دەرەوەی خێزان وەردەگرێو فێریان دەبێو، بە هۆیەوە ڕۆڵ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە

کۆمەڵگادا بۆ دەست نیشان دەکرێ.(٤)

**ج: سیاسەت:**

زاراوەی سیاسەت لە کاروبارو دیاردە سیاسییەکانی وەک دامەزراوە، ڕێکخراو، ڕەوت، بیرورا و، پێوەندییە سیاسییەکانو... هتد، کەڵکی لێ وەردەگیردرێ... بەڵام لە واتا تایبەتییەکەی‌دا، بەو هەوڵانە دەگوترێ کە حکوومەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتو دیاریکردنی شێوەو ناوەڕۆکی تێکۆشانی خۆیان دەیگرنەبەرو ئەم هەوڵانە لە دوو کەناڵی نێوخۆیی‌ودەرەکی‌دا جێبەجێ دەکرێ.(٥)

سیاسەت بەگشتی بە مانای کرداری بڕیار وەرگرتنو بەڕێوەبردنی بۆ تەواوەتی کۆمەڵگایە. کەوابوو لە سیاسەت‌دا کردار، بکەرو بابەتی کردار بوونی هەیە. بکەری کرداری سیاسەت، حکوومەتە یان دامەزراوەکانی بڕیاردەرو بەڕێوەبەریی دەوڵەتن. بابەتی کردار، گرووپەکان، تاکەکانو بەشە جۆراوجۆرەکانی جەماوەرن... سیاسەت وەک وەرگرتنو بەڕێوەبردنی بڕیار لەگەڵ هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕوو دەبێ. کەوابوو دەکرێ لە سیاسەتی ئابووری، فەرهەنگی، توێژینەوەو دارایی دەوڵەتەکان باس بکرێ...(٦)

**د: پێگەیاندنی سیاسی:**

لەبەر ئەوەی ئەم چەمکە یان ئەم زاراوەیە دەکرێ وەک گرینگترین بەشی ناونیشانی بابەتەکەو لەڕاستی‌دا وەک مەبەستی سەرەکی باسەکە سەیر بکرێ، هەر بۆیە چەند پێناسەیەکی زانستی لەم پێوەندییەدا دەخەینەڕوو:

پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکە بە هۆیەوە تاکەکانی نێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ئاشنایەتی دەگەڵ سیستەمە سیاسییەکەی‌دا پەیدا دەکەن. بەمانایەکی فراوانتر پێگەیاندنی سیاسی بریتییە لەو پرۆسەیەی لە ڕێگایەوە تاک زانیاریو بەهاو ڕاستییەکانو نموونە سیاسییەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. هەر لەم ڕێگایەشەوە ئاراستەی فیکریو ئایدۆلۆژییەکان لای ئەو تاکە شکڵو شێوە دەگرێو کاریگەریشی هەیە لەسەر ڕەفتارو پراکتیزەی ڕۆژانەی‌داو پلەی پێگەیشتوویی‌و چالاکییە سیاسییەکانی لەنێو کۆمەڵگادا.

لە پێناسەیەکی دیکەش‌دا بۆ ئەم چەمکە وا هاتووە: پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکە لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەتوانێت کولتوورو ڕۆشنبیری سیاسی لە نەوەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. وەک چۆن لە لایەکەوە وا پێناسەی پێگەیاندنی سیاسی کراوە کەوا پرۆسەیەکە لە ڕێگایەوە تاک ئاراستەکانی خۆی دەربارەی دیاردە سیاسییەکان بەدەست دەهێنێت، لەلایەکی‌تریشەوە کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەو پرۆسەیەوە پێوەرو بیروباوەڕە سیاسییەکان لەو نەوەیەی ئێستاوە دەگوازێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو.(٧)

ئەگەر بەشێوەیەکی وردو بابەتییانە سەرنجی بابەتی پێگەیاندنی سیاسی بدەین، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیی بە بەشداریکردنی سیاسییەوە هەیە. چونکە هەر وەک ئاماژەی بۆ دراوە "پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکە بۆ ڕێکخستنو ئامادەکردنی هاووڵاتی تا بتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگادا بکات.

سروشتی ئەم پێگەیاندنە سیاسییەو ئەو ڕۆشنبیرییە سیاسییەی کە تێیدا هاووڵاتی دەستی دەکەوێ، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن بۆ تێگەیشتنی ئەو هاووڵاتییە لە مافەکانی خۆیو لە سەرووی ئەمەشەوە مافی خۆی لە بەشداری کردن لە بڕیاردانی سیاسیی‌دا جا بە لایەنی باش بێت یان خراپ".(٨)

لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە پێگەیاندنی سیاسی نیشانی دەدەن کەوا:

١ــ زۆربەی ڕەفتارە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە یەکەمینەکانی ژیان‌دا بەدەست دەهێنرێن.

٢ــ پێگەیاندنی سیاسیی لە سەراسەری ژیان‌دا ڕوودەدات، بەڵام هەرچی قۆناغی منداڵییە تا ئاستی قۆناغی هەرزەکاری، گرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون پێک دەهێنن.

٣ـ پێگەیاندنی سیاسیی لە ڕێگای هۆکارە گرنگەکانی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە، بە پلەی یەکەم خێزانو قوتابخانە، بەدوای ئەویش‌دا گرووپی هاوڕێیانەو گرووپەکانی کارو گرووپە ئایینییەکان، شکڵو شێوە دەگرێت.(٩)

ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسیی‌دا لەژێر ڕووناکایی ئەو پێناسەو شیکردنەوانەی سەرەوەدا هەنووکە بە شێوەیەکی کورت باسی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسیی‌دا دەکەین:

کەناڵو دەزگاو دامەزراوەکانی پێگەیاندنی سیاسی زۆرو جۆراوجۆرن، وەک خێزانو قوتابخانەو کۆمەڵەو گرووپەکانو

**خێزان لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە، چونکە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک پێداویستییە کە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاوبەشن. تاکەکانی مرۆڤ لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن...**

●●

هەروەها بڕادەرانو دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری و...، لێکۆڵینەوە تازەکان ئاماژە بۆ هەندێک دەستکاریو چاکسازی دەکەن لەو تیۆرییەی کە هەر لە کۆنەوە باوەڕی وایە خێزان ڕەگەزی یەکەمە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیی‌داو بەها سیاسییە سەرەکییەکانیش لە لای تاکەکەس، هەر لە ڕێگای خێزانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێنەوە. دەگەڵ ئەوەش‌دا ئەو چاکسازییەی لەم تیۆرییەدا کراوە ئاماژە دەکات بۆ ئەو گرینگییە ڕێژەییەی کە هەندێک هۆکاری دیکە هەیانەو لەهەندێک کاتیش‌دا دەکەونە سەرووی خێزانەوە.

دەتوانین کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی دابەش بکەین بەسەر دوو جۆردا:

یەکەم: کەناڵە ناسیاسییەکان (غەیرە سیاسی):

دووهەم: کەناڵە سیاسییەکان:

کەناڵە ناسیاسییەکان وەک: خێزانو کۆمەڵگای خۆجێیی‌و یانە

وەرزشییەکانو کۆمەڵەو گرووپە کولتووریو ڕۆشنبیرییەکانو...
کەناڵە سیاسییەکانیش وەک: حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو گرووپو دەستەبەندی سیاسییو حکوومەتو دامودەزگا سیاسییەکانی سەر بە دەسەڵات و ...
بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبچێ هەر دوو کەناڵەکە لە شوێنی خۆیاندا گرنگو پێویستن. تاکەکانیش لە گشت قۆناغەکانی تەمەنی خۆیاندا پابەندن بەوەی مامەڵە دەگەڵ ئەم دامودەزگایانەدا بکەن. پابەندییەک نە بە زۆریو ناچارکردن، بەڵکوو ئەوە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونە بە شێوەیەکی سروشتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو ڕووبەڕووی بارودۆخێکی لەم شێوەیە دەکاتەوەو زۆرجاریش دەتوانێ یاساو بنەماکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو سیاسی لای تاکەکان دەستنیشان بکات.(١٠)
لێرەدا نە پێویستەو نە بابەتی باسەکەی ئێمەشە کە باس لە هەموو کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی، بە سیاسیو ناسیاسییەوە بکەین، بەڵکوو تەنیا باس لە ڕۆڵی خێزان وەک گرنگترین کەناڵی ناسیاسی لە پێگەیاندنی سیاسیدا دەکەین:
خێزان وەک بچووکترینو سەرەکیترین یەکەو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی، دابینکەری هەموو پێداویستییە مادد‌ییو ڕۆحیەکانی مرۆڤەو منداڵ لە کەسەوە دەگۆڕێ بۆ کەسایەتیو فێری ئەوەی دەکات چۆن خودی خۆیو کەسانی دیکە لە یەکتری جیا بکاتەوەو شوناسی خێزانو کۆمەڵگاکەی هەڵبگرێت. هەروەها ئامادەی دەکا تاکوو لە قۆناغەکانی تەمەنی داهاتووی خۆیدا تێکەڵ بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ببێت.(١١)
هەروەک پێشتر باسکرا پێگەیاندنی سیاسی لە تەواوی ماوەی ژیاندا ڕوودەدات، بەڵام هەرچی قۆناغی منداڵییە تا قۆناغی هەرزەکاری، گرنگترین قۆناغەکانی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون پێکدەهێنن، کەواتە ئەو قۆناغەی کە تێیدا پێگەیشتوویی سیاسی لە تاکدا گەشە دەکا، دروست ئەو قۆناغەیە کە ئەو تاکە لەژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی خێزان دایەو بەشی زۆری ساتەکانی تەمەنی

لەنێو خێزاندا بەسەر دەبات. هەر بۆیە لێرەدا ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسی تاکدا زیاتر خۆی دەردەخاو

**پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەکە لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەتوانێت کولتوورو ڕۆشنبیری سیاسی لە نەوەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. وەك چۆن لە لایەکەوە وا پێناسەی پێگەیاندنی سیاسی کراوە کەوا پرۆسەیەکە لە ڕێگایەوە تاك ئاراستەکانی خۆی دەربارەی دیاردە سیاسییەکان بەدەست دەهێنێت**

● ●

دەتوانێ کاریگەریی زیاتر هەبێ. ئەو خێزانانەی کە تێیاندا ئینتما بۆ حیزب یان لایەنێکی سیاسی بوونی هەیە، یان خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی سیاسیین، بێگومان ئەم مەسەلەیە لەسەر پێگەیاندنی سیاسی تاکەکانی نێو خێزان بە تایبەت لاوانی ئەم جۆرە خێزانانە بێکاریگەری نابێت.
خاڵێکی جێگەی سەرنج لە مەسەلەی پێگەیاندنی سیاسییدا ئەوەیە کە نابێ خێزان ئینتما سیاسیو ئایدۆلۆژییەکانی خۆی بەسەر تاکەکانی نێو خێزاندا بسەپێنێ، بەڵکوو دەبێ پاش ناساندنی هێڵە گشتییەکان سەبارەت بە سیاسەتو حکوومەتو ئایدۆلۆژیای سیاسی بە تاکەکان، ئیتر ئەو ڕێچکە سیاسیو ئایدۆلۆژییانەی کە تاک لە ماوەی ژیانی خۆیدا پێویستە لەسەریان بەردەوام بێت، بۆ خودی تاکەکان جێ بهێڵن. ئەو کاتەی کە تاک بەهۆی هەوڵو تەقەللای خێزانەوە بە ئاستێک لە پێگەیشتوویی‌و تێگەیشتوویی سیاسی دەگا، بێگومان ئەو توانایەشی دەبێت کە خۆی دەستنیشانی بیروباوەڕی سیاسی خۆیو ئەو ڕێبازە سیاسییەش بکا کە دەیهەوێ

لە داهاتووی ژیانیدا بیگرێتەبەر.
ئاکامگیری: لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگەین کە خێزان وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگ، ڕۆڵێکی گرینگو سەرەکی لە پێگەیاندنی سیاسیی تاکەکانیدا هەیە کە بێگومان ئەوەش بە ئاستی پێگەیشتوویی‌و چالاکبوونی خێزانو شێوەو شێوازەکانی بەکارهاتوو بۆ ئەم پێگەیاندنە لەلایەن خێزانەوە بەستراوەتەوە.


سەرچاوەکان:
١. منصور وثوقیو علی اکبر نیک خلق، مبانی جامعەشناسی، چاپ هفدهم، انتشارات بهینە، تهران، ١٣٨٦، ص٢٠٤.
٢. موحسنی، مەنوچێهر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و.کۆمەڵێک وەرگێڕ، چاپی سێیەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٤٩.
٣. سەرچاوەی پێشوو ل٣٨١.
٤. ملیحە عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد، و.صابر بکر بۆکانی، چاپی یەکەم، سەنتەری توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان، ٢٠٠٢، ل١١.
٥. علی بابایی، غلامرضا، فەرهەنگی سیاسی، و. زاهیرمحەمەدی و یاسین حاجی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٩٩.
٦. بشیریە، د.حسین، زانستی سیاسی، و.بابائەلی مێهرپەروەر، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٦.
٧. تەڵعەت، ڕابەر، گەنجو بەشداری سیاسی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٢.
٨. سەرچاوەی پێشوو.
٩. سەرچاوەی پێشوو.
١٠. سەرچاوەی پێشوو.
١١. سەرچاوەی پێشوو.


***

# پێشێل کردنی مافەکانی منداڵ، شکاندنی کومەڵگای داهاتووە



ئا: شەونم هەمزەیی

بەپێی ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ ماددەی ژمارە (١) کە لە ڕێکەوتی (١٩٨٩/١١/٢٠) لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا، هەر کەسێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵەوە بێ بەمەرجێ یاسای وڵاتەکەی جۆرێکی‌تر نەبێ، بە منداڵ دادەنرێ. جارنامەی مافەکانی منداڵ بۆ ئەوە داندراوە کە منداڵ لە قۆناغی منداڵیەتی بەختەوەرو پارێزراو بێو هەموو ئەو مافو ئازادی‌یانەی هەبێ تا لەم قۆناغەدا بە خۆشی بژێت، ئەمەش واتە بەرژەوەندی خۆیو کۆمەڵگە. ئەم ڕێککەوتننامە ٥٤ ماددە لەخۆی دەگرێو خاوەن دوو پرۆتۆکۆلی دڵخوازانەیە کە لە چوار بنەمای سەرەکی پێک هاتووە کە بریتی‌یە:

١: نابێ هیچ منداڵێک لە هەڵاوادن ئازار بچێژێ.

٢: هەرکات بڕیارێک بۆ منداڵان دەردەکرێ دەبێ قازانجیان لە بەرچاو بگیردرێت.

٣: منداڵ مافی ژیانی هەیەو دەبێ گەشەو پێ‌بگا.

٤: منداڵان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادی بیرورای خۆیان دەربڕنو دەبێ بوچوونەکانیان لە تەواوی ئەو شوێنانەی پێوەندیی بەوانەوەیە لە بەرچاو بگیردرێت.

لێرەدا بە کورتی باسێک لە پێشێلکاریەکانی مافی منداڵ دەکەین کە بریتی‌یە لە بێبەش بوونی منداڵ لە قۆناغی منداڵیو لە خۆشی‌یەکانی ژیان، بێبەش بوون لە پەروەردەو خوێندن یان بێبەش بوون لە کەمترین بنەماکانی ژیانو خۆشیو ئازادی، ئەمەش دەبێتە هۆی خۆشاردنەوەو دوورکەوتنەوە لە خوێندن یا دواکەوتنو ڕاکردن لە قوتابخانە، ئەمانەش جۆرێک لە سەرکێشی دروست دەکا کە دەبێتە هۆی کەمەندکێش بوونی بەرەو ماددە هۆشبەرەکان یا بەکارهێنانی توندوتیژی دژی منداڵانی‌تر یا پەیوەست بوون بە باندە تاوانکاریەکان یا فێربوونی بەد ڕەوشتی. دەتوانین هۆکارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان بۆ چەند هۆیەک بگەڕێنەوە لەوانە:

**ئەلف: هۆکاری ئابووری:**

ئابووری یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی پێشێل کردنی مافەکانی منداڵ لە هەموو جیهان دێتە ئەژمار، بەشێوەیەکی گشتی بە هۆیەکی سەرەکی دادەنرێ بۆ زیادکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی لەسەر منداڵ، چونکە خراپی بارودۆخی ژیان وادەکا گوشار بکەوێتە سەر خێزان لە کاتی مامەڵە کردن لە نێوان منداڵو باوانْدا، ئەوەش وادەکا منداڵ ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی ببێتەوە، هەروەها پاڵ بە خێزانەکانەوە دەنێ تا منداڵەکانیان ناچار بەکار کردن بکەن بۆ دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی خێزان، ئەمەش بە شێوەیەکی دیار وای کردوە دیاردەی منداڵانی سەر شەقام لە کۆمەڵگادا بەرەو زیادبوون بچێ.

**ب: هۆکاری سیاسیو یاسایی:**

ڕەوشی سیاسیو یاسایی هەر وڵاتیک یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە کە کاریگەری لەسەر پێشێل کردنی مافی منداڵان هەیە، چونکە هۆکارە سیاسی‌یەکان وەک شەڕو شەڕی نێوخۆو ئەوانە هەموو کاریگەریان هەیە لەسەر زۆربوونی گیروگرفتی خێزانەکان لە کۆمەڵگادا، کە زۆر جار منداڵان دەبنە قوربانی ئەم جۆرە دیاردانە، چونکە تێکچوونی باری ئاسایش لایەنی ئابووری تێک دەداو گەلێ جار منداڵان بۆ کارکردن بەکار دەهێنن. هەروەها دەبێتە هۆی خراپی ڕەوشی خوێندنو تەندروستیو بێبەش بوونی منداڵ لێیان، هەروەها زۆر جار پەنابەران کە بە هۆی سیاسی، ئاوارەی هەندەران دەبن تووشی ئەم گرفتانە دێنو کێشە بۆ ئەو شوێنانەش دروست دەکەن کە ڕووی تێ‌دەکەن. هەروەها هەر لەم پەیوەندی‌یەدا نەبوونی یاسای گونجاو بۆ بەدواداچوونی کێشەکان ڕێگە خۆشکەرن بۆ زیاتربوونی توندوتیژیو پێشێلکاریەکان.

**پ: هۆکارە کۆمەڵایەتی‌یەکان:**

هەندێک لە هۆکارە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕۆڵیان لە زیادبوونی پێشێلکردنی مافی منداڵ هەیە، ئەم هۆکارانەش پەیوەندی‌یان بە خێزانەکانی نێو کۆمەڵگاوە هەیە وەک ئەو خێزانانەی کە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی باوک یا دایکی نەماوە، چونکە ئەو دایکو باوکەی بە تەنێ منداڵەکەیان بەخێو دەکەن هەست بە فشارو تەوژمی زۆر دەکەنو ڕێگەیەکی باشی نیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ کە دووری خاتەوە لە توندوتیژی. هەروها بوونی منداڵی ناشەرعی یا منداڵی بێ دایکو باوکو بەرزبوونەوەی دیاردەی

وازهێنان لە منداڵ، ئەمەش هۆکاری زۆرەو ئاکامەکەشی زیادبوونی منداڵی سەر شەقامی لێ دەکەوێتەوە، چونکە گەلێک لە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی منداڵانی سەر شەقامەکان پێوەندی‌یان بەو خێزانانەوە هەیە کە لێکترازاون یا یەکێک لە هاوسەرەکانی مردوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی لایەنی پەروەردەو چاودێری‌و ئامۆژگاری لەنێو خێزاندا، کەواتە منداڵ بەشێوەیەکی نادروست گەورەو ووشی لادان‌و کاری مەترسیدار دەبێ.

**ت: هۆیەکانی فێرکردن‌و پەروەردەو ڕۆشنبیری:**

لایەنی ڕۆشنبیری دایکو باوک زۆر گرینگە بۆ دەست نیشان کردنی شێوازە دروستەکانی پەروەردەی منداڵ، ئەمەش پێوەندی بە لایەنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە هەیە، چونکە کەمی داهاتی خێزان وا دەکا بەرپرسایەتی دایکو باوک بەرامبەر منداڵ زیاد بێ بە تایبەتی لە کاتی دابین کردنی پێداویستی ڕۆژانەو خوێندن‌و قوتابخانە، ئەمە لە لایەکو لە لایەکی‌تر قوتابخانەو مامۆستاو کەلوپەلی پەروەردە هەر هەموویان هۆیەکن لە هۆیەکانی پێشێل کردنی مافی منداڵ وەک بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەن مامۆستاوە لە کاتی خوێندن وەک بایەخ نەدان بە قوتابی‌و لاوازی وشیاری وانەکانی خوێندن.

**ج: هۆکاری تەندروستی:**

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کاروباری جیهانی «فائۆ» ئاماژەی بەوە کردوە کە ٨٤٠ ملوێن کەس لە هەموو ناوچەکانی جیهان بە هۆی کەمی خۆراکەوە دەناڵێنن. یازدە ملوێن منداڵ ساڵانە دەمرن پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی پێنج ساڵی، سەد ملوێن کەس بێبەشن لە خوێندنی سەرەتایی کە ڕەگەزی مێینە تێی‌دا زیاترە. چەند هۆکار پێوەندی‌یان بە لایەنی تەندروستی‌یەوە هەیە وەک لاوازی بەرنامە لە سەنتەرەکانی تەندروستی‌و نەخۆشخانەکان، هەروەها نەبوونی وشیاری تەندروستی لەنێو کۆمەڵگا لە لایەکو، لە لایەکی‌ترەوە باری تەندروستی خراپ‌و تووش بوونی منداڵ بە نەخۆشی‌و بوونی منداڵی کەم ئەندام‌و تووشبوو بە نەخۆشی درێژخایەن، هەموو ئەوانە هاندەرن بۆ ئەنجامدانی پێشێلکاری دژی مافی منداڵ‌و بارودۆخی ئەو منداڵانەی کە خاوەن گرفتی تەندروستیین‌و زۆربەیان خێزانەکانیان بە دەست هەژاری‌یەوە دەناڵێنن.

ئەوانەی کە باس کران چەند هۆکارێکی پێشێل کردنی مافی منداڵان بوو، لە درێژەی باسەکەدا ئاماژە بە هەندێ جۆری توندوتیژی دەکەین کە بە هۆی ئەم هوکارانەوە بەرامبەر منداڵان دەکرێن:

**١ـ توندوتیژی جەستەیی:**

ئەمەش ئازاردانی جەستەی منداڵە چ بەشێوەی توندوتیژی مەترسیدار یا شێوەیەکی ساکار کە کاریگەری هەیە لەسەر جەستە وەک لێدان، داغ کردن، ژەهراوی بوون، بریندار کردن‌و شکاندن کە لە خراپترین بارودۆخدا دەبێتە هۆی مردن. ئەم جۆرە توندوتیژی‌یە لەوانەیە لە کۆمەڵگادا بە ئاسایی دابنرێ، چونکە جیا ناکرێتەوە لە پەروەردەکردن، بەڵام لە ڕاستی‌دا مەترسی‌یەکی زۆری هەیە لە سەر کەسایەتی منداڵ لە داهاتوودا.

**٢ـ توندوتیژی دەروونی:**

بریتی‌یە لە مامەڵە کردنێکی خراپ لەگەڵ منداڵ لە لایەنی دەروونی‌یەوە بە شێوەی قسە کردن‌و کردەوە، وەک جنێودان، تۆقاندن، مامەڵەی سارد، هەڕەشەکردن، شکاندنەوە، گوڕاندن، جیاوازی پەروەردە لە نێوان کچو کوڕ چ لە نێوان گەورەو بچووک، لێ نەپرسینەوە، پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەنی دەروونی‌یەوە زۆر گرینگە و پێویستە پەروەردەیەکی دروست بێ‌و بە پێچەوانەشەوە زیادەڕۆیی تێدا نەبێ، چونکە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵ.

**٣ـ توندوتیژی بە شێوەی پشت گوێ خستن:**

ئەمەش بریتی‌یە لە دابین نەکردنی پێداویستی‌یەکانی ژیان وەک پشت گوێ خستنی لایەنی تەندروستی‌و بایەخ نەدان بە تەندروستی منداڵ‌و دابین نەکردنی پێداویستی گەشە کردن. فەرامۆش کردنی لایەنی خوێندن‌و فێرکردن وەک دەرهێنانی منداڵ لە قوتابخانە، جۆرێکی‌تریش لە پشت گوێ خستن هەیە وەک چاوەدێری نەکردن‌و پێ‌نەدانی سۆزو خۆشەویستی.

**٤ـ توندوتیژی سێکسی:**

ئەم جۆرە توندوتیژی‌یە لە زیادبوون دایەو کاریگەری زۆر خراپیشی هەیە لەسەر منداڵان، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ڕەوشتی کەسەکەو دوورکەوتنەوە لە بەها مرۆیی‌یەکان، ئەنجام دانی کاری خراپ لەسەر منداڵ‌و هەروەها ڕاگەیاندنیش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پێشێلکاری منداڵ لەم لایەنەوە، چونکە منداڵ لە بارێکی ناسک دایە و پێویستی بە پاراستنێکی تایبەت هەیە لەم بوارەدا. بە پێی زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان ئەو منداڵانەی توشی توندوتیژی دەبنەوە تەمەنیان لە نێوان شەش بۆ حەوت ساڵ بەرەوسەرە، کە لە زۆربەی شوێنەکاندا دەبینین منداڵان لە جێگای پیس‌و خراپ دەخەون‌و نان دەخۆن، بەمانەش مەترسی‌یەکی زۆر ڕووبەڕووی منداڵان دەبێتەوە.

ئەو شوێنانەی کە تیایاندا پێشێلکاری دژی منداڵ دەکرێت:

**١ـ لەنێو ماڵ‌و خێزاندا:**

خێزان یەکێکە لەو ڕێگایانەی منداڵ زۆر جۆری جیاواز لە زانیاری کۆمەڵایەتی‌و زانستە سەرەتاییەکان سەبارەت بە ژیان لەنێو خێزان وەردەگرێ، ڕۆڵی خێزان لە کاتی هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانەی دەیگرێتەبەر لە پەروەردەکردنی منداڵ‌و ڕێ پێشاندانی ژیان دەردەکەوێ کە لە زۆرێک لە ئامارەکان ئاماژە بەوە کراوە ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئازاردانی منداڵ لەوانەیە یەکێک بن لە ئەندامانی خێزان وەک دایکو باوک یا هەر ئەندامێکی‌تری خێزان. هەروەها جیابوونەوەو لێک هەڵوەشانەوەی خێزان هۆیەکە بۆ تووش بوونی منداڵ بە کێشەی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی کە وای لێ بکات تووشی لادان‌و تاوان بێ، چونکە بێ سەرپەرشت دەمێنێتەوە، زۆر لە لێکۆڵینەوەکان جیابوونەوە(تەلاق) لەگەڵ لادانی منداڵ بە یەکەوە دەبەستنەوە، چونکە جیابوونەوەی دایکو باوک هۆکارێکە بۆ تاوان‌و دزی‌و سواڵ کردن‌و پەنابردنە بەر ماددە هۆشبەرەکان‌و، هەروەها دەرکەوتووە کە منداڵان لە کاتی

کارکردن یا لە کاتی بێ سەرپەرشت بوونیان فێری زۆر شتی خراپو لادان دەبن. هەروها توندوتیژی نێو خێزان کاریگەری زۆری هەیە مەسەلەن کاتێک ژنێک لە لایەن هاوسەرەکەیەوە چەوساوەتەوە یا مافی خوراوە ئەوە وا دەکا دایکەکەش هەمان هەڵسوکەوت بەرامبەر منداڵەکەی ئەنجام بدات، هەروەها بێکاریو هەژاری خێزان دیسان کاریگەری هەیە لەسەری.

**٢ـ لە قوتابخانەو لە کاتی خوێندن:**

قوتابخانە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، بەڵام لەوانەیە فێری توندوتیژیان بکا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توندوتیژی‌یەی کە لە قوتابخانە بەکار دەهێنرێ بەرامبەر قوتابیان. لەبەر ئەوە زۆربەی وڵاتان سزای جەستەیی‌یان قەدەغە کردوە کە بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە چەند ساڵ لەمەوبەر ئاماژەی بەوە کردوە کە ١٢٠ وڵات سزای جەستەیی‌یان قەدەغە کردوە. چونکە ئەمە جگە لەوەی کاریگەری خراپ لەسەر منداڵ دادەنێو زۆر جار دەبێتە بێ‌بەش بوونی منداڵ لە خوێندن، کاریگەری‌یەکی خراپتری دەبێ لەسەر کۆمەڵگا کە بە پێی زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو منداڵانەی تووشی توندوتیژیو ئازار دەبنەوە گیروگرفتی زیاتریان هەیە لە بەراورد لەگەڵ منداڵانی‌تردا.

**٣ـ لە داموو دەزگا چاودێری‌و چاکسازی‌یەکاندا:**

لە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە هەشت ملوێن منداڵ لە دەزگاکانی چاوەدێریو چاکسازیدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو منداڵانەی لەم دەزگایانەدا دەژین، مەرج نیە بەهۆی نەبوونی دایکو باوکەوە بێ، بەڵکوو زۆربەی بەهۆی کەم ئەندامی یا تێکچوونی خێزان یا توندوتیژی نێو ماڵ یان بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتیو ئابووری وەک نەبوونی کە گەلێ جار ئەو منداڵانە لەو دەزگایانەدا توندوتیژی‌یان لە لایەن کەسانی چاوەدێرەوە لەگەڵ دەکرێ یان لە لایەن منداڵانی‌ترەوەو، هەروەها منداڵانی کەم ئەندام بە شێوەی‌تر تووشی توندوتیژی دەبنەوە وەک بەکارهێنانی کارەبا بۆ کۆنترۆڵ کردن لەسەر هەڵسوکەوتو پێدانی دەرمان بۆ هێورکردنەوەیان.

هەروەها لادانی منداڵ هۆیەکە بۆ ئەوەی لە ناو چاکسازیدا دابنرێت چونکە پێویستیان بە چاودێری هەیە بە هۆی بچوکیانەوە.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەست نیشان کراوە کە زۆربەی ئەو منداڵانە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ١٦ ساڵ دایە، ئەمەش تەمەنێکی مەترسیدارە بۆ تووش بوونی منداڵ بە لادان، لەو تەمەنەدا ناتوانێ باش بیر وەکاو هەست بە بەرپرسیارەتی ڕەفتاری خۆی ناکا، هەروەها لە کەم توانایی جەستەیی‌دا لەوانەیە پەنا بۆ کەسانی خراپ بەرێ کە وا دەکا هەڵسێ بە ئەنجام دانی کاری خراپ. زۆربەی ئەو مێرمنداڵانەی کە تووشی لادان دەبن لە نێوان ١٢ بۆ ١٥ ساڵی‌دان، بەڵام هەندێ لادان لە تەمەنێکی بچووک دایە واتە تەمەنی ٧ ساڵی. هەندێک پێشێلکاری لە لایەن دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت وەک مانەوەی منداڵ بۆ کاتێکی نادیار لە گرتووخانە بێ ئەوەی دادگایی بکرێ، ئەمەش کاریگەری خراپی هەیە لەسەر منداڵو، زۆر جار پۆلیس منداڵ دەگرێو توندوتیژی بەرامبەری دەکا بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات کە زۆر جار ئەو بایەخ پێنەدانەی لە لایەن دەوروبەرەوە کێشەی دەروونی بۆ دروست دەکات.

**٤ـ لە ناو کۆمەڵگادا:**

کۆمەڵگا سەرچاوەیەکە بۆ پاراستنو پشتگیری کردنی منداڵ، بەڵام لەوانەیە ببێتە شوێنێک بۆ توندوتیژی وەک توندوتیژی مافیاو پۆلیس یا کەسانی‌تری ناو کۆمەڵگا، دەستدرێژی سێکسی، جەستەییو قاچاخی ئەندامانی لەشی منداڵ بەشێکە لەوانە، لەوانەشە توندوتیژی پێوەندی بە ڕاگەیاندنو تەکنەلۆژیای نوێوە هەبێ. ئەو منداڵانەی کە لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە زیاتر منداڵانی سەر شەقامن کە گەلێ جار ڕاگەیاندن توندوتیژی بە شێوەیەکی ئاساییو زەق دەردەخا. بەکارهێنانی منداڵ بۆ کاری ئابووریو سێکسی مەترسیدارترین توندوتیژی‌یە کە ڕووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە، ئەمەش بۆ نزمی ئاستی ئابووریو نەبوونی چاوەدێری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوەو زۆر جار منداڵ لە لایەن پۆلیس یا بەرپرسانی دیکەی جێ‌بەجێ کردنی یاسا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبن، چونکە منداڵانی سەر شەقام لەبەر بچووکیو هەژاریو نەبوونی کەسێک کە پشتگیری‌یان بکات زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، لەوانەشە کچانی سەر شەقام دەست درێژی سێکسیان بکرێتە سەر. هەروەها نەبوونی چاودێری تەندروستی هۆکارێکی‌ترە کە دەبینین زۆربەی منداڵان بەدەست بەدخۆراکیو لاوازیو کورتی بالایانەوە دەناڵێنن.

**٥ـ لە کارکردندا:**

کارکردنی منداڵ دیاردەیەکی بڵاوە لە هەموو جیهاندا بە تایبەت وڵاتانی دواکەوتوو، ژمارەیەکی زۆر منداڵ هەن کە کار دەکەن هەرچەند کار پێکردنیان لە ڕووی یاسایی‌یەوە قەدەغەیە، ئەمانە لە زۆربەی شوێنەکاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەییو سێکسیو دەروونی دەبنەوە، توندوتیژی بۆ ناچارکردنیان لەسەر کارو تەمبێو کۆنترۆڵ کردن لە شوێنی کارکردنیان، بەکار دەهێنن لە لایەن کارمەندانی شوێنی کارو زۆرێک لە کچەکان خەریکی کارکردنن لە ماڵەکاندا کە زۆر جار مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێت و ئازاری جەستەیی دەدرێنو ڕووبەڕووی دەست درێژی سێکسی دەبنەوە.

لە کۆتایی‌دا شیاوی باسە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو منداڵانەی لە باروودۆخێکی دژواردا دەژینو ڕووبەڕووی پێشێلکاریو توندوتیژی دەبنەوە بریتین لە: منداڵانی کەم ئەندام، منداڵانی سەر شەقام، منداڵانی لادەر، تووش‌بووان بە نەخۆشی درێژخایەن، منداڵانی هەتیوو هەژار، پەنابەران، نەخوێندەواران، منداڵانی خێزانە لێک ترازاوەکانو منداڵانی بێ‌کەس.

سەرچاوەکان:

١: ویکیپیدیا، فارسی

٢: ڕێککەوتننامەی جیهانی مافەکانی منداڵ، پەسەندکراوی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣: ڕاپۆرتی ساڵانەی سازمانی جیهانی (فائۆ).

***





# دیمۆکڕاسی لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە

ئا: س.مووساپوور

## کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەرەستوو:

ئەرەستوو لە ساڵی ٣٨٤ی پێش زایین لە باکووری یوونان لەدایک بووە. خاوەن بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووەو باوکی پزیشکی تایبەتی پاشای مەکدۆنیا(مقدونیە) بووە. لە ساڵی ٣٦٧پ.ز، واتە لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌دا رۆیشتە ئاکادیمیای ئەفلاتوون‌و بۆ ماوەی بیست ساڵ لەلای ئەفلاتوون خەریکی خوێندن‌و توێژینەوە بوو و ڕەنگە لەوێ وانەشی گوتبێتەوە. پاش مەرگی مامۆستاکەی ئاکادیمیای بەجێ‌هێشت‌و ماوەیەک لە ئاخە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. پاشان لە لایەن پاشای مەکدۆنیاوە بۆفێرکردن‌و پەروەردەکردنی ئەسکەندەری کوڕی بۆ مەکدۆنیا بانگهێشت کرا. نزیکەی ١٢ ساڵ واتە لە تەمەنی ٣٧ ساڵی هەتا ٤٩ ساڵی لەوێی بەسەر برد. ئینجا گەڕایەوە بۆ ئەسینا و لەوێ قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی بنیات نا کە بە لسیۆم بەناوبانگە و تا تەمەنی ٦٢ ساڵی لەوێ بە وانەوتنەوەو توێژینەوەو پەروەردەکردنی قوتابیانەوە خەریک بوو. چوارچێوەی توێژینەوەکانی ئەرەستوو زۆر بەربڵاو بوون‌و بوارەکانی زیندەوەرزانی، دەروونناسی، ڕەوشت، لۆژیک، فەلسەفەو سیاسەت دەگرێتەوە. ئەو لە شێوازی ئەفلاتوونی دوور کەوتەوەو بەرەو توێژینەوەی ئەزموونی هەنگاوی ناو. بۆ نموونە دەگەڵ قوتابی‌یەکانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پتر لە ١٥٠ یاسای بنەڕەتی یا لەڕاستی‌دا ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئەنجام داوە. کتێبەکانی سیاسەت‌و ڕەوشتی نیکۆماخوسی بە گرنگترین نووسینەکانی لە بواری سیاسەت‌دا دادەنرێن. کتێبی سیاسەت باس لە شێوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت‌و جۆری سیستەمە سیاسی‌یەکان دەکاو کتێبی ڕەوشتی نیکۆماخوسیش دەربارەی زانستی ڕەوشتە. ئەم دوو کتێبە لە دوو کەناڵی جیاجیاوە لە یەک خاڵ‌دا دەگەنەوە یەک کە دەتوانین بە میانڕەویی ناوی لێ ببەین(١).

بە مەرگی لەناکاوی ئەسکەندەرو دواتر ڕووخانی حکوومەتی لایەنگرانی مەقدۆنیە لە ساڵی ٣٢٣ی پ.ز، "چونکە لەو سەردەمەدا ئەسکەندەری مەقدۆنیا لە لای خەڵکی ئەسینا خۆشەویست نەبووە، ئەرەستووش بە دۆستی ئەو دانراوە، بۆیە هەر کە ئەسکەندەر فەوتاوە، کوێرەوەریی ئەرەستوو دەستی پێ‌کردووەو خەڵکی دەستیان کردوە بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی ئەرەستوو و بە گومڕا تاوانباریان کردوە. ئەرەستووش بە ناچاری ئەسینای بەجێ‌هێشتووەو وتوویەتی: "نامەوێ دەرفەتێکی‌تر بدەمە دەست خەڵکی ئەسینا تا تاوانێکی‌تر بەرامبەر بە فەلسەفە بکەن - مەبەستی کوشتنی سوقراتە".

لە ساڵی ٣٢٢ی پ.ز. لە شاری خلقیس(خالکیس) بە نەخۆشیی کۆچی دوایی کردوە(٢).

باس کردن لەسەر ئەرەستوو و ڕوانگەو بەرهەمەکانی‌و... پێویستی بە نووسینی دەیان‌و سەدان لێکۆڵینەوەو کتێب هەیەو لە توانای ئێمەش کە تازە خەریکی گاگۆڵکەکردن لە مەیدانی زانست داین‌و کورد گوتەنی ئێستاش بۆنی شیری خاومان لە زاری دێ، بەدوورە. هەر بۆیە لێرەدا گەرەکمە قامک لەسەر خاڵێکی گرینگ لە بیرکردنەوەکانی هزری ئەرەستوو دابنێم‌و ڕوانگەی ناوبراو لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی تەنانەت جیهانی ئێستاشمان بزانم کە ئەویش ڕوانگەی ناوبراو لەسەر دیمۆکراسی‌یە. دەبێ ئەوەش بڵێم ئەوەیکە لێرەدا کۆم کردۆتەوە، لە چەند سەرچاوەیەکی بەنرخ‌و گرینگ وەرگیراوەو ئەرکی من تەنیا نووسینەوەیان بووە.

## دیمۆکراسی لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە:

دیمۆکراسی وەک زاراوەیەکی باس هەڵگرو شێوازێکی ژیانی سیاسیی لە دنیای ئەمڕۆیی‌دا هەر لە کۆنەوە جێگای باس‌و لێدوان‌و مشتومڕی گەلێک لە هزرڤانان‌و زانایانی مرۆڤایەتی بووەو زۆر مرۆڤی وریا و پێتۆڵ، لەسەری دواون‌و زۆر کتێبی بەنرخیشی لەسەر نووسراون‌و لە دنیای ئەمڕۆکەش‌دا زۆر وڵات وەک شێوازی ژیانی سیاسیی‌و سیستەمی دەسەڵاتداری‌یان کەڵکی لێ وەردەگرن. بەڵام با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە دیمۆکراسییش وەک زۆر شێوازی دیکەی ژیانی سیاسی هەروەک چۆن لە لایەن کەسانێکی زۆرەوە پشتیوانی‌و تەنانەت وەسفیش کراوە، ئەوا لە لایەن زۆر کەسیش جێگەی پەسن نەبووەو کورد گوتەنی وەبەر تیری تانەو تەشەران دراوە. ئەرەستووی زاناش یەکێک لەو فەیلەسووفە مەزنانەیە کە نێوانی دەگەڵ دیمۆکراسی خۆش نەبووە. بەڵام با بزانین ئەو بۆ؟ با سەرەتا بە کەڵک وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەک کورتەباسێک لەسەر دیمۆکراسی بکەین‌و دواتریش

لەسەر نێوان ناخۆشی ئەرەستوو و دیمۆکراسیش شتێک باس دەکەین.

دیمۆکراسی زاراوەیەکە کە لە چەمکی یوونانیی دیمۆکراسیا وەرگیراوە، کە پێشگری دیمۆس بە واتای "بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی وڵات"ە. دیمۆس دواتر بە مانای هەژارو لێقەوماو و گوندییەکانو لە ئاکامدا بە واتای "خەڵک" کەڵکی لێ وەرگیراوە. "کراسیا"ش لە کراتۆس وەرگیراوەو، بە مانای دەسەڵاتو ئۆتۆریتەو هەروەها بە واتای دەسەڵاتدارەتیو حکوومەت کردنیشە.زاراوەی دیمۆکراسیا بۆ یەکەم جار لە ئەسینا و لە سەردەمی کلیستیندا هاتە ئاراوە. ناوبراو لە ساڵی ٥١٠ی بەر لە زایین کۆتایی بە حکوومەتی هیپارکو براکەی هیپیاس هێنا و، بە پێکهێنانی چەندین چاکسازیی یاسایی، حکوومەت کەوتە دەست گوندیو هەژارەکان، ئەم حکوومەتە بە دیمۆکراسیا بەناوبانگ بوو و، "کلیستین"یش بە دامەزرێنەری دیمۆکراسی ناسرا. دواتر لە یۆنانی کۆندا زاراوەی دیمۆکراسی بە حکوومەتی گشتیو ئاریستوکراتی بە حکوومەتی چینە تایبەتەکان دەگوترا.

دیمۆکراسی بە مانای ئەورۆییو لە زمانی سیاسەتدا بە واتای "بەڕێوەبردنی حکوومەت لە لایەن خەڵک" کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەر ئەو مانایە لە لایەن ئابراهام لینکۆڵن(١٨٦٥ـ ١٨٠٩)، سەرۆک کۆماری ئەمەریکا لە ساڵەکانی ١٨٥٩و ١٨٦٤دا بەم شێوە ڕاگەیەنراوە: "دیمۆکراسی بە واتای حکوومەتی خەڵک، بە دەستی خەڵکو بۆ خەڵک".

دیمۆکراسی لەبنەڕەتدا بە واتای "حکوومەتی گشت خەڵک"ە، بەڵام چونکە حکوومەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە هەلومەرجی ژیانی ئەورۆییو بە هۆی گەورەبوونەوەی شارەکانو زۆربوونی حەشیمەتی وڵاتەکان نایەتەدی، هەر بۆیە دیمۆکراسی لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ، واتە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانو بەخشینی دەسەڵاتی حکوومەت بە دەستی ئەوان، بەڕێوەدەچێ. ئەم کەسانە کە بە پێی دەستووروو یاسا باوەکانو بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەرکی نوێنەرایەتی لەئەستۆ دەگرن، بە جێگای دەنگدەران ئایدیاکانی ئەوان بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی جێبەجێ دەکەن.

بەڵام هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوە بەڕێوە دەچن تا دەرکەوێ کە چ ئایدیاو بیروبۆچوونو چ پرۆگرامو چ حیزبێک لەنێو خەڵکدا برەوی هەیە، واتە کام یەک لەوانە بە پێی ویستو حەزی خەڵکەو، کام بیروبۆچوون توانیویەتی لەنێو خەڵکدا جێی خۆی بکاتەوە. یەکێک لە ڕێگەکانی پیادەکردنی دیمۆکراسی ئەوەیە کە ڕێز لە ئازادییە بنەڕەتییەکانو بەتایبەتی ڕێز لە ئازادیی بیروبۆچوون، ئازادییەچاپەمەنییەکان، ئازادیی کۆبوونەوەکان، ئازادیی پروپاگەندەو ڕاهێنانەکان و... بگیرێو، لە کردەوەدا جێبەجێ بکرێ. ئەگەر ئەم ئازادییانە لە دیمۆکراسیدانەبنو دیمۆکراسیش بەم شێوە جێبەجێ نەکرێ، دەبێ بڵێین کە نە ڕێز لە بیرو بۆچوونە گشتیو تاکەکەسیو حیزبەکان دەگیرێو نە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی هیچ یەک لەوانەش لە ئارادایە. بەپێچەوانەوە، بە دەستەبەربوونی هەلومەرجی دیمۆکراسی دەکرێ بگوترێ کە حکوومەتی خەڵک دەستەبەر بووە.

لە حکوومەتی دیمۆکراسیدا بابەتی زۆرینە شتێکی حاشاهەڵنەگرە. حکوومەتی خەڵک لە ڕێگەی خەڵک خۆیەوە، حکوومەتی هەموو نوێنەرانی خەڵک لەخۆ دەگرێ کە قەت کێشەو ناکۆکیەکانی خۆیان ناشارنەوەو، بیروبۆچوونی جیاواز دەخەنەڕوو بەبێ ئەوەی کە پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە بۆچوونی ئەوان، لە هەموویان باشترە. هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ کە دیمۆکراسی حکوومەتی ژمارەیە و، دەبرێ دەنگی زۆرینەیە و، قەت ئەم حکوومەتە پێک نایا، مەگەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی سەربەستانەو بە بەهای یەکسانی هەموو ڕا و بیروبۆچوونەکان بێتە ئاراوە.(٣).

باسکردن لەسەر دیمۆکراسی چ وەک زاراوەو چ وەک شێوازێکی ژیانی سیاسی، خستنەڕووی پێشینەی مێژووییو زەمینەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دیمۆکراسی، خستنە بەر باسی بنەماکانی دیمۆکراسی، نووسینەوەی ژیانو بەرهەمەکانی پێشڕەوانی بیری دیمۆکراسیو هەروەها پێناسەکردنو شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی جۆرەکانی دیمۆکراسیو... ئەو بابەتو باسە گرینگانەن کە پێویستییان بە نووسینو ئامادەکردنی دەیانو سەدان وتارو پەرتووک هەیەو کورد گوتەنی: "هەویرێکە و ئاو زۆر هەڵدەگرێ". ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکی نووسینەکەی ئێمەیە زیاتر باسکردن لەسەر باش نەبوونی پێوەندی نێوان ئەرەستوو و دیمۆکراسییە. جا چ باشتر بە کورتی باس لە هەندێک لەو ڕەخنانە بکەین کە لە لایەن هەندێک بیرمەندەوە لە دیمۆکراسی گیراون، چونکە ئەرەستووش یەکێک لەو کەسانە بووە کە ڕەخنەی لە دیمۆکراسی گرتووە.

دیمۆکراسی لە کۆنەوە بەر هێرشو ڕەخنە کەوتوە. بە گۆڕانی چەمکی دیمۆکراسی، دیارە ڕەخنەکانیشی گۆڕاون. تا پێش شۆڕشی فەڕانسە، دیمۆکراسی بە گشتی لای زانایانی سیاسی ناحەزو نابەدڵ بووە. یەکەم ڕەخنەکاری لە لایەن بیرمەندانی یوونانو بە دژی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆی یۆنانی هاتە ئاراوە. دیمۆکراسیی یوونانی کە لەسەر ئەساسی بەشداریی ڕاستەوخۆی هەموو هاووڵاتیان، لە مەجلیسو دانیشتنە گشتییەکاندا و جێگۆڕکێی مەقامەکان لە نێویاندا بوو، دەگەڵ دیمۆکراسیی ئەمڕۆ، کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیو حیزبی سیاسییە، جیاوازیی بنەڕەتی هەیە. هێرۆدۆت مێژوونووسی گەورەی یوونانی، دیمۆکراسیی یوونانی بە حکوومەتی خەڵکی نەفامو خۆپەرەستو هەژار دەزانیو پێی وابوو کە خەڵک پێویستیان بە پشتیوانیو ڕێنمایی پادشاکانە. توسیدید مێژوونووسێکی دیکەی یوونان پێی وابوو کە دیمۆکراسیی یوونانی بە سانایی بۆ حکوومەتی لاتو لووت دەگۆڕێ کە دەتوانێ خەڵکی عاقڵ بتۆقێنێو سیاسەتی دەرەکی ناعەقڵانی بگرێتەبەر.

ئەفلاتوون، حکوومەتی دیمۆکراسیی ئەسینای، بە بەرپرسی ئێعدامی سوقرات دەزانیو ... بەڕای ئەو خەڵکی ڕەشۆکی، لە ئاکاری عەدالەتو هێوری بێبەهرەنو تووشی زەوقو شەهوەتن. بەڕای ئەفلاتوونەوە، ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی

ئەندامانی ٥٠٠ کەسی ئەتینا بە پێی پشک، کارێکی بڵحانەیە. هەروەها کە ناکرێ دوکتۆر یان کابان بەپێی پشک هەڵبژێرێ، هەروەها ئەوانەش کە خاوەنی پیشەی سیاسیین، ناکرێ بەم شێوەیە کاریان پێ بسپێردرێ.(٤).

بەڵام هۆی دژایەتی کردنی ئەفلاتوون لە ئاست دیمۆکراسیەتدا، هەر تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە سوقراتی بە مەرگ مەحکووم کردوە، بەڵکوو دەشگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی ئەشرافیانەی ئەفلاتوون. واتە ئەفلاتوون سەر بە چینی ئەشرافیەکانی ئەسینا بووەو دیمۆکراسی‌یەتیش ئەو سیستەمە سیاسی- کۆمەڵایەتی‌یە بووە کە دەسەڵاتی ئەشرافیەکانی ڕووخاندو دەسەڵاتی خەڵکی باڵادەست کرد. بۆیە پێویستە بزانین بە لای ئەفلاتوونەوە ئەشرافیەت سیستەمێکی کۆمەڵایەتی گرنگەو لە پشت هەموو هەوڵدانەکانیشی بۆ ڕەخنەگرتن لە دیمۆکراسیەت جۆرێ لە ستایش کردنی ئەشرافیەت دەبینرێتەوە.(٥).

بەڵام با بزانین بۆچی ئەرەستو پێوەندی‌یەکی باشی دەگەڵ حکوومەتی دیمۆکراسی‌دا نەبوو و بە کورتی‌و بە کوردی لەبەرچی ناوبراو کەیفی بە شێوازی حکوومەتی دیمۆکراسی نەهاتووە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بڵێین کە "ئەم بابەتە وێڕای ئەوەی کە دەربڕینی تێڕوانینی ئاریستۆکراتیانەی ئەرەستوویە، بەڵام بۆ دوو هۆکاری دیکەش دەگەڕێتەوە. هۆی یەکەم کە هۆیەکی سادەو سەرپێیە بۆ کەموکووڕی‌یەکانی دیمۆکراسی دەگەڕێتەوە. دیمۆکراسی‌یەکان لەو سەردەمدا هەندێ خاڵی نیگەتیڤیان لێ بەدەرکەوتبوو کە بریتی بوون لە: ناسەقامگیری، پشێویی‌و پاشاگەردانی‌و بێ‌توانایی دیمۆکراسی‌یەکان بۆ بەرگرییکردن لە گەیشتنی فریودەرانی خەڵک بە پلەو پایە بەرزەکانی دەسەڵات. ئەمە بابەتێک بوو کە ئەفلاتوونیش ئاماژەی پێکردبوو. بەڵام جگە لەو زیانانەی کە دیمۆکراسی بەدەستیانەوە دەی‌ناڵاند، بۆچوونی ئەرەستوو و ئەفلاتوون بۆ تێڕوانینێکی گشتی‌ترو قووڵتر دەگەڕێتەوەو دەبێ لەم بەشەدا هۆکاری سەرەکی دژایەتی کردنی ئەوان دەگەڵ دیمۆکراسی‌دا بدۆزینەوە. لە ڕوانگەی ئەفلاتوون‌و ئەرەستوو وەک هەموو تێڕوانینەکانی چاخی پێش مۆدێرن بە پلەی یەکەم فەزیلەت ئامانجی ژیان بووە نەک ئازادی. ئەو ناکۆکی‌یەی کە لە نێوان فەزیلەت لە لایەکەوە و ئازادی لە لایەکی دیکەوە لە ئارادا بوو، هزرڤانانی جیهانی کۆنی بەرەو ئەوە پاڵ پێوەدەنا کە بە قازانجی فەزیلەت چاوپۆشی لە ئازادی بکەن. بە تایبەت بە سەرنجدانی ئەو بنەمایە کە تێڕوانینی پێشینان بۆ فەزیلەت پێوەندیی بە بەختەوەری گرووپی یا بەختەوەریی کۆمەڵێک دەوڵەت‌شار یا گەلەوە هەبووە. ... لەو ناکۆکی‌یەی کە لە نێوان فەزیلەت و ئازادیی لە کۆمەڵگا مرۆیی‌یەکان‌دا دەبینرا، ئەرەستووش وەک زۆربەی هزرڤانانی جیهانی کۆن لایەنی فەزیلەتی دەگرت، وێڕای ئەوەی کە فەزیلەت بە بنەمایەکی پەروەردەیی و دروشمێکی ئاریستۆکراتی کۆن دادەنرا.

ئەرەستووش وەک هەموو هزرڤانانی بەر لە چاخی مۆدێرن لە فەزیلەت‌دا بەدوای ئامانجی ژیان دەگەڕا نەک لە ئازادیی کە یەکێک لە دروشمە سەرەکی‌یەکانی دیمۆکراسی بوو. بەڵام فەزیلەت پێویستی بە پەروەردەو فێرکردن هەیە واتە فۆرم بەخشین بە کەسایەتی‌و نەریت کە ئەمەش پێویستی بە دەرفەت هەیە کەبەش بەحاڵی خۆی ئاستێک لە دارایی‌و جۆرێک لە کاری دەوێ کە دەگەڵ دەرفەت‌دا بگونجێ. بەڵام دیمۆکراسی لەسەردەمی ئەرەستوودا چۆن دەتواندرێ وێنا بکرێ جگە لە حکوومەتی زۆرینەینەخوێندەوار؟ بەم جۆرە دەبینین کە ئەرەستوو پێوەندی‌یەکی باشی دەگەڵ دیمۆکراسی‌دا نەبووە.(٦)

ئەی سیستەمی جێگای پەسندی ئەرەستوو چ بووە؟ بە سەرنجدان بە دێرەکانی پێشوو دەردەکەوێ کە ئەرەستوو نێوانی دەگەڵ دیمۆکراسی‌دا خۆش نەبووە، ئەگەر وایە لە ناوی کۆی سیستەمە جۆراوجۆرەکان‌دا کام سیستەمی زیاتر بەدڵ بووە؟

ئەرەستوو پاش باسکردن لە سیستەمە جۆراوجۆرەکان بە سەرنجدانی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمانە دەگاتە باس کردن لە سیستەمی کۆماریی(پۆلیتی) کە بە سەرنجدان بەو هەلومەرجەی لە ئارادایە، بە باشترین سیستەم دادەنرێت. لە بەرامبەر سیستەمی پاشایەتی کە بەشێوەیەکی ڕەها باشترین سیستەمە، سیستەمی کۆماری بە سەرنجدان بە مەرجەکانی جێ‌بەجێ بوونی بە باشترین سیستەم دادەنرێت. کۆماریی لەڕووی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگاو پێگەی کۆمەڵایەتی‌یەوە تێکەڵاوێکە لە دیمۆکراسی‌و ئۆلیگارشی‌و لە کۆمەڵگەیەکدا دێتەدی کە تێی‌دا چینی ناوەنجی لە هەردوو چینی دەوڵەمەندو هەژار زیاترو بەهێزترە. ئەرەستوو دەڵێ کە لە سیستەمی کۆماریی پرەنسیپی ئازادیی کە توخمێکی حکوومەتی دیمۆکراتی‌یە دەگەڵ پرەنسیپی ئاستی دارایی کە بەشێکی ئۆلیگارشی‌یە، دەگەڵ یەکتردا کۆ دەبنەوە.(٧)(لە کتێبی مێژووی هزری سیاسیی‌دا بە وردی باسی سیستەمی ئۆلیگارشی کراوە).

**سەرچاوەکان:**

(١):پۆلادی، د.کەمال، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا، و.ئازاد وەڵەدبەگی - سیروان جەبار زەندی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل ٦٩.

(٢): عەزیز، حەمید، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٦٢.

(٣): علی بابایی، غلامرضا، فەرهەنگی سیاسیی ئارەش، و. زاهیر محەممەدی ، یاسین حاجی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١٤.

(٤): بەشیریە، د.حوسێن، دیموکراسی بۆ هەمووان، و. حوسێن موحەممەدزادە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٨٦.

(٥): سیوەیلی، ڕێبوار، مێژوو و هزری کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٢٢.

(٦):سەرچاوەی ژمارە (١) ل ٨٣.

(٧): سەرچاوەی ژمارە (١) ل ٨١.

***

# خەسارناسی کەسایەتی مۆدێرن لە کۆمەڵگای کلاسیکدا





ئا: کاوە خوسرەوپوور

«فەلسەفە ئەگەر دەبێتە هۆکاری ناسین، هاوکات مەزنترین هۆکارە بۆ هەبوون».
سوقرات

پێشەکی: لەم وتارەدا، ئامانج ناسینو ئانالیزی کاراکتێرە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنیتەو کاریگەری ڕەهەندە کۆنەکانی ئەم سیستمەیە لەسەر تاک لە کۆمەڵگایەکی کلاسیکدا. بەڵێ ئەگەر فەلسەفە کاری ناسینو ئانالیزی هەموو کائیناتو چۆنیەتی هەبوونی گەردون بێ، بەڵام مرۆڤ بۆ خوی خاڵی سەرەتایەو لە خۆیەوە هەموو شتێک دەست پێدەکا. بابەتەکە لێرەوە دەست پێدەکەین ئەگەر کەسایەتییەکی نەزان کە لە ناسینی خۆیدا دەستەوەستان مابێتەوە، قەت ناتوانێ لە ناساندنی فەلسەفەدا بۆ مرۆڤەکانیتر هاوکارو پێشەنگ بێ. لەم وتارەدا زیاتر ئامانج دەرخستنو ناسینی کەسایەتییەکی نەخۆشو کاراکتێرێکە کە تووشی ئاسیمیلاسیۆنێکی فکریو هزری هاتوە. بە شێوازێک کە وەک پارادۆکسێک ئەم کاراکتێرە نوێیە لە دژایەتیدا بێ لەهەمبەر ژیان، ئامانجو ڕێگای هەبوونی مرۆڤی مۆدێرنیتە لێدراو. مەبەست لە وشەی مۆدێرنیتە لەهەر جێگایەکی ئەم بابەتەدا کاپیتالیزمو ڕەهەندە نێگەتیڤەکانیەتی. ئەوەی کە چۆنیەتی پێکهاتنی مۆدێرنیتە ئانالیزو شیکاری بکەین لەم بابەتەدا ئامانجی ئێمە نیە، بەڵکوو ئامانج دەرخستنی لەخۆ نامۆبوونی کاراکتێری شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەو چۆنیەتی نەویستن یا هەڵاتن لە ئازادیو سازدانی شێوازێک لە ئازادییە کە کەسایەتی مۆدێرن، ڕووبەڕووی بۆتەوەو مخابن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا بە تەواوەتی پەکی کەوتوە.

کەسایەتی ساخ: کەسایەتییەکە کە سەرەتا پێناسەی ئینسانی خۆی بناسێو بەسەر ڕۆح و کاراکتێری خۆیدا حاکم بێو توانای گەیشتن بە ئازادی هەبێ، یا لانیکەم لە جیهانی مۆدێرنو ڕەهەندە بە دیاری هاتوەکانی مۆدێرنیتەدا توانای خۆپاراستنی هەبێو دینامیکی تێکۆشانو خەبات لە ناخی خۆیدا بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، بۆچی کاراکتێری مرۆڤی مۆدێرن لەلایەن سیستمەوە بۆ ناسینی ڕاستەقینەی ئەم ڕەهەندانە لاوازو بێدەسەڵات کراوە؟

وروژاندنی ئەم پرسیارە بۆ ئەوەی کە لە جیهانی ئەمڕۆدا زێهنییەتی مۆدێرن وەک بنەمای ئەساسی پێشکەوتن سەیر دەکرێو پێمان وایە فاکتەری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. لە دنیای ئەمڕۆدا بەڕوونی دیارو بەرچاوە کە ئەم بیرۆکەیە لەڕاستییەوە دوورە. هەر بۆیە زێهنییەتی مۆدێرن وەک زێهنییەتێکی ئامرازی، ئینسانی مۆدێرن، نەیتوانیوە هەبوونی مرۆڤ بە شێوازێکی ڕاستەقینە بگەیەنێتە شوێنی مەبەستو کۆتایی. کەسایەتییەکی مۆدێرن جگە لە هێزێکی ئەقڵانی نوێ، ناتوانێ کاراکتێرێکی هەتاهەتایی هەبێ.

**ئەلف) ئانالیزو شرۆڤەکردنی نقوم بوونو لەنێوچوون:**

پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ کاراکتێری بەلاڕێداچووی مرۆڤی ئەمڕۆییدا، باس لە لەنێوچوونو چۆنیەتی ئەم لەنێوچوونە شی بکەینەوە. نقوم بوونو لەنێوچوونی بنەڕەتی کە بۆتە مەزنترین هۆکارو فاکتی سەرەکی مرۆڤەکانو دەرکەوتن لە مەداری ئەساسی ئینسان بوون چیەو، چ پێناسەیەکی هەیە؟

تیئۆلۆژی لە ئەزەلەوە مرۆڤ وەک تاوانبارێک پێناسە دەکا. خواردنی میوەی قەدەغە کراو لە بەهەشت، مرۆڤی کرد بە تاوانبارێکی ئەبەدیو کردی بە مەحکومێکی بەندکراو، بەڵام مۆدێرنیتە ــ کە ڕیفۆرماسیۆنی ئایینیش بەشێک لەو پرۆسێسەیە- پێچەوانەی ئەم ئیدیعایەی پێناسە کردو گوناحەکانی لە مرۆڤ داماڵی.

ئەگەر ئەزموونو هەڵە وەک زاتی مرۆڤ دابنێین، ڕێگای دۆگماتیزمو بەرپەرچدانەوەی کەسایەتی دەکەینەوە. ئەگەریش حوکم بە بێگوناحی ئینسان بدەین کە ئیدیعای مۆدێرنیتە بوونی هەیەو ئەزموونو هەڵە لە هەبوونی مرۆڤ، بێمانا لێک بدەینەوە، دەستی مرۆڤمان بۆ بێ ئەخلاقییەکی مەزن کراوە هێشتۆتەوەو ویژدانمان لە ڕۆحی مرۆڤدا کوشتوە. کەواتە بوونی ڕێگایەکی سێهەم زەروورەت پەیدا دەکا. دەتوانین لەوەها بارودۆخێکدا بڵێین مرۆڤایەتی لە خاڵێک لە زەمانو مەکاندا تووشی قەیرانی جیددی هاتوە. هەر ئەو قەیرانانەش لە درێژایی

مێژوودا کەسایەتی ئینسانی بەرەو نقومبوون لەنێو ئەزموونو هەڵە لە پاڵ گوناحو ئازارەکاندا هان داوە. وێدەچێ ئەوە ڕاستترین بۆچوون بێ لە بەرامبەر ئەو پرسەدا. سەرەڕای ئەوەش لە هەست بەرپرسایەتی کردنی تاک بۆ سازدانی کەسایەتیو هەبوونی خۆی لامان نادات، بەڵام ئەگەر تاک وەک فاکتەری سەرەکی بە بنەما وەربگرین مخابن تووشی هەڵە بووینو پیناسەیەکمان بە بنەما وەرگرتوە کە سۆبژێکتیڤە. چونکە تەنیا سوبژەی تاکە کەسێکی ئازاد ناتوانێ هۆکاری هەڵە یا گوناح یا بە پێچەوانەوە حەرەکەتی حەقیقیو ڕاست بێ.

ڕاستیو حەقیقەتی ڕەفتارێکی تاکەکەسی ناتوانێ هۆکاری جیاوازبوونی ڕەفتار بێ بە نیسبەت تاک. هەموو ڕەفتارێکی تاکەکەسی ریشەی کۆمەڵایەتی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە کە زانستی مرۆڤناسی(ئانترۆپۆلۆژی) وەها ئەزموونێک لە ئێختیاری ئێمە دانێ کە هیچ تاکێک توانیبێتی لە جەوهەری وجوودی خۆیدا لە دەرەوەی کۆمەڵگا درێژەی بە هەبوونی خۆی بدا. کەوابێ دەگەینەوە ئەو خاڵە کە ڕەفتاری تاکەکەسی خۆی ریشەی لە کۆمەڵایەتی بوون دایە. درێژەدانی هەبوون لە ئاستی تاکەکەسیشدا لە دەرەوەی کۆمەڵگا بێ واتایە کە هیچ پاساوێکی ئانتۆلۆژی نیە. ڕاستە تاک لە دروست کردنو شکڵگرتنی جڤاکدا دەوری هەیەو ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بەڵام لە بنەڕەتدا فۆرماسیۆنی کەسایەتی کۆمەڵگا پێشکەشی تاکی دەکا. واتە کۆمەڵگایەک کە فاکتەری ڕاستەقینەی جڤاک بوونی نەبێ توانای بەخشینی فۆرماسیۆنێکی کەسایەتی ڕاستەقینەی بە تاک نابێ.

دەتوانین خزینی کۆمەڵگای سروشتی کە هەزاران ساڵ بە بنەمایەکی جەوهەریو ڕاست ژیابوو بۆ نێو کۆمەڵگای هیرارشیو شارستانی وەک سەرەتای خزینی کەسایاتی مرۆڤ بناسین. لەو ڕووەوە پێویستە ریشەی لەخۆ نامۆبوونو دوورکەوتنەوە لە کەسایەتی ڕاستەقینە لە خاڵێک کە لە مێژوودا ڕوویدا بدۆزینەوە. ئەم ئیدیعایە وەک بۆچوونێک کە تیۆلۆژی لەم بوارەدا هەیەتی دواکەوتوو نیەو بە پێچەوانەی مۆدێرنیتە کە لەم بوارەدا ئیدیعای دەکا دوور لەڕاستی نیەو سووڕەتی مەسەلەکە پاک ناکاتەوە.

بەو پێیە کە کۆمەڵگای نئۆلیتیکو مرۆڤی نیئۆئاندێرتاڵ قابیلی لەنێوچوون نیە، کەوابێ ئەم هۆکارە بۆ بەهێزبوونی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش ناگەڕێتەوە، بەڵکوو وەک پێکهاتەی مەوجود لە حوجرە سەرەتاییەکان بێبوونی ئەم کۆمەڵگا سەرەتاییە پشتگوێ خراوە. کەواتە هەبوونە کۆمەڵایەتییەکانیش بێواتا دەبێ. کۆمەڵگای مۆدێرن تەنیا لەگەڵ کۆمەڵگای کۆنو کلاسیکدا واتادارە، ئەوە حەقیقەتێکە. وەک چۆن کاپیتالیزم بێبوونی پرۆلیتاریا ناتوانێ درێژە بە بوونی خۆی بدا. حەقیقەتێک نابێ لە بیر بکەین کە لە ڕوانگەی دیالێکتیکەوە کۆمەڵگای مۆدێرن بوونی خۆی تەنیا و تەنیا بەپشت بەستن بە کۆمەڵگا نیوە مۆدێرنەکانو نامۆدێرنەکانەوە درێژە پێدەدا. دەکرێ لەنێوچوون بە شێوازێکی ڕێژەیی ڕووی دابێ، بەڵام گەیشتن بە لەنێوچوونی گەورە لەگەڵ زاتو سروشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دژایەتی هەیە. لەسەر ئەم ئەساسە ئێستاش ئەو خەسڵەتانەی کە کۆمەڵگای نیوە مۆدێرن یا کلاسیک بە تاکی خۆی دەبەخشێ درێژەی هەیە. بەو پێیە کە لەنێوچوونو ئاسیمیلەکردنی کۆمەڵگای کلاسیک لە لایەن کۆمەڵگای مۆدێرنەوە وەک پرەنسیپێک بوونی هەیە. دەتوانین بڵێین کاراکتێرە ئینسانییە سروشتییەکان ئێستاش لەژێر کاریگەری مۆدێرنیتە دانو کاریگەری نێگەتیڤی خۆیان لە مۆدێرنیتە وەردەگرن.

بە گشتی ئەگەرچی مرۆڤ لە هەمبەر ئەزموونو هەڵەدا خۆی بەرپرسیارە، بەڵام ئایدیای سوبژێکتیویزمی مۆتلەق ناتوانێ ڕاست بێ. لەسەر ئەم ئەساسە پێویستە کۆمەڵگای پێشکەوتوو یا مۆدێرن لە هەمبەر سازکردنی ئەم کاراکتێرە نێگەتیڤانەدا بە جیددی ڕەخنە بگرێ. مخابن بۆچوونی فاناتیکو دوگمی «مرۆڤی گوناهکار» و هەروەها «تاکڕەوی تاکی پیرۆزکراوی لیبرالیستی» مەجالو دەرفەتی ڕەخنەگرتن بە تەواوی لەنێو دەبا، ئەو ئاستەنگییە قازانجیکی زۆر دەگەیەنێتە بۆچوونە لیبراڵیەکانو چەمکەکانی دیکەی مۆدێرنیتەدا کە خۆی لە خۆیدا هەڵگری باسو خواسێکی ترە.

**ب: پیوەندی نێوان کەسایەتیو زێهنییەت:**

هەموو چەمکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان(Social construction) کە دەگوترێ خۆیان بە بەرهەمی زێهنییەتی مرۆڤەکان نیشان دەدەن، بە پێچەوانەی ئەم وتانە کە دەگوترێن دەستو لاقی کۆمەڵگان. ئەگەر وابوایە جیهانی ئێستا زۆر جیاوازتر دەبوو لەوەی کە هەیە. هەموو پێکهاتەکانی گرینگی مێژوو، هەروەها قۆناغەکانی سازبوونو میکانیزمەکانیان لەسەر بنەمای ئیرادەو زێهنییەت پێک هاتوون، خەسارناسی کەسایەتی مۆدێرن دەکرێ بە زێهنییەتەوە گرێ بدەینەوە. کەسایەتی گەندەڵ، تێکدەرو نێگەتیڤو ناسالم خۆی بەشێک لە جەستەی کۆمەڵگایە. ئەم کەسایەتییە ئەگەر زۆریش کۆمەڵایەتی بێ، بە دڵنیاییەوە لەژێر کاریگەری لیبراڵیزمی تاکڕەودا بەرەو پاسیڤبوونو ئاسیمیلەبوون هەنگاو دەنێ، ئەگەر بتوانین ئەم کاراکتێرە باش شرۆڤە بکەین دەتوانین وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانمان بدۆزینەوە.

زێهنییەتگەلێک کە کاریگەریان هەیە لەسەر سازبوونی کاراکتێرێکی مۆدێرن.

**١ـ زێهنییەتی ئۆبژێکتیڤ:**

ئەم زێهنییەتە ئۆبژە سازەو دژایەتی تەواوی لەگەڵ مێتافیزیک هەیە. ئەو کەسایەتییە کە لە هەمبەر کۆمەڵگا، کاراکتێرە کە هەتا سەر ئێسقان پاوانخواز(دیسپۆتیست)ەو بە ئاسانی کۆیلایەتی قەبووڵ دەکات. نموونەی ئەم کاراکتێرە لە سۆسیالیزمی ڕیئاڵدا هەیە، هەر بە هۆی ئەم سیستمەوە بوو کە خۆی بوو بە میکانیزمی دەسەڵاتو پرۆلیتاریا کە بەڵێنی ئازادیو ڕزگاری پێدا بوو، لە بەرانبەردا مرۆڤی ئۆبژێکتیڤی نێو سۆسیالیزمی ڕیئاڵ لە هیچ گیانبازیو فیداکارییەک تەنەخی نەکرد، بەڵام ئەم جارە بوو بە کۆیلەی سیستێمکی نوێو کۆیلەی سۆسیالیزمی ڕیئاڵ. کاراکتێری ئۆبژێکتیڤیست چونکە زیاتر لەسەر زێهنییەتی فیزیکی هەڵوەستە

دەکا ئیرادەی لاوازەو لە بەرانبەر ئەم لاوازی‌یەش‌دا کاراکتێری ئاماژە پێدراو هەتا سنووری کۆیلەبوون‌و بوون بە ئامرازو کالا پێش دەخا. هەڵاتن لە بایەخە ئەخلاقی‌یەکان‌و ڕەوایی‌دان بەهەموو دژکردەوەیەکی نێگەتیڤە لە بەرامبەر مرۆڤەکانی‌ترو بەگشتی هەموو کۆمەڵگا بەرهەمی ئەم زێهنییەتەیە. پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی لە زێهنییەتێکی شرۆڤەکاردا دەدۆزێتەوەو کەسایەتی بەرژەوندی‌خواز بەرهەمی ئەم مێشکە شرۆڤەگەرەیە کە لە دەرەوەی بەرژەوندی‌یە ماتریالەکانی خۆی هیچ سنوورێک ناناسێ. وەها کاراکتێرێک دوورە لە ئەخلاق‌و سۆزی ئینسان‌بوون لەنێو کۆمەڵگادا. واتە ئەو بوونەوەرە کە بۆمبی ئەتۆمی ساز کرد، دەکرێ وەک نموونەی تازەی لۆیاتانێکی کۆن پێناسە بکرێ کە بە میکانیزمی مێشکی شرۆڤەکار لەلایەن مۆدێرنیتەوە پێشکەش بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کراوە.

**٢ــ زێهنییەتی سۆبژێکتیڤ:**

جەوهەری سۆبژێکتیڤیزم پەیوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە سروشت‌و سۆزداری‌یەکی بێ سنوورە لە بەرامبەر سروشت بە گشتی. کاراکتێرێکی سۆبژێکتیڤ سەرەڕای خاڵە پۆزەتیڤەکانی‌و پەیوەندی لەگەڵ سۆزە عاتفی‌یەکان لە کۆتایی‌دا ڕێگای زێدەڕۆیی دەگرێتە بەرو تووشی خۆشەیدایی دەبێ‌و لە کۆتاییش‌دا خۆپەرست. سۆبژێکتیڤیزمی ڕووت‌و پەتی ناتوانێ کاراکتێری پۆزەتیڤ ساز بکا، بەڵکوو دەیکا بە کەسایەتی‌یەکی ئاگۆئێست، چونکە ئۆبژە گەورە دەبینێ‌و پیرۆزی دەکا. بەم پێیەش بە ئەنجامدەری کار پیرۆزی دەبەخشێ کە دەتوانێ ببێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ تاکو لەئاکامدا کەسایەتی‌یەکی خۆپەرەست‌و بێ‌ئیرادە بەرهەم بێنێ. جێگای ئاماژەیە کە پەیوەندی نێوان کەسایەتی‌و زەین دوو لایەنەیە.

**ج) دەسەڵات‌و پەیوەندی لەگەڵ کەسایەتی:**

کاتێک پەیوەندی‌یە کاناڵیزەکراوەکانی دەسەڵات تا ئاستی بچووکترین پێکهاتەکانی کۆمەڵگا پەرەیان ئەستاندبێ، ئایا دەتوانین باس لە ساخڵەم بوونی کەسایەتی بکەین؟

هێزو دەسەڵات گەندەڵی لەگەڵ خۆی بە دیاری دێنێ. گەندەڵی ئەو لایەنەیە دزێوە لە کەسایەتی مرۆڤە کە ئەمڕۆ سەرانسەری کۆمەڵگای داگرتوە، هۆکارێکە کە نیزامی دەسەڵات خواز بە زانابوون لە هەموو ئاستێکدا پەرەی پێ‌داوە. دەتوانین بڵێین کە هیچ تاکێکی کۆمەڵگای مۆدێڕن نییە کە لەگەڵ چەق بەستوویی ئاشنا نەبێ، چونکە سیستمی ئاماژە پێدراو بوونی کەسایەتێکی ئازاد بە هیچ شێوازیک قەبووڵ ناکا. مخابن ئەوە بەرهەمی زێهنییەتی ستاتۆخوازی دەسەڵاتدارەتی‌یە کە بوونی کاراکتێری ئاڵتێرناتیڤ لە هەمبەر خۆی پێ هەزم نابێ. لە بەرانبەردا کاراکتێری ئازاد دژکردەوەکانی سیستم وەک سەکۆیەک بۆ فڕین بە بنەما وەردەگرێ. چونکە لە بنەڕەتڕا هێزی ئانالیزکردنی ڕاستەقینەی هەیە و دەتوانێ ڕەهەندەکانی سیستمی دەسەڵاتدار بناسێ، بەڵام کەسایەتی لاواز بەردەوام خۆی تەسلیمی سیستم دەکاو لە هەوڵی گەیشتن بە بەرژەوندی‌یە ماتریالەکان‌و فیزیکی‌یەکانی خۆی دایە. هەربۆیە تا سەر ئێسقان کۆیلە دەکرێ‌و کاراکتێرێک لەدایک دەبێ کە لە بەرانبەر چووکەترین گوشارو ئاستەنگی سیستمی دەسەڵات‌دا خۆی دەدۆڕێنێ. کارەسات لەو کاتەوە دەست پێ‌دەکا کە ئەوین ئاوێتەی ستاتۆخوازی‌و دەسەڵات دەبێ. بەرهەمەکەی کۆیلایەتی‌یەکی بێ‌سنوور دەبێ. ئەوینی جۆراوجۆرو ڕەنگین، بەرهەمی مۆدێرنیتەو سیستمی شارستانییەتە. لە کۆتایی‌دا ئەم ئەوینە ئاوێتەی دەسەڵات دەبێ، لە ئاکامدا بەرهەمەکەی دەسەڵات‌خوازێکی بێ‌سنوورە، کەواتە ئەوینێک کە لە کۆمەڵگای مۆدێرن‌دا خۆی پێناسە دەکا ئاوێتەیە بە گەندەڵی‌و کۆیلە بوون. فریدریش ویلهێلم نیچە فیلسووفی مەزنی ئاڵمانی لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی‌دا بەناوی «ئیرادەی گەڕانەوە بۆ هێز»دا بە باشی شرۆڤەی وەها ئەوینێک دەکا. بەداخەوە ئەوینێک کە لە کۆمەڵگای مۆدێرن‌دا خۆی دەنوێنێ بە جێگای ئەوینێکی پیرۆز، زیاتر وەک بێ‌ئەخلاقێکی مەزن دێتە بەرچاو. چونکە کاراکتێری مۆدێرنی ئێمە ناتوانێ ئەم ئەوینە لە سەرووی پەیوەندی‌یەکی ڕەگەزی(سێکسی)یەوە ببینێ، کەواتە کەسایەتی‌یەکی مۆدێرن ناتوانێ هیچ پەرژینێک لەنێوان سێکس‌و ئەوین‌دا بکێشێ. کەسایەتی مۆدێرن بۆ ئەوەی خۆی بە قەناعەت بگەیەنێ نیزامی حەقیقەت تێک‌و پێک دەدا. بە گوێرەی خواستەکانی خۆی پێناسە بۆ حەقیقەت دەکا. وتەیەک هەیە کە دەڵێ: «حەقیقەت هێزەو هێزیش حەقیقەتە».

کاراکتێرێکی گەندەڵ هەموو بەهاکان فیدای ویستە بێ‌سنوورە تاکە کەسی‌یەکان دەکا، ئەمە بەرهەمی چێژ وەرگرتن لە گەیشتن بە ستاتۆ بوونە. چێژی دەسەڵاتداری بە گشتی لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی مۆدێرنیتەدا بەرهەم دێ‌و خۆی بەردەوام دووبارە دەکاتەوە.

**د) ڕەگەز و کەسایەتی:**

شێوازی ڕوانینی تاک بە مژاری ڕەگەزی، بێ‌گومان سەرەکی‌ترین فاکتەرێکە کە نۆرمە گرینگەکانی کەسایەتیمان پێ‌دەناسێنێ. زەلیل‌بوونی مرۆڤ لە گۆڕەپانی ڕەگەزپەرەستی‌دا بێ‌گومان هۆکارێکە بۆ دەرخستنی زێدەخوازی‌و خۆمەزن دیتنی ڕەگەزخوازانە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ هەبوونی خۆی لە داگیرکاری سێکسی‌دا بدۆزێتەوە. دەتوانین بڵێین کە ڕەگەزخوازیی مۆدێرن کە بنەمای تێئۆلۆژی‌خوازانەی لە پشتەوەیە، مرۆڤایەتی بە بوونەوەرێکی مەسرەف‌خوازی ڕەگەزی گۆڕیوە.

ئینسانی مۆدێرن‌و دابڕاو لە سروشت، تەنیا ویستە سێکسی‌یەکانی خۆی لە چوارچێوەی شێوازگەلێک لە هەڵس‌وکەوت‌و نوێ‌خوازی‌دا ڕەنگ دەکاو واتایان پێ‌دەبەخشێ‌و بە نیسبەت بوونەوەرەکانی دیکەی نێو سروشت، پێی وایە جیاوازتر لەوانە. جەوهەری بنەڕەتی ئەو هەڵس‌وکەوتە جۆراوجۆرە ڕەگەزی‌یە گەیشتنە بە چێژی سێکسی بە هەر نرخێک. لە گۆڕەپانی هونەرو ئەدەبیاتی مۆدێرنیش‌دا ئەم ڕاستی‌یە بەڕوونی دێتە بەر چاو کە مەخابن پڕە لە کاراکتێری بە لاڕێ‌دا چوو. لە فەزای سینەما، پەرتووک، گۆڤارە جۆراوجۆرەکان‌و ڕۆژنامەکانیش‌دا دەبینین زیاتر بە سێکس‌و هەوەسگەرایی خەملیوە.

لەڕاستیدا دەبینین کە هونەری مۆدێرن، خاڵی ناوەندی هەڵچوونی ڕۆحی کەسایەتی مۆدێرن، لە ڕیفلێکسە ڕەگەزخوازەکاندا پیشان دەدا تا ڕادەیەک کە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگای کلاسیک ئاهەنگی لەنێوچوون و ئیزۆلە بوونیان لێرەوە دەست پێدەکا.

ئەمڕۆکە مۆدێرنیتە لە پرەنسیپەکانی خۆیدا بەهیچ شێوەیەک ئەخلاق بە بنەما وەرناگرێ. بەڵکوو وارسکە(غریزە)، لە پێکهاتنی کەسایەتی دەوری سەرەکیو ئەرێنی دەگێڕێ. دوو پرسیار لێرەدا دێتە ئاراوە:

١ـ گەلۆ لە پارادۆکسی «وارسکەـ ئەخلاق»دا مرۆڤی کلاسیک دەتوانێ کامیان بە بنەما وەربگرێ بۆ هەرمان؟

٢ـ شێوازی لەدایک بوونی کەسایەتی لە جیهانی مۆدێرندا چۆن دەتوانێ ئەخلاقگەرایی مرۆڤ کە هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی گەیاندۆتە قۆناغی نوێ دەرباز بکا؟

پرۆسەی سازکردنی کاراکتێر لە سیستمی مۆدێرنیتەو ستاتۆخوازدا، نەتەنیا لەسەر بنەمای گەیاندنی بە هەرمانە، بەڵکوو لەسەر ئەساسی ڕەگەزیو زەینییەتی داگیرکارانەی ڕەگەزپەرەستانە بنیات نراوە.

پرۆسەی لاوازکردنی کۆمەڵگای کلاسیک لەلایەن سیستمی مۆدێرنیتەوە دەتوانێ بەڕوونی ئێمە بە ناسینی ئەم حەقیقەتە ئاشنا بکا. بۆوێنە پێویستە بە وردی شرۆڤەی پرۆسەی بەخشینی کەسایەتی لە لایەن دەسەڵاتەوە بە ژنان بکەین. دەسەڵات هەتا کۆمەڵگا وەک ژن لاواز نەکا، ناتوانێ لە هەبوونی خۆی دڵنیا بێ. بە تایبەت تێکشکانو ڕووخانی کەسایەتی ژن. لێرەدا مەبەست بە گشتی لە ژنانە وەک چینی ئازارچێشتووی کۆمەڵگای کلاسیکو وەک ئامرازێکی تەکنیکی بەدەست سیستمە داپڵۆسێنەرەکانەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤیان بە تایبەتی بەسەر پیاوانو بە گشتی بەسەر هەموو کۆمەڵگاوە هەیە.

ئەگەرچی فاکتەری ڕەگەزی(ژن یا پیاو) لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی سروشتییە کە بەرهەمی کامڵبوونو سروشتە، بەڵام شکاندنی ڕەگەزی بۆتە هۆکاری سەرەکی بە لاڕێدا بردنی مەسیری پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکان.

چونکە لە کۆتاییدا هەرکام دەبن بە ئاڵتێرناتیڤی لەنێوبردنی ڕۆحی یەکتری. بەداخەوە ژنان لە کۆمەڵگای کلاسیکدا وەبیریان نایەتەوە کە چیان لە کوێو چۆن لە دەست داوە ؟! بۆیە ژن بوون لەم بارودۆخە نالەبارەدا وەک قەدەرێک قەبووڵ دەکەن یا بە پرۆسەیەکی تەواو سروشتی دێننە ئەژمار.

هـ) پەرێشانی، بێ ئۆقرەیی و نیهیلیزم

کاراکتێرێک کە مۆدێرنیتە ریشەی لە ناخیدا داکوتاوە، تا ئاستێک خۆبەزل زانە کە لە یەک ڕۆژدا کەسایەتی مۆدێرن لەخۆیدا ساز دەکا یا خۆی وەک ئۆستوورەیەک دەبینێ. هەڵبەت مێتۆلۆژێکی مۆدێرنو، ڕۆژی دواتر ... لە بێهیوا بوونو «استرس»دا خۆی دەدۆزێتەوە. لەم کاتانەدا دەست دەکا بە تێکشکاندنی خۆی لە بواری سایکۆلۆژییەوە جاری وایە دەگاتە ئاستێک کە مەرگی فیزیکیش بۆ خۆی بە دیاری دێنێ، بۆ ئەوەی کە لە پووچگەراییو چارەنووسگەرایی ڕزگاری بێ. ئەم توێژە پووچگەرایە لە ڕواڵەتدا بێزیانن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کاراکتێرێکی زۆر نێگەتیڤو تێکدەریان هەیە. چونکە لەسەر بنەمای باوەڕە پووچگەراکانیان، خۆیان لە ژێر باری بەرپرسیارەتی لە هەمبەر خۆیانو کۆمەڵگا دەرباز دەکەن. مەخابن ئەم گرووپە لە پارادۆکسی ڕەهەندی مۆدێرنیتەـ کلاسیکدا ژمارەیان لە هەموو گرووپەکانی دیکە زیاترەو ڕۆژانەش لایەنگریان زیاتر دەبێ.

پووچیو ئاستی تینوو بوونی کاراکتێری پووچگەرا، ئەو لە هەرچی بایەخی ئەخلاقیو ئینسانییە دوور دەکاتەوە. ئەو کەسایەتییە ڕێک جێگرەوەو ئاڵتێرناتیڤی کەسایەتی بەهێزو بە ئیرادەیە کە بۆ گەیشتن بە واتای ژیانو هەبوونی ڕاستەقینە دەست بۆ هەر شێوە ئینسیاتیڤو ڕیفۆرمێک لە کاراکتێری خۆیان دەبنو لەم ڕێگایەدا بە جەسارەتێکی گەورەوە هەموو بەهاکانی ئەم ڕیسکە لە ژیانیاندا قەبوول دەکەن.

سەرچاوەکان:


١: نقد عقلی علمی. امانوئیل کانت
٢: کتاب آسمانی انسان پیروز خواهد شد. ادیک فروم
٣: گریز از آزادی. ادیک فروم
٤: تاریخ فلسفه غرب. رجینالد هالینگ دیل
٥: جامعەشناسی، آنتونی گیدنز
٦: ارادەی معطوف به قدرت. فردریش نیچه


***



خوێنەرانی ئازیز، ئەم نامەیە وەخوێننو بیری لێبکەنەوە داخوا تۆ بڵێی ڕۆژێکیش بۆ ئێمەمانان نەیەتە پێش! کە چاوی لێدەکەی هەم لە نێوەڕۆکدا زۆر جالبو هەمیش شێوەی نووسینو داڕشتنی، لە سەرەتادا کە دەیبینی پێت خۆش نیە دەستی لێهەڵگریو حەتمەن درێژە بە خوێندنەوەکەی دەدەی، بەڵام دەبێ دوو جار وەخوێندرێ. بە هۆی جالب بوونیەوە وەرمگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، تا ئێوەی ئازیزیش کەڵکی لێوەرگرن:

## نامەیەکی سەرسووڕهێنەر

ئەمە نامەی بازرگانێکە بە ناوی «پائۆلۆ» بۆ خێزانەکەی بە ناوی «جولیا» کە لەسەر داوای ویی چووە بۆ سەفەرێکی تیجارەتیو لەوێ ڕووداوێکی بۆ دێتە پێش کە ناچار دەبێ نامەیەک بۆ خێزانەکەی بنووسێ، بە شێوەی خوارەوە:

جولیای ئازیزم سڵاو

باشترین ئارەزووت بۆ بە ئاوات دەخوازم ژنە دلۆڤانەکەم. هەروەکی پێش بینی
دەکرد، سەفەرێکی خۆشم بوو. لە ڕۆمدا هاوڕێگەلێکی زۆرم پەیدا کردوون کە دەگەڵ واندا
دەکرا، بەرگەی مەترسیە جۆراوجۆرەکانی سەفەرو هەروەها خەمی دووریەکەت
بگرم. لەم مەسیرە دووڕودرێژەو کۆنبوونی کەلوپەلی سەفەرەکە
بە تەواوی ئازاری دام. پاش گەیشتن بە ڕۆم، چەند پیاوی گەنج
خۆیان گەیاندە لام و بەدەم قسەکردنەوە ئاشنا بووین. ئەوان
کە خەبەرداری بارودۆخی لەباری ماڵیو شوێنە شازەکەم لە ونیزدا بوون،
لوتفێکی زۆریان دەگەڵ کردمو تەنانەت منیان لە چنگ خراپەکارانێک کە
تەمایان لە ماڵو گیانم کردو خەریک بوو بمکوژن.
ڕزگاریان کردم. هەر ئێستا یەکێک لە هاوڕێ زۆر باش و ئازیزەکەم
"ڕۆبێرتۆ"، کە یەکێک لەو پیاوە گەنجانەیە، ئەنگوستیلەکەمی بە ئەمانەت وەرگرتووە
و بە تەحەممول کردنی ئەو ڕێگا دوورە دەی هەوێ خۆی بگەیەنێتە ماڵەکەمان
تا بە نیشان دانی ئەو ئەنگوستیلەیە پێت، باوەڕی پێ بکەیو جەعبە ئاڵتوونەکانی
منت لێ وەرگریو بۆ منیان بێنێ. هاوکاری بکە تا جەعبەکەی
منت لێوەرگرێ. خاترجەم بە کە ئەو، جەعبە بەنرخەکەی ئاڵتوونەکان
لە تۆ دەگرێو دەی هێنێ بۆ من، دەنا وێدەچێ هەڵپەرستێکیتر جەعبەکە
دەدزێو دەگەڵ بوونە خاوەنی هەموو ئاڵتوونەکان، منیش لە ڕۆم دەکوژێ،
کەواتە مەی گنخێنە و، دەست بەجێ پاش بینینی نامە و کلکەوانەکەی من لە ونیز.
مەسەلەکە بە براکەت بڵێو داوای لێبکە کە لەم کارەدا هاوکاریت بکا،
چونکە تەنیا مارکۆ شوێنی جەعبەکە دەزانێ. نیگەرانی دزی دوایەش مەبە.
دڵنیا بە پۆلیس قۆڵ بەستی دەکاو هێندەی ڕادەگرێ تا دەگەڕێمەوە.

نامەکەتان خوێندەوە؟!

بەڵام باشتر وایە ئەم خاڵە زۆر گرینگەتان لەبیر نەچێ کە پائۆلۆ بەرلە سەفەرەکەی بۆ ڕۆم دەگەڵ جولیادا قەراریان دانا کە لەم ماوەدا هەر نامەیەک کە بەدەستی گەیشت ناوە ناوە(یک خط در میان) بیخوێنێتەوە تا لە مەبەستە ئەسڵیەکە دەگاو پەی پێ دەبا.

وەرگێڕان لە فارسیەوە: خاڵی مەهسا

# کەونە Z

## شارستانی دەڕەشار



ئا: هەژیر عەبدوڵڵاپوور




دەرەشار لە سەردەمی عیلامییەکاندا، پێتەختی هاوینی ئەو حکوومەتە بووەو لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە باری بەرەوسەندندا گەیشتۆتە چڵەپۆپەو بۆتە هاوینەهەواری میرو گەورەپیاوان. ئەم شارە دەکەوێتە تەنیشت وێرانەکانی شاری مێژوویی سەیمەرەو لەهەر دووک لای رووباری دەرەشار، هەڵکەوتووە. ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی کە زیاتر لورنشینە، زیاتر گۆرانیو مووسیقای لوری برەوی هەیە کە لە جۆرەکانی بەزمیو رەزمیو حەماسیو ... دا پێشکەش دەکرێن. وەک جۆرێک گۆرانی بە ناوی «سایر خوونی» کە ئاهەنگێکی خەمناکو کزە لە جەرگەوە هێنە و بە زاراوەی لوری دەوترێ.

دەوروبەری دەرەشار بە زەویو زاری بەراو و دێمو خاکێکی بەپیتو بەرەکەت دەورە دراوە. مووچە و مەزرای دەرەشار بەهۆی رووبارەکانی سەیمەرە، سیکانو کانیاوەکانی ئەو دەڤەرەوە ئاودێر دەکرێ. لە مووچەو مەزرای ئاوایییەکانی دەرەشار وێرای چاندنی برینج، گەنمو جۆ، بێستانو سەوزەش بەرهەم دێ. گرینگترین بەرهەمی تەرەکاری یان بەرهەمی بێستانی دەرەشار، خەیارە کە زۆر بەناو بانگە. ئەم شارستانە لە دوو بەخشی ناوەندیو بەدرە پێک هاتووە. خەڵکی نێو شاری دەرەشار زیاتر بە زمانی لوریو کوردی قسە دەکەن، بەڵام خەڵکی بەخشی بەدرە بە زمانی کوردی دەدوێن. ئەم شارستانە بەهۆی ئەوەیکە لە تەنیشت کێوی کەور یان «کبیر کوە»و ئاسەوارەکانی شاری کەونارای ماداکتۆ و رووباری خرۆشانی سەیمەرە هەڵکەوتووەو هەروەها بەهۆی بەرمێن بوونی کشتوکاڵو بوونی ئاوی زۆرو لەوەرگە و لێرەواری چڕ، خاوەنی ئاسەواری دیەنی مێژووییو سروشتی زۆرە. گرینگی مێژوویی دەرەشار بەرادەیەکە کە مێژووناسان وەک یەکەم شاری مێژوویی سەردەمی ساسانی ناوی دەبەن.

### هەڵکەوتی جوغرافیایی

شارستانی دەرەشار، لە باری درێژی جوغرافیاییدا کەوتۆتە نێوان خولگەی ٤٧ دەرەجەو ٢٢ خولەکو لە باری پانی جوغرافیاییشدا کەوتۆتە نێوان خولگەی ٣٣ دەرەجەو ٨ خولەکو ٦٥٠ میتریش لە ئاستی دەریاوە بەرزە. شاری دەرەشار لە ١٤٢ کیلۆمیتری شاری ئیلامو لەسەر جاددەی ئیلام بۆ پولدوختەر هەڵکەوتووە. ئاووهەوای ئەو دەڤەرە فێنکو وشکو زۆرترین پلەی گەرما لە هاویندا دەگاتە ٤٢ پلە. بارینی باران بە شێوەی نێونجی دەگاتە ٣٥٠ میلیمیتر لە ساڵدا. شارستانی دەرەشار لە باکوور تا باشووری خۆرهەڵات لەگەڵ شیروانو چەرداول لە پارێزگای ئیلامو کوهدەشتو پولدوختەر لە پارێزگای لورستان، لە باشوور تا باکووری خۆراواش لەگەڵ ئاودانان، دێهلوران، مێهرانو ئیلام دراوسێیە. رووبەری گشتی شارستانی دەرەشار ١٤٨٠ کیلۆمیترە کە بەپێی دابەشکاری لە ئاستی وڵاتدا لە سێ بەخشی: بەدرە، ماژینو ناوەندی یان مەرکەزی پێکهاتووە.

### پێشینەی مێژوویی

لەوانەیە ناوی دەرەشار لە رووباری سەیمەرەوە وەرگیرابێ، کە ئەم رووبارە پێش ئەوەی بگاتە پارێزگای ئیلام، ناوی «گاماسب»ە و لەو پارێزگایەدا بە سەیمەرە ناوی دەبەن. مێژووزانان باس لەوە دەکەن کە لەبەر ئەوەیکە دەرەشار لە تەنیشت رووباری سەیمەرەو لەنێو

یەکێک لە دۆڵ یان دەرەکانی رشتە کێوی کەوردا هەڵکەوتووە، ناوی دەرەشاری لەسەر دانرابێ. شاری مێژوویی‌و باستانی دەرەشار، لە سەردەمە جیاوازەکاندا، چەندین جار کاول‌و ئاوەدان کراوەتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی وێران بوونی ئەو شارە، بە هۆی هێرش‌و شەڕانخێوی سپای ئاشوورو عەرەبەکانەوە بووە. بەپێی بۆچوونێکی دیکە، دەرەشار هەمان شوێنی شاری کەونارای «ماداکتو» پێتەختی عیلامی‌یە. عیلامی‌یەکان کە لە سەردەمی کەوناراردا، حاکم‌و دەسەڵاتداری کێوەکانی لورستان بوون؛ دەستیان بەسەر ئەو دۆڵەی کە ئێستا دەرەشاری تێدا هەڵکەوتووەو هەروەها رێگەی گەورەی پێوەندیی ئەو ناوچەیە لەگەڵ دەوروبەر داگرت‌و بیناگەلێکی قایم‌و قۆڵیان تێدا دامەزراند کە ماداکتو پێتەختی دووەمی ئەوان، یەکێک لەو بینایانەیە. وێدەچێ دەرەشار یەکەم شاری عیلامی بووبێ کە لە ئاکامی هێرشی «بانی پاڵ» پاشای ئاشووری‌یەکان‌دا کاول بووبێ‌و خەڵکەکەی قەڵتوبڕ کرابێتن. لە دۆڵی سەیمەرەدا، پاشماوەی کەلاوەکانی سەردەمی ساسانی بەرچاو دەکەون. ئاسەواری چوارڕێیەکان، کۆڵان‌و پیادەڕەوەکان بەو نەزمە تایبەتەی کە لە شارسازی ئەو سەردەمەدا باو بووە، هەروا ماون. ئەو سککانەی کە لە کەلاوەکانی دەرەشاردا دۆزراونەتەوە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی خوسرەوی سێیەم‌و جێنشینەکانی. دەوترێ کە دەرەشار لەو سەردەمانەداو لە کاتی ئاوەدان بوونی‌دا زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار ماڵ بووە. یاقووت حەمەوی سەبارەت بە دەرەشار دەنووسێ: «شارێکە لە ناوچەی جەبەل بەرەو خووزستان کە ئاوەدانەو خاوەنی ئاو و میوەگەلی جۆراوجۆرە».

ئێستاکە شاری دەرەشار کە لە داوێنی کێوی کەورو لە تەنیشت کەلاوەکانی شاری باستانی سەردەمی ساسانی‌و رووباری خرۆشانی سەیمەرە هەڵکەوتووە، بە دارابوونی خاکی بەپیت‌وبەرەکەت بۆ کشت‌وکاڵ، سەرچاوەی ئاوی دەوڵەمەند، لەوەرگەی سەرسەوزو لێڕەواری چڕ، وەک یەکێک لە شارە باستانی‌و




گرینگەکانی پارێزگای ئیلام دەژمێردرێ.

سەرەڕای ئەوەیکە شارستانی دەرەشار خاوەنی ئاسەوارگەلی باستانی زۆرە، بەڵام هێشتا بەرنامەیەکی شیاو و رێکوپێک بۆ نۆژەنکردنەوەو پاراستنی ئەم ئاسەوارانە لە لایەن بەرپرسانی پێوەندیدارەوە نەخراوەتەڕوو و هۆکارگەلی وەک ئەنجامدانی کاری وەرزێری لە ناو ئەو ئاسەوارانەو کەڵک وەرگرتن لێیان وەک هۆڵە مەڕ و کادێن لە لایەن وەرزێرانەوەو چاک کردنەوەی ناشیانەی ئەم بینایانەو لەوانەش گرینگتر بە تاڵان بردنی ئەم ئاسەوارانە لە تاڵانچی‌یەکان‌و هەندێ لە دەست‌وپێوەندەکانی رێژیم، ئەم شوێنەوارانە بەرەو کاول بوون‌و تیاچوونی زیاتر دەچن‌و زۆر دوور نی‌یە کە تا داهاتوویەکی نزیک شتێکی ئەوتۆیان لێ نەمێنێتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین ژمارەیەک لەو ئاسەوارە مێژوویی‌یانە ناو بەرین:

### شاری مێژوویی سەیمەرە:

شاری مێژوویی سەیمەرە، کە گەورەترین حەوزەی مێژوویی لە ئاستی پارێزگای ئیلام دایە، زیاتر لە ٢٠٠ هێکتارەو کەوتۆتە ١٣٥ کیلۆمیتری لای خۆرئاواو باشووری خۆرئاوای دەرشارەوە. ئەم شارە بە پێشینەی ١٤٠٠ ساڵەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانی‌یەکان‌و لە باری گرینگی‌و بایەخەوە بێ وێنەیە. ئەم شارە مێژوویی‌یە خاوەنی بورجی نیگابانی، خیابان‌و سیستمی زێراب بووەو هەندێک شوێنەوارناس پێیان وایە کە ئەم شارە بەهۆی بوومەلەرزەیەکەوە لە ساڵی ٣٣٤ی‌کۆچی مانگی‌دا، کاول بووە. لە ماوەی ٩ جار کۆڵین‌و توێژینەوەلەم شارەدا، گێچ بڕیگەلێکی دەگمەن لە بیناکانی ئەم شارە مێژوویی‌یە وەدەست هاتوون کە لە جۆری خۆیان‌دا بێ وێنەن. ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی ساسانی‌یەکان‌و ناوەندی ویلایەتی «مێهرجانقەزەق» یان «مێهرجانکەدەک» بووە.

پێویستە بگوترێ کە کەور یان کەبیر کوە دوو ناوەقە یان دوو حەوزەی گەورەی جوغرافیایی لە خۆرئاوای ئێران بە ناوەکانی پشتکۆ و پیشکۆ پێک هێناوە کە زۆربەی لێکۆڵەران‌و مێژووزانان، پشتکۆیان وەک ویلایەتی ماسبەزان‌و پیشکۆیان بە ویلایەتی مێهرجانقەزەق ناو بردوە، کە لە سەردەمی خۆیان‌دا هەر کامیان میرو دەسەڵاتداری خۆیان هەبووە. بە خۆشی‌یەوە هێشتاش پاشماوەکانی ئەم شارە ماون‌و سەرەڕای ئەوەیکە لە ساڵی ١٣١٠ی‌هەتاوی وەک یەکێک لە ئاسەوارە نیشتمانی‌یەکان تۆمار کراوەو لە پێرستی ئاسەواری جیهانی دایە، لە لایەن رێکخراوی میراتی کولتووری‌یەوە بە هەند ناگیرێ‌و زۆر بە کەمی ئاوڕی لێ دەدرێتەوەو لەوانەیە بەهۆی کەم‌تەرخەمی‌یەوە، ئەو ئاسەوارە کەمەی کە ماویشە بەرەو

پووکانەوەو کەلاوەبوونی زیاتر بچێ.

پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەمڕۆکە لە نێوان زۆربەی خەڵکدا، شاری مێژوویی سەیمەرە بە ماداکتۆ ناو دەبرێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆرێک لە مێژووزانانی وەک مستەوفی، ئیبنی ئەسیر، ئیبنی حوقەلو هەمزەی ئیسفەهانی ئەو شارەیان بە سەیمەرە ناو بردوەو پێیان وایە کە ماداکتۆ یەکێک لە شارەکانی ئیلام بووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، ئەوەش لە کاتێک دایە کە بەپێی ئەو کۆڵینو تاوتوێیە شوێنەوارناسیانەی کە تاکوو ئێستا لەسەر شاری مێژوویی سەیمەرە کراون ئەوە دەردەخەن کە پێشینەی مێژوویی ئەو شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیو سەدەکانی یەکەمی ئیسلامی.

**چوارتاقی دەڕەشار**

لە خۆرهەڵاتی شارستانی دەڕەشار لە لای چەپی رووباری سەرابی دەڕەشارو لەسەر تەپۆڵکەیەکی تارادەیەک ناڕێکو هەڵەموت، بینای چوارتاقییەک بەرچاو دەکەوێ، کە بە چوارتاقی دەڕەشار ناوبانگی دەرکردوە. بە سەرنجدان بە کەرەستەی بەکارهاتوو لەو بینایەداو شێوازی میعمارییەکەی ئەوە روون دەبێتەوە کە پێشینەی سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەوەپێش واتە سەرەتاکانی ئایینی ئیسلام. لە بەشی باشووری ئەو بینایەدا، پاشماوەی پلیکانگەلێک بەرچاو دەکەوێ کە درێژییەکەی ١٠ میترو پانیەکەشی یەک میترە کە رەنگبێ رێگەی چوونەژوورەوەی بینایەکە بێ. ئەم بینا سەرنج ڕاکێشە لەسەر پلانێک بە شکڵی چوارگۆشەو لە ئەندازەی ٥ لە ٥ دا سازکراوە. پانی دیوارەکان ٨٠ سانتی میترو بەرزییەکەشی یەک میترو حەفتا سانتە. گومبەزی ئەم بینایە لەسەر چوار تاقی کەوانی شکڵو بە سیستمی گوارە ساز کراوە. لەسەر گومبەزەکە رۆچنەیەک دەبینرێ کە لە کاتی نۆژەنکردنەوەی بەستراوە.

**تەنگەڵانی بەهرام چووبینە**

لە دۆڵی تەنگەبەری چووبینە و لە مەودای ١٤ کیلۆمیتری باشووری خۆرهەڵاتی دەڕەشار، پاشماوەی ئەو بینایانە بەرچاو دەکەوێ کە بە خرکەبەردو مەلاتی گێچ ساز کراونو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. تەنگەڵانی بەهرامی چووبین دۆڵێکی باریکە بە دیوارگەلێک لە تاشەبەردی زۆر بڵێندو هەڵکەوتی سروشتی ستراتژیک.

هێشتاش هەندێک لە دیوارکێشی ئەو بینایانە لەسەر بەرزاییەکانی باکوورو لاتەنیشتەکانی ئەو تەنگەڵانە بەرچاو دەکەوێو هەر ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەیکە زارکی ئەو تەنگەڵانە بە تەواوی دابخرێو کۆنترۆڵ بکرێ. لە بەشی سینەکێشی بەرزاییەکانی بەشی خۆرهەڵاتی تەنگەڵانەکە، کانیاوێک لەنێو تاشەبەردەکانەوە هەڵدەقوڵێ کە ئاراستەی رۆیشتنی ئاوەکە لە رابردوودا هەڵکۆڵدراوە. ئاسەواری دەست سازی نێو ئەو تاشەبەردانەو یادگارە مێژووییەکانیو هەروەها دیمەنە سروشتییەکانی تەنگەکە، دوورەدیمەنێکی جوانو دڵڕفێنی بەو دەڤەرە بەخشیوە، کە بەهۆی دوورەدەست بوونو ئەستەم بوونی شوێنەکە، کەمتر وەبەرچاوان کەوتوە.

گۆیا ئەم تەنگە مێژوویییە، هاوینەهەواری بەهرامی چووبینە یەکێک لە سەردارەکانی ساسانی بووە. ئاسەوارێکی زۆر لە سەردەمی ساسانییەکان لەو شوێنە وەدەست هاتوون کە نیشانەی ئاوەدانی ئەم ناوچەیەیە لە سەردەمی ساسانییەکاندا. لە بەشی چوونە ناوەوەو هەروەها دیوارەکانی ئەو دۆڵە تەماشایییە، ئاسەوارگەلێک لە سەردەمی ساسانی وەبەرچاو دەکەون. ئاسەواری قەڵای گەورە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە بەردو گێچ سازکراوە، لەسەر بەرزاییەکانی ئەو دۆڵە دەبینرێ.

هەروەها، ئاسەواری پلیکانی بەردینە کە لەسەر تاشەبەردە هەڵەمووتەکانەوە بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە بەشەکانی خوارەوەی تەنگەڵانەکە ساز کراون، سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

لە ناو تەنگەڵانەکەو تاشەبەردە سەختو هەڵەمووتەکاندا، چوار عەمباراو ساز کراون کە پێک گرێدراونەتەوەو بە مەبەستی پاشەکەوت کردنی ئاوی خواردنەوە لەم تەنگەڵانە ستراتژیکەدا بەکار هاتوون.

**پردی گاومیشان**

پردی سەرنجڕاکێشی گامێشان یان «گاومیشان» لەسەر رووباری سەیمەرەو پاش پێک گەیشتنی لەگەڵ رووباری «کەشکان» ساز کراوە. «محەممەد عەلی ساکی» لێکۆڵەرو کۆمەڵناسی خورەم ئابادی، هۆی ناونانی وشەی «گاومیشان» دەگەڕێنێتەوە بۆ «گەومیشە» واتە شوێنی بەخێوکردنی گامێش. لێکۆڵەری ئینگلیزی «سێراورێل ئێستین» پێی وایە کە یەکەم ناوی ئەم پردە «گاماسا» بووە. گاماس لە دوو وشەی «گا» و «ماس» واتە ماسی پێک هاتووە. گاومیش یان گاو میشوو ناوەکانیتری ئەم پردەن. هێندێک پێیان وایە کە گامێشی نێر لە سەردەمانی کۆن، جووتەکەی خۆی لێ ون دەبێو بۆ دۆزینەوەی گشت دەرو دۆڵو ئەشکەوتەکانی ئەو دەڤەرە دەپێوێو سەرەنجام لە ئەشکەوتێکی ئەو ناوچەیە دەیدۆزێتەوە کە لەو کاتە بە دواوە بەو ناوچەیە دەڵێن «گاو میشوو».

شوێنەوارناسی بەناوبانگی ئێرانی، «سیف الله کامبخش فرد» سەبارەت بەم پردە دەڵێ: «پاشماوە سەرەتاییەکانی ئەم پردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیو کەوانە خشتییەکانو ئەو نۆژەنکردنەوانەی کە بە بەرد کراوەو بە نمای



پردەکەوە دیارە، ئەوە دەردەخا کە ئەم پردە لە سەردەمانی دواوەترو بە تایبەت لە سەردەمی ئەتابەکانی لوڕی چووکە چاک کراوەتەوە.

نووسەرو لێکۆڵەری دیاری لوڕستان، حەمید ئیزەدپەناش لەو بڕوایە دایە: کە کۆڵەکەکانی ئەو پردەی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانی، هێشتا لە باشووری پردی گامێشانەوە بەرچاو دەکەوێ، بەڵام پردی گامیشان تازەترەو سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام.

ئەم پردە لە پێنج چاوەی گەورە پێک هات بوو کە ئێستا تەنیا چاوەیەکی ساغ ماوەتەوە. پێوەندیی چاوەکان لەگەڵ ئاراستەو هەستانی ئاو بەڕوونی دیارە. پردەکە زۆر تێکنیکیو بە گرێوگۆڵ ساز کراوە، بە جۆرێک کە لە بەراوردکردن‌دا وەک ڕەقیبێکی جیدی بۆ پردە گرینگەکانی دونیا دەژمێردرێ. زارکی پردی گامیشان زیاتر لە ٥٠ میتر پانە کە وەک گەورەترین زارکی پردی وڵات دەژمێردرێ. ئەم پردە زۆر لە پردی شادرەوانی شووشتەر دەچێ کە ئەمیش هەر لەو سەردەمەدا ساز کراوە.

کۆڵەکەو پاڵپشتە سەرەکییەکانی پردەکە، ئەستوورو کۆتەرەیی هەڵکەوتوون‌و بەشی سەرەکی ئەم کۆڵەکانە لە بەردی گەورەو تاشراو پێک هاتوون‌و دواتر ئەم بەردە تاشراوانە بەهۆی خڕکە بەردو مەلاتی گێچەوەو بە شێوەی ڕەگ چین لەسەر یەک چنراون‌و بەم جۆرە کۆڵەکەی سەرەکیی پردەکە ساز کراوە.

کەرەستەی سەرەکی پێکهێنەری پردەکە، بەردو مەلاتی گێچەو لە بنەمیچی تاقەکان لە خشت کەڵک وەرگیراوە. تاقەکان، دالانەکان‌و ڕێڕەوەکان لە خشتی ٢٠ لە ٢٥ سازکراون‌و نمای ناوەوەی پردەکە بەهۆی مەلاتی گێچەوە ڕازێنراوەتەوە. ئەم پردە هەروەها تاقچەگەلێکی داخراو و کراوەی هەیە کە بەهۆی ڕێڕەو و پلیکانەکانەوە پێکەوە بەستراونەتەوە.

بوونی پلیکانەکان لەنێو دالانی ئەستوونی ناوەوە، ئەوە دەردەخا کە ئەم پردە تەنیا پردێک نەبووە بۆ پێوەندیو پەڕینەوە، بەڵکوو بە سەرنجدان بە ڕێڕەوەکانی ناوەوە، پلیکان‌و ... لە لایەن کاروانچییەکانەوە وەک کاروانسەراو سەرپەناش کەڵکی لێوەرگیراوە.

سێرهێنری راوێلینسوون لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەنووسێ: ئەو پردەی کە ئێستا لەسەر ڕووباری سەیمەرە هەڵکەوتووە، یەکێک لە باشترین پردەکانی ئێرانەو لە لایەن حسێن خانی گەورە، میری بەناوبانگی ئیلام‌و لوڕستان لەساڵی ١٠٠٨ی‌کۆچی مانگییەوە نۆژەن کراوەتەوە کە درێژییەکەی ١٦٥ شەقاوە.

بە بڕوای هێندێک لە مێژووزانان، ئەم پردە لە ساڵی ٣٣٤ی‌کۆچی مانگی‌دا، بەهۆی بوومەلەرزەوە رووخاوە کە جیابوونەوەو لێک بڵاوبوونی پردەکە لەوانەیە ئەو گریمانەیە بسەلمێنێ کە بوومەلەرزە هۆکاری تێکچوون‌و رووخانی ئەو ئاسەوارە گرینگە مێژووییە بێ.

هەرچۆنێک بێ ئەو پردەی کە ئەمڕۆ بە ناوی پردی گامیشان دەی‌ناسین، دروست هەمان پردی سەردەمی ساسانی‌یەکان نییە. ئەم پردە کە بەهۆی هەڵکەوتی ستراتژیکی ناوچەکە، لە سەردەمانی دوای ساسانی‌یەکانیش کەڵکی لێوەرگیراوە، لە درێژایی مێژوودا هێندە نۆژەن‌و چاک کراوەتەوە کە دەکرێ بڵێین جگە لە کۆڵەکەکانی کە لە بەشی خوارەوەی پەردەکە هەڵکەوتوون، بەشەکانی دیکەی ئەو پردە لە دەورەکانی دواوەتردا گۆڕدراوە یان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بۆ وێنە بینای سەرەکی پردەکە هی سەرەتاکانی سەردەمی ئیسلامەو کەوانەو نۆژەن‌کارییەکانی نمای پردەکە لە سەردەمانی دواوەترو بە تایبەت لە سەردەمی ئەتابەکان‌دا کراوە کە هەر وەک گوتمان بۆ دوایین جار لە لایەن حسێن خانی گەورەوە لە ساڵی ١٠٠٨ی‌کۆچی مانگی‌دا کەڵتە کراوەتەوە. ئەم پردە لە ساڵی ١٣٧٧ی‌هەتاوی‌دا بە ژمارەی ٢٢٢٢ لە لایەن ڕێکخراوی میراتی کولتووریی ئیلامەوە لە لیستی ئاسەواری نیشتمانی‌دا تۆمار کراوە.

**قەڵای زەینەڵ**

قەڵای زەینەڵ ناوی قەڵایەکی مێژووییە لە باشووری ئاوایی ئەلیاساوای چەمکەلان، سەربە شارستانی دەرەشار لە پارێزگای ئیلام. ئەم قەڵایە لە ٥ کیلۆمیتری باکووری خۆراوای ئاوایی چەم کەلان‌و لەسەر تەپۆلکەیەکی باستانی هەڵکەوتووەو لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی زەینەڵ یان زەینال ساز کراوە. قەڵاکە لەسەر پلانێک بە شکڵی چوار گۆشەو لەسەر چوار بورجی پتەو راوەستاوە کە لە سازکردنەکەی‌دا لەو کەرەستانە کەڵک وەرگیراوە کە لەو ناوچەیە دەست دەکەون. درێژی لای باکووری قەڵاکە ٤٠،٨٠ میتر، لای خۆرهەڵاتەکەی ٤٢،٥٠ میترو لای خۆراواشی ٤٢،٢٠ و لای باشووریشی ٤١ میترە. پێشینەی سازکردنی قەڵاکە بۆ نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە واتە سەردەمی سەفەوی‌یەکان‌و لە دەورەکانی دواتردا لە لایەن میران‌و دەسەڵاتدارانی خۆجێیەوە کەڵکی لێوەرگیراوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بینایەکە لە لیستی ئاسەواری نیشتمانی‌دا تۆمار کراوە کەچی بەبێ هیچ پارێزەرو هەروا خەمساردانە وێڵ کراوەو


تەنگەلانی بەهرامی چووبین

خەڵکی لە دەوروبەرەکەی بە کاری وەرزێرییەوە سەرقاڵن، هۆکارگەلی سروشتیش بە نۆرەی خۆیان لە تیاچوون‌و رووخانی ئەم بینایەدا کاریگەرن‌و بەرپرسانیش لە ئاستی داخوران‌و دارمانی ئەم ئاسەوارە مێژووییە خۆیان لێ بێخەم کردوەو گوێی خۆیان بە تەواوی لێ ئاخنیوە.

**قەڵای پوورئەشرەف «شێخ ماخو»**

قەڵای پوور ئەشرەفی شێخ مەکان یان قەڵای شێخ ماخو لە شکڵی لاکێشەو لە شەش کیلۆمیتری لای باشووری خۆرهەڵاتی شارستانی دەرەشارو لە داوێنی کێوی ئاوایی شێخ مەکان هەڵکەوتووە کە بینای قەڵاکە هەروەک لەسەر بەردەنووسەکەی نووسراوە لە ساڵی ١٣٣٠ی‌کۆچی مانگی بە فەرمانی تەیموورخان ساز کراوەو لە لایەن سەید محەممەدخانی پوورئەشرەفەوە لە ساڵی ١٣٣٥ی‌کۆچی مانگی کەڵتە کراوەتەوەو بە کۆتایی گەیشتووە. قەڵاکە سێ نهۆمە کە ژێرزەمینێک‌و ٥ بورجی دیدەبانی‌و ٣٠ ژووریشی هەیە. نمای دەرەوەی قەڵاکە بە مەلاتی گێچ‌و خاک‌و نمای دەرەوەشی بە گێچ ماڵەسواغ کراوە. زۆرترین کەرەستەی بەکارهاتوو لەو بینایەدا خڕکەبەردو لە هەندێ شوێنی وەک سەردەرانە و رێگەی چوونەناوەوە لە خشت بۆ رازاندنەوە کەڵک وەرگیراوە. ئاوی قەڵاکە لە رێگەی کاناڵێکەوە لە رووباری ئاوایی شێخ مەکان‌و بە ژێر دیواری لای باشووری قەڵاکەدا هێنراوەتە ناو حەوزی قەڵاکەو لە لای دیکەی بیناکەوە دەچێتەدەرێ. هەروەها ئاو بۆ حەمام کردنیش بە جیا و لە رێگەی کاناڵێکی دیکەوە لە لای باشووری قەڵاکەوە دەرژێتە نێو عەمباراوێکەوە. لە بەشەکانی دیکەی قەڵاکە دەکرێ ئاماژە بە سیاچاڵ هەڵکەوتوو لە لای خۆرهەڵاتی بینایەکە، ئەنباری دانەوێڵە، ئاشپەزخانە، بیری ئاو و بورجی نیگابانی‌و... هتد، بکەین.

**قەڵای شێخ مەکان**

هەروەها لەنێو تەنگەڵانی شێخ مەکان‌و لە ٨ کیلۆمیتری خۆرهەڵاتی دەرەشارو لە لای خۆراوای تەنگەڵانەکە، قەڵایەک بە شێوازی مێعماری سەردەمی ساسانییەکان، سەرنجی بینەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ. دیواری قەڵاکە لە چەند کۆنگرەو دەربیجەی دیدەبانی پێک هاتووە. دەربیجەی دیدەبانییەکە بازنەیی شکڵە کە دەکرێ لەوێوە شوێنی تێپەڕین‌و تەنگەڵانەکە بە باشی ببینی. بەرزترین دیواری قەڵاکە چواردە میتر و نیوە. هەروەها پانی دیواری قەڵاکە یەک میتر و ٣٥ سانتە.

ئیمامزادە سەید سەیفەدین

مەزارگەی ئیمامزادە سەید سەیفەدین ناسراو بە بابا سەیفەدین لە ٢٥ کیلۆمیتری خۆرهەڵاتی شارستانی دەرەشارو لە تەنیشت ئاوایی «ئەرموو» و لە سەر تەپۆڵکەیەک بە ناوی چوار تاق هەڵکەوتووە. شێوازی مێعمارییەکەی هی سەردەمی ئیسلامەو دەوروبەرەکەی بە کانیاو و دارستان دەورە دراوە کە مێژووەکەیان بۆ چەند سەد ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. کەرەستەی بەکارهاتوو لەم بینا مێژووییەدا بەرد، گێچ‌و خشتە. لە تەنیشت ئەم مەزارگەیەدا تەپۆڵکەی باستانی‌و گۆڕستانی مێژوویش دۆزراوەتەوە.

**قەڵای هەزار دەرگا**

قەڵای هەزار دەرگا یەکێکی دیکە لەو ئاسەوارە مێژووییانەی دەڤەری دەرەشارە کە سەرنجی هەر بینەرێک بۆ لای خۆی رادەکێشێ. ئەم بینایە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. نمای سەرەکیی ئەو ئاسەوارە مێژووییە، ئەو تاقانەن کە بە شکڵی کەوانەیی ساز کراون. بە سەرنجدان بە قەوارەو دارشتی بینایەکە، وێدەچێ لە ئەسڵدا ئەم شوێنەوارە، قەڵا یان شوێنی نیزامی بووبێ. پلانی سەرەکیی بیناکە بە شکڵی لاکێشەیەو لە چوار لاوە رێڕەوی درێژی هەیە کە بەهۆی چەند درگایەکەوە بە ژوورەکانی نێوەوە بەستراوەتەوە. بۆ دابین کردنی رووناکی لەو رۆچنانە کەڵک وەرگیراوە کە لە بن‌میچ‌و داڵان‌و ژوورەکاندا دانراون، ئەم کولاوکانە کە کۆتەرەکەیان نزیکەی یەک میترە، کاری گۆڕینی هەوای ژوورەکانیشیان جێبەجێ کردوە. پێویستە بگوترێ، لە بەردی تاشراو و خڕکە بەردو گێچ بۆ سازکردنی ئەو بینایە کەڵک وەرگیراوە.

**قەڵای جەهانگیراوا**

قەڵای جەهانگیراوا یەکێکی دیکە لە قەڵاکانی ناوچەی دەرەشارە کە مێژووی سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەهلەوی‌و میرانی پشتکۆ واتە لە لایەن میرانی هاشمییەوە، لە ٢ کیلۆمیتری باشووری شاری مێژوویی دەرەشارو لە تەنیشت ئاوایی جەهانگیراوا ساز کراوە. ئەم بینایە بە گشتی لە ٦ هۆدە، ٢ هەیوان، راڕەوێک‌و ٢ ژێرخان پێکهاتووە. لە سازکردنی ئەم بینایە، لە بەردو چێوو مەلاتی گێچ کەڵک وەرگیراوە.ئەم قەڵایە لە ساڵی ١٣٨٧ی‌هەتاوی لە لایەن سازمانی میراتی کولتووری‌و گەشتیاری ئیلامەوە کەڵتەو نۆژەن کراوەتەوە.

**پردی چەم نەمشت**

پردی چەم نەمشت، ئەم پردە لە چوار کیلۆمیتری باشووری دەرەشارو رووبەڕووی ئاوایی چەم کەلان ساز کراوە. هێشتا پاشماوەکانی کۆڵەکەکانی دەرەوەو شەپۆل شکێنەکانی بە جوانی دەبینرێ. مێژووی سازکردنی ئەم پردەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. یاقووت حەمەوی سەبارەت بەم پردە دەڵێ: «لەسەر رێگای نێوان شاری سەیمەرە بۆ گوندی تەرحان پردێکی سەرنج‌راکێش ساز کراوە کە لە پردە سەیروسەمەرەکانی جیهانە». ئەم پردە ١٨ چاوەی هەیەو ئەندازەی زارکی تاقی نێوان هەر دوو کۆڵەکەی پردەکە ١٥ میترەو درێژایی



**لە سەنگەری خەباتدا**

# ژیان وبە سەرهاتی

## پێشمەرگەی دێرین

## مەهدی شەفیعی



دیمانە : ئازاد عەباسیان

ناوم مەهدی شەفیعی، خەڵکی ئاوایی بامناوا لە ناوچەی لەیلاخ لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە ساڵی١٣٤٣ لەدایک بووم.
سێ تا چوار ساڵ تەمەنم بوو دایکم کوچی دوایی کردو بە هاوکاری ماڵی باپیرم، ماڵی باوکم، مامو پوورەکانم گەورە بووم. لە تەمەنی شەش و حەوت ساڵاندا چوومە مەدرەسە تا پۆلی ٥ی سەرەتایی دەرسم خوێندوە، بەهۆی بێ ئیمکاناتیو دووربوون لە شارو مەدرەسە وازم لە خوێندن هینا.

**پرسیار: چ شتێك هانی دای کە چەکی شۆڕش لە شان بکەی؟**

**وەڵام:** پێش ڕووخانی حکوومەتی شا،گەلێک جار باسی شۆڕشەکانی ٤٦و٤٧م لە پیاوە بەساڵاچوو و قەدیمەکان دەبیستو باسیان دەکرد، بەڵام من وەک خوم نەمدەزانی کە شۆڕشێک هەیە، چونکە پیاوانی حکوومەت دەیانگوت چەند چەکدارێکی بە ناوی چەتە کوژراون هەر چەند ئەوانە وەک پێشمەرگە خەباتیان دەکرد، هەتا ساڵەکانی ٥٦و٥٧ کە ڕاپەرین بە دژی حکوومەتی شا بەرز بۆوەو من وەک لاوێکی کورد هەستی کوردایەتیم باش بوو، ئەو کاتە هەستم بەوەکرد کە ئەو پێشمەرگانەی ساڵەکانی ٤٦و٤٧شۆڕشگیر بوون، ئەوە زیاتر منی هان دا کە بتوانم یارمەتیدەرێکی نەتەوەکەم بمو زیاتر لە ساڵی ٥٦و٥٧دا لە ئاخری ٥٧ حکوومەت ڕووخانی خۆی بینیو من زیاتر هاندرام کە بتوانم لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا چەک هەڵگرم. هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ناچاری کردین لە ساڵی ٥٧تا ٦٠وەک کوردێک هاوکاری پێشمەرگەکانم دەکرد. وەک هەست کردن بە زوڵمو زۆر کردنی کۆماری ئیسلامی مەجبوور بووم چەک لە شان کەم، لە لایەن هێزو کۆمیتە شارستانەوە بە نموونەی ئەو دەورە تەشویق کرامو لە یەکێک لە پەلەکانی بە ناوی پەلی شەهید شاکر سازمان درام.

**پرسیار: کەی بۆپێشمەرگایەتیو یەکەم جار چوویتە کوێوچۆن بوو؟**

**وەڵام:** لە ساڵەکانی ٥٧و٥٩وەک ئەندامێک لەگەڵ کادرو پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمایل شەریفزادە لە ناوچەی لەیلاخ کارم دەکرد،هاتنمبۆ پێشمەرگایەتی ساڵی ١٣٦٠بوو،چەندین شۆین گەرام بە دوای پێشمەرگەکانا، لە دواییدا چوومە ئاوایی باینچۆ لە ناوچەی سنە، لەوێ چەند کەسێک هاتنە سەر ڕێگامو وتم: دەڕۆم بۆ نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو زیاتر دەمگوت دەبمە پێشمەرگەی دوکتور قاسملوو. هەرچەند وەک خۆم زانیارییەکی وام نەبوو،بەڵام ئەوەم دەزانی کە دوکتورقاسملوو و حیزبی دێمۆکرات هەوڵی ڕزگاری نەتەوەی کورد دەدەنو دواتر لە

گەڵ یازدەکەسی‌تر چوومە دەورەی چەکوچۆڵو سیاسەتەکانی حیزب لە کۆمیتە شارستانی سنە کە لە ئاوایی ئاڵەولاخ لە ناوچەی سالاڵ بوو. لە دوای تەواوبوونی ئەودەورە کە کۆمیتە شارستانی سنە بۆ مانی دانا بە سەرکەوتنەوە گەڕاینەوە هێزی شەهید سمایل شەریفزادە.

**پرسیار: چ شتێک ورەی پێ دەدای لە دەورانی پێشمەرگەیەتی‌دا ؟**


**وەڵام:** لەدەورانی پێشمەرگایەتیم لە ساڵەکانی ٦٠تا ٧٥ لەگەڵ زۆر لە پێشمەرگەکان دۆستایەتی خۆیانو هەماهەنگی ناو خۆمان ورەی بەمن دەدا، لە زۆربەی ناوچەکاندا وەک هێزو تیمو کۆمیتە شارستان کارمان دەکردو هەر چەند ڕۆژێک لە یەک دوور دەبووین تاسەی یەکترمان دەکردو هەر وەخت یەکمان دەگرتەوە ورەی هەموومان بەرز دەبۆوەو لە باری عاتیفەو ڕەحمەوە لە ناو یەکا باش بووینو لە زۆربەی شەڕەکاندا هەر کەسە و بۆ خۆی هەوڵی دەدا هاوکاری هاوسەنگەرانی خۆی بکات و، من خۆم چاوم بە هاوسەنگەرانی خۆم دەکەوت هەمیشە ورەم بەرزبوو. بەو هەموودوژمنە گەورەوە ورەمان دانەدەبەزی بە تایبەت لەنێوخەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستاندا بووینو هاوکاری خەڵکوزەحمەتو تێکۆشانیان لەگەڵ پێشمەرگەکاندا ورەمان زۆرتر بوو و زیاتر لە شەڕەکاندا بە هاوکاری خەڵک بەسەر دوژمن‌دازاڵ دەبووین. ئەبێ سپاسگوزاری ئەو کاتی خەڵکی کوردستان بە تایبەت دێهاتەکانی چونکەپێشمەرگە بە هاوکاری خەڵکەوەسەردەکەوێو ورەی بەرز دەبێ.

**بیرەوەری خۆشو ناخۆش:**

لە ماوەی سی ساڵ پێشمەرگایەتیمدا زۆر بیرەوەری خۆشو ناخۆش هەیە، بەڵام زۆربەی بیرەوەریەکانمان ناخۆشەکەمتر بیرەوەری خۆشی تێدا بووە، واتە ناخۆشیەکان زیاتر بەسەرخۆشیەکاندا زاڵ بوون، بەڵام خۆشی ئیمە ئەوەیە کە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو نەتەوەی کورد بووین. لە بیرەوەرییە خۆشەکانم کەمتر لەبیر ماوە، بەڵام بیرەوەریەکی خۆم ئەویش ئەو ڕۆژە بوو کە ژیانی هاوسەریم پێک هیناوە بەدوای خزمەت کردنو پێشمەرگایەتی خۆمدا لە ماڵوژیانی خۆم ببمو زیاتر خزمەت بە حیزبو هاوسەنگەرانم بکەم. هەر چەند بیرەوەری ناخۆشم زۆرە، بەڵام ناخۆشترین بیرەوەریم لە ساڵی ١٣٦٨بوو کە شەهیدی گەورەمان دوکتور قاسملوو کە شەهید کرا.٥ تا ٦ ڕۆژ پێش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو چووینە ناو شاری سنە بۆ عەمەلیاتوتەقەکردن لە مەقەڕی شەریفئاوا چەند جارێک بوو حیزبەکان نەیان‌توانی لەو مەقەڕە بدەن کە ئیمە بە چەند پێشمەرگەیەکی کەمەوە بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لە ناو شاری سنەدا ماینەوەو شەوی دوایی خۆمان سازماندا بۆ مەقەڕی شەریفئاوا. بە سەرکەوتنەوە کۆتاییمان بە مەقەڕی شەریفئاوا هێناو بە خۆشحاڵی‌یەوە لە شار دەرکەوتین کە حکوومەت هیچ جموجۆڵێکی لە خۆی نیشان نەدا. دوای هاتین بۆ ناوچەی چەمشار بەرەو لای ژاوەرۆ.شەوی دوایی بەرەو چەمی دەڵاو بەرێ کەوتین هەرچەند کۆماری ئیسلامی هێزی زۆری بە دوای ئێمە دا ناردبوو. بەڵام ئێمە خۆمان بەدەستەوە نەدا هەر ئەو ئێوارە چووینە لای پێشمەرگەکان لە هێزی زاگرۆس، بەڵام شەو دوژمن زۆربەی بەرزاییەکانی ژاوەرۆی لێ‌گرتین، ئیمەش هەر چەند ماندووبووین، هەموو پێشمەرگەکان خۆیان سازمان داو کە شەڕ لە مابەینی پێشمەرگەکانو جاشەکاندا دەستی پێ‌کرد لە ئەنجامدا پێشمەرگەکان بەسەر دوژمن‌دا زاڵ بوونو زۆر لە دوژمن کوژرانو بریندار بوون، لە ئێوارە دابوو بەداخەوە پێشمەرگەیەکمان بەناوی جەواد مینبەری شەهید بوو بە قۆمپارەی دوژمن. ئەومان بەخاک سپارد، دیارە شەهید جەواد بێسیمچی بوو. بەدوای شەهیدبوونی شەهید جەواد ٤ تا ٥ ڕۆژ دەبوو کە چووینە باخەکانی ئاوایی سەرڕێز لە ناوچەی ژاوەرۆ کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی جومعەو جەژنی قوربان بوو، ماوەی ئەو چەند ڕۆژە خواردنمان کەم بوو بە تەما بووین خەڵکی ئاوایی بۆ سەر باخەکان بین، بەڵام کەس نەهات، دەوروبەری سەعات ١٢ یا ١٢:٣٠بوو کە ڕادیۆی کوردستان کرایەوە بەداخەوە هەواڵی تیرۆرکردنی شەهیدی گەورەمان دوکتور قاسملووی خوێندەوە. هەموومان نارەحەتو برسیەتیمان لە بیرچۆوەو بە حەق تەئسیری گەورەی لە سەرمان داناو خەمو نارەحەتیو پەژارەو گریان دایگرتینو زۆر لە باری ورەوە ورەمان دابەزی، بەڵام دوای ماوەیەک کادرو پێشمەرگەکان لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە بۆ دڵنەوایی کردنی یەکترو ورەدان بە یەکتری، کە ئەوەش تەئسیری لە هەموومان کردو بڕیارماندا تا وەدیی‌هاتنی ئاواتەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بەردەوام دەبین لە خەباتو تێکوشانو خزمەت بە نەتەوەکەمان. هەر چەند بیرەوەرییەکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام شەهید گەورەمان خۆی دەیفەرموو: «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا»، و ئێمەش توانیمان درێژە بە ڕێگاکەی بدەین.هیوادارین ئێمە بتوانین تۆڵەی شەهید دوکتور قاسملووو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بستێنینەوە. بە هیوای ڕزگاری کوردو کوردستان کە ئاواتی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییە.

***

# کورتەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی مامەقالەی سووتوو، «پیری سەنگەر»



حەسەن عەبدوڵڵاهی

قادر عەبدوڵڵاهی ناسراو بە مامە قالەی سووتوو لە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە «نجنێسەروو» لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی چاوی بە دونیا هەڵێناو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە شانی بەر کارو کاسبیو کوێرەوەریو ڕەنجکێشانی دێهاتییەوە نا. وردەوردە کە تەمەنی دەچووە سەر، مامە قالەش ڕەنجی بۆ زیاتر دەبوو تا تەمەنی گەیشتە ١٩ ساڵی، ئیتر وێڕای زۆر لە ڕەفیقو دۆستەکانی وەک مەلا برایمی حیکمەتو مەلا ڕەحیمی وێردی لە بیری ڕزگاری نەتەوەکەیاندا بوون بە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو لەنێو ئەو حیزبەدا بە دڵو گیان کاری دەکرد.

لە ساڵی ١٣٢٤ کە کۆماری کوردستان دامەزرا، مامە قالەش وێڕای هێندێک لە ئەندامانی حیزبی لە ناوچەی بانە چوون بۆ مەهابادو دەعوەت کران بۆ جێژنی ڕاگەیاندنی کۆمارە خۆشەویستەکەی کوردستان، پاش گەڕانەوەی بەوپەڕی تواناییەوە دەستی کرد بە کارو تێکۆشانی حیزبی تا ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی. ساڵی ٣٨ دەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب گیراو خرایە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی پەهلەوییەوە، ئەو جارە دوو ساڵ گیرا، واتە ساڵی ٤٠ ئازاد بوو. ئەو زیندانی کردنە مامە قالەی نەک دڵسارد نەکردەوە، بەڵکوو لە جاران دڵ گەرمترو بەهێزو بیرێکی زۆر پتەوترەوە شانی بە کوردایەتییەکە داو کۆڵی نەدا تا ساڵی ١٣٤٦ کە دووبارە هەموو ئەندامی حیزب گیران و زیندانی کران. ئەوجارە حیزب بە کوژرانی بەشێک لە بەوەجترین ئەندامانو ڕێبەرانی خۆی لە دەست دا کە خەباتی چەکداری‌یان دەست پێکردو باقی ئەندامانی دیکەی شارو گوندەکانی کوردستان بە زۆری گیرانو تاقتاقێکی کەم نەبێ کە نەگیران ئەویش هەڵاتن بۆ کوردستانی عێراق، مامەقالە بۆ جاری دووەم وێڕای ئەندامانی حیزب خرایەوە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی پەهلەوییەوە،

ئەو جارە بۆ ماوەی ٤ ساڵ گیرا تاکوو ١١ی خەزەڵوەری ساڵی ٥١ جا ئازاد بوو، ئەو جارەش سار نەبۆوە لە خەبات بۆ ئازادی میللەتەکەیو لە جاران دڵگەرمتر دەستی پێ کردەوە تاکوو ساڵی ٥٧ی هەتاوی. ئەو ماوەیە حیزبایەتی‌یەکەی بە زۆری لە دێهاتەکانی بانەو بۆکانو ڕەبەت دەکرد، لە بۆکان دەگەڵ قادراغای چوارگا پێوەندی هەبوو، ڕەدو بەدەڵی نامەو ڕۆژنامەو حەقی ئەندامەتیو کارتی ئەندامەتیو هێنانو بردنی کادرەکانی حیزب بوو. لە ڕەبەت دەگەڵ قادراغای نستان بوو، لە گەڵ یەکێکی دیکە لە سیسێر کە ئێستاش ماوە، مەجیدخان لە نەمەشیرو چەند کەسێکی دیکە لە شارو لە وشترملیش کەسێک پێوەندی هەبوو، لە بانە دەگەڵ قاقەی کەریمی بوو. بە هەرحاڵ ساڵی ٥٧ وێڕای خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانو ئێران دژی ڕێژیم لە هەموو شارەکان خۆپیشاندان دەستی پێکرد، مامەقالەش چونکە تینووی ئازادی بوو و لە دەستی ئەو ڕێژیمە زەجری زۆر چیشتبوو بۆ تەزاهوراتی بانەو بۆکانو مەهابادو سنەو سەقز کە هەموو جارێ منیشی دەبرد لەگەڵ خۆی، دەچوو، ئەمن ئەوکات لە بۆکان دەم خوێند. بە هەرحاڵ بە چاوی خۆی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەی دیتو هێندێک هەوای ئازادی هەڵمژی، بەڵام بەداخەوە شەمشەمە کوێرەکانی تاریکیو نەزانی ئەو ئازادییەیان لە خەڵکی بە لارێدا بردو، هەمیسان کوردو حیزبی دێمۆکرات لە حکوومەت بە قەولی خۆیان بوون بە دوژمنی خواو ئیمام، حیزب بە ڕەسمی دژی ئەو

ڕێژیمە چەکی بۆ دیفاع لە میللەتەکەی هەڵگرتو مامەقالەش بە چەکی خۆی بۆ دیفاع لە میللەتەکەی شانی وەبەرداو لە چەند شەڕی گەورە گەورەدا وەک شەڕەکانی گەردەنەی خانێ، هەژدە دۆڵان، کەوپێچ، سوێروێ، دڕۆڵە، سەبەتلوو، دۆڵەرزن، شەکیەکەی پشتی دارساوێنو بەردەڕەشو چەند شوێنی دیکەدا بەشدار بووەو بۆخۆی فەرماندەیی عەمەلیاتەکان بوو تا ساڵی ٦١. بەداخەوە لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی ساڵی نوێ واتە ١٣٦١/١/١ی هەتاوی لە پشتی زێویە کە مەقەڕی پێشمەرگەی لێبوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە دەچوون بۆ لای پێشمەرگەکان کە لەناکاو لە نێوان دوو داراندا کە ڕێگا بوو، کەوتە سەر مینی دوژمنو لاقی ڕاستی هەرلەوێ پەڕیو لاقی چەپیشی زۆر بە توندی شکا لەگەڵ دەستی ڕاستیو سێ قامکی چەپی، زۆر بە شپرزەیی لە زێوەڕا بۆ نەخۆشخانەی حیزب لە قالوێ بەرێ کرا بە ماشینو تراکتۆرو لە زۆر جێگایان بە تابووتو بە شان کە ئەوکات بەفر زۆر بوو.

بەهەرحاڵ پاش هەشت مانگ واتە مانگی ٦١/٨ گەڕاوە بۆ ماڵێ کە ئەوکات لە گەنمان بووین. پلاتینیان بۆ لاقی دانابوو و پێیان گوتبو کە دەبێ پاش یەک ساڵ پلاتینەکە دەربێنی، دوای ساڵێک پلاتینەکەی دەرێنا ـ ئەوکات نەخۆشخانە لە زاواکێو بووـ و پێیان گوتبو کە دەبێ پاش ساڵو نیوێک جا بە چاکی دەتوانی لەسەری بگەڕێ، بەڵام چونکە ماوەیەک بوو لە خەڵکەکەی دابڕابوو و، تینووی نێو پێشمەرگەو خەڵکەکەی بوو بە قسەی دوکتۆرەکانی نەکردو دوای هەشت مانگ گەڕاوە

ناوچەو بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوی مەیدانان لە بانە لە گوندی سیوچی.

لە پلیکانە سەردەکەوت بە وەزنی خۆی کە لاقی زۆر لاواز بوو شکاو دووبـــارە حـــەواڵـــەی نـەخۆشـخـانـە لـــە زاوەکـــێـــو کـــرا، مـــحـاسـرەو سەرکوبی‌یەکەی ڕێژیم لە بەهاری ٦٣دا مامەقالە وێڕای برینداره‌کانی دیکە گوازرایەوە گونداوگوند بە لای نستانی‌دا بۆ ئالانی سـەردەشـتو دوایـی بۆ دەشتێوێ لە کوردستانی عـێراق. نزیک بـە ساڵێک مـانـەوە لە نەخۆشخانە ئەو جارە بەیەک جاری گەڕایەوە ماڵەکەی، چونکە لاق پەڕینو لاق شکانو دەست شکان مۆڵەتیان پێ‌نەدا کە زیاتر خزمەتی گەلەکەی بکاو لە ماڵەوە کونجی قەناعەتی گرت. لە کوردستانی عێراق یەکەم جار لە سنکێو قەڵاچووالانو دوایـی ڕانیەو ئینزێو تانجەڕۆ و ئامیریەو ئازادی قۆناغ بە قۆناغ ماڵی گواستەوەو کاری حیزبیشی هـەر دەکـرد وەک تەبلیغ کـردن بـۆ حـیـزبـەکـەیو سـازکـردنـی لاو و گـەنـجـەکـان بـۆ نـێـو ڕیـزی پێشمەرگایەتی‌و دووبارە بە قەناعەت گـەیـانـدنـی کـەسـێـک کـە دادەنـیـشـت. مامەقالە تا تەمەنی ٨٦ ساڵی بەدڵ ئەرکەکانی خۆی هەرچی بۆیان دانابا بەدڵ پاکی ئەنجامی دەدا. زۆری ئیمان بە حیزبەکەی بوو، ئێمە کوڕی ڕەفیقان هەرکاممان ئەگەر بە جۆرێک وەک ڕەخنەگرتن باسی حیزبمان بکربایە دەست بەجێ بەگژمان دادەهاتو تووڕە دەبوو، چونکە حیزبەکەی زۆر خۆش دەویستو لە هیچ ئەرکێکدا تەنەخی نەدەکرد. کە دادەنیشتی دەگەڵی‌و باسی حیزبایەتی‌و کوردایەتی دەکرا دەت گوت تازە دەستی داوەتە چەکو بۆتە پێشمەرگەو هاتۆتە نێو ڕیزی خەبات. بەداخەوە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣٩١/٢/١٨ی هـەتـاوی بەرامبەر بە ٢٠١٢/٥/٧ی‌زایینی لەسەر سوجدەی نوێژی شێوان لە تەمەنی ٨٦ ساڵی‌دا بە یەکجاری ماڵاوایی لە هەموو خزمو کـەسو کـارو هـاوسـەنـگـەرانـی کـرد.

هـــــەزاران سـڵاو لـــە ٦٥ سـاڵ زیـاتـر لـە خـەبـاتو خـۆڕاگـریو بەرخۆدانت مامە قالەی سووتوو. ڕۆحت شادو جێگات بەهەشت بێ.


***

## بۆ تێکۆشەری ماندوویی نەناس مامە قالەی سووتوو

ئەی چاوەڕێ!
ئەی ڕێبواری نەحەساوەی ڕێگای نەجات،
هۆ پێشمەرگەی جەرگەی خەبات!
تۆ کە سەرت سەودای بیری ئازادی بوو،
تۆ کە دڵت پڕ لە ئەوینو شادی بوو،
قەڵایەک بووی لە هێزو باوەڕو ئیمان،
چیایەک بووی لە خۆڕاگریو کۆڵ نەدان.
ڕووبارێک بووی لە ڕاپەڕینو نەوەستان،
سیمایەک بووی لە جوامێریو،
چرایەک بووی بۆ شەوگاری ئەنگوستەچاوی بن دەستان.
................
هۆ مامە گیان!
ئەی ئەو کەسەی ناوی بەزرت بۆتە ئەستێرەی گەشو ڕوون!
ئەی مەشخەڵی داگیرساوی ڕێگای ئەستەمی ڕزگاربوون
ئەی تریفەی ئاسۆگەی ژین
ئەی هەوێنی گەشەی ئەوین،
ئەی گەورە پیاوی ناوداری، مێژووی هەستانو ڕاپەڕین!
ئەی ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە
ئەی خەنیمی ناحەزو نامۆو بێگانە.
................
هۆ مامە گیان!
تۆ پشکۆ بووی، لە زستانە ساردەکانا
لەسەر دوندی چیاکانا،
پێشمەرگەکان تاو و تینیان لە تۆ وەرگرت،
بێ‌وچانو بێ‌ماندووبوون،
بەرەو خۆرو ئاسۆگەی ڕوون،
بەرەو شاری بەهار دەچوون.
................
هۆ مامە گیان!
تۆ نەمردوویو نامریو، هەتاکوو هەین ڕووگەمانی،
بە دەرسو پەندەکانتەوە، بە زیندوویی لە نێومانی،
هەروا پێشەنگو پێش‌ڕەوی کاروانی هەوڵو خەباتو
تێکۆشانو نەوەستانی،
ئێستە ناوی پیرۆزی تۆ، بۆتە گوڵی سەر بەرۆکی مێژووی خەبات،
بۆتە میداڵی شانازی،
بۆ بەرەی داهاتووی کۆمەڵ، بۆتە مەشخەڵی گیانبازی،
خەمت نەبێ، قوتابیانی بیری پاکت،
ڕێبوارانی ڕێگای پیرۆزو ڕووناکت،
هەدا نادەنو ناسرەون، چۆک دانادەنو نانەون،
دڵنیا بە سەردەکەون.
سەر هەڵێنەو دوور بڕوانە، ئەوە ئاڵا خوێناویەکەی دیمۆکراتە،
لەسەر لوتکەی بەرزی چیا، بۆ داهاتووی زەحمەتکێشان پێ‌دەکەنێو
دەشنێتەوە،
سروودی ئەی وەتەن بۆ گەل دەچرێتەوە،
ئەوەش ئێمەین، ڕێگای دووری بە خوێن سووری شەهیدەکان دەپێوینو،
دەڕۆینە پێش، هەتا سنووری ئازادی بەرووماندا دەکرێتەوە،
هەتا تیشکی خۆری زێڕین، لە ئاسۆی کورد هەڵ دێتەوە.

ئەحمەد قادری ١٣٩١،٢،٢٤

# ئەدەبی هێمن شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە.



ئامادەکردن و لێکدانەوەی: نێعمەت مەلا

ڕەنگبێ زۆربەی هەرە زۆری ئێمە مامۆستا هێمن بناسین. جا چ ئەو کەسانەی کە شاعیر نین و فریشیان بە سەر شێعرەوە نیە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو کەڵە شاعیرە بناسن و بزانن کە ئەو کەسایەتییە کێیە و چۆن ژیاوە.

هەر کەس کاتێک دەست بداتە خوێندنەوەی شتێک کە بەلایەوە زۆر باش و بە پێز و پڕ مانا بێت، ئەوە لە نووسەری ئەو بابەتە یان ئەو بەرهەمە دەکۆڵێتەوە تاکوو بزانێ کێیە و چۆن ژیاوە یا چ کەسێک بووە.

ڕەنگبێ باس کردن لە شاعیرێکی وەک هێمن مامۆستای شێعر و ئەدەبی کورد، بە ڕەش کردنەوەی چەند لاپەڕەیەکی سپی کۆتایی پێ نەیەت، یان کەسێکی وەک من نەتوانێ بەو شێوەیەی کە هەیە باسی کەسێکی ئاوا بکات، بەڵام من تەنیا دەتوانم لەم دەرفەتە کەمەو لەم چەند لاپەڕە کەمەدا دڵۆپێک لە دەریای کەسایەتی کەڵە شاعیرێک بکۆڵمەوە کە هەموو ژیانی بۆ گەل و نیشتمانەکەی و ئەدەبی کوردی تەرخان کردوە، باس بکەم بۆیە هەر دەتوانم ئەوە بڵێم کە هیوادارم ئەم چەند خەتە لە من قەبووڵ بکەن.

هەروەک مامۆستا هێمن بۆ خۆی دەڵێ: «لە بەهاری ١٣٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٢١ی زائینی لە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بەشاری سابڵاغ» لەدایک بووە.

ناوی «سەید موحەمەد ئەمینی شێخەل ئیسلامی موکری» یەو بە «هێمن» ناسراوەو هەر وەک بۆخۆشی دەڵێ، ئەگەر شاعیری هیچ قازانجێکی بۆ ئەو نەبووبێت ئەوە لەکۆڵ ئەو ناوە دوورودرێژەی کردۆتەوە.

ناوی باوکی «سەید حەسەن شێخەل ئیسلامی» کوڕی «سەید عەلی» ناسراو بە «امین الشرع» و کوڕی سەید محەممەد ناسراو بە «علما»یە.

هێمن هەروەک لە پشتێوە لە بنەماڵەیەکی سەیدو شێخزادە بووە، لە بەرێشەوە لە بنەماڵەیەکی شێخزادە بووە. دایکی ناوی «زێنب» و کچی «شێخ یووسف شەمسەدینی» ناسراو بە «شێخ بورهان» کە لە شێخی تەریقەتی نەقشبەندیی و لە بنەماڵەیەکی ناوداری سابڵاغە، لە دایک بووە.

مامۆستا هێمن هەر لە منداڵییەوە بە هەژاری گەورە بووە، هەژار بەو مانایە نا کە کەسێک فەقیرو بێ دەرەتان بووە، بەڵکوو لەبەر ئەو دابونەریتە کۆنەی کە لەنێو کورددا باوەو منداڵی ئاغاو دەوڵەمەند دەگەڵ منداڵی هەژارو فەقیر جیا دەکرانەوەو مامۆستا هێمنیش کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو بووە نەیتوانیوە لەبەر ئەو دابونەریتە لەگەڵ هاوتەمەنەکانیسەردەمی منداڵی خۆی ژیان بەسەر بەرێ و لەگەڵیان پێبکەنێ و قوماریان لەگەڵ بکا، بۆیە ئەو داخە کە نەیتوانیوە لەمنداڵیدا ژیانێکی بە دڵی خۆی هەبێ، زۆری ئازار داوەو ئەو خەمە تاکوو دواین ساتەکانی ژیانی لەگەڵی بووە.

لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە مامۆستا هێمن چەند کەسێکی شاعیر بووە ئەوەندەش کەسێکی سیاسی بووە. بەڵام بە پێچەوانە ڕەنگبێ مامۆستا هێمن لەناو ژیانێکی خەبات گێڕانەو شۆڕشدابووبێت، بەڵام شاعیربوونی زیاتر ڕەنگی داوەتەوە.زۆربەی شێعرەکانی لە بواری نیشتماندا لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی هەیە و بەباشی دەزانین کە لێکدانەوە ئەو شێعرانە کەسێکی شارەزاو پسپۆڕی دەوێ، بەڵام ئەوی لە زۆربەی شێعرەکانیدا بۆمان دەردەکەوێ ئەو نەسیحەتانەن کە ڕووی لە گەل و نیشتمانەکەیەتی و دەڵێ:

**هەموو قەومێک وەسەر کەوتوە لە هەوراز**
**بەشی تۆ کوردە تاکەی هەر نشێوە**
**بخوێنە فێری زانست و هونەر بە**
**لەلای کوللی کەسێک جاهیل دزێوە**
**وەرە فێری تەمەدون بە عەزیزم**
**هەتا خەڵکی نەبێژن کوردە دێوە**

هەروەک لەو شێعرەدا دەردەکەوێ مامۆستا هێمن بە باشی پەی بە واقیعی دواکەوتوویی و ژیانی تاڵی کۆمەڵگاکەی بردوە، لەو لاشەوە لە هۆیەکانی پیشکەوتن و شارستانی گەلانی ئازادی دنیا دەڕوانێ و هیواخوازە گەلەکەی وشیار بێتەوەو پێشکەوێ و بگاتە ڕیزی میللەتان.

هەر وەک لەم بەیتی خوارێدا بۆمان دەردەکەوێ هەر ئەوە بووە کە مامۆستا هێمن ڕاست و ڕەوان مامەڵە لەگەڵ ناخی خۆی دەکاو ئەوە دەڵێ، لە ئاست ئەو هەموو ئازارو ناخۆشیانەی لە دەست زوڵم و زۆرداری دوژمنانی گەلەکەیدا:

**ئەگەر چی تووشی ڕەنجەڕۆیی و**
**حەسرەت و دەردم ئەمن**

**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە**
**نابەزم، مەردم ئەمن**

یان لە بارەی جوانیەکانی نیشتمانو سروشتی بەهاری کوردستان بە جۆرێ وەسفیدەکا کە مرۆڤ هەست دەکات ئەگەر ئەو جوانی‌یە ببینێ ئەوە ناتوانێ ئەو جوانی‌یە لە بیر بکاو کاتێکیش ئەو هەموو وەسفە جوانە دەبیستێ لە زمانی مامۆستا هێمنەوە ئەوە ناتوانێ لەو هەموو جوانیانە تێپەڕ بێو هیچ نەڵێ یا بە ئەسپایی بە لاییدا تێپەڕ بێو سەیری نەکات، هەر وەک لەو شێعرەی‌دا دەڵێ:

**عەزیزم تۆ وەرە ئێرە کە چاو لە**
**جوانی نابێ تێر**
**ببینە خاوو گیابەندو هەڵاڵەو**
**سوێسنو شلێر**
**لە لایەک زاوەماک دەڕوا، لە**
**لایەکی دەکەن هاوێر**
**لە لایەک باسکی هەڵ ماڵیوە**
**بێری مەڕ دراوە بێر**
**دەبینی دیمەنی وا جوان لە ناو**
**بازاڕی پڕ ئازار؟**
**وەرە ئێرەو مەپرسە ئەدی**
**چارشێو و رووبەند کوان**
**وەرە ئێرەو ببینە چاوی مەستو**
**بەژنو باڵای جوان**
**وەرە ئێرە ببینە وردە هەنگاوی**
**بەرەوجێژوان**
**وەرە ئێرە ببینە نازی بێری‌و**
**دەس بزێوی شوان**
**بچۆ ناو ڕەشبەڵەک بگوشە**
**دەستی دۆی ناسکو نازدار**

یان شاعیر لە ئاست جوانی کیژی لادێ بەو شێوەیە دێتە بەیانو ئاوا باسی جوانی کیژی لادێیی دەکاو دەڵێ:
**لا جانگت وەکوو گزینگی تاوێ**
**هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی**
**کوڵمت وەکوو گوڵاڵەی گەشە**
**بێ سوورمەش چاوە**
**مەستەکەتڕەشە**
**وەکوو فرمێسکی ئاشق رووناکی**
**وەکوو ئاونگی بەیانی پاکی**
مامۆستا لەسەردەمی کۆماری کوردستان‌دا نازناوی شاعیری میللی پێ بەخشراوەو لەو ڕۆژانەش‌دا وەک لایەنگری سەرسەختی کۆمارو دژی دیلی‌و دەست بەسەری گەلەکەی

لە بەرامبەر ڕژیمی شاهەنشاهی وەستاوەو لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە لە بەرامبەر ئەو چینە وەستاوە کە بۆخۆشی یەکێک بووە لەو چینە واتا چینی ئاغاو شێخو خانو دەرەبەگ. ئەوەش بە کردەوە لەو شێعرەی شاعیر ڕەنگ دەداتەوە کە لە گۆڤاری نیشتمانی سەردەمی کۆماردا بڵاو بۆتەوەو لەوێ‌دا دەڵێ:
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە میللیەت

**من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵی**
**خۆم دەکەم**
**من لەدەس بێگانە ناکەم شیکایەت**
**ئەی ڕەفیق**
**گەر شکایەت کەم لە چنگی مامو**
**خاڵی خۆم دەکەم**
**ڕۆژێ شێخم دیتو پێم گوت**
**هەتبێ حیسی میللیەت**
**پێی گوتم من چیم لەوانە داوە**
**سواڵی خۆم دەکەم**

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٥ لە مەهاباد نمایشنامەیەک بە ناوی «دایکی نیشتمان» پیشان دەدرێ کە هەستو سۆزی خەڵک دەبزوێنێ‌و بۆ ماوەی چوار مانگ هەر دووبارە دەکرێتەوە کە دەڵێن خەڵکی لادێ‌و دەوروبەری شاری مەهاباد بۆ دیتنی ئەو نمایشنامەیە دێنو ئەوەش وەک ئیلهامێک بۆ شاعیر دێتە بەرچاو کە مامۆستا هێمن بەو هەستەوە شێعرێک کە وتوێژی نێوان ئەو و دایکی نیشتیمان دێتە ئاراوە کە ئاوا دەست پێ دەکاو ڕووی لە لاوانو گەنجانی تازە پێ‌گەیشتووی گەلەکەمانە، دەڵێ:

**گوتی نازانێ ڕۆڵەی هیچ نەزانم**
**ئەمن کێم؟ ڕۆڵە دایکی نیشتیمانم**
**لە تاوی ئێوەیە وا ماتو گرژم**
**لە سۆی ئێوە دەسووتێمو دەبرژم**

دوایی شێعرەکە لە لاپەرە ٨٤ی تاریکو ڕوون دایە و لەبەر زۆری ئەو شێعرە تەنیا ئاماژەیەکی چووکم بەو شێعرە کرد.یا لەو شێعرەی‌دا کە هیوا دەخاتە دڵی ڕۆڵەکانو ئاوا بۆیان دەدوێ‌ودەڵێ:

**هومێدێ بەر مەدەن ڕێگەی خەبات**
**بگرنو برۆنە پێش**

**تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بە**
**دیکتاتۆری چۆن وەستان**
**مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل**
**لە گیان‌بازی**
**لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە**
**تاقە یەک کەستان**
**سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی**
**تووشو دژوارە**
**بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژی**
**بەهار هەر دێ لە دووی زستان**
**بە خەڵکی عالەمی سەلماندووە**
**تاریخی ئازادی**
**دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران**
**بەرداتەوە دەستان**
مامۆستا هێمن بە شێعرەکانی خۆیی تۆفانێک بەرپا دەکا کە زۆرکەس لە توانای‌دا نیە ئەو شتەی کە بۆ نموونە برووسکەی نێو ڕێژنە بارانێک، یا چەخماخەی هەوری بەهارێک، بە رادەی ئەو لە نێو مرۆڤی سەردەم‌دا بەرپا بکات هەروەک دەڵێ:

**دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە**
**ڕق ئەستوورترم**
**لێم دەدا، ئەمما لەسەر داوا**
**ڕەواکەم سوورترم**
**دەم کوژێ، ئەمما بەگژ**
**جەللادەکەم دادێمەوە**
**کوردمو ناتوێمە، ناتوێمەوە،**
**ناتوێمەوە.**
بەڵام ئەو دڵەی پڕ لە هەست بوو، پڕ بوو لە نیشتمان‌پەروەری‌و گەل دۆستی، ئاشتی خوازو خۆشەویستی نەتەوەکەی. لە ڕێکەوتی ٢٩ی‌خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ بەرامبەر بە ١٨ی نیسانی ١٩٨٦ دڵە گەورەکەی لە ناکاو لە لێدان کەوتو هەموو لایەکی لە خەمی خۆی‌دا ڕەش پۆشو ئازیزانی بەرهەمەکانی چاو بە فرمێسکو تەنیا هێشتەوە.
تاکوو دوایین ساتەکانی ژیانیشی ڕێبواری ڕاستەقینەی ڕێگای ئازادی نیشتیمانەکەی بوو، کەسێک کە شێوەنی ئینسانی بوو هەموو ژیانیشی هی نەتەوەکەی بوو بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو نەک شاعیر، بەڵکوو مرۆڤێک بوو کە زیاتر هی میللەتەکی بوو تاکوو خۆی.

***

# «ئەم شێعرە هی کێیە»

## تێبینی: ناوی ئەم بابەتە لە سەردێڕی وتارێک وەرگیراوە لە ماڵپەڕی «شارستان» کە ماڵپەڕی تایبەتی مامۆستا ناسری حیسامی‌یە.

ئا: مەسعوود فەتحی

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە!
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ: "بولبولم با بێتەوە"!

وا وەعیدی بەفری زستانە و فیراقم کەوتە دڵ
مەر بە بای وەعدەی ویسالت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە

میروەحەی زولفت لە دەوری ئاوری ڕووت بێ، چلۆن
ئاگری عیشقت بە ئاوی چاوی من دەکوژێتەوە؟

سووچی زولفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەمو پەروانە شەو دەکرێتەوە.

خەتتی میهر و زولفو خاڵی، حوججەتی موڵکی دڵە
نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی خوڕخوڕە ناچێتەوە.

دڵ لە ترسی چاوی بوو ڕووی کرد لە میحرابی برۆی
ئیستە بیستوومە لە چینی زولفی جێی نابێتەوە.

کێوی هیجرت خستە سەر شانم، دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بە زولفت، زەحمەتە هەڵسێتەوە.

سەد کەڕەت خستمتە گێژی مەهلەکەی بەحری فیراق
ئاخری قوللابی موژگانت دەرم دێنێتەوە.

مەزرەعەی میهر و مەحەببەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بە شادی دادەچێنم، خاری غەم دەڕوێتەوە.

خۆت دەزانی موددەتێکە سەر وەپاماڵی جەفام
کەی وەکوو نەقشی قەدەم سەر نێمە ژێر پێتەوە؟

دڵ ئەوا کەوتۆتە زیندانی غەم و_ قوربانتم!_
تایەکی زولفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە!

تۆخودا تاکەی لە تاریکیی شەوی هیجرانی تۆ
دەستەوئەژنۆ دابنیشم: "ڕەببی کەی ڕۆژ بێتەوە"؟

بێ ئیشارەی (حکمةالعین)ی (شفا)ت نایە شفام
خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە!

فیکری من چونکە دەقیقە عاشقی قەددی ئەوە
موو لە موو گیراوە، چ بکەم لێک جوێ نابێتەوە!

زەخمی دڵ، بێ مەرهەمی وەسڵی، بە ناسۆر کەوتووە
ئەی «حەریق›› باسی مەکە تۆ خوا بڵا نەکولێتەوە

شاعیر: «حەریق»

ئەم غەزەلەی "حەریق" دوو جار لە دیوانی شێعری وەفایی‌داو بە ناوی وەفاییەوە چاپو بڵاو کراوەتەوە، جاری یەکەم کۆکردنەوەی مامۆستا "محەممەد عەلیی قەرەداغی" و جار دووهەم مامۆستا ئاسۆ کاری لەسەر کردوەو شەرح و پەراوێزی بۆ نووسیوە هەر دوو جار غەزەلەکە بە تەواوی نەهاتووە واتە بەیتی ئاخری لەگەڵ نەبووە کە ئەم بەیتەیە.

زەخمی دڵ، بێ مەرهەمی وەسڵی، بە ناسۆر کەوتووە
ئەی "حەریق" باسی مەکە تۆ خوا بڵا نەکولێتەوە

لە دیوانی وەفایی کۆکردنەوەی مامۆستا "محەممەدعەلیی قەرەداغی" واتە لە نوسخەی یەکەمدا، بەڕێزیان گومانی لەوە هەبووە کەم ئەم غەزەلە شێعری وەفایی بێ دەڵێ: "ئەم پارچەیە لە نوسخەی ف دا لە گەڵ کۆمەڵە شیعری وەفایی‌داو بە شێعری ئەو نووسراوە، بەڵام وەک دەبینین لە کۆتایی‌دا نازناوی ئەوی تێدا نی‌یە کە وەفایی زۆر کەم ئەوە دەکا. زیاد لەوەش ئەگەر تۆزێ بە وردی سەرنجی بدەین دەبینین تامو چێژێکی تایبەتی تێدایە کە کەم لە شێعری وەفایی‌دا هەستی پێ‌دەکرێ".

لەم ساڵانەی دوایی‌دا مامۆستا ناسری حیسامی دەستی دایە کارێکی گەورە، واتە ساغ کردنەوەی دیوانی وەفایی کە بە نیسبەت چاپەکانی پێشووی فەرقو جیاوازی‌یەکی بەرچاوی هەبوو، ناسری حیسامی لە دیمانەیەکدا لە گەڵ کاک ڕەسووڵی سوڵتانی دەڵێ: "بۆ ساغ کردنەوەی هەر تاکە شێعرێکی وەفایی، لەبەرچاوگرتنی سەرجەمی بیرکردنەوەو شێوازی وەفایی‌و، پێداچوونەوەی سەرجەمی دیوانەکەی پێویستە". لێرە دایە کە نرخی کارەکەی مامۆستا ناسری حیسامی بۆ هۆگرانی شێعری کوردی دەردەکەوێ، بەڕێزیان دەڵێ: "کاتێ ئەم غەزەلەم لە دیوانی وەفایی‌دا بینی زانیم کە پێ‌دەچێ ئەمە شێعری وەفایی نەبێ هەربۆیە لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان واتە ماڵپەڕی شارستان لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی "ئەم شێعرە هی کێیە؟" داوای لە لایەنگرانو خوێنەرانی شێعری کوردی کردوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم غەزەلەدا هەر زانیاری‌یەکیان هەیە ئاگاداری بکەنەوە، مامۆستا ناسری حیسامی دەڵێ: "لە بەر چەند هۆیەک وێ‌دەچێ، ئەوە شێعری وەفایی نەبێو بە هەڵە کەوتبێتە ناو یەکێک لە دەس‌نووسەکان. هۆیەکان ئەمانەن:

١: لە شێعرەکەدا ناوی وەفایی نی‌یە. جگە لەم نموونەیە، وەفایی بە دەگمەن شێعری دیکەی هەیە ناوی خۆی تێدا نەهێنابێ.

٢: ئەو نوسخەیە کە مامۆستا قەرەداغی، وەک باوەڕ پێ‌کراوترین نوسخە، کردوویە بە بنەما، ئەو شێعرەی تێدا نی‌یە.

٣: ئەو شێعرە تەنیا لە یەک دەس‌نووس‌دا هەیە. لە دیوانی وەفایی چاپی گیوی موکریانی و سەییدیانیش‌دا ئەو شیعرە نی‌یە.

٤: مامۆستا قەرەداغیش گومانی لەوە هەیە ئەوە شێعری وەفایی بێ. لە پەراوێزی ئەو شێعرەدا نووسیویەتی "ئەم پارچەیە لە نوسخەی ف دا لە گەڵ کۆمەڵە شیعری وەفایی‌داو بە شێعری ئەو نووسراوە، بەڵام وەک دەبینین لە کۆتایی‌دا نازناوی ئەوی تێدا نی‌یە کە وەفایی زۆر کەم ئەوە دەکا. زیاد لەوەش ئەگەر تۆزێ بە

وردی سەرنجی بدەین دەبینین تامو چێژێکی تایبەتی تێدایە کە کەم لە شێعری وەفاییدا هەستی پێدەکرێ".

٥: قسەکەی مامۆستا قەرەداغی لە بابەت تامو چێژی ئەو پارچەیە ڕاستە. گەرچی غەزەلە ناسکەکانی وەفایی کەم نین، بەلاّم تامو چێژی ئەم پارچەیە جیاوازە.

٦: شێعرەکە هەندێک دەربڕینی تێدایە لە هی وەفاییو لە ڕاوێژی مهاباد ناچێو زیاتر لە ڕاوێژی خەڵکی بۆکان بەرەوخوار دەچێو بە تایبەت دەوروبەری سەقز، یان تەنانەت بانە و سلێمانی. دەربڕینەکان ئەمانەن: "مەر بە بای وەعدەی ویسالت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە" ، "نەقشی ئەو موهرە بە ئاوی خورخورە ناچێتەوە"، "زەحمەتە هەڵسێتەوە"، "خستمتە" ، "سەر نێمە ژێر پێتەوە"، "سەر وە پامالّی جەفام"، "زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە".

باس کردنی ئاوی خورخورە، هێنانی "مەر" بە مانای مەگەر، هێنانی هەڵسێتەوە لە جیاتی هەستێتەوە، هێنانی سەر نێمە ژێر پێتەوە بە مانای سەر بخەمە بەر پێت، هێنانی خستمتە لە جیاتی خستتمە، هێنانی خۆش بوونەوە لە جیاتی چاک بوونەوە بۆ برین، جیاوازییەکانی دەربڕینی ئەم شێعرەن لە گەڵ زمانی وەفایی. "

مامۆستا ناسری حیسامی دەڵێ: "دوای بلاّوبوونەوەی ئەو وتارە، کۆمەڵێک کەس ئاگاداریان کردم کە شێعرەکە هی حەریقە و لە دیوانی حەریقدا هەیە. لە دیوانەکەی حەریقدا، ئەو شێعرە، دێڕێکی دیکەشی لە گەڵە کە لە نوسخەکەی قەرەداغیدا نییە. دێڕەکە ئەوەیە:

زەخمی دڵ، بێ مەرهەمی وەسڵی، بە ناسۆر کەوتووە
ئەی "حەریق" باسی مەکە تۆ خوا بلاّ نەکولێتەوە.

***

## مەلاسەید ئەحمەدی تاژانی(ئەدیب)


ئەی قیبلەیی ئومێد، وەی تاجی سەری من
ئەی دافعی زوڵمات، غەمی بێسەمەری من
ئەی بەندە نەواز، منی سەرگەشتەی مەحزوون
وەی شەمعی شەبووستانی، دڵی پوڕ کەدەری من
گەر بێت و لەڕووی لوتف و تەفەقوت کە بپرسی
ئایا کە چیەو چۆنە ئەوێستا خەبەری من
سەد شوکری خودا، نەقدی حەیاتم هەیە، لەیکین
تاریکە بەبێ نووری جەماڵت بەسەری من
لەو ساوە کە مەحرِوومی سەفاو بەزمی حزوورم
بێزارە لە ڕۆح، خەستە لە ژانا سەری من
وەک مورغی سەراسیمە لەنێو حەڵقەیی داوا
حەیران و سەرەفکەندە نەما پێ گوزەری من
با وەسفێ غەم و مێحنەتو دەردو ئەلەم و غەم
برژاوە لەنێو ناری خەڵووزا جگەری من
سمئولە لە مووژدەی فەرەعی سوعبەتی زاتت
زوو ڕەفعی جەفاکە ئەی خاتری زەرەری من

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

زوڵفەکەت پەخشە بە جەوری شانە پەخشانی مەکە
پەڕتووی کوڵمت چرای ئیمانە، پەنهانی مەکە
چاوەکەت بەرهەم زەنی ئەکلیلی دینی عاشقە
فێری تەعلیمی هجوومو فەوجی مووژگانی مەکە
دڵ بە سرڕی زاری غونچەت، بولبولێکی مەحرەمە
تۆش زەلیلی نیش خارو داو و هیجرانی مەکە
بۆ ریسالەی وەسفی حوسنت، نازگە تەبعی ئەدیب
وا بە پەیکانی جەفاوە، ماتو پەرێشانی مەکە

~~~~~~~~~~~~~~~~~~~~

**تێبینی:** ئەم دوو کۆپلە شێعرە ئی مەلاسەید ئەحمەد ناسراو بە ئەدیب خەڵکی تاژانی بانەیە و، کاک سەید قادر ئەحمەدی بۆی ناردووین. زۆر شاعێرمان هەن کە بەداخەوە بە هۆی نەبوونو دەست وێرانەگەیشتن بە ئیمکاناتی چاپەمەنی، بەرهەمەکانیان بە مردنی خۆیان لەنێوچوونو گەلەکەیان لێی بێبەش بوون.



# نزا بۆ کوردستان



شەوە دڵ تەنگم، دەسو دڵ بەکۆ    هاوارت دەکەن ئەی خاوەن شکۆ
تۆی خودای خاوەن خودای زەوینی    سەرۆکی هەردو پاشای ئەوینی
ئاخرو ئۆخری سۆزو سوکنایی    تەنیای خاوەنی تێکڕاو تەنیایی
تۆگۆ بەدەستی، مرۆڤ متو مۆر    گشتی کۆیلەتن سوورو سپیو بۆر
ئەستێرەی ئاسمان جێ تبلی تۆنە    شوێنی جێ پێی تۆن ئەم زەوی کۆنە
پێڵاوی بەر پێت بخەرە دواوە    بۆ ئەم شوێن پێیەت چوار بەش کراوە
بڕوانە، کێوان بە پیرتەوە دێن    من چت بۆ باسکەم هەمووت لەبەرێن
دەستی نزایان ئاگر پڕژێنە    هاوارت دەکەن خودای بێ وێنە
ساتێ ببیسە زامێکی دەروون    بەگرینت دەخا وا «پیرە مەگروون»
من بۆیە نەویم، لەشم چەماوە    بە کۆڵم کردۆ کوڵی ئەم ناوە
بڕوانە گەورەم «ئاگری گەورە»    سینگ داڕووشێنی ئاسمانو هەورە
ئەو کلۆ بەردەی لەسەر داوێنە    بەردەبازێکە، گیانباز ڕاهێنە
باز بدە دەمو چاوی «زەردەکۆ»    زڕ دایکی پاییز رووزەردی کردۆ
بزەی دزێوە دزی دراوسێ    لێی ترازاندۆ یەخەی کراسێ
لەبەردەم «دینا» هەڵترووشکانە    بژنەڤە شینی هەزار ساڵانە
نشینگەو زێدی هەڵۆو کاردۆبوو    سا بۆتە دیلی کپی کوندەبوو
خول بدە خودا بۆ لوتکەی «ڕەشکۆ»    چۆن ملوانکەی خەم بەملی هەڵچۆ
شینکە و داوێنی تاراوە بە شین    سەرت سوورنەما چەند چارە ڕەشین
چارەکە شانەی هەور بەشان کە    رامێنە دەمێو ڕوو لە ڕامان کە
تێت ڕامان کەژو کێوانی ژاکاو    بوغزیان بەزاندو کردیانە لافاو
لە هەور بتکێوە سەر باڵی هەڵۆ    بتکا میوانی هێلانەی بۆسۆ
دەس بنێ دڵی شکاوی ئەشکەوت    جاچۆن گڕ نەگرێ دڵی پڕ نەوت
بە نێڵەی نەوتی خۆمان کردیان داغ    لاجانگی جوانی «مۆر» و «قەرەداغ»
چاوی لە چاوی شای کوردە «شاهۆ»    سەدان «قاسملوو»ی پەروەردە کردۆ

«یووسف قەدیری»

## خۆشەویستی

زۆر دەمێکە چاوەڕێی بارانێکم
دڵی زامدارم بشواتەوە

چاوەڕێی بەهارێکم ئەویندارانی وڵاتم لە باوەش بگرێ
ئاواتم پەڵە هەورێکە نیگای چاوەکانتی تێدا بەدی بکەم

هیوام جێژوانی شەوانی سەختی زستانە و
هاوینگەم نێوان دوو کێوەکەی هەیبەتسوڵتانە


نا! خۆشەویستەکەی شەوانی پێکەنینم
کە دەیان ئاخو ئۆخم بۆ کێشاوی

ئەو کاتانەی یەکترمان لە ئامێز دەگرت
ئەو ڕۆژانەی سێبەری دارو بەردەکان
شاهیدییان بۆ دەداین

دارو گوڵەکان سەمایان بۆ دەکردین
خۆریش رووناکی پێدەبەخشین

ئەحمەد قازی





# خاکی خۆڕاگر

پرسیان لە هەڵگورد، تۆ پاشای هەردی
بۆچی وا دڵڕەق لە شێوەی بەردی؟
وتی: من بەرزم بە بەرزی وڵات
دەڵێن یەک ئەگرین منو ئاراڕات
ڕەقی دڵی من دەگەڵ دوژمنە
بەڵام هاوزێدم، هەر برای منە
ئەی دڕک، بۆچ تیژی هەر وەکوو دەرزی؟
دوژمن لە ترست وا هەڵ ئەلەرزی
وتی: تیژی من بەرامبەر دژمن
ڕێوی بەزێنم فەخردارم من
بەڵام لە بۆ کورد زۆر نەرمو ساکاو
ئەگەر پێم لێنێ خۆم ئەکەم بە ئاو
ئەدی تۆ، دار گوێز، بۆ خۆڕاگری؟
بەرامبەر بە «با»، بە تینو گڕی؟
وتی: من کە وام، چاو لە کورد ئەکەم
«بای» زۆر بە گڤەش شەرمەزار ئەکەم
کوردو کوردستان عادەتیان وایە
بەرامبەر دژمن شاخو پۆلایە.

عەبدولقادر ڕەسووڵ

# چیرۆکی بانکی گەردوون

و: شەهێن حوسێنی


چاو لێبکەن و بیر وەکەن کە حیسابێکی بانگیتان هەیەو هەموو ڕۆژێک بەیانیان زوو ٨٦٤٠٠ تمەن دەچێتە نێو حیسابەکەتانەوەو ئێوەش تا کۆتایی ئەو شەو مۆڵەتتان هەیە کە ئەو بڕە پارەیە خەرج بکەنە دەنا ئوتوماتیکی حیسابەکەتان بەتاڵ دەبێ، لەو کاتەدا چی دەکەن؟!

بێگومان هەوڵ دەدەن هەموو پارەکە خەرج بکەن!

هەر کام لە ئێمە حیسابێکی بانکی لەو جۆرەمان هەیە، حیسابی بانکی گەردوون!

هەموو ڕۆژێک بەیانیان لە بانکی گەردوونی ئێوە ٨٦٤٠٠ چرکەی دەچێتە ناوی و تا کۆتایی شەویش تەواو دەبێ و ئیتر ناشگەڕێتەوەو تەنانەت بۆ ڕۆژی دوایی تۆزێکیشی پێزیاد نابێ!

- بایەخی ساڵێک کە خوێندکارێک ڕەت بۆتەوە، دەزانێ.
- بایەخی ساڵێک کە دایکێک منداڵێکی بە ناتەواوی بووە، دەزانێ.
- بایەخی حەوتوویەک، سەرنووسەری حەوتوونامەیەک دەزانێ.
- بایەخی کات ژمێرێک، عاشقێک دەزانێ کە چاوەڕوانی ئەویندارەکەیەتی.
- بایەخی خولەکێک، کەسێک دەزانێ کە لە شەمەندەفەر(قەتار) جێماوە.
- هەروەها بایەخی چرکەیەک، کەسێک دەزانێ کە لە تەسادوفێکی مەترسیدارو مەرگهێنەردا ڕزگاری بووە.




باوەڕتان بێ هەر ساتێک گەنجێکی گەورەیە، ئەو گەنجەتان لە دەست مەدەن.

لەبیرتان بێ، کات(گەردوون) لەبەر هیچ کەسێک چاوەڕوان نابێ!

لەبیری مەکەن:

دوێنێ چووە مێژووەوە.

بەیانی نارِوونە،

و ئەمرۆش کادۆیەکە کە خودا پێی بەخشیون!

سەرچاوە:

کتێبی «لطفا گوسفند نباشید». بە اهتمام: محمود نامنی

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

## شۆفێری تاکسی

دایکێک دەگەڵ کورە دە ساڵانەکەی لە ڕۆژێکی بارانـاوی لەنێو تەکسی‌یەکدا بەرەو ماڵەوە دێنەوە، کورەکەی لە شووشەی سەیارەکەوە چاو لە دەرەوە دەکا. دەبینێ هێندێک ئافرەتی لەشفرۆش لە قەراغ شەقامەکە بێکار ڕاوەستاون، کورەکە کە دەیان بینێ و لە شکڵو شێوەیان سەری سوور دەمێنێ‌و سەرنجی ڕادەکێشن، لە دایکی دەپرسێ ئەمانە کێن‌و بۆ لێرە وێستاون؟
دایکی وەڵام دەداتەوە:
ئەمانە ژنانی کارمەندن‌و کارەکەیان تەواو بووەو چاوەڕوانی مێردەکانیانن بێن بەشوێنیاندا.
شۆفیرە لەپڕ گوتی:
- خانم! بۆچی ڕاستی‌یەکەی پێ نالێی و، گوتی:
- بڕوانە بە قوربان، ئەمانە ژنانی باش نین‌و بۆیە لێرە وێستاون تا لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەدا دەگەڵ پیاوان پێوەندی بگرن.
منداڵەکەش کە چاوی بە مۆڵەق وێستابوون، لەدایکی پرسی:
ــ ئەم پیاوە ڕاست دەکا؟
دایکی مۆرەیەکی لە شۆفێرەکە کردو سەرێکی بە مانای وایە بۆ کورەکەی لەقاند.
منداڵەکە پرسی:
ـ کەواتە چی بەسەر منداڵەکانیان دێ؟؟
دایکی گوتی:
ـ زۆربەی منداڵەکانیان دەبنە شۆفێری تاکسی.........

.....................................................

.....................................

## پرۆسەی پیربوون

چەند کۆنە هاوڕێ‌یەک کە هەر هەموویان تەمەنیان ٤٠ ساڵ بوو، وایان دانا کە پێکەوە دانیشن‌و شامێک بخۆن، پاش هەڵسەنگاندنی چێشتخانەگەلێکی جۆراوجۆر لە ئاکامدا ساغ بوونەوە بچنە چێشتخانەی «چەشم انداز»، چونکە خزمەتکاری جوانی هەیە.

دە ساڵ دواتر کە هەموویان بوونە ٥٠ ساڵ، دووبارە بڕیاریان دا کە پێکەوە شامێک بخۆن، پاش هەڵسەنگاندنی چێشتخانەگەلێکی جۆراوجۆر سەرلەنوێ ساغ بوونەوە بچنە چێشتخانەی «چشم انداز»، چونکە خواردنی باشی هەیە.

دە ساڵ دواتر کە هەموویان بوونە ٦٠ ساڵ، دووبارە واساغ بوونەوە کە پێکەوە شامێک بخۆن، لە ئاکامدا لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە بچنە چێشتخانەی «چشم انداز»، چونکە شوێنێکی ئارام‌و بێ‌قڕەو هەرا بوو.

دە ساڵ دواتر لە تەمەنی ٧٠ ساڵی‌دا، دووبارە واساغ بوونەوە کە پێکەوە شامێک بخۆن، پاش هەڵسەنگاندنی چێشتخانەگەلێکی جۆراوجۆر سەرلەنوێ ساغ بوونەوە بچنە ڕێستورانتی «چشم انداز»، چونکە هەم ئاسانسۆری هەیەو هەمیش ڕێگای تایبەتی بۆ حەرەکاتی کورسی پێچکەدار(صندلی چرخ دار).

هەروەها دە ساڵ دواتر کە هەموویان ببوونە ٨٠ ساڵ، جارێکی دیکە بڕیاریاندا کە شامێک بەیەکەوە بخۆن‌و پاش هەڵسەنگاندنی چێشتخانەگەلێکی جۆراوجۆر دووبارە ساغ بوونەوە بچنە چێشتخانەی «چشم انداز»، چونکە تاکوو ئێستا نەچووبوون!!!!!!!!!!!!

## مێردی بێ‌وەفا

مێردەکەی مریەم، چەند مانگێک بوو لە نەخۆشخانە کەوتبوو. زۆربەی کاتەتان لە بێ‌هۆشی دا بوو و ناوەناوە چاوەکانی هەڵدێناو کەمێک وەئاگا دەهات. ڕۆژێکیان کەهۆش‌خۆی‌هاتەوە، داوای لە مریەمی خێزانی کرد، بچێتە پەنای. مریەمیش کورسی‌یەکەی بە قەرەوێڵەکەوە نووساندو گوێی بردە پەنا دەمی مێردەکەی تا گوێی لە قسەکانی بێ. مێردەکەی کە دەنگی زۆر لاوازو فرمێسک لە چاوەکانی‌دا قەتیس مابوون، بە هێواشی گوتی:
ـ «تۆ لە تەواوی کاتە ناخۆشەکانی ژیانمدا لە پەنام بووی. کاتێک لەسەر کارەکەم دەریان کردم تۆ لە پەنام دانیشتبووی. کاتێک کارو کاسبی‌یەکەم لەدەستدا تۆم لەپەنا بووی. کاتێک ماڵەکەمان لەدەستدا، دووبارە تۆم لابوو. ئێستاش کە سلامەتیم کەوتۆتە مەترسی‌یەوە، دووبارە لە کنمی و، دەزانی دەم هەوێ بڵێم چی؟»
مریەم لە کاتێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو، گوتی:
ــ دەتەوێ بڵێی چی گیانەکەم؟
مێردەکەی گوتی:
ــ پێم وابێ بوونی تۆ بۆ من بەو شانسی دێنێ!!!!!!!!!!!!!!!!

# وتووێژی گۆڤاری لاوان دەگەڵ لاوێکی وەرزشوانو سەرکەوتوو

## «سۆهراب رەحمەتی»



دیمانە: سەردەشت کوردستانی

**١: دەگەڵ رێزو سڵاوی بێ پایانم بۆ ئێوەی ئازیزو هیوادارم کە لە تێکۆشانو خزمەت کردن بە لاوانی ئازیز بە تایبەت لاوە وەرزشوانەکان هەمووکات سەربەرزو سەرکەوتوو بن.**

من سۆهراب رەحمەتی لەدایک بووی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی ئوشتەپە سەربە شارستانی بۆکان.

**٢: وەرزش لای تۆ چ دەگەیەنێو کاتێک کە وەرزش دەکەی هەست بەچی دەکەی؟**


من وەرزش کردن بە باشترین رێگەی پێشگیریو دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی، کێشە، تەنیاییو لە هەموو شت گرینگتر ناهومێدی، دەزانمو یەکێک لە گرینگترین لایەنە پۆزەتیڤەکانی لەش ساغیەو هەر کەس بۆ ماوەیەک بە بەردەوامیو بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە وەرزشی نەکردبێت، بە تەواوی هەست پێناکا. دیارە هەر مرۆڤێک لەهەر چینێکی کۆمەڵگادا کۆمەڵە کێشەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە منیش بێبەش نیم لەوانو بەش بەحاڵی خۆم، ئەو کاتانەی خەمو نارەحەتی دەورەم دەدەن پەنا بۆ وەرزش کردن دەبەم تەنانەت ئەگەر دەستم بە هیچ یاریگەیەک نەگات لە حەوشەی ماڵەکەم، سەرقاڵ دەبمو بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە وەرزش بە یەکێک لە هاورێ خۆشەویستەکانمەو شوێنی لە ژیانمدا لەدوای ئەو کەسانەیە کە لە کاتی تەنگانەدا پشتیان پێدەبەستم.

**٣: چۆن بوو کەوەرزشی«کۆنگفۆت» هەڵبژارد؟**

باشم لەبیرە کە دوانیوەرۆیەکی گەرمی هاوینی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی بوو و تازە لە نانەواخانە هاتبومەوە کە دوو هاورێم هاتن بە شوێنمدا هەروەک لەپێشدا بەرنامەرێژیمان بۆ کردبوو کە بچین بۆ شاری بۆ ناونووسی لە باشگایەکی کاراتە، بەڵام بەداخەوە ئەو شوێنێکی دەچووین کاتەکەی درەنگ بوو و لەگەڵ بەرنامەی کاری ئێمە نەدەگونجا، هەر بۆیە رووماان لە باشگای زۆرانبازی(کوشتی) کردو بۆ ماوەی حەوت مانگ لەوێ کارم کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەدڵ کارم نەدەکرد، پێشکەوتنێکی ئەوتۆم بەخۆوە نەبینی، ئەوە بوو کە بۆ جارێکیتر بریارمدا کە بچم بۆ باشگای کیۆکۆشین کاراتە لە تەربییەت بەدەنی(ئیدارەی وەرزشو لاوان) لە شاری بۆکان.

**٤: تاکوو ئێستا لەماوەی کارکردنتدا سەرکەوتنت بەدەست هێناوە، دەتوانی ئاماژەیان پێ بکەی؟**

کە باس لە سەرکەوتن بکەم دەتوانم بڵێم هەر بەشداری کردن لەم باشگایە لای من بە سەرکەوتن ئەژمار دەکرێت، چونکە ساڵانێک بوو کە خوازیاری بووم بەڵام وەک سەرکەوتنو هێنانەوەی پلەی قارەمانی ئەگەر بە کورتی ئاماژەی پێ بکەم بەم شێوەیەیە: ساڵی ١٣٧٥ پلەی سێهەم لەسەر ئاستی پارێزگا، ساڵی ١٣٧٦ پلەی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگاو تا ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی واتە بۆ ماوەی ٨ ساڵ، توانیم کە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگا بە دەست بێنمو، لەسەر ئاستی باکووری رۆژئاوای ئێران ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی پلەی دوهەمم بەدەست هێناو ساڵی ١٣٧٨ پلەی سێهەمو ساڵەکانی ١٣٨٠و ١٣٨١و ١٣٨٢ توانیم پلەی یەکەم بە دەست بێنم، بەڵام لەسەر ئاستی ئێران بە گشتی پێنج جار بەشدار بووم کە تەنیا بۆ جارێکیان توانیم پلەی چوارەم بەدەست بێنم کە بە بروای خۆم هۆکارەکەی دەگەرێنمەوە بۆ ناهاوسەنگی لە کێشمدا کە هەموو جارێک لە کێشی ٦٠ کیلۆدا بەشدار دەبووم، بەڵام کێشی خۆم ٥٣ کیلۆ بوو و جیاوازی حەوت تا هەشت کیلۆ لە کێبرکێی کیۆکۆشینی کاراتە کە رشتەیەکی تەواو قودرەتی بوو کاریگەری لە سەرم هەبوو. جێی ئاماژەیە کە بڵێم دوو بروانامەم لە ساڵەکانی ١٣٧٩-١٣٨١ بە ئەنجامی زۆرباش وەرگرتووە لە شارەکانی ورمێو تارانو هەر لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی «کەمەربەندی رەش(شاڵی رەش)ی «دان یەک»م لە تاران وەرگرتوو لە لایەن فیدراسیۆنی کاراتەی پارێزگا بە ئیزنی راهێنەرەکەم کە کاک «ناسر زولفەقاری» بوو، پێدراو بۆ ماوەی ٥ ساڵ وەک ئەرشەد لە باشگای بۆکانو وەک راهێنەر لە دێیەکەی خۆم(ئوشتەپە)کارم کردووەو لە ساڵی ١٣٨٣ بۆ (شاڵی رەش - دانی دوو، بەشی کۆمیتە) لە شاری رامسەر بەشداریم کرد، بەڵام چونکە دوای ماوەیەک کە لە لایەن هێزی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەسبەسەر کرام و دوای رزگاربوونم هاتمە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتەوە، نەمتوانی کە وەری گرمەوەو ئێستاش لە خزمەت ئێوە دام.



**٥: کاتێک کە سەرکەوتنت بەدەست دێنا، هەستت بەچی دەکردو هۆکاری سەرکەوتنی خۆت بۆ چی دەگەڕێنیەوە؟**

دیارە هەموو کەسێک لە کاتی سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا، هەست بە دڵ خۆشی‌یەکی زۆر دەکا، منیش وەک وەرزشوانێک هەستێکی تایبەتییم هەبوو و هەموو جارێک ئیرادەم پتەوتر دەبوو بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی زیاتر، بەڵام نایشارمەوە ئەگەر میداڵەکەیان لە مل دەکردمو چاوم بە شاڵەکەی دەکەوت کە بە ئاڵای ئێران رازابۆوە، یا لەسەر ریزلێنانەکە وتەیەکی ئایەتوڵلا خومەینی‌یان دەنووسی کە هیچ کاتێ وەرزش کردن بە خەیاڵی دانەهاتبوو لە زوڵمو زۆر زیاتر، هەستم بە لێقەوماوی دەکرد.

**٦: ئەگەر بیرەوەریەکت هەبێ لە ماوەی وەرزش کردنو کێبرکێ‌کاندا تکایە بۆمان بگێرەوە؟**

بیرەوەری خۆش زۆربوون، بەڵام بۆ یادکردنەوەیەکیش لە هاوڕێیانی ئەم رووداوە با باسی زستانی ساڵی ١٣٨١ بکەم کە بۆ کێبرکێ‌یەک چوو بووین بۆ شاری سەردەشت. بەفرێکی زۆر باش باری‌بوو و ئێمەش بە هۆی ئەوەی کە درەنگ وەرێ‌کەوتبووین کات ژمێر ٩ی شەو گەیشتینە سەردەشت، بەداخەوە کورەکانی باشگای سەردەشت هیچیان لەوێ نەمابوون. یادی بەخێر کاک «رێبوار شێخی» کە راهێنەریانو هەروەها هاوڕێی ئێمەش بوو هات، زۆربەی کورەکانیان بردەوە ماڵی خۆیان و وابزانم هەندێکیشیان بردە خانەقایەک ئەگەر لەسەر یاد بم. جا نەهامەتی من لێرەوە دەستی پێکرد کە هاوڕێکەم «ناسر مام ئاقایی» گوتی: «ماڵی خزمێکمان لێرەیە و دەچینەوە ئەوێ». بەڵێ! زەنگمان بۆ لێدا و کاک سیامەک زۆر بەرێزەوە ناونیشانی ماڵیی پێداین، بەر لە رۆیشتنمان بە ناسرم گوت کاکە درەنگە با لەناو شار نان بخۆینو برۆین، بەڵام قەبووڵی نەکرد، بە ماندوویەتیو برسی‌یەتی رێ‌کەوتین، کە گەیشتینێ دوای سڵاو و ئەحواڵپرسی دیتمان کە خێزانی خانەخوێ یەکجار نەخۆش بوو، کاک سیامەک گوتی: کاکە چی دەخۆن با بۆتان بێنم، بەڵام ناسر کە خێزانی

کاک سیامەکی بەم حاڵەوە دیت گوتی: کاکە نانمان خواردوە، هەر چەندە کاک سیامەک هەوڵی‌دا ناسری بابان وێران نەهاتە ڕەدا و قەبووڵی نەدەکرد بەڵێ چایەکی زۆرمان خواردو قۆرەقۆڕی زگمان ..... لێ دەسڵەمێوە. گوتمان: کاکە ئێمە بەیانی کێبرکێمان هەیە و دەچین دەخەوین بەهەرحال برسێتیمان هەڵگرت بۆ بەیانی! کات ژمێر بوو بە یەکی شەو هیچمان لە برسان خەومان لێ نەدەکەوت بەدەم پێکەنینەوە کاک ناسرم نارد جانتاکانمان بهێنێ کە لە هاڵەکە بوو، گوتم: کەمێکم نانو پەنیری کوردی پێیە با بیخۆین جا بخەوین، بەڵام نەمان زانی‌بوو کە کاک سیامەک بە تەقەی دەرگا هەستابوو و لە نیوەی نان خواردندا لێمان وەژوور کەوت. هەر کە دیتی ئێمە نان دەخۆین زۆرمان لێ دڵگران بوو کە بۆ گوتومانە نانمان خواردوە، لە دڵی خۆمدا دەم گوت: ئێستا راستی پێ‌دەڵێم کە دیسان کاک ناسر هەڵی دایەو گوتی: بەخوا کاک ناسرگیان نانمان خواردبوو ئەمەش بۆیە دەخۆین، چونکە بەیانی کێبرکێکەمان زوو دەست پێ‌دەکات نابێ نان بخۆین لەبەر ئەوەی کە حاڵمان خراپ نەبێ لە کاتی ململانەکاندا.

ئەوە بوو کە هەر بە لارەملیو برسێتی‌یەکی تێکەڵ بە قاقا کێشان ماڵی کاک سیامەکمان جێ‌هێشتو بەرەو یاریگا رێ‌کەوتین. هەر لێرەوە سڵاو لە کاک سیامەکو کاک ناسر.

**٧: وەک وەرزشوانێکی سەرکەوتوو پەیامت بۆ لاوانو گەنجانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چیە؟**

پەیامی من بۆ لاوانی ئازیز ئەوەیە کە وەرزش کردن وەکوو ئەرکێکی رۆژانە پێویستە کە هەردەم لە فکری‌دا بن‌و پشت گوێی نەخەن بە تایبەت بۆ لاوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە ژێر سێبەری نیزامێکی درندەوەو خوێنمژدا دەژینو خۆیان باش دەزانن کە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکەمان لە هیچ کارێکی قێزەون سڵ ناکاتو بۆ بە لارێ دابردنی لاوان بە خەستی خەریکی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکانەو هەلەکەشی بۆ رەخساوە.

**لەگەڵ رێزمدا بۆ یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**



# کــــــــارو چــــــالاکــــــی

**ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ٢٧١١ی کوردی بەرامبەر بە ٩ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی، یازدەهەمین کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوان بەبەشداری سەرجەم ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو راوێژکارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی سەعات ٩/٣٠ سەر لە بەیانی بە کاتی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.**

سەرەتا لە لایەن مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانەوە راپۆرتی کار پێشکەش بە بەشداربووان کراو باسێکی لەسەر کارو چالاکی یەکیەتیی لاوان لە چەند مانگی پێشوودا هێنایە بەر باس. بەڕێزیان لە نێوان قسەکانی‌دا ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران کردو رۆڵی لاوان لە بەشداری نەکردن لەسەر سندوقەکانی دەنگدانی بە شتێکی باش زانی، لەم رووەوە بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی‌یەوە پێزانینی ئەم بایکۆتەی لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و بە تایبەتی لاوان کرد. دواتر هاوڕێیانی بەشدار بە رەخنەو پێشنیاری تایبەت بۆ ئەم بەشە لە کارەکانی بەڕێوەبەری گشتی‌و هەڵسەنگاندنی رۆڵو پێگەی یەکیەتیی لاوان لەنێو خۆو دەرەوەدا درێژەیان بە کارەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیە دا. هەروەها کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن داواکاربوون کە دەبێ یەکیەتیی لاوان شێوەگەلێکی دیکە پەیامی بۆ لاوانی کوردستان هەبێ‌و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە خەسارناسی ئەم هەڵبژاردنە بکرێ.

بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە راپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بۆ کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوان لە راپۆرتەکەدا هاتبوو کە ئەم کۆمیتەیە هەموو هەوڵی خۆی داوە کە بە هاوکاری‌و هەماهەنگی ئۆرگانەکانی لاوان بە ڕێکوپێکی ئەرکەکانی بەردەم کۆنگرە بەڕێوە ببات‌و هەر لەسەر پێشنیاری ئەم کۆمیتەیەدا رۆژو کاتی گیرانی شەشەم کۆنگرەی لاوان وەک پێشنیار خرایە بەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی‌و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بە هەڵسەنگاندنی ورد، راپۆرتی ئەم بەشەی پەسەند کردو پێشنیاری کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ کاتی کۆنگرە بە باش زانی‌و تەئید کرایەوە کە کۆنگرە لەچەند مانگی داهاتوودا دەبەسترێ‌و بریارنامەیەک لە پەیوەندی لەسەرکۆنفرانس‌و کارەکانی پێش کۆنگرە پەسەند کرا بۆ ئەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بە پشت ئەستوور بوون بە بریاراتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی درێژەبە کارەکانی خۆی بدات.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوە یەک رۆژەیەدا باسێک لەسەر دەستەی نوێنەرایەتی لاوان لە دەرەوەی وڵات‌و ئەرکەکانی کراو هەڵسەنگاندن بەڕێوەبەری گشتی لەسەر دەرەوەی وڵات ئەمە بوو کە ئەم بەشە گەورە لە نوێنەرایەتی ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەبێ دەستی بۆکارو بریارات ئاواڵەتر بێ بە نیسبەت ئۆرگانەکانی دیکەی لاوان. لەم رووەوە ئایین نامەیەکی پێشنیاری لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی‌یەوە پێشکەش بەدەستەی نوێنەرایەتی لاوان کراو دوای تاوتوێ کردن لە لایەن لاوانی دەرەوە بە هاوبیری هەیئەتی ئیجرایی بریاری پێویستی لەسەر دەدرێ. هەروەها بەشێکی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە هەڵسەنگاندن یەکیەتی لاوان لە دەرەوە چەند پێشنیارو تێبینی لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی خرایە بەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ موتالعەو خوێندنەوەی زیاتر لەسەر ئەم تەوەرە. جێگای ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.



**بەشداری هەیئەتێکی پێک هاتوو لە بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەراسیمی کرانەوەی کۆنگرەی هەشتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق.**

رۆژی پێنج شەممە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ٢٧١٢ی کوردی بەرامبەر بە ٣ی ئایاری ٢٠١٢ی‌زایینی بەسەر پەرشتی کاک برایم زێوەیی ئەندامی کۆمیتەتی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک عومەر شاداب جێگری کۆمیتەتی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان‌و کاک حەسەن کاکیلی لە بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کورستانەوە هەر یەک لە هاوڕێیان مەنسوور سەممار، سمکۆ عوسمانی‌و دیاکۆ عەلی‌خانی بەشداریان کرد لە ڕێورەسمی کرانەوەی هەشتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە کوردستانی عێراق. سەرەتای مەراسیمەکە بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ بەرزراگرتنی گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر لە لایەن سمکۆ رەشید سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی لە کوردستانی عێراق، بەخێرهاتنی میوانان‌و بەشداران کراو دواتر پەیامی حیزبی‌و حکومی‌و



ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێشکەش کرا کە تێیدا هاوکات لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز برایم زێوەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی لە شاری هەولێر بەم بۆنەوە بەڕێزیان دەستە گوڵێکی پێشکەش بە کۆنگرەکەیان کردو لە لایەن مەنسوور سەممارەوە پەیامی یەکیەتیی لاوان پێشکەش بە کۆنگرە کرا. لەم ڕێورەسمەدا چەندین گۆرانی‌و شێعر پێشکەش کراو دواتر مەراسمی کرانەوەی کۆنگرە لە نێوان شادی کیژان‌و کورانی نوێنەردا کۆتایی پێ هات‌و دەست بە کارە ئەسڵیەکانی کۆنگرە کرا.

ئەمەش دەقی پەیامی یەکیەتیی لاوان بۆ ئەم ڕێورەسمە:
بەڕێز: یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە کوردستانی عێراق
بابەت/ پەیامی پیرۆزبایی
میوانە بەڕێزەکان:
ئەندامانی بەشدار لەکۆنگرە!

لاوانی خۆشەویست: لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی بەستنی هەشتەمین کۆنگرەکەتان لێ‌دەکەین‌و ئاواتە خوازین کۆنگرەکەتان ببێتە نوێنگەی ئیرادەیەکی بەهێزی سەردەمیانەو بایەخ بداتە ئەرزشە مرۆڤایەتیەکان‌و پەرە بە روحی شارستانی‌و دێموکراسی‌یانە بدات.

خۆشەویستان:

ئێوە لە کاتێکدا کۆنگرەکەتان دەبەستن کە بارودۆخی جیهان بە گشتی‌و ناوچەکە بە تایبەتی رووی لە روخانی دیکتاتۆری کردوەو رۆژ لەگەڵ رۆژ موژدەی سەربەستی‌و ئازادی بۆ گەلانی ژێر دەست بە دیاری دێنێ‌و موژدەی ئازادی دەداتە چەوساوەکان. هەروەها بەجیهانی‌بوون کارێکی وەهای کردوە کە رووداوەکان لەهەرشوێنێک‌و کاتێک روو بدەن کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە، لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیای عەرەبی‌و رووخانی دیکتاتۆرەکانی حوسنی موبارەک‌و بێن عەلی‌و قەزافی و ... لاواننەقشی پێشەنگیان هەبوو و لە رێگای ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانەوە پەرەیان بە شۆڕشەکەداتا بەو سەر مەنزڵگەیەی کە ئۆمێدیان بوو، گەیشتن. لە درێژەی جووڵانەوەی رزگاری‌خوازانەی نەتەوەی خۆشماندا لاوان رۆڵی سەرەکیان هەبووە، ئێستاش یەکێک لە چالاکترین توێژەکانی نێو کۆمەڵگان، هەر بۆیە هان دان‌و سازماندانی لاوان لە دەوری رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان دەتوانێ هێزو توانای باشتر ببەخشێتە کۆمەڵگا.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە:

تەمەنی پڕ لە شانازی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لەکوردستانی عێراق ئەوەمان پێ دەڵێ چ ئەو کاتەی ئەم نیشتمانە پێویستی بە بەرخۆدان هەبووە ئەم یەکیەتی‌یە وەک هێزێکی زیندوو کارامە چ ئێستا کە حکوومەتی خۆماڵی لەئارا دایە توانیویەتی رۆڵی پێشەنگایەتی خەباتی مەدەنی لە کوردستاندا بەڕێوە بباو ئەم یەکیەتی‌یە نیشانی داوە دەتوانێ لەهەر هەلومەرجێکدا شوێن‌دانەر بێ‌و درێژەبە خەباتی خۆی بدا. لەکۆتاییدا‌ویڕای پیرۆزبایی‌و سەرکەوتن لە کۆنگرەکەتان‌و لەش ساغی بۆ بەشداران بەئاوات دەخوازین‌و دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە هاوخەبات‌و هاوخەمتانین‌و ئامادەی هاوخەباتی‌و هاوکاریتانین.

سەرکەوێ کۆنگرەکەتان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
مەنسوور سەممار
رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕی ٢٧١٢ کوردی بەرامبەر بە٢٠١٢/٥/٣ی‌زایینی

**ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧١٢/٢/٣١ی کوردی بەرامبەر بە ٢٠١٢/٥/٢٠ هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات لە کوردستانی عێراق سەردانی بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد.**

ئەم هەیئەتە کە لە بەڕێزان سامان قەرەچۆغی سکرتێری تازەی ڕێکخراو، دڵزار زورار، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتو بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوەندی، هەژار شەوقی، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتو بەرپرسی لقی هەولێر، هادی سەنگەر، ئەندامی سکرتاریەتو ئەندامی پەیوەندییەکان سەردانی بنکەی سکرتاریەت یەکیەتیی لاوانیان کردو لە لایەن بەڕێزان مەنسوور سەممار، سمکۆ عوسمانیو ئازاد محەممەدزادە پێشوازیان لێکرا. ئەم سەردانە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ دەستی پێکردو دوای بەخێرهاتنیان لە لایەن هەیئەتی خانەخوێوە لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار سکرتێری یەکیەتیی لاوان پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەیان پێشکەش کراو هیوای سەرکەوتنی کارەکانی بۆ دەستەی بەڕێوەبەری تازەو سکرتێری تازە خواستو ئاماژەی بەوەش دا کە هەر وەک پێشوو یەکیەتیی لاوان بۆ هەموو هاوکارییەک ئامادەیەو هیوای خواست کە لەمەو بەدوا پەیوەندییەکانو کارە هاوبەشەکان زیاتر بنو زیاتر لە جاران هاوکاری یەکتر بکرێ.



دوا بەدوای قسەکانی بەڕێز مەنسوور سەممار، بەڕێز سامان قەرەچۆغی سکرتێری تازەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی لە کوردستانی عێراق زۆر سپاسی ئەم میوانداریەتیەی یەکیەتیی لاوانی کردو بەڕێزیشیان تەئکیدی لەسەر قسەکانی مەنسوور سەممار کردەوەو ئاواتی خواست کە لەمەوبەدوا کارە هابەشەکان زیاتر بنو پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو ڕێکخراو چڕوپڕتر لە جاران بێ. جێگای ئاماژەیەی کە ئەم کۆبوونەویە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاندو کاتژمێر ٤/٣٠دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

---

**ڕۆژی هەینی ٢٧١٢/١/٢٥ی کوردی کاتژمێر ١٠ی سەرلەبایانی کێبەرکێی شەترەنج کەلە لایەن بەشی ئامووزشی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخرابوو، دەست بەکار بوو.**

ئەم کێبەرکێیانە کە لە شەش خولدا بەڕێوەچوو دوای دوو ڕۆژ کۆتایی پێ هات.

بۆ ئەم کێبەرکێیانە ١١کەس ناو نووسیان کرد کە لە کۆتاییدا ئەم چوار کەسە گەیشتنە قۆناغی کۆتاییو بە شێوەی خوارەوە پلەکان بەدەست هێنان:



١: عەلی لۆرستانی ــ یەکەم
٢: هوشەنگ ڕەحیمی ــ دووەم
٣: هێرش ئەحمەدی ــ سێهەم
٤: عەبدوڵڵا ئەسپۆردە ــ چوارەم

جێگای ئاماژەیە کە ئەم کێبەرکێیە ڕۆژی شەممە ٢٧١٢/١/٢٦ی کوردی کاتژمێر ٤/٣٠کۆتایی پێ هاتو بڕیارە کە لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەفەراتی یەکەم تا چوارەم خەڵات بکرێن.



**لەپێناو بەدیهاتنی یەکگوتاریو بەهێزکردنی رۆحی هاوخەباتی لە نێوان لاوانی کوردستاندا، پاش چەندین کۆبونەوەو راوێژو لێکدانەوە لە نێوان رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتدا، فێدراسیۆنی تایبەتی خۆیان رادەگەیەنن.**

ئەو فێدراسیۆنە پێکهاتنی خۆی بە دەرئەنجامی تەبایی‌و لێکنزیک بوونەوەی بیرو بۆچوونە هاوبەشەکان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی‌و خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان‌و کێشە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کولتووری‌یەکانی لاوانی کوردستان‌و هەروەها گرینگایەتی لێک هەڵپێکرانی وزەو تواناو لێهاتووی‌یەکانی لاوان‌و رۆڵیان لە بەهێزکردنی خەباتی خەڵکی کوردستان لە بوارە جیاجیاکان‌دا دەزانێت. هەروەها لە کۆبوونەوەی کۆتایی‌دا لە رێکەوتی١٣٩١/٣/٣بەرامبەر بە ٢٠١٢/٥/٢٣ پاش رێکەوتن‌و پەسەندکردنی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی فێدراسیۆنەکە لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە، دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراو پاشان لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری‌دا، هاوڕێیان فوئاد خاکی بەیگی‌و عەلی بەهرامی وەک سکرتێرو وتەبێژی دەورەیی‌و ئاوات قورەیشی بەشی پێوەندی‌یەکان، مەنسوور سەممار، راگەیاندن‌و ئەنوەر عەباسی بۆ بەشی ئیداریی فێدراسیۆنەکە لە دەستەی بەڕێوەبەری‌دا هەڵبژێردران.
دەستەی دامەزرێنەر بریتین لە:
١: کۆمەڵەی لاوانی رۆژهەڵات
٢: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
٣: ناوەندی لاوانی پێشڕەو
٤: ناوەندی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران
٥: یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان
٦: لاوانی یەکیەتی شۆڕشگێرانی کوردستان
٧: لاوانی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردستان

سەرلە بەیانی رۆژی دووشەمە رێکەوتی ١٣٩١/١/١٦هەیئەتێک پێکهاتوو لە بەڕێزان نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان‌و رەحیم مەحموودی بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئازادعەباسیان بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزی کوردستان‌و مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوڕێیەتی بەڕێز دکتۆر ئاسۆ حەسەن‌زادە سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیان کردو چاویان بە بەڕێز فازل عومەر یاریدەدەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری گەنجان‌و کۆمەڵگای مەدەنی کەوت. لە سەرەتادا بەڕێز دکتۆر ئاسۆ حەسەن‌زادە ئەم هەیئەتەی بەکاک فازڵ عومەر ناساندو بە کورتی ئاماژەی بە مێژووی چۆنیەتی دامەزراندن‌و کارکردنیان کرد. دواتر بەڕێز فازڵ عومەر وێڕای بەخێرهاتنی ئەم هەیئەتە باسێکی کورتی لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی ودامەزراوە نێوخۆیی‌یەکان کرد. بەڕێزیان پێی وابوو ئەم بنیاتە دێمۆکراتیانە دەتوانن رۆڵی باش لە کۆمەڵگەدا بگێڕن چ لەرووی بەرفراوان بوونی دێمۆکراسی‌یەوەو لەرووی فشارهێنانی بۆ سەر حکوومەت کاریگەریان هەیەو دەتوانن رۆڵی باش لە نێوان خەڵکو دەسەڵاتدا بگێڕن، هەروەها بەڕێزیان ئامادەیی خۆی سەبارەت بە پشتیوانی کردنی ئەم چەشنە رێکخراوانە دەربڕی‌و جەختی کردەوە کە ئەم دامەزراوانە بە مۆڵەت کار بکەن‌و فەرمانگەکیان دەتوانێ بە پێی یاسا هاوکاری‌و یارمەتی‌دەریان بێت. هەر لەم پێوەندی‌یەدا بەڕێز نەسرین حەداد سەبارەت بە شێوەی کاری ئەم دامەزراوانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و چۆنیەتی کارکردنیان روونکرنەوەیەکی‌داو ئاماژەی بە پێگەی ئەم یەکیەتیانە لەناو کۆمەڵدا کرد. دواتر مەنسوور سەممار ئاماژەی بەوەکرد کە ئێمە لە چوارچێوەی ئەرکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌یەکان‌دا خاڵی هاوبەش‌و خزمەتی هاوبەشمان بە نەتەوەکەمان هەیەو شوێنی ژیان‌و کاری ئەم رێکخراوانە بەهۆی بەرفراوانی، کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنی‌و دەتوانین رووی کۆمەڵگا لەخزمەت بەم توێژانە بگۆڕین‌و بەرەو ویستی بڕۆین. هەروەها هەریەک لە بەڕێزان ئازاد عەباسیان‌و رەحیم مەحموودی بە نۆرەی خۆیان کۆمەڵێک خاڵیان دەست نیشان کرد کە ئەم بەشە لە وەزارەت دەتوانێ هاوکاریمان بکا تا بتوانین باشتر درێژە بە کاری رێکخراوەیی بدەین. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا جەخت لەسەر هاوکاری‌و هاوپێوەندی لە نێوان ئەم دەزگا حکوومی‌و ئەم رێکخراوە سینفی‌و دێمۆکراتیکە رۆژهەڵاتیانەدا کرایەوە.
شایانی باسە ئەم چاوپێکەوتنە ١/٥ کات‌ژمێری خایاند.

# ڕووداوه گرینگەکانی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی





کۆکردنەوە و ئامادەکردن:
ئازاد محەممەدزادە

## جیهان لە ساڵی ٩٠دا

**٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٠(٢٠١١\٣\٢٢):**
ڕاگەیەندراوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیو ڕێکخراوی وزەی ناوەکیو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەمبەر کارەساتی بوومەلەرزەکەی ژاپۆنو هەستانی سۆنامیو تەقینەوەی بنکەی ناوکی فۆکۆشیما بە بڵاوبوونەوەی تیشکە زیانهێنەرەکانی"ڕادیۆئەکتیڤ" لە ناوچەی ڕووداوەکەو کارەساتێکی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشو تەندروستی جیهانی، وەک زانراوە ئەوە بۆ جاری دووهەمە کە شتی لەم جۆرە لە جیهاندا ڕوودەدات کە پێشتریش کارەساتی چێرنۆبیل لەساڵی ١٩٨٦لە ڕووسیە بوو. لەنێوچوونو پاکبوونەوەی ئاسەواری ئەم ڕووداوە ناوەکیانە ٤٠ ساڵ دەخایەنێ.

**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٠(٢٠١١\٣\٣٠):**
کەمپەینی نیزامی یەکگرتووی ئاتلانتیکی باکوور" ناتۆ" لە لیبی. بە بڕیاری کۆڕی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامانجی پشتیوانی لە خەڵکی مەدەنی ئەو وڵاتە لە بەرامبەر هێرشی لایەنگرانی مەعمەر قەزافی دەست بەکار بوو.





**شۆڕشی ٢٠١١ی میسر:**
لە دونیای عەرەبدا بە شۆڕشی ٢٥ ژانەوییەو بە ڕۆژی تووڕەییش بەناوبانگە. کۆمەڵێک لە ڕێپێوانو نارەزایەتیو نافەرمانی مەدەنییە کە لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ لە وڵاتی میسر دەستی پێکردو تاکوو ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ بەدەست لەکارکێشانەوەی موبارەکو پێکهێنانی دەوڵەتی کاتی نیزامییەکان کۆتایی پێهات.

**١٢ی بانەمەڕی ١٣٩٠(٢٠١١\٥\٢):**
ئوسامە بن‌لادن سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە بە بڕیاری سەرۆکی ئامریکا باراک ئۆباما و هاوکاری ڕێکخراوی "سی ئای ئەی" و گرووپی تایبەتی کۆماندۆکانی ئامریکاو هێزی دژە تیرۆر لە ئەبیت ئاباد نزیک ئیسلام ئابادی پاکستان لە ماڵە تایبەتییەکەی خۆیدا کوژراو لاشەکەیان خستە نێو ئاو. ئەو هەڵمەتەش لەلایەن پاکستانەوە مەحکووم کرا، لە ڕوونکردنەوەکاندا هاتووە کە بن لادن دەستی لە زۆربەی کارە تیرۆریستییەکانی بەشێکی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانو بەتایبەت تەقینەوەکەی ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ لە نیویۆرکدا هەبووە.

**٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٠(٢٠١١\٥\٢٦):**
ڕاتکۆ ملادیچ، بە تۆمەتی کوشتی زیاتر لە هەشت هەزار مرۆڤو ئەشکەنجەو دەستدرێژی بۆسەر نۆزدە هەزار ژنو منداڵ لە ساڵی ١٩٩٥ لە سێربێرنیتسا، ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی خاکەلێوە لە دێهاتێک بە ناوی لازوور لە باکووری سێربستان دەستگیر دەکرێ. دەگوترێ کە لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانیو ژینۆسایدو کۆمەڵکوژی جوولەکەکان ئەم شێوە ژینۆسایدە لە ئورووپادا ڕووی نەداوە.

**١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ (٢٠١١\٣\٦):**
چاپو بڵاوکردنەوەی دوایین ژمارە لە پڕفرۆشترین ڕۆژنامەی یەکشەممەی






ئینگلیزی بەناوی(هەواڵەکانی جیهان News Of The world) کە مێژووی پتر لە ١٦٨ ساڵ رابردووی کاری هەبوو، بەهۆی گوێگرتن و کۆنترۆڵی دەنگە تەلەڤیزیۆنییەکان داخرا. ئەو بڵاوکراوەیە کە خاوەنەکەی "رۆپێرت مێرداک"ە، ناسراوە بە "دێوی راگەیاندنی جیهان". ئەمحەرەکەتە گەلێک قوربانی لەنێو سیاسەتمەدارو وەرزشوان و هونەرمەندو هاووڵاتییان و بنەماڵەی پاشایەتی و خەڵکیتری لێکەوتەوە.

**٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٠:**
بزووتنەوەی چاکسازی "واڵ ئێستریت" لە پارکی زوکوچیلە نیۆیۆرک بە دەربڕینی ناڕەزایەتی بەدژی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەستی پێکرد. سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بە دژی سەرمایەداری، فەسادی ماڵی، گەندەڵی و قەیرانی ئابووری لە ماوەی چەند رۆژدا زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئامریکایی و ئورووپایی گرتەوەو پاشان گەیشتە سیدنی ئۆستورالیاو لە ئاکامدا بەهەزاران کەس دەستبەسەرکران و کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو چینی سەرمایەدار.

**١ی ڕەزبەری ١٣٩٠:**
مەحموود عەباس سەرۆکی فەلەستین، لە دانیشتنی ساڵانەی کۆڕی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، راستەوخۆ داوای بە ئەندامبوون و سەربەخۆییبۆ گەلی فەلەستین کرد.

**٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٠:**
بۆ یەکەم جار "دیلما ڕووسێف" سەرۆک کۆماری برازیل وەک یەکەم ئافرەتی مێژووی دونیا، کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە بەرامبەر رێبەرانی ١٩٣ وڵاتی ئەندام کردەوە. خاتوو ڕووسێف گوتی: "ئەمە کاتێکی هەستیارو مێژووییە کە من لەگەڵ زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی دونیای دابەش دەکەم. دڵنیاو دەکەمەوە کە ئەم سەدەیە، سەدەی ژنان دەبێ".

**٥ی ڕەزبەری ١٣٩٠:**
پاشای عەرەبستانی سەعوودی "مەلەک عەبدوڵڵا بن عەبدولعەزیز" لە خولەکێکدا کە لە پارلمانی ئەو وڵاتە پێشکەشی کرد، بۆ یەکەم جار گلەیی کردو بۆ رێزگرتن لە پلەی ژن باسی لەوە کرد کە ژنان نابێ چی دیکە لە کۆمەڵگادا بخرێنە پەراوێزەوەو لەمڕۆ بەدوا بۆیان هەیە لە پارلمان و شووڕای شارو شوێنەکانیتری وڵاتدا دەسەڵات بگرنە ئەستۆ و وەدیار بکەون.

**٢٨ی ڕەزبەری ١٣٩٠:**
رووخانی دەوڵەتی تەرابلۆس و کوشتنی سەرهەنگ قەزافی بە دەستی نەیارانی لە سێرت دوای وێران کردنی تەرابلۆس پێتەختی لیبی و سەرکەوتنی دژبەران و هێزە ئیسلامییەکان دەست بە سەر دەوڵەت دادەگرن.

**١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٠:**
گۆڕینەوەی دیل لە نێوان بزووتنەوەی حەماس و دەوڵەتی ئیسرائیل ١ بە ١٠٢٥ دیل، دەنگدانەوەی جیهانی و میدیایی. دەوڵەتی ئیسرائیل لە پێناو وەرگرتنەوەی سەربازێکی سوپاکەی "گولعاد شەلیشت" لە دەستی حەماس ١٠٢٥ دیلی فەلەستینی ئازاد کرد.

**١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٠:**
دادگای نۆروێژ بە تاوانی تەقینەوە لەبەر دەرکی پارلمان و کوشتنی زیاتر لە ٩٠ کەس و برینداربوونی دەیان کەسیتر، سزای هەتا هەتایی بەسەر «آندرس برینگ برویک»دا سەپاند، دەگوترێ کە ناوبرا بەهۆی دژایەتی لەگەڵ ئایینی ئیسلام و توندرەوی لە ئایینی مەسیحییەتدا هەوڵی سەرهەڵدانی شەڕی ئایینی و مەزهەبی لە نێوان ئەم دوو دینەیدا بووەو ئەم کارە لە لایەن زۆربەی گەورەپیاوانی ئایینی مەسیحی و شەخسی پاپەوەمەحکووم کرا.

**٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٠:**
کۆمکاری عەرەبی لە قاهیرە پێتەختی وڵاتی میسر رایگەیاند، سووریە ناتوانێ لە دانیشتنی وڵاتانی عەرەبیدا بەشدار بێ و داوای کرد کە باڵوێزەکانیان لە سووریە بکشێنەوە، ئەم راگەیاندنە بە هۆی ئەوەوە بوو کە سوصریە نەیتوانی بەڵێنەکان و راسپاردەکانی وڵاتانی عەرەبی جێبەجێ بکا.




**٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٠:**
هاتنەدەرەوەی یەکجارەکی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق دوای ٩ ساڵ راگەیاندو لە ساڵی ٢٠٠٣وە هێزەکانی ئامریکا بە هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکاندەسەڵاتی رژێمی بەعسیان بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن کۆتایی پێهێناو ئەوەش دەستپێکی رووخانی رژێمە دیکتاتۆرەکان بوو لە سەدەی ٢١ لە ناچەی رۆژهەڵاتی ناویندا.

**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٩٠:**

هاوکاته لەگەڵ ساڵڕۆژی(١٧ی دیسامبری ٢٠١٠) خۆسووتاندنی "محەممەد بنیعەزیزی" ئەو گەنجە تونسیەی کە بوو بە دەستپێکی راپەرینەکانی گەلان لە ناوچەکەو رووخانی یەک لەدوای یەکی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی عەرەبیو رۆژهەڵاتی ناوینو رزگاری یەکجارەکیان لە دەستی نادادپەروەریو گەندەڵیو زوڵم . ئەو لاوە لە ٤ی ژوئیەی ٢٠١١ بەهۆی سەختی برینەکانیەوە گیانی لە دەست دا.

**١ی بەفرانباری ١٣٩٠:**
پارلمانی فەرانسە گەڵاڵەیەکی پەسەند کرد کە تێیدا ئاماژە بە ژینۆسایدو کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لەلایەن تورکیاوەدەکا لە ساڵی ١٩١٥ بە دەستی دەوڵەتی عوسمانیو تورکە لاوەکان. بریارەکە جێبەجێ دەکرێو کەس ناتوانێ حاشا لەو کۆمەڵکوژیە بکاو ئینکارکەران رووبەرووی ٤٥هەزار یۆرۆو یەک ساڵ گرتندەبنەوە. ئامارەکان دەریانخستووە کە لە ساڵی ١٩١٥ زیاتر لە ١/٥ میلیۆن ئەرمەنی بەدەستی دەوڵەتی عەسمانی ژینۆساید کراون.

**٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٠:**
یەکیەتیی ئورووپاو ئامریکا نیگەرانی خۆیان لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی تونسو میسرو لیبیو یەمەن راگەیاند.

**٢٩ی ڕەشەمەی ٩٠ تا ١ی خاکەلێوەی ٩١:**
تورکیە گۆی لە گۆڕەپانی رۆژهەڵاتی ناوین داو جێگای سەرنجی زلهێزانی جیهانو وڵاتانی ناوچەکە بوو. تورکیە وڵاتێکی دیمۆکرات بۆ رۆژئاواو حکوومەتێکی ئیسلامیو پشتیوانێک بۆ ناوچەکەو دیکتاتۆرێک بۆ گەلی کوردو خێرخوازێ بۆ گەلانی ئافریقاو فەلەستین.هاوکاری ناتۆو هەوڵدان بۆ ئەندامبوون لەیەکیەتیی ئورووپا، یەکێک لە وڵاتانی G٢٠ بە ئاژمار دەکرێ، خەیاڵی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو خەونی دەوڵەتی توران لە ناوچەکەدا.




## ئێران لە ساڵی ٩٠دا:

**١ی خاکەلێوەی ١٣٩٠:**
ساڵی ٩٠ وەک ساڵی جیهادی ئابووری(جهاد اقتصاد) لەلایەن خامنەییەوە ناودێر کرا، کە بەرەنجامەکەشی بێکاربوونی زیاتر لە یەک ملوێن نەفەری بەدواوە بووو، هەروەها کێشەو راوەستانی یارانەکانو دانی باجێکی زۆر بەسەر خەڵکدا، گرانی ئاو و کارەباو گازو تەلەیفۆنو پێداویستیەکانی خزمەتگوزاری.

**١٣٩٠/٢/١:**
داسەپاندنی سزاو گەمارۆی ئابووریو راگرتی کڕینی نەوت لە لایەن ئامریکاو یەکیەتیی ئورووپا، پێوەندی دیپلۆماسی نێوان ئێرانو یەکیەتی ئورووپا رادەگیرێ. عەرەبستان ئامادەیە کە لە جیاتی ئێران نەوت هەناردەی بازارەکانی جیهان بکا. ئێران دژ بەو بریارەی ئورووپاو ئامریکا هەڵوێست دەگرێ.

**١٣٩٠/٥/١(٢٠١١/٧/٢٣):**
تیرۆری داریووشی رەزایینژاد بیرمەندی ناوکیی ئێران، ئێران مووسادی ئیسرائیلی تاوان بار کرد کە گویا ئیسرائیل دەستی لە تیرۆرکردنیدا بووە.

**٣ی ڕەزبەری ١٣٩٠:**
لەقاودانی گەورەترین دزی ٣هەزار میلیار تمەنی لە ئێراندا، ریکۆردی گەندەڵی لە ئێران، بێوێنەترینو گەورەترین پەروەندی گەندەڵی ماڵیو دارایی ساڵی ٩٠و رابردووی






کۆماری ئیسلامی، چاوپۆشی کردنی قازی لە درێژەکێشانی پەروەندی ئەو رووداوەو بەلاڕێدا بردنی رووداوەکە بە بڕیاری کاربەدەستانی دەوڵەت، هۆکار بەشداربوونی چەندین بەرپرسو باڵادەستی حکوومەتی ئێران لەم دزیەدا.

**٨ی سەرماوەزی ١٣٩٠:**
دەست بەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی ئینگلیزو باخی قولهەک لە تاران، دەرکردنی باڵوێزی ئینگلیز لەلایەن کۆمەڵێک لە لایەنگرانیو شوێنکەوتوانی حیزبوڵلاو بەسیجی ئێران کە دەنگدانەوەو کاردانەوەی دەوڵەتی ئینگلیزو وڵاتانی جیهانی لێکەوتەوە.

**١٣٩٠/١٠/٨:**
محەممەدرەزا رەحیمی جێگری مەحموودی ئەحمەدینژاد سەرۆک کۆماری ئێران لە راگەیاندراوێکدا بە پشتیوانی ویلایەتی فەقیه و سپای پاسدارانو بەسیج بڕیاری داخستنی دەرووی هۆرمزی دەرکردو کاردانەوەی توندی ئەمریکاو ئورووپاو ناتۆو بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانی بەدواوە بوو و، بە پاشگەزبوونەوەی بریارەکەی ئێران کۆتایی هات. دەرووی هۆرموز بە شارەگی ئابووری جیهان بەناوبانگەو رۆژانە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن بەرمیل نەوتی پێدا تێپەر دەبێ.

**١٣٩٠/١٢/٨:**
وەرگرتنی خەڵاتی دەرهێنەری ئێرانی ئەسغەری فەرهادی بە بەرهەم هێنانی فیلمی "جدایی نادر از سیمین" توانی چەندین جۆر خەڵات بۆخۆی

مسۆگەر بکا کە دوایین خەڵات وەرگرتی خەڵاتی فیلمی ئۆسکار بوو.

**١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠:**
دابەزاندنی ماکێتی کارتۆنی ئیمام خومەینی لە فڕۆکەدا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی مێهرئابادی تاران وەک یادکردنەوە بۆ هاتنەوەی خومەینی لە رۆژی ١٢یڕێبەندانی ١٣٥٧ بۆ ئێران‌و ساڵرۆژی دەست بەسەرداگرتنی رژێمی ئاخوندی بەسەر راپەرینی بەشکۆی گەلانی ئێران. گاڵتەو گەمەی میدیاو راگەیاندن‌و وڵاتانی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا.

**١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠:**
هەڵبژاردنەکان لە ئێران‌و ململانێی نێوان ریفۆرمخوازەکان‌و لایەنگرانی ویلایەتی فەقهـ و خامنەیی، زۆربەی هێزەکان هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد. بڵاوکراوەو میدیاو راگەیاندنە جیهانییەکان خەریکی روماڵی چرکە بە چرکەی ئەم هەڵبژاردنەی ئێران بوون. کۆماری ئیسلامی دروشمی دەنگدان پاراستن‌و ئاسایش‌و مانەوەی دوارۆژی نیزام تەئید دەکاتەوە.

**٢٤ی ڕەشەمەی ٩٠:**
پارلمانی ئێران بۆ لێپرسینەوەو وەڵامدانەوەی پرسیاری نوێنەرانی پارلمان سەبارەت بە رووداوە سیاسی‌و ئابووری‌و نێوخۆیی‌و دەرەکی‌و بابەت‌و پەروەندەی کاری ساڵی ٩٠ی ئێران، مەحموودی ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێرانیان بانگهێشتی هۆڵی پارلمان کردو لەم نێوەشدا ناوبرا بە قسەی هەڵەق‌و مەلەق‌و پڕوپووچ‌و گاڵتە جاڕی وەڵامی نوێنەرانی دایەوە.

## کوردستان لە ساڵی ١٣٩٠دا:

**٢٢ی جۆزەردانی ١٣٩٠:**
کوردەکان لە باکووری کوردستان توانیان شەش لەسەدی دەنگەکان بەدەست بێنن‌وببنە خاوەنی ٣٦ کورسی لەکۆی ٥٥٠ کورسی پەرلەمانی تورکیەیان بەدەست هێنا. ئەم هەڵبژاردنەی کوردەکان کە لە چوارچێوەی بەرەی رەنج‌و ئاشتی‌دا کۆببوونەوە، دەستکەوتێکی باشی بۆ کورد مسۆگەر کرد.

**٢٤ی گەلاوێژی ١٣٩٠:**
تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی ئێران‌و تورکیە. پەکەکەو پژاک بەرەنگاری سوپای ئێران‌و تورکیە بوونەوە، کوشتنی بنەماڵەیەکی ٩ کەسی بێتاوان لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیە، چۆڵکردنی زیاتر لە ٤٠ گوندو سەدان ماڵی رەوەندو مەڕدار لە سنوورەکان‌و کوشتنی ٤ کەسی بێتاوان لەسەر سنوور.


**٢٢ی رەزبەری ١٣٩٠:**
عەلی خامنەیی خۆی‌و هەیئەتێکی ٢ هەزار کەسی بۆ سەردانێکی چەند رۆژە گەیشتنە شاری کرماشان‌و، لەگەڵ پێشوازی کەمرەنگ‌و ساردوسڕی خەڵک بەرەوڕوو بوون جگە لە کۆمەڵێک کەسی حکوومی. خامنەیی لە سەفەرەکەیدا سەردانی چەند شاری دیکەی پارێزگای کرماشانی کرد کە لەم نێوەدا کۆمەڵێک بەڵێن‌و وادەی بە خەڵکدا کە تا ئێستاش هەر جێبەجێ نەکراون.

**٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٠:**
کارەساتی بوومەلەرزەکەی شاری وان لە باکووری کوردستان‌و کوشتنی زیاتر لە ٧٠٠ کەس‌و بریندار بوونی ٢٠٠٠ کەس کە حکوومەتی ئاشکرا یارمەتی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی وان بە پێی پێویست نازانێ. نەتەوەیەکگرتووکان، دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەرمەنستان‌و حکوومەتی هەرێم‌و خەڵکی باشووری کوردستان و دەزگای بارزانی‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی تاران‌و خەڵکی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک: سنە و مهاباد‌و ئورومیەو سەردەشت‌و ماکۆ یارمەتیان پێکردن بە پێی توانا.

**١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٠:**
تیرۆری مەشعەل تەمۆ سەرۆکی "رەوتی ئایندەی کورد" لە رۆژئاوای کوردستان لە شاری قامیشلوو لە لایەن چەند تیرۆریستێکی نەناسراوەوە. زۆربەی هێزو میدیا کوردییەکان ئەم کردەوەیان شەرمەزار کردو پشتیوانی خۆیان لە مافەکانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان دووپات کردەوە.

**٢٣ی بەفرانباری ١٣٩٠:**
محەممەدسەدیق کەبوودوەند کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل کە بە دەیان رێکخراو کۆمەڵی جۆراوجۆرو سەدان کەسایەتی سیاسی‌و مەدەنی لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات پشتیوانی خۆیان بۆ کاندید کردنی محەممەدسدیق کەبوودوەند بۆ وەگرتنی ئەو خەڵاتە راگەیاند.

**٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٠:**






ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە ناوی کۆماری تورکیاوە داوای لێبووردنی کرد لە تاوانی کۆمەڵکوژی پارێزگای دەرسیم لە نێوان ساڵانی (١٩٣٧تا ١٩٣٩) لە باکووری کوردستان. لەم کۆمەڵکوژییەدا زیاتر لە ٩٠ هەزار کەسی بێتاوان ژینۆساید کران.

**٩ی بەفرانباری ١٣٩٠:**

کۆمەڵکوژیەکەی خەڵکی بێتاوان لە باکووری کوردستان لە گوندی روبسکی ناوچەی قەلەبانی سەربەشێرناخ لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە. لەم کۆمەڵکوژییەدا زیاتر لە ٣٦ مرۆڤی بێتاوانو کاسبکار کوژران. هێزو ڕێکخراو میدیاو راگەیاندنە کوردییەکان مەحکومیان کرد. حکومەتی ئانکاراو شەخسی ئەردۆغانو فەتحوڵلا گولەن لە پشت ئەم کارەساتەوە بوونو تا ئێستا داوای لێبووردنیان لە بنەماڵەی قوربانییەکانو گەلی کورد نەکردوە.

**٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠:**

بەرێوەچوونی مەراسیمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد لە هۆڵی پێشەوا لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر هێزو پارتو لایەنو کەسایەتییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو مەدەنیو ئاکادیمییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کە ئەمە سەرەتایەک بۆ نزیک بوونەوی لایەنە کوردییەکانو ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسو کۆنگرەی نەتەوەیی.

**١٢ی ڕەشەممەی ١٣٩٠:**

هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی پارڵمان لە ئێرانو بایکۆتی هێزە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. کۆماری ئیسلامی هەموو هێزی خۆ بەکار هێنا بۆ بەشداربوونی خەڵکو پاک نیشاندانی هەڵبژاردنەکان لە ئێرانو لە کۆتاییدا بەشێکی زۆری نوێنەرانی دەست نیشان کراوی رێژیم بەرەو پارڵمان رەوانە کرانو کۆمەڵێک کەسیتریش وەلانران.

**٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٠:**

کۆنفرانسی دووەمی گەنجانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە رۆژی کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە لە هەولێر لەژێر دروشمی "لە پێناو یەک گوتاریی نەتەوەیی لاوانی کورد"، کە بە بەشداری بەشێکی بەرچاوی رێکخراوەکانو لاوانی هەرچوار پارچەی رێک خرا.

**٢٨ی ڕەشەمەی١٣٩٠:**

میدیاو بلاوکراوە کوردییەکان بەپێی ئامارە دەستکەوتووەکان کوشتنی



ڕێژەیەکی بەرچاوی کۆڵبەرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانو نارەزایەتی ناوەندو ریکخراوەکانی تایبەت بە ماڤی مرۆڤ رادەگەیەنن، بێدەنگی ئەحمەد شەهیدو ناوەندە مرۆییو یاساییەکان لە پرسی گیراوانی سیاسیو مەدەنی کوردو بەرامبەر پرسی کۆڵبەرانی سەر سنوورەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٠. ئامارەکان دەریان خستووە زیاتر لە ١٥٠ کۆڵبەر لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراونو نزیک بە ٢٧٠ کەسیش بریندار بوون.

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٠**

پێشوازی گەرمو بێوێنەی خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان لە نەورۆزی ٢٧١٢ کوردیو چاوەروانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ وەرگرتنی موژدەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بۆ باشووری کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە.

**٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٠:**

پێش دەست پێکردنی ساڵی نوێو جێژنی نەورۆز، لە دانیشتنێکدا بەدەپە و دەمیرتاش دەسبەسەرکردنی زیاتر لە ٦٠٠٠ کەسیان لە باکووری کوردستان بە تاوانی کەیسی کەجەکە لەلایەن تورکیەوە راگەیاند. لەوانە:٦ پارلەمانتار، ٩٤ڕۆژنامەوان، ٣٠ڕۆژنامەفرۆش، ٣٦پارێزەر، ٣١ شارەدار، ٧یاریدەدەری شارەدار، ٥ جێگری شارەدار، ١٨٣ ئەندامی بەرپرسی پارتی، ٢٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، ٦٦ئەندامی دەفتەری سیاسی پارتی، ٢هاوسەرۆکی پارتی، ٤٠٠خوێندکارو بەهەزاران کەسیتر لە مامۆستاو پزیشکو کاسبکاروخەڵکی مەدەنی کە سزادانیان لەلایەن دادگای تاوانی ئامەد پشت راست نەکراوەتەوە. توماس ترانسترۆمێر براوەی خەڵاتی نۆبێلی ساڵی ٢٠١١ پشتیوانی خۆی بۆ گیراوان دووپات کردەوە، یەشار کەماڵ نووسەری ناوداری کورد بەیانی دەزانم کە منیش دەگرن. بەدەپە هەڵوێست دەگرێو دەڵێ دەبێ کەیسەکە رەوانەی دادگای ئەورووپا بکرێو لە وڵاتانی جۆراوجۆردا ئەم کردەوەیەی دەوڵەتی تورکیە دژ بە گەلی کورد مەحکووم بکرێ.

**رۆژئاوای کوردستان لە ساڵی ٩٠دا(کوردستانی سووریە):**

پێداگری کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان لەسەر رووخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەدو هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دیمۆکراتو دانی مافی خۆبەرێوەبردن بۆ کوردەکان، راپەرینو خۆپێشاندان لە شارە کوردەکان درێژەی هەیە. بەشدارنەبوونی هێزەکانی کوردی رۆژئاوای کوردستان لە ئەنجومەنی هێزەکانی سووری دژی نیزامی بەعسی بەشار ئەسەد کە لە ئیستامبوڵ گیراو تێیدا باس لە مافی کوردان نەکرا.

***

# بەرەو کۆنگرەی ٦ی لاوان

سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی یەکیەتیی لاوان ئاگادار دەکەینەوە، کە بە ناردنی بابەت یان تێبینی لە سەر کۆنگرە بەم ئادرەسانەی خوارەوە پێوەندیمان پێوە بگرن:

mansur__samar@yahoo.com

kongra6@yahoo.com

لە گەڵ ڕێزی ئامادەکاری کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ئاسۆیی(افقی):**

١: یەکێک لە زانایانی بواری فەلسەفە لە دونیای کۆندا.

٢: یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی دوکتور قاسملوو.

٣: یەکێک لە سیستمەکانی دەسەڵاتداری هاوچەرخ.

٤: شارێکی باکووری کوردستان.

٥: ناوی فایلی پێشووی گۆڤاری لاوان.

٦: تەوەرو فایلی ئەم ژمارەیە لە گۆڤاری لاوان.

٧: ناوی هۆزێکی کورد.

**ستوونی(عمودی):**

١: سەیوان یان شوێنێک کە نسێ بگرێ.


٢: ناوی باڵندەیەک.

٣: ... و نەمان، یەکێک لە دروشمەکانی نەتەوەی کورد.

٤: شەوبۆ.

٥: ماڵو دارایی.

سازکردنو ئامادەکردنی: سمکۆ ئەمین سەردەشتی



# ئێمە هەموو یەک دەریابووین

لە ڕووبارەکان بپرسن
پێتان دەڵێن:
ئێمە هەموو یەک دەریا بووین
ئاوی چاوی چەم و چاوێک
لە دەم دەراوی کەژێکەوە گەریابووین
هەربەتاوێک کەبووین دەریا
خوڕەی ئاومان بووشاخوڕە
چوار دەورەمان هەموو شاخ بوو
کەچی شاخان لە پەرژینی خۆمان دەدا
لە ڕووبارەکان بپرسن
پێتان دەڵێن:
هەرکەس بۆخۆی لەشی نەوی ئەهەندکەردو
جەرگی شلی نەریای شێواند
جلی جوانی دەریای دڕاند
هەر لەم لاوەش
دڕک و داڵی ئەم نەوی یە
لە سەرسەری هەربەکەیان
جۆرە دەستاڕو کڵاوێکی داچەقاند

« یووسف قەدیری »

# LAWAN

The Organ of Democratic Youth
Union of Eastern Kurdistan

No: 46 June 2012



تێکۆشەری دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: قادر عەبدوڵڵاهی ناسراو بە مامە قالەی سووتوو